# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

# و

# پێکدادانی ناسنامەکان


مەهمەت ئاڵکیش
پ.د.خالید علێوی ئەلعەرداوی
د.عوسمان عەلی
د.سەردار عەزیز
پ.د.عەبدوڵڵا کران
زریان ڕۆژهەڵاتی
جێسیکا واتکینس
حوسێن عومەر
د.ئازاد حاجی ئاقایی
حازم نەهار
مامەند ڕۆژە
د.پەرویز ڕەحیم قادر



ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕوداو
Rudaw Research Centre

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

و

# پێکدادانی ناسنامەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
2021

## رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## و

# پێکدادانی ناسنامەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
مرکز دراسات رووداو
Rudaw Research Center

چاپی یەکەم
2720 ـی کوردی - 2021 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئاداری 2021

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (223)ی 2021 بۆ تەرخانکراوە.

www.rudawrc.net

# نێوەڕۆک


پێشەکی.. فیدرالی و کێشەی نەتەوەیی و نیشتیمانی 7
ئاکۆ محەممەد

تێپەڕاندنی سیستمی تایفی و ئیتنی یان رۆژئاوابوونی عێراق؟ 11
جێسیکا واتکینس

عێراق و سەردەمی دوای سولەیمانی 31
پ.د. خالید علێوی ئەلعەرداوی

کێشەکانی فیدراڵی لە عێراق و رێگەچارەکانیان 49
د.عوسمان عەلی

ناسنامەی کوردی لە باشوور، سەرهەڵدانی وردە ناسنامەکان 122
د.سەردار عەزیز

جیۆکولتووری ناسنامە، سیاسەتی ناسنامەی کوردی 149
مامەند رۆژە

دەروازەیەک بۆ تاوتوێکردنی پرسی هەمەجۆری و پرسی کورد .. 163
حازم نەهار

رۆڵ و کاریگەری ئیخوانولموسلمین لە سیاسەت و شەڕی .. 184
د.ئازاد حاجی ئاقایی

پێویستیی داڕشتنەوەی ناسنامەی دەوڵەتی سووریا لەسەر بنەمای .. 208
حوسێن عومەر

ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران 226
د.پەرویز رەحیم قادر

ناسنامەی زاڵی تورک و رەوشی کورد 255
پ.د. عەبدوڵڵا کران

دووبارە بیرکردنەوە لە جیۆپۆڵەتیک و تایفەگەریی رۆژهەڵاتی .. 271
مەهمەت ئاڵکیش

ناسنامە و ململانێیەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست 285
زریان رۆژهەڵاتی

# فیدرالی و کێشەی نەتەوەیی و نیشتیمانی

ئاکۆ محەممەد

فیدرالـی چارەسـەرە بـۆ کاروبـارە کارگێڕییەکانـی دەوڵەتێکـی یـەك وڵاتـی، کـە تێیـدا دیموکراسـی بووبێتـە کولتـوور و سیسـتەمێکی پشتاوپشـتکردووی بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات تێیـدا جێگیربووبێـت، بـەڵام چارەسـەر نییـە بـۆ دەوڵەتێکـی دەسـتکردی براوەکانـی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم کـە لـە دەوڵەتێکـی دوو وڵاتیـی فـرە نەتـەوەو خـاوەن دەسـتباڵایی کەمینەیەکـی ئایینزایـی دروسـتبووبێت.

ئـەو تێڕوانیـن و لێکدانەوەیـە لەسـەر سیسـتەمی فیدرالـی راسـتە سـەبارەت عێـراق و سـووریا. فیدرالـی ناتوانێـت کێشـەی نەتەوەیـی و نیشـتیمانیی چارەسـەر بـکات، وەك کێشـەی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی کـورد. بەڵکـو دەتوانێـت سیسـتەمێکی گونجاوبێـت بـۆ دەوڵەتێکـی پێکهاتـوو لـە نەتەوەیەکـی زۆرینـەی خـاوەن خـاك بـۆ ئاسـانکاری و باشـتر بەڕێوەبردنـی کاروبـارە کارگێڕییەکانـی هاووڵاتیانـی وڵاتێـك. کـە هەرێـم، میرنشـین و

ویلایەتەکانی وڵاتەکە لە ئەنجامی سیستەمێکی دیموکراتیانە پێکەوەبژین. دەوڵەتی عێراق لە دەستووری 2005یشدا بەشێوەیەکی راستەقینە پێناسە نەکراوە، پێناسەی راستەقینەی عێراق ئەوەیە بنووسرێت: دەوڵەتی عێراق لە دوو وڵات پێکهاتووە عێراق و کوردستان. تاوەکو پێناسەیەکی بەوشێوەیە لە عێراق دا بەشێوەی یاسایی و وەك باوەڕ نەچەسپێت، چارەسەری راستەقینە لە عێراق دەست پێناکات. لەباشترین دۆخدا عێراق دەتوانێت بە پێناسەیەکی بەوجۆرە، بەشێوەی کۆنفیدرالی بەڕێوەببرێت. هەر لەبەرئەوەشە عێراق لە رۆژی دروستبوونییەوە کێشەی سیاسی هەیە لە بەڕێوەبردن دا.

چارەسەر لە عێراق دا زۆر سەختە، چونکە لەسەرەتای نووسینی دەستووری عێراقدا باوەڕێکی گشتیی بە سیستەمی فیدرالی نەبوو، تەنانەت خۆپاراستن هەبوو لە بەکارهێنانی دەستەواژەی فیدرالی، لەبەرئەوەش پێشنیازی ئەوەکرا بە عەرەبی هیچ کات نەنووسرێت فیدرالی بەڵکو هەر بنووسرێت "ئیتحادی"، هەمیشە بەشێوەیەکیش شرۆڤە دەکرا کە وڵات یەکدەخات و دابەشی ناکات. ئەو کەم باوەڕییەی 2002-2005 هەبوو، سەرەڕای دەرچوونی یاسای رێکارەکانی پێکهێنانی هەرێمە فیدرالەکان لە عێراق لە ساڵی 2008، بەڵام هیچ هەرێمێکی دیکە دروستنەکرا و ئێستا بێ باوەڕییەکی زۆر بەربڵاوتر بەرامبەر فیدرالی دروستدەکرێت و دەوڵەتی سەنتراڵی وەك چارەسەر لەلایەن زۆر لایەنی عێراقییەوە نیشاندەدرێتەوە. فیدرالی دەستەواژەیەکی دیارە لە دەستووری عێراقدا، بەڵام بەکردەوە رۆژ بە رۆژ لە عێراق دا ون دەبێت. تەنانەت ئێستا سەرکردەی نەتەوە-ئایینزای سەردەست (شیعە) دەڵێن ئێمە باڵادەستین و بەرژەوەندی ئێمە تەنیا لەوەدایە ناوەند بەهێزتر و بەهەژموونتر بکەین. تەنانەت رێگری لە

پارێـزگای بـەسرە و دواتریـش ڕێگـری لـە سـوننە کـرا هەرێمێك دروسـتبکەن بە بیانـووی ئـەوەی کێشـەی خـاك و سـنوور هەیـە لەنێـوان ئەنبـار و کەربـەلادا بەپێـی مـادەی 140. هەروەهـا تائێسـتا مـادەی 65ی دەسـتوور جێبەجێنەکراوە بـۆ دروسـتکردنی (ئەنجوومەنـی فیـدرال - مجلـس الاتحـاد).

لـە وڵاتێکـدا کـە تایفەیەکـی ئایینزایـی باڵادەسـت بێـت و بـە قسـەی خـودی سـەرکردەکانیان، حەشـدی شـەعبی لـە 86 گرووپـی چەکـدار پێکهاتبێـت و ئـەو گرووپانـە ئێسـتا دەسـتیان لەنێـو سیاسـەت و بەڕێوەبردنـی وڵات دا، بەهێزتریـن دەسـت بێـت، فیدرالـی بەتـەواوی دەچێتـە دواوە، چونکـە ئـەوە زەوینەیەکـی گونجـاو نییـە بـۆ مانـەوەو گەشـەکردنی فیدرالـی. ئەگـەر کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان و دژایەتیکردنی کورد باشـترین ڕێگـەی دەنـگ کۆکردنەوەبێـت لـە هەڵبژاردنەکانـی عێـراق دا لەلایـەن ئـەو هێزانـەوە، ئـەوە زەوینەیەکـی گونجـاو نییـە بـۆ گەشـەکردنی پێکەوەژیـان و دیموکراسـی و فیدرالـی.

هەمـوو ئـەو لێکۆڵینەوانـەی بـۆ ئـەو پەرتووکـە ئامادەکـراون، ئەنجامەکەیـان ئەوەیـە کـە فیدرالـی لـە عێـراق نەچەسـپاوە و باوەڕیـش بـە فیدرالـی زۆر لاوازە. بەپێـی یەکێـك لـەو لێکۆڵینەوانـە ئێسـتا لـە عێـراق دا "دەوڵەتـی قـووڵ" هەیـە، ئـەو دەوڵەتـە قووڵـە لـە گرووپـە ئایینزاییەکانـی شـیعە پێکهاتـووە، ئـەوەش خاڵـی کۆتایـی لـە شـیکردنەوەکاندا دادەنێـت.

دۆخـی سـووریاش بـە هەمانشـێوە زۆر ئاڵـۆز حـۆی دەنوێنێـت. پێشـتر بیرکردنـەوە لـە یەکگرتنێکـی نێوان باشـووری کوردسـتان و ڕۆژئاوای کوردسـتان زۆر خەیاڵـی دەهاتـە بەرچـاو، بـەڵام بیرکردنـەوە لـە ژیانێکـی ئاسـوودە بـە سیسـتەمێکی فیدرالـی لـە عێـراق و سـووریاش زۆر کەتـواری نییـە، بەپێـی ئەزموونـی 2003 تاوەکـو ئێسـتا لـە عێـراق دا. هەمیشـە بیرکردنـەوە لـە

بڕیـارە سیاسـییە یەکلاییکەرەوەکانیـش چارەسـەری هـەرە بـاش نییـە، بەڵکـو بازرگانـی و هاوئاهەنگـی و یەکگرتنێکـی ئابـووری بەشـێنەیی چارەسـەرێکی زۆر گونجـاوەو زەوینەیەکـی زۆربـاش دەبێـت بـۆ سـازکردنی زەوینـەی گونجـاو بـۆ بڕیـارە سیاسـییەکان گرنگـەکان.

ئـەو لێکۆڵینەوانـەی نێـو ئـەو پەرتووکـە بـۆ بەهـاری سـاڵی رابـردوو 2020 ئامادەکرابـوون، بـۆ ئـەوەی ببنـە بەشـێك لـە گفتوگۆیەکانـی دووەم فۆروومـی هەولێـر، بـەڵام بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی پەتـای کۆڤیـد 19، فۆروومەکـە دواخـرا بـۆ کاتێکـی نادیـار و سـەرئەنجام هـەر نەتوانـرا ئەنجامبدرێـت وەك زۆربـەی فۆروومەکانـی ناوچەکـە و جیهـان. بـەڵام پێداچوونەوەیـان بۆکـراوەو ئێسـتا لێکۆڵینـەوەی زۆر بەسـوودن بـۆ تێگەیشـتن لـە بارودۆخـی ناوچەکەمـان.

# عێراق سیستمی تایفی و ئەتنی تێدەپەڕێنێ یان نامێنێ؟

## قۆناخی پاش بەعس: کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن شیعەوە، گۆشەگیرکردنی سوننە، دەرکەوتنی داعش و لاوازیی کورد

**جێسیکا واتکینس** *

**سیاسەتی ناسنامەکان و ڕوانگە ڕکابەرەکانی "ئاشتەوایی" لە قۆناخی پاش بەعسدا**

**پوختە**

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003ەوە بەردەوام کۆنسێپتی "ئاشتەوایی" لە سیاسەت و کۆمەڵگەی عێراقدا هەبووە. هێندە هەبووە کە بووەتە هاوواتای ئاشتی و خۆشگوزەرانی. کەچی تاوەکو ئێستا کۆدەنگییەکی ڕاستەقینە نییە لەسەرئەوەی کە دەبێ "ئاشتەوایی" چۆن بێت. ناشزاندرێ لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی ناوچەیی چۆن وەدیبهێندرێ. ئەم نووسینە هزری پشت ئەو ستراتیژانە ڕووندەکاتەوە کە هەم لەلایەن ڕۆڵگێڕە نێودەوڵەتییەکان و هەمیش لەلایەن حکومەتی

* سەنتەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - زانکۆی لەندەن

فیدراڵیـی عێراقـەوە لـە کابینەکانـی مالیکـی، عەبـادی و عـادل عەبدولمەهـدی پەیڕەوکـراون. ئـەوان هەندێکجـار پرۆسـەی کۆکردنـەوە و هەندێکجاریـش پەرتکردنیـان پەیڕەوکـردووە. بۆنموونە بڕیاری لێخۆشـبوونیان داوە بۆ زیندانییان یـان هانـی ڕێککەوتنـی نێـوان هـۆزە عێراقییەکانیـان داوە، یـان گرژیـی نێـوان هۆزەکانیـان لـە قۆناخـی پـاش داعشـدا کەمکردووەتـەوە، هەروەهـا بەگشـتیش هانـی بەشـداریی زۆرتریـان لـە جڤاکـی سـیڤیلدا داوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا قـەت بیریـان لـە داڕشـتنەوەی پەیکەربەندیـی دەسـەڵاتی نیشـتمانی نەکردووەتـەوە، بەڵکـو زۆرتـر کاریـان بـۆ سـەپاندنی هەژموونـی سیاسـیی نوێـی سـەرکردەکانی شـیعە. سـەرەڕای ئـەوەی دەنگـی داواکاریـی فـراوان و دووبـارە بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ریشـەییانەی نادادپەروەریـی سیاسـی لـەدوای سـەرکەوتن بەسـەر داعشـدا لـە 2017 بەرزبـووەوە، بـەڵام دۆسـێی فەرمیـی ئاشـتەوایی لەلایـەن حکومەتـی فیدراڵـەوە خرایـە لاوە و هێـزە نێوخۆیـی و تایفییەکانیـش ئیفلیجکـرا. ئـەم نووسـینە هەڵسـەنگاندن بـۆ نەخشـەی نوێـی دەسـەڵاتدارە ئەمنـی و سیاسـییەکانیش لەسـەر ئاسـتی پارێـزگاکان و خوارتـر لـە ناوچـە زۆرینـە سـوننییەکان دەکات کـە باڵادەسـتیی شـیعە بووەتـە شـتێکی حاشـاهەڵنەگر و دانیشـتووانی ئـەو ناوچانـە ئاشـتەواییان لەگـەڵ هەژموونـی شـیعە کـردووە.

## پێشەکی

لـە 1990 بـەدواوە، ژمارەیـەک وڵات لـە ئەمریـکای باشـوور، ئەفریقیـا و وڵاتانـی پێشـووی یەکێتیـی سـۆڤیەت، قۆناخـی گواسـتنەوەیان لـە دیکتاتۆرییـەوە دیموکراسـی تێپەڕانـد یانیـش لـە ناکۆکیـی دوورودرێـژی نێوخۆییـەوە بـەرەو ئاشـتەوایی چـوون. بەشـێوەیەکی گشـتی ئـەوان ویسـتیان تەحـەدای درۆی ڕژێمەکانـی پێشـوو لەنێـو بەڵگەنامـە فەرمییـەکان سـەبارەت بـە ڕووداوە مێژووییـەکان بکـەن. بۆئـەوەی لەسـەر پێشـێلکارییەکانیان سـەبارەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ لێپێچینەوەیـان لەگـەڵ بکـەن و زیانلێکەوتـووان قەرەبووبکەنـەوە و پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە لەنێـوان ئـەو گرووپانـەدا بهێننـەدی کـە پێشـتر لـە یەکـدی جیاببوونـەوە. هەروەهـا بـۆ ئـەوەش بـوو کـە ڕێگـری لـە سـەرهەڵدانەوەی گرژییـەکان بکـەن ( Wilson، 2003). دەستپێشـخەرییەکانی ئاشـتەوایی جـۆری جیاوازیـان هەیـە، بـەڵام بەگشـتی کۆکـراوەی ژمارەیـەک ڕێوشـوێنی یاسـایی، سـیمبۆڵی و کارگێـڕی و سـتراتیژین. هەروەهـا ئاشـتەوایی لە هەندێـک دۆخـدا لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە لەلایـەن حکومەتـی نیشـتمانییەوە شـۆڕدەکرێتەوە، لـە هەندێـک دۆخـی دیکەدا زیاتر لە شـێوەی دەستپێشـخەریی جەماوەریـدا دەردەکـەوێ (Brounéus، 2008 ).

ڕێـژەی سـەرکەوتنی ئـەو پڕۆژانـە وەکیـەک نییـە. لێکۆڵینـەوە سـتراتیژییەکان دەریدەخـەن کـە لـە هـەر شـوێنێک پێکدادانـەکان بـە سـەرکەوتنی سـەربازیی لایەنێـک کۆتایـی بێـت چانسـی گەیشـتن بـە ئاشـتەوایی تەواوەتـی کەمـترە، بـە بـەراورد لەگـەڵ ئاشـتەواییەک کـە بەرهەمـی گفتوگـۆ بێـت. بەشـداریی نێودەوڵەتیـش ناتوانـن گەرەنتیـی سـەرکەوتنی ئـەو جـۆرە ئاشـتەواییانە بکـەن. ڕاسـتییەکەی هەندێکجـار پێچەوانەکەشـی بەرهەمدێـت. ئـەوەی زیاتـر یەکلایی

دەکاتـەوە ئاشـتەوایی سـەربگرێت ڕێـژەی جدیبوونـی حوکمڕانـە نوێیەکانـە بـۆ دەستپێشـخەریکردن و ئامادەییـان بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی لەنێـوان لێپرسـینەوە لەوانـەی مافەکانـی مرۆڤیـان پێشـیلکردووە، کـە زۆرجـار سـەرکردەکانی ڕژێمـی پێشـوون ، لەگـەڵ کەمێـک لێبووردەیـی بـۆ بەهێزکردنـی ڕۆحـی سـازان. کاتێـک ئاشـتەوایی شکسـتدەهێنێت، پێـش هەر شـتێک تووندوتیـژی سـەرهەڵدەداتەوە. دواتـر هەوڵـەکان بـۆ ئاشـتییەکی پێکەوەیـی ئاڵۆزدەبێـت و هـۆکاری دیکـەی ناڕەزایـی سـەرهەڵدەدەن کە پێویسـتە چارەسـەر بکرێـن. ئەمە ئەو سـیناریۆیەیە کـە ئێسـتا عێراقـی تێدایـە.

لــەدوای داگیرکردنــی لەلایــەن ئەمریــکاوە لــە ســاڵی 2003، عێــراق بــە قۆناخێکـی ناجێگیـری ڕاگـوزەردا لـە دیکتاتۆرییـەوە بـۆ دیموکراسـی تێپـەڕی. سـەیرەکە ئەوەیـە کـە لەوکاتـەوە ئاشـتەوایی نیشـتمانی بـەردەوام باسـی هـەرە لەپێشـی نێـو پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق بـووە. هەڵبـەت هێشـتا عێراقییـەکان و لێکۆڵینڤانانـی بیانیـش ڕەتیدەکەنـەوە بڵێـن دۆسـێی ئاشـتەوایی لـە 17 سـاڵی ڕابـردوودا بەتەواوەتـی ناسـەرکەوتوو بـووە یانیـش لـە خراپتریـن دۆخـدا هۆکاری ئـەو شـەڕە بووبـێ کـە بـەردەوام هەبـووە. هەرچەنـدە ئامانجـە سـەرەکییەکانی ئاشــتەوایی بــۆ ڕاســتکردنەوەی نادادپەروەرییەکانــی ڕژێمــی پێشــوو بــوو، هەروەهــا پێکهێنانــی حکومەتــی نوێــی عێــراق لەســەر بنەمــای ســازانی نەتەوەیـی و تایفـی بـوو، بـەڵام شـەڕی نێوخۆیـی تایفـی لەنێـوان سـاڵانی 2004 تاوەکـو 2008 و 2014 تاوەکـو 2017 ئاراسـتەی سـەرەکیی دەستپێشـخەرییەکانی ئاشــتەواییان لــە ڕیشەکێشــکردنی بەعســەوە گــۆڕی بــۆ ئاشــتەوایی تایفــی و نەتەوەیـی و دابەشـکردنەوەی دەسـەڵات. دواتـر دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و سـووریا (داعـش)، ئـەو سـوننانەی هـاوکاری نەبـوون و کەمینـە شـیعەکانی لـەو پارێزگایانـەی زۆرینەیـان سـوننەن کـردە ئامانـج. ئیـتر فۆکەسـی پرۆسـەی

ئاشـتەوایی لـە هەوڵـەکان بـۆ سازشـی گـەورەوە گـۆڕا بـۆ پرۆسـەیەکی زیاتـر نێوخۆیـی وەک ئاشـتەوایی نێـوان هـۆزەکان. هـاوکات جڤاکـی نێودەوڵەتیـش دەسـتیکرد بـە هاندانـی بەشـداریپێکردنی کۆمەڵگـەی مەدەنـی بـۆ ڕێگەگرتـن لـە توندوتیژییـەکان.

هەرچەنـدە هەندێـک لـەو دەستپێشـخەرییە جیاوازانـە تـا ڕادەیـەک بـۆ کەمکردنـەوەی چەنـد گرژییەکـی دیاریکـراو سـەرکەوتوو بوونـە، بـەڵام هیچیـان نەیانتوانیـوە هاوسـەنگیی نوێـی هێـز لـە عێراقـدا بگـۆڕن. هەروەهـا بـۆ ئەوەش دانەڕێـژراون کـە ئـەو ئاڵنگارییـە بکـەن. ئـەم نووسـینە کۆکراوەیەکـی هەندێـک لـەو سـتراتیژییانەیە کـە بەنـاوی ئاشـتەوایی لەلایەنرۆڵگێـڕە نێودەوڵەتییـەکان و حکومەتـی فیدراڵـی لـە پێـش و پـاش لەنێوبردنـی خەلافەتی ئیسـلامی لـە عێراق (داعـش) گیراونەتەبـەر. لەسـەر ئـەو گریمانانـەش کاردەکات کـە زۆربـەی ئـەو هەوڵانـەی دراون بەهۆی خواسـتی ڕاسـتەقینەوە بـۆ کەمکردنـەوەی توندوتیژی بوونـە، بـەڵام بەگشـتی پـڕۆژەکان ئـەو کەسـانە سەرپەرشـتییانکردوون کـە بـۆ پاراسـتنی هەژموونـی شـیعە لـە عێـراق و سـازان لەنێـوان سـوننەدا دانرابـوون. ئـەم نووسـینە باسـی دۆسـێی ئاشـتەوایی دەکات کـە ببـووە بەشـێک لـە لۆژیکی حوکمڕانـی لـەدوای 2003ەوە، کـە تێیـدا سیسـتمی مەحسـوبیەت سـەرکەوت. لەئەنجامیشـدا، بەتایبـەت بـەو دواییـە، هێـزی سیاسـەتی ناسـنامەیی لەنێـو زۆربـەی دەستپێشـخەرییەکانی ئاشـتەواییدا کەمـتر دیاربـوو و تاوەکـو دەهـات ڕێککەوتنـی تایفـی زیاتـر دەبـوون.

## ڕیشەکێشکردنی بەعس وەک "ئاشتەوایی"

لـە سـەردەمی حوکمڕانیـی بەعسـدا، لەنێـوان سـاڵانی 1968 تاوەکـو 2003،

عێـراق قۆناخێکـی ترسـناکی لـە رووداوی توندوتیـژی وخوێنـاوی بەخـۆوە بینـی. جەنگـی نێـوان ئێـران و عێـراق 1981 تاوەکـو 1987، کۆمەڵوژیـی دوجەیـل 1982، جینۆسـایدکردنی کـوردی عێـراق 1986 تاوەکـو 1987 و سـەرکوتکردنی هۆڤییانـەی راپەڕینـی سـاڵی 1991، ئەشـکەنجەدانی گیراوەکان، دوورخسـتنەوە و لەسێدارەدان و تیرۆرکردنی کەسانی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن، لـە خەسـڵەتەکانی حوکمـی بەعـس بـوون. لـە دوای داگیرکردنـی عێـراق بـە سـەرکردایەتیی ئەمریـکا، لـە ئەجێنـدای سیاسـیدا ئاشـتەوایی لـە لیسـتی سـەرەوەدا بـوو. یەکەمجـار لـە لێپێچینـەوە لـە ئەندامانـی پلـە بـاڵای بەعـس بـە تۆمەتـی ئەنجامدانـی ئـەو تاوانانـەی لـەدژی خەڵکـی عێـراق ئەنجامیـان دابـوو کورتکرایـەوە. هەروەهـا بەدواداچوونیـش کـرا بـۆ گەڕانـەوەی مافـی دەیـان هـەزار قوربانیـی تاوانەکانـی رژیمـی پێشـوو و شـوێنەوارەکانی.

پرۆسـەی هەڵوەشـاندنەوەی بەعـس لەڕێگـەی سیسـتمی دادوەری و دەرەوەی سیسـتمی دادوەری بەڕێوەدەچـوو. سـەرەتا چەنـد پێشـنیازێکی نێودەوڵەتـی هەبـوون بـۆ دامەزراندنـی "لیژنـەی راسـتی و ئاشـتەوایی" لەسـەر مۆدێلـی ئەفریقیـای باشـوور، بـەڵام هەرگیـز جێبەجێنەکـرا. لـە مانگـی 5ی 2003، دەسـەڵاتی کاتـی هاوپەیمانـان CPA زنجیـرە یاسـایەکی دەرکـرد بـۆ داماڵینـی کۆمەڵگـەی عێراقـی لـە بەعـس، کـە لادانـی چـوار چینی بـاڵای حیزبی بەعسـی لـە دامـەزراوە حکومییەکانـدا دەگرتـەوە و بـە 50 هەزارکـەس مەزەنـدە دەکـران. هەروەهـا هەڵوەشـاندنەوەی هێـزی سـەربازی و دەزگا ئەمنـی وهەواڵگرییـەکان، کـە نزیکـەی 500 هـەزار کەسـی دەگرتـەوە. دەسـتەی نیشـتمانیی بـاڵای ریشەکێشـکردنی بەعـس NHDC بـە سـەرکردایەتیی ئەحمـەد چەلەبـی و عەلـی فەیسـەڵ لامـی، وەک دەسـتەی سـەرەکیی دەرکردنـی بڕیـارەکان و جێبەجێکردنیـان بـۆ پاککردنـەوەی بەعسـییەکان

کاریاندەکرد، کەدواتر بۆ پاکتاوکردن سەری کێشا. هەندێک کەس لەنێو دەستەبژێری نوێی عێراقدا سەرکۆنەی ئەو یاسایانەی سزادانیان کرد کە دەبووە هۆی سزادانی خەڵکێکی بێتاوان و بێبەشکردنی کۆمەڵگەی عێراقی لە توانا تەکنییەکان و ئازاردانی خەڵکی، کە بەوهۆیەشەوە سەرهەڵدان و فراوانتربوونی یاخیبوون و ڕێگرتن لە ئاشتەوایی سەریهەڵدا. (Alawi ،2003).

لە نێوەڕاستی 2004 دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان هەوڵیدا پێداچوونەوە بە هەندێک بڕگەی سیاسەتی خۆیدا بۆ گەڕانەوەی هەندێک لە پلە باڵاکانی ڕژیمی بەعس بۆ هێزی ئەمنی و خانەنشینبوونی ئەوانیدیکە بکات، بەڵام سیاسەتی ڕیشەکێشکردنی بەعس لەپاش ڕادەستکردنی دەسەڵات بە حکومەتی کاتیی عێراق لە 2004 بەردەوام بوو. دەستەی نیشتمانیی باڵای ڕیشەکێشکردنی بەعس NHDC لە کارکردن و کۆنترۆڵی فراوانی خۆی بەسەر بەشداریی سیاسی و وەرگرتنی کارمەندی مەدەنی تاوەکو 2011 بەردەوام بوو(Sissons & Al-Saiedi 2013). لە 2005دا NHDC دەستتێوەردانی لە دادگاییکردنی سەدام (دادگاییکردنی لەسەر کەیسی دووجەیل) کرد. چەند کارمەندێکی دادگای گۆڕی و ژمارەیەکی دیکەی بۆ جێگرتنەوەیان دیاریکرد.

لەژێر گوشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2006، حکومەتی نووری مالیکی پابەندکرا بە ستراتیژی ئاشتەوایی، کە بریتیبوو لە چاکسازیکردن لە سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی بەعسدا بەوەی کە روونتر بێ و ڕێگەبگیرێت لە خراپ سوودلێوەرگرتنی. بۆیەش ساڵی 2008 پەرلەمان ڕێگەی بە دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای نیشتمانی بۆ یەکسانی و شەفافیەت AJC دا، بەڵام سەرۆکایەتیی NHDC لیژنە تازەکەی

دەستنیشـانکرد. سـاڵی 2010، AJC بڕیـاری دوورخسـتنەوەی 500 بەربژێـری بەعسـیی بـۆ هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمـان دەرکـرد. وەکچـۆن HNDC لـە هەڵبژاردنـی سـاڵی 2005یشـدا ئەمـەی بەسـەر بەربژێرەکانـدا جێبەجێکـرد. ئەمـە ناڕەزایـی تونـدی چەندیـن پارتـی سیاسـیی لێکەوتـەوە و دەیانویسـت هەندێـک لـەو بەربژێرانـە قبـوڵ بکرێـن، بـەڵام لەڕاسـتیدا زۆربـەی ئەوانـەی لەلایـەن لیژنەکـەوە دوورخرانـەوە سـوننە و شـیعەی سێکولار بـوون. ئەمـەش ئـەو هەسـتەی زیاتـر کـرد کـە لەپـاش 2003 هەژموونـی سیاسـەتی ئیسـلامیی شـیعە بەسـەر سیسـتمی سیاسـیدا باڵادەسـتە.

دادگاییکردنـی سـەددام لەلایـەن حکومەتـی نوێـی عێراقـەوە وەک بەشـێک لـە پرۆسـەی ئاشـتەوایی پـاش بەعـس دانـرا، بـەڵام دواتـر ئـەو دۆخـە نالەبـارەی لـە 2006 کـە تێیـدا سـەددام لەسـێدارەدرا و پاسـەوانەکان بـە پەتـی لەسـێدارەدانەوە گاڵتەیـان پێکـرد و ئاماژەیـان بـە محەممـەد باقـر سـەدر (مەرجەعێکـی شـیعەکان بـوو، لـە سـاڵی 1980 لەلایـەن بەعسـەوە لەسـێدارەدرا) کـرد، ئاگـری ناکۆکییـە تایفییەکانـی نێـوان سـوننە و شـیعەی عێـراق خۆشـبوو. سـەدان ئەندامـی پێشـووی بەعس لەلایـەن ئەو میلیشـیانەوە کـوژران کـە پەیوەندییـان بـە پارتـە دەسـەڵاتدارەکانی شـیعەوە هەبـوو.

## "هەڵوەشاندنەوەی تایفەگەری" وەک ئاشتەوایی

هەرچەنـدە ڕیشەکێشـکردنی بەعـس شـیعەکان و سوننەکانیشـی کـردە ئامانج، بـەڵام ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر لـە ئەندامانـی پلەبـاڵای ئـەو حیزبـە سـوننە بـوون. دوای چەنـد مانگێـک لـە داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمریـکاوە، ژمارەیەکـی زۆر لـە ئەندامانـی پێشـووی ڕژێـم پەیوەندییـان بـە گرووپـە

میلیشـیاکانی ئیسـلامی سـوننەوە کـرد، کـە هێزەکانـی هاوپەیمانانیـان بەئامانج دەگـرت. هەندێکیشـیان دەسـتیانکرد بـە بەئامانجگرتنـی هێـزی ئەمنـی عێراقی "کـە زۆرینەیـان شـیعە بـوون" و، سـەرئەنجام خەڵکـی مەدەنـی شیعەشـیان کـردە ئامانـج. ئەمـەش وەک سـتراتیژیەکی داڕێـژراو بـۆ گەرەنتیکردنـی تایفەگەریـی بـوو، چونکـە تایفەگەرێتـی ببـووە خەسـڵەتی دیـاری ناسـنامەی نیشـتمانی. هەروەهـا بۆپەلکێشـکردنی شـیعە بـوو بـۆ شـەڕی نێوخۆیـی. ئەمە وایکـرد لەنێـوان سـاڵانی 2005 بـۆ 2008 توونودوتیژیـی مەزهەبـی نێوخۆیـی زیـاد بـکات و تێڕوانینـی "خەیاڵـی"ی دەسـەڵاتی کاتیـی هاوپەیمانانـی بـۆ کۆمەڵگـەی عێراقـی، کـە پێیوابـوو کۆمەڵگەیەکـی مەزهەبییـە، کـردە راسـتی.

چوارچێـوەی فراوانـی سیاسـی، دوای سـاڵی 2003، سیاسـەتی ناسـنامەیی پێشخسـت. دەسـەڵاتی کاتیـی هاوپەیمانـان بـڕوای بـە وێنەیەکـی نەتەوەیـی و مەزهەبـی بـۆ عێـراق هەبـوو کـە تێیـدا عەرەبـی شـیعە ٪60 و سـوننە ٪20 و کـورد ٪15ی عێـراق پێکدەهێنـن. لـە پێکهێنانـی ئەنجوومەنـی حوکمـدا کـە 25 ئەندامـی هەبـوو، دەسـەڵاتی کاتیـی هاوپەیمانـان رەچـاوی رێککەوتنێکـی ئۆپۆزیسـیۆنی کـرد، کـە لـە سـاڵی 1992 لەنێـوان 7 پارتـی سیاسـی لە دیاسـپۆرا (2 پارتـی شـیعە، دەعـوە و ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە عێـراق، 1 پارتـی سـوننە، پارتـی ئیسـلامی عێـراق، 2 پارتـی کوردی-یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هەروەهـا 2 پارتی دیکـەی عەلمانی، کـە زۆرینـەی ئەندامەکانیـان شـیعە بـوون، ئەوانیـش کۆنگـرەی نیشـتمانیی عێـراق و ویفاقـی نیشـتیمانی عێـراق بـوون) ئەنجامدرابـوو. پۆسـتەکان لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی و ئایینـی بەسـەر سـەرکردەی ئـەو پارتانـەدا دابەشـکران کـە بانگەشـەی نوێنەرایەتیکردنـی دەنگدەرانیـان دەکـرد. لـە دواییـدا چەندیـن پارتـی سیاسـی دابەشـبوون و هاوپەیمانیـی نوێیـان پێکهێنـا، بـەڵام سیسـتمەکە

لەسـەر بنەمـای پشـککاریی تایفـی بـوو و هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەش پۆسـتە سیاسـییەکانی لـەدوای هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمـان لـە سـاڵانی 2005، 2010، 2014 و 2018دا دیاریکـرد.

هەرچەنـدە کـورد زوو توانیـی ببێتـە هاوپەیمانیـی پارتـە ئیسـلامیە شـیعەکان بـۆ گەیشـتن بـە مافـی خۆبەڕێوەبـردن و دابەشـکردنەوەی دەسـەڵات لـەدوای بەعـس، بـەڵام سـوننەکان لـەڕووی سیاسـییەوە بێبەشـکران. هەروەهـا لەبەرئـەوەی پارتـە سیاسـییە باڵادەسـتەکان دەسـەڵاتی فەرمیـی خۆیـان و پۆسـتە حکومییەکانیـان بەکاردەهێنـا بـۆ دامەزراندنـی لایەنگرانیـان و مسـۆگەرکردنی پشـتیوانییان، سـوننەکان لـە گەیشـتنە ئـەو پۆسـتانەی حکومـەت بێبەشـکران. تێپەڕاندنـی دەسـتووری نوێـی عێـراق لـە ئۆکتۆبـەری 2005 بەگشـتی لـە پارێـزگا سـوننەکانی وەک ئەنبـار، موسـڵ و سـەلاحەدین ڕەتکرایـەوە. ئەمـەش بەهـۆی دانانـی ئـەو مـاددە دەسـتوورییانە بـوو کـە لەسـەر داوای کـورد و چەندیـن ئەنـدام پەرلەمانـی شـیعە سـەبارەت بـە دروسـتکردنی هەرێمـی فیـدراڵ دانرابـوون. ئەمـەش لەکاتێکـدا بـوو کـە زۆرینـەی سـوننە لەگـەڵ پارێزگاریکـردن لـە عێراقێکـی یەکگرتـوو بـوون (Jawad 2013: 15). ژمارەیەکـی کەمـی سـوننە لـە هەڵبژاردنەکانـی 2005 دەنگیانـدا و پارتـە سـوننە گـەورەکان، لەنێویانـدا پارتـی ئیسـلامیی عێـراق و یەکێتیـی زانایانـی موسـڵمان بایکۆتیانکـرد. هەروەهـا هەندێـک سیاسـەتڤانی سـوننە لـە حکومەتـی نوێـی عیراقـدا بەشـدارییان پێکـرا. دواتریـش چەندیـن کـەس لـەوان بەتۆمەتـی چالاکیـی تیرۆریسـتی سـزادران.

سـەرەڕای ئـەوەی هیـچ هەنگاوێکـی بنەڕەتـی نەبـووە بـۆ راسـتکردنەوەی هاوسـەنگیی دەسـەڵات، سرووشـتی نافەرمیـی سـازانیش لـە عێـراق بەشـێوەیەکە کـە بڕیـارەکان بەشـێوەی دەوری لەلایـەن دەسـتەبژێری

نوێـی سیاسـیی شـیعەوە بـۆ بەشـداریپێکردن یـان هێنانەپێشـەوەی چەنـد سـەرکردەیەکی دیاریکـراوی سـوننە لـە ئاسـتی نیشـتمانی و خوار ئەو ئاسـتەش دەدرێـن، بـەڵام لـە 2005ەوە بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو هـەوڵ بـۆ ئاشـتەوایی لەنێـوان تایفەکانـی عێـراق هەبـووە. لـە یەکـەم ئیـدارەی نـووری مالیکیـدا لـە سـاڵی 2006 تاوەکـو 2010 بابەتـی ئاشـتەوایی نیشـتمانی (زۆرتـر لەنێـوان شـیعە و سـوننەدا) خرایـە نێـو کارەکانـی حکومـەت و لـەڕووی سیاسـییەوە زەقکرایـەوە. هێـزی سـەرەکیی جێبەجێکـردن و بەدواداچـوون بـۆ ئاشـتەوایی نیشـتمانی (لیژنـەی ئاشـتەوایی نیشـتیمانی IFCNR) بـوو، کـە سـاڵی 2007، بەسـەرۆکایەتیی محەممـەد سـەلمان سـەعدی دامـەزرا. کارەکانـی بریتیبـوون لـە پێداچوونـەوە بـە ئەندامانـی پێشـووی ڕژێمـی بەعـس، چەککردنـی میلیشـیاکان و درێـژەدان بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەنجوومەنەکانـی سـەحوەی عەشـایەری سـوونە لـە ئەنبـار، کـە چوونـە پـاڵ هێزەکانـی ئەمریـکا و سـوپای عێـراق بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی قاعیـدە لەگـەڵ پشـتگیریی ئەنجوومەنـی هـۆزەکان لـە ناوچانەکانـی دیکـەدا. هەروەهـا لەگـەڵ خەڵکـی ئـاوارەی ئـەو ناوچانـە بـۆ باشـکردنی پێداویسـتییە سـەرەتاییەکان، خزمەتگوزارییـەکان و ڕەخسـاندنی هەلـی کار بـۆ جەنگاوەرانـی پێشـووش کاریدەکـرد (Eisendstadt & Ali: 2009). جگـە لـەوەش ملیۆنـان دۆلار بـۆ کۆنفرانسـەکانی ئاشـتەوایی نیشـتمانی خەرجکـران، کـە لەلایـەن هێـزە سیاسـییە سـەرەکییەکانەوە بایکـۆت کرابـوون.

سـاڵی 2010، کابینـەی دووەمـی نـووری مالیکـی، وەزارەتـی ئاشـتەوایی نیشـتمانی بەسەرپەرشـتیی ئەمیـر خوزاعـی دامەزرانـد. وەزارەتەکـە هـەر زوو بەهـۆی کەمیـی سـەرچاوەی داراییـەوە هەڵوەشـایەوە، بـەڵام خوزاعـی وەک ڕاوێـژکاری تایبەتیـی مالیکـی بـۆ ئاشـتەوایی، بودجەیەکـی گـەورەی

لەبەردەسـت بـوو. لـەوەش واوەتـر لەنێـوان سـاڵانی 2010 و 2013، حکومـەت بڕیارێکـی دەرکـرد بـۆ لێخۆشـبوون لـە سـێ هـەزار سـوننە، کـە پەیوەندییـان بـە گرووپـە میلیشـیاکانی شـیعە و گرووپـی سـەلەفی و سـۆفی و بەعسـییەوە هەبـوو ( ئەمـە ئەندامانـی ڕێکخـراوی قاعیدە و ئەنسارولئیسـلامی نەدەگرتـەوە)، بـەڵام بەشـێکی گـەورە لـە بودجـەی خوزاعـی بەشـێوەیەکی تیـۆری بـۆ مووچـەی گرووپەکانـی سـەحوە تەرخانکـرا، کـە چاوەڕواندەکـرا لەکۆتاییـدا ببنـە بەشـێک لـە هێـزی سـەربازیی عێـراق. دوای ئـەوەی دواتـر ئومێـدی تێکەڵکردنیـان بـە سـوپا کەمبـووەوە، مووچـەی ئـەو گرووپانـە ڕاوەسـتێندرا. هەڵبـەت دەڵێـن خوزاعـی هـەر لەسـەر داواکردنـی بودجـە بـۆ پێدانـی مووچـەی ئـەو هێزانـە بەردەوامبـووە (al-Jaffal 2014).

داگیرکردنـی ناوچەیەکـی فراوانـی پارێـزگا سـوننییەکان، بەئاسـانی لەلایـەن چەکدارانـی دەوڵەتـی ئیسـلامییەوە لـە باکـووری عێـراق، لـە نێوەڕاسـتی سـاڵی 2014، بەبـێ بەرگریـی سـەربازیی گـەورە لەلایـەن خەڵکـی ئـەو ناوچانـەوە، ڕەنگدانـەوەی بێـزاری و هەسـتی سـوننەکانی ئـەو ناوچانـە بـوو لـە سیاسـەتی نیشـتمانی و بەتایبـەت هەسـتیاندەکرد حکومەتەکـەی نـووری مالیکـی پشـتگوێیان دەخـات. کاتێـک بەهـۆی زیادبوونـی هەژموونی داعشـەوە مالیکی گوشـاری لەسـەربوو بـۆ دەستلەکارکیشـانەوە، جێگرەوەکـەی، واتـە عەبـادی، ڕێگەیەکـی وردتـری بـۆ ئاشـتەوایی نیشـتمانی گرتەبـەر. خەرجییەکانـی پـڕۆژەی ئاشـتەوایی کەمکـردەوە و ڕازی نەبـوو بـە جێبەجێکردنـی سـتراتیژی فراوانـی پێشـنیازکراو لەلایـەن سـەلمان سـەعدی، بۆئـەوەی لـە هەمـوو دامەزراوەکانـی حکومـەت، بـە هاوکاریـی ئاژانسـە نێودەوڵەتییـەکان ،جێبەجێ بکرێـت. لـە مانگـی ئابـی 2016، پەرلەمانـی عێـراق یاسـای لێبووردنـی گشـتیی دەرکـرد، کـە چەندیـن سـاڵ بـوو سیاسـییەکانی سـوننە بانگەشـەیان

بـۆ دەکـرد، بۆئـەوەی بتوانـن ئـەو سـوننانە بـە لێبووردنـی گشـتی لـە زینـدان ئازادبکـەن کـە بـە هـۆکاری سیاسـی و یاسـای تیـرۆر، لەلایـەن حکومەتـی مالیکییـەوە دەسـتگیرکرابوون، بـەڵام یاسـاکە ئەوانـدە بۆشـایی زۆری تێدابـوو، بەڕادەیـەک کـە ڕەخنەگـران لـە یاسـاکە پێیانوابـوو بـە قازانجـی دزەکان، ڕفێنـەران و تیرۆریسـتە "ڕاسـتەقینە"کان بێـت (Habib 2016). بەپێـی قسـەی یەکێـک لـە شرۆڤـەکارە سیاسـییە عێراقییـەکان، لـە گەرمـەی قەیرانـی داعشـدا "دۆسـێی ئاشـتەوایی بەجۆرێـك پشـتگوێخراوە کـە ناتوانـرێ جارێکـی دیکـە زیندووبکرێتــەوە". (Saheb 2014).

## دوای داعش: دیدگا نیشتمانی و خوارنیشتیمانییەکان بۆ ئاشتەوایی

لەکۆتایـی هێرشـی پێچەوانـە و درێـژی دژ بـە داعـش لەنێـوان سـاڵانی 2015 تاوەکـو 2017، هەوڵـەکان بـۆ گەشـەپێدانی ئاشـتەوایی لـە عێـراق، لەسـەر ئاسـتی نێوخـۆ و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا دەسـتیانپێکردەوە. بەحوکمـی ئـەوەی زۆربـەی قوربانیانـی دەسـتی داعـش سـوننە بـوون، ئەمـە زەوینەسـازیی بـۆ پێکدادانــی تایفــی کــرد. کۆتاییهێنــان و ســەرکەوتن بەســەر داعشــدا وا لێکدرایـەوە کـە چرکەسـاتێکی گرنگـە بـۆ دوورخسـتنەوەی عێـراق لـە ململانێـی تایفـی. لەڕاسـتیدا هـەردوو دیـدگای ئاشـتەوایی، کـە زۆر تێبینیکـراوە "یەکێکیـان لەڕێگـەی مۆدێلـی لێکـدراوەوە لـە بەشـدارپێکردنی مەدەنـی و ئەویدیکـەش لەڕێگــەی نێوەندگیریــی خێڵەکییــەوە"، ئاماژەیــە بۆجیاوازیــی گــەورە لــە بیرکردنـەوەی سیاسـیدا.

ئاشـتەوایی لەڕێگـەی کۆمەڵـی مەدەنییـەوە: لـەدوای داعـش، فۆکەسـی زۆربـەی ئاژانسـە نێودەوڵەتییەکانـی پەرەپێـدان لەسـەر بەهێزکـردن و بەرەوپێشـبردنی

کۆمەڵـی مەدەنـی لـە عێراقـدا بـووە، کـە وەک تۆڕێـک لـە کۆمەڵـە و چالاکیـی خۆبەخشـانە بیـنراوە، تاوەکـو وەک ئامرازێـک بـۆ کەمکردنەوە و پەراوێزخسـتنی گرژییەکانـی سـەر سیاسـەتی ناسـنامە و مەحسـوبیەت، لەسـەر بنەمـای پابەندبوونـی مەزهەبـی، نەتەوەیـی و خێڵەکـی بەکاربێـت. تاوەکـو ئێسـتا ئـەم ئامانجـە سـەختە قورسـایی خسـتووەتە سـەر هەوڵـە نێوخۆییـە جەماوەرییـەکان و راهێنـان لەسـەر وشـیاریی گشـتی، بەپێچەوانـەی رێککەوتنەکانـی نێـوان دەسـتەبژێرە سیاسـییەکان. وردبوونـەوە لـەم ئامانجـە تائێسـتا لەرێگـەی هەوڵـی نێوخۆیـی "لۆکاڵـی" و راهێنانەکانـی هۆشـیارکردنەوەی خەڵکـی ئاسـایی، وەک بەرپەرچدانەوەیەکـی رێککەوتنـی نێـوان دەسـتەبژێرە سیاسـییەکان بەردەوامـە. بۆنموونـە لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی 2017، پرۆگرامـی پەرەپێدانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان UNDP لەگـەڵ IFNRC بەهاوبەشـی دەسـتیان بـە "پشـتگیریکردنی پـرۆژەی ئاشـتەوایی تـەواو لـە عێراقـدا" کـرد. دروسـتکردنی لیژنەکانـی ئاشـتیی ناوخۆییـش لـە چالاکییـە سـەرەکییەکانی بوو بـۆ بەهێزکردنی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی و پێکەوەژیـان و ئامادەکردنـی هـاوکاری بـۆ قوربانیانـی دەسـتی داعش (UNDP، 2017). لیژنەکانی ئاشـتیی نێوخۆیی LPC سـەرکەوتنی بەرچاویـان تۆمارکـرد. کەسـانی نێـو حکومەتـە نێوخۆییـەکان لەجیاتـی ئـەوەی رۆڵـی چاودێریکـردن ببینـن، لـە لیژنەکانـدا باڵادەسـت بـوون و بوونە دەسـەڵاتی هاوتەریبـی ئەنجوومەنـی قـەزاکان.

رێگـەی پەرەپێدانـی نێودەوڵەتـی بەشـێوەیەکی سـنووردار رەنگدانـەوەی مامەڵەکردنـی فەرمیـی حکومەتـی عێـراق لەگـەڵ دۆسـیەی ئاشـتەوایی بـوو. لەجیاتـی بڵاوکردنـەوەی رێککەوتنـە سیاسـییە گـەورەکان، کـە هەمیشـە لەنێوان دەسـتەبژێری سیاسـیدا تێکچـوون، بەتایبـەت دوای ئـەوەی خەونـی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی سـەرینەگرت، کاتێـک گشتپرسـییەکەی 2017 لەلایـەن حکومەتـی

عێراقـەوە ڕەتکرایـەوە، حکومـەت لەڕێگـەی (ئۆفیسـی ئاشـتەوایی نیشـتمانی) زیاتـر جەختـی لەسـەر پـڕۆژە پەروەردەیـی و کولتوورییـەکان دەکـرد. لـە سـاڵی 2018، دوای پێکهێنانـی حکومەتـی نوێـی عێراق، ئۆفیسـی ئاشـتەوایی نیشـتمانی گـۆڕدرا بـۆ (لیژنـەی بـاڵای پێکەوەژیـان و ئاشـتیی کۆمەڵایەتـی). ئـەم لیژنـە نوێیـە بەشـێک لـە کارەکانـی لیژنەکـەی پێـش خـۆی دەکـرد، بـەڵام بـە ئۆفیسـی سـەرۆکوەزیرانەوە بەسـترایەوە نـەک بـە ئەنجوومەنـی وەزیرانـەوە. بەپێـی هەندێـک لـە ڕێکخراوەکانـی بنیاتنانـی ئاشـتی کـە کاریـان لەگەڵـی دەکـرد، ئـەم لیژنەیـە دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی کەمـە، بۆئـەوەی حکومـەت ناچـار بـکات گۆڕانکاریـی پێویسـت لـە سیاسـەتیدا بـکات.

ئاشـتەوایی لەڕێگـەی نێوەندگیریـی خێڵەکانـەوە: زۆربەی دەستپێشـخەرییەکانی ئاشـتەوایی لـە عێـراق، تەنانـەت ئەوانـەی پێـش داعشـیش، ڕەگەزێکـی خێڵەکییـان تێـدا بـووە. کابینەکانـی مالیکـی، بەتایبـەت ئەنجامـی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ سـەرۆک هۆزەکانـی سـوننە وەک دەرچەیـەک بـۆ تێپەڕاندنـی پەیکەربەندییـە کارگێڕییەکانـی دیکەیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بۆ گرووپە میلیشـاییە ئیسـلامییە سـوننەکان (واتـە قاعیـدە و داعـش)، ئـەو ناوچانـە سـەنتەر بوونـە کـە ئینتیـمای خێڵەکـی تێیانـدا بەهێزبـووە و، لەبەرئـەوەی دەوڵەتـی عێـراق لـە دابینکردنـی خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکاندا کەمتەرخـەم بـووە، ئینتیـمای خێڵەکـی بەهێزتریـش بـووە. وەکچـۆن گرووپـە چەکـدارەکان ئـەم پێکهاتـە خێڵەکییەیـان وەک ئامرازێـک بـۆ سـەربازگیری بەکارهێناوە، ئـەو پێکهاتانەیان بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەش بەکارهێنـاوە. ئەنجوومەنەکانـی سـەحوە، کـە سـاڵی 2017، لەلایـەن هێزەکانـی ئەمریـکاوە پشـتگیری کـران، نموونەیەکـی دیـاری ئەوانـن. بەهەمانشـێوە، لـەدوای 2014ەوە، هێـزە ئەمنییەکانـی عێـراق و هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی لـە پارێزگاکانـی سـەڵاحەدین، نەینـەوا، دیالـە، کەرکـووک و

ئەنبـار هاوپەیمانییـان لەگـەڵ هێـزە چەکدارییـە خێڵەکییـەکان کـرد.
لـەدوای داعشـەوە، هەروەهـا بەهـۆی نەبوونـی سیسـتمێکی بەهێـزی یاسـایی و مەدەنـی، جێبەجێکردنـی ئاشـتەوایی هـۆزەکان بـووە ئامرازێـک بـۆ گفتوگۆکردن بـۆ گەڕانــەوەی ئاوارەکانــی نێوخــۆ بــۆ شــوێنی خۆیــان. واتــە ئەوانــەی بــە جۆرێــک لــە جــۆرەکان پەیوەندییــان لەگــەڵ داعــش هەبــووە. وشــەی "ئاشـتەوایی" بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە ڕێوشـوێنەکانی دادپەروەریـی خێڵەکی. بەبـێ ئـەوە پەلامـاری تۆڵەسـەندنەوە لەلایـەن خزمـی قوربانیـان لـەدژی خزمـی تاوانـکاران زۆر دەبـێ، کـە کوشـتن و برینـداری زۆری لێدەکەوێتـەوە. ئاشـتەوایی پشتدەبەسـتێ بـە پێدانـی پـارەی خوێنەکـە، وەک قەرەبوویـەک بـۆ خێزانـی قوربانییـەکان و هەندێکجاریـش بـە دوورخسـتنەوەی خزمـی نزیکـی تاوانـکاران.
ئــەو گفتوگۆیانــە لەنێــوان خێڵــە شــیعە وســوننەکان، هەروەهــا لەنێوخــۆی خێڵــە ســوننەکان و لەنێــوان خێڵــە تێکەڵەکانیشــدا، لــە هــەردوو مەزهــەب ئەنجامـدران. زۆریـان بـە لۆژیکێکـی جیـاواز لـە تێگەیشـتن و چەمکـی ڕۆژئاوایی بـۆ کۆمەڵـی مەدەنـی کاریاندەکـرد: واتـە لەسـەر بنچینـەی تێگەیشـتنی باوکانـە و سـەرکوتکارانەی خزمانـە، کـە تێیـدا بۆچوونـی ژنـان پەراوێزخـراوە. بەگشـتی ئاشـتەوایی نێـوان خێڵـەکان لـە ناوچەیەکـی جیۆگرافیـی دیاریکراودایـە، بـەڵام هەڵەیــە واتێبگەیــن کــە دەســەڵاتیان ناوچەیــی و ســنووردارە. کەســایەتیی نیشـتمانی و ناوچەیـی، هەروەهـا دەسـەڵاتی ئایینـی و سیاسـی و سـەربازی، زۆرجــار وەک نێوەندگیــری ڕێککەوتنــەکان دەســتتێوەردان دەکــەن. زۆرجــار ئـەوەی هانیانـدەدات ئەمـە بکـەن ئەوەیـە کـە لایەنگیریـی زیاتـر بەدەسـتبێنن یــان بــۆ دەســتکەوتی دارایــی بــۆ ئــەو پارانــەی کــە لــە خێڵێکــەوە دەدرێتــە خێڵێکــی دیکــە، کــە وەکــو نێوەندگیــر کاردەکــەن. لــە هەندێــک دۆخــدا ئەکتەرەکانـی کۆمەڵـی مەدەنیـی عێراقـی، زۆرتریش بـە پشـتگیریی نیودەوڵەتی،

دەستدەخەنە نێو پێکدادانە قورسەکانی نێوان خێڵەکان لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، بەڵام زۆربەی جار حەشدی شەعبی PMF، کە کۆنترۆڵی ئاسایشی ناوچە سوننەکانی کردووە، ئیدیعای ئەوەی کردووە کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە ڕێککەوتنی لەو شێوەیەدا بینیوە. ڕاستییەکەی حەشد بەگشتی هەوڵیان بۆ بنیاتنانی هاوپەیمانی لەگەڵ سەرکردە نوێیە سوننەکان داوە، کە بەپێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆیان، ئامادەن هەژموونی شیعە لە بواری سیاسیدا قبوڵبکەن.

## ئەنجام

لەگەڵ هەر خولێکی نوێی توندوتیژییەکاندا، کە لە 2003ەوە وڵاتی گرتووەتەوە، دۆسیەی ئاشتەوایی عێراق بەشێوەیەکی بەردەوام ئاڵۆز بووە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە کێ ئاشتبکرێتەوە و لەگەڵ کێ ئاشتبکرێتەوە و لەسەر چ بنەمایەک؟ ئەمە بەردەوام سەرئێشەی شەقام و بڕیاربەدەستان بووە.

لەلایەکی دیکەوە لە عێراقی دوای داعشدا هەژموونی شیعە بووەتە کەتوار و دێفاکتۆ (امر واقع). حکومەتی عیراق داواکاریی کوردی بۆ سەربەخۆیی ڕەتکردەوە و چالاکیی زۆر لە سەرکردەکانی سوننەی پێشووی قەدەخە کرد. سیستمی دادوەریی دەوڵەت دەریخست کە هیچ بەخشندەییەکی بەرامبەر ئەندامانی داعش و هاوسۆزەکانی نییە. کەسوکاری چەکدارانی داعشیان خستە نێو کەمپی گۆشەگیرکردنەوە. هەروەها دانیشتووانی ناوچە زۆرینە سوننەنشینەکان بژاردەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، جگە لەوەی کە داوای پاراستن لە میلیشا شیعەکان بکەن. قوربانیانی دەستی داعش دەتوانن لەڕێگەی

یاسـای ژمـارە 20 داوای قەرەبـوو بکەنـەوە (واتـە قوربانیانـی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان، هەڵە سـەربازییەکان، کردەوە تیرۆریسـتیەکان)، بـەڵام قوربانیانی دەسـتی ئـەو کەسـانەی تاوانەکانـی دژی مافی مرۆڤیـان ئەنجامـداوە، کە لەلایەن هێـزە "رزگارکـەرەکان" (واتـە سـوپای عیراق و حەشـدی شـەعبی) ئەنجامـدراون، رێگـەی گەیشـتنە دادپەروەرییـان نەبووە. ئەمەش ترسـێکی روون دروسـتدەکات، کـە هەوڵەکانـی داهاتـوو بـۆ ژیاندنـەوەی گرووپـی یاخیبـووی چەکدار لـە ناوچە سـونییەکاندا پشـتگیریی جەماوەریـی زیاتـر بەدەسـتدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەمـە دەکەوێتـە سـەر سـەرکەوتنی پڕۆژەکانـی نوێکردنـەوە لـەو ناوچانـە و ئـەوەی کـە سرووشـتی پەیوەندییەکانـی نێـوان دانیشـتووان و "رزگارکـەران" چـۆن دەبێـت.

دەسـتپێکردنی خۆپێشـاندانەکان لـە ناوچـە شیعەنشـینەکانی باشـووری عێـراق و بەغـدای پایتەخـت، لـە 2015 و سـەرهەڵدانەوەیان لـە مانگـی ئۆکتۆبەری سـاڵی رابـردوودا، هەوڵێـك بـوو بـۆ سـەپاندنی ئەجێندایەکـی سیاسـی، کـە فۆکەسـی لەسـەر کێشـەکانە نـەک ناسـنامەی نەتەوەیـی و تایفـی. هەروەهـا بەدڵنیاییـەوە ئامـاژەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە سیاسـەتی ناسـنامە بەشـێک لـە هێـزی خـۆی لەدەسـتداوە، وەک هێزێکـی جووڵێنـەر لەپشـت پڕۆژەکانـی ئاشـتەواییەوە. چوارچێـوەی ئیـداری بـۆ جێبەجێکردنـی دەستپێشـخەرییەکانی ئاشـتەوایی زیاتر گـۆڕدراون بـۆ تۆڕێکـی پەیوەندیـی نێـوان کرێـارە سیاسـییەکان، کـە سیاسـەتی عێـراق دیاریدەکـەن. زەقبوونـەوەی باڵباڵێـن لەنێـوان چینـی حوکمڕانی شـیعەدا، دەرفەتێکـی بـۆ هاوپەیمانیـی تایفـی نوێکـردەوە. جگـە لـەوەی کـە سـەردەمێک سیاسـەتی کێشـەکان جێگـەی سیاسـەتی ناسـنامە دەگرێتـەوە، ئـەم ئاراسـتەیە لـە ئەنجامدانـی رێککەوتنـە ژێربەژێرەکانـی سیاسـییەکان نیشـانەی ئاوابوونـی خـۆری سیاسـەتی حیزبییـە لـە عێراقـدا.

## سەرچاوەکان :

- Allawi، Ayad. (2003) ‘Anti-Baathist policy undermining reconciliation in Iraq’، 31 December 2003. https://www.irishtimes.com/opinion/anti-baathist-policy-undermining-reconciliation-in-iraq-1.402986

- Brounéus، Karen. (2008) ‘Analyzing reconciliation: A structured method for measuring national reconciliation initiatives.’ Peace and Conflict: Journal of Peace Psychology 14، no. 3: 291-313.

- Dodge، Toby. (2008) ‘Iraq and Muhasasa Ta’ifia; the external imposition of sectarian politics’ 12 November 2008. https://fpc.org.uk/iraq-and-muhasasa-taifia-the-external-imposition-of-sectarian-politics/

Eisenstadt، Michael & Ahmed Ali (2009)، ‘How This Ends: Iraq's Uncertain Path toward National Reconciliation’، 17 July 2009، The Washington Institute، https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/how-this-ends-iraqs-uncertain-path-toward-national-reconciliation

Habib، Mustafa (2016)، ‘Iraq’s New Amnesty Law So Full of Loopholes، Terrorists Could Be Freed’، Niqash، 5 Oct 2016، https://www.niqash.org/en/articles/politics/5371/

Jabar، Falah، (2017)، From Identity Politics to Issue Politics – The Iraqi Protest Movement. The End of Conformity، the Beginning of Accountability. http://iraqieconomists.net/en/2017/01/28/from-identity-politics-to-issue-politics-the-iraqi-protest-movement-the-end-of-conformity-the-beginning-of-accountability-by-faleh-a-jabar/

- Jafal (Al-)، Omar. (2014). ‘An Engine of War Called National Reconciliation’، Al Safir Al Arabi ، 2 October 2014، https://www.internationalboulevard.com/an-engine-of-war-called-national-reconciliation/

- Jawad، Saad (2013) ‘The Iraqi constitution: structural flaws and political implications’، LSE Middle East Centre Paper Series، 01. LSE Middle East Centre، London، UK

- Saheb، Mazen (2014)، ‘Iraqi Reconciliation: between the Mecca Doccument

and the Treaty of Westphaelia. A new search' Al-Quds، https://www.alquds.co.uk/%EF%BB%BFم-وثيقــه-نموذجى-بين-العراقيه-المصالحه/

- Sissons، Miranda، and Abdulrazzaq Al-Saiedi (2013). 'A bitter legacy: Lessons of de-Baathification in Iraq.' International Center for Transitional Justice 3.

- UNDP، (2017) 'Support for Integrated Reconciliation in Iraq'، 30 October 2017، https://www.iq.undp.org/content/iraq/en/home/operations/projects/democratic_governance/reconciliation.html

- Wilson، Richard. A. (2003). Anthropological studies of national reconciliation processes. Anthropological Theory، 3(3)، pp.367-387.

# عێراق و سەردەمی دوای سولەیمانی

پ.د. خالید علێوی ئەلعەرداوی*

**شوباتی 2020**

رۆژی 3/1/2020، قاسم سولەیمانی، ژەنەراڵی بەنێوبانگی ئێرانی، یان "شەهیدی زیندوو"، وەک سەید عەلی خامنەیی "رێبەری باڵای شۆرش" ناویدەبات، لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی ئەمریکیدا کوژرا، کە فرۆکەی بێفرۆکەوان لە رێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا ئەنجامیدا. لەگەڵ ئەو، ژمارەیەک فەرماندەی سەربازی و یاوەری سیڤیلی ئێرانی و عێراقیش کوژران، کە دیارترینیان ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لە عێراق بوو. حەشدی شەعبی رێکخراوێکی سەربازیی فرە گرووپە و دوای کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، لە ساڵی 2014 دامەزرا. ئەویش لەسەر فەتوای "جیهادی کیفائی"، کە ئەوکات سەید عەلی سیستانی، مەرجەعی ئایینی، دەریکرد.

---

*بەڕێوەبەری پێشووی ناوەندی توێژینەوە ستراتیژییەکان - زانکۆی کووفە و بەڕێوەبەری ناوەندی فورات بۆ پەرەپێدان و توێژینەوە ستراتیژییەکان، توێژەر لە هزری ئیسلامیی هاوچەرخ و کاروباری سیاسیی عێراق

دوای ئـەو ڕۆژە، جیهـان نیگـەران بـوو و دەترسـا لـەوەی پێکدادانێکـی سـەربازیی ڕاسـتەوخۆ لەنێـوان واشـنتن و تـاران ڕووبـدات. ئـەو نیگەرانییـە بەهـۆی فراوانبوونـی شـەپۆلی هەڕەشـەکردنی هـەردوولا بـوو لـە یەکـدی. دڵەڕاوکـێ لـە ناوچەکـە و لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـش تاوەکـو پـاش زنجیـرە هێرشـی مووشـەکیی تـاران بـۆ سـەر سـەربازگەکانی ئەمریـکا لـە هـەردوو پارێـزگای هەولێـر و ئەنبـار لـە عێـراق، لـە ڕۆژی 18ی هەمـان مانگ بـەردەوام بـوو. هەڵبـەت هێرشـەکە هیـچ کوژراوێکـی ئەمریکیـی لێنەکەوتـەوە.

ئـەو ڕووداوە ترسـناکانە کتوپـڕ سـەریانهەڵنەدا. بەڵکـو لێکەوتـەی زنجیرەیەکـی درێـژی ئیسـتیفزازکردن بـوو لەنێـوان کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، کـە پـاش سـەرکەوتنی، ئـەوەی پێیدەگوترێ شۆڕشـی ئیسـلامیی لـە ئێـران لـە سـاڵی 1979، دەسـتیپێکرد، بـەڵام دواییـن نموونـەی لەگـەڵ دەسـتپێکردنی کشـانەوەی واشـنتن لـە ڕێککەوتنـی 1+5 یـان ئـەوەی بـە ڕێککەوتنـی ئەتۆمـی لەگـەڵ تـاران ناودەبـرێ لـە سـاڵی 2015 بینـدرا. پاش ئەوکاتـەش بـە شـێواز و ئاسـتی جیاجیـا بەردەوامبـوو. لـە چەندیـن گۆڕەپـان لـە ناوچەکـە (عێـراق، لوبنـان، سـووریا، یەمـەن، سـعودییە)، کـە تێیانـدا هێرشـکرایە سـەر کەشـتییە نەوتییـەکان لـە گـەرووی هورمـز، فڕۆکەیەکـی بـێ فڕۆکەوانـی ئەمریـکا لـە ئـاوی کەنـداو خرایەخـوارەوە، هێرشـکرایە سـەر پاڵاوگەکانـی کۆمپانیـای نەوتـی سـعودی (ئارامکـۆ) و سـەربازگەکانی ئەمریـکا لـە عێـراق و سـووریا بۆردومانکـران. دواییـش ڕووداوی هەڵکوتانـە سـەر باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا لـە بەغـدا، لـە کۆتایـی دێسـەمبەری 2019، دۆخەکـەی تەقانـدەوە و دوایـی شـەپۆلێکی گـرژی دەسـتیپێکرد و بە کوشـتنی سـولەیمانی و بۆردوومانـە مووشـەکییەکەی ئێـران کۆتاییهـات.

ناکـرێ وا تەماشـای کوژرانـی سـولەیمانی بکرێـت، وەک بڵێـی تەنیـا ڕووداوێکە

و لــە زنجیــرەی ململانێــی نێــوان ئەمریــکا و ئێــران بەســەردەچێ، بەڵکــو ڕووداوێکـە بەڕاسـتی پرسـەکانی گەیانـدە لێـواری قلیشـان و یاسا ناسراوەکانـی گەمەکـەی لەنێـوان هـەردوولا بەزانـد، بۆیـە پێویسـتە زۆر لـە لێکەوتەکانـی بڕوانــرێ و لێکەوتــە پێشــبینیکراوەکانی لــە ئاینــدەدا لــە ئاســتی عێــراق و ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت شــیبکرێنەوە.

## گرنگیی ستراتیژیی قاسم سولەیمانی

ســولەیمانی تەنیـا فەرماندەیەکـی سـەربازی نەبـوو لـە هێـزە چەکدارەکانـی ئێرانـدا، کـە ژمارەیـان دەگاتـە سـەدان هـەزار کـەس. بەڵکـو فەرمانـدەی هێزی قودسـی ئێرانـی بـوو بـۆ ئەرکـە نێودەوڵەتییـەکان لـە سـوپای پاسـدارانی ئێراندا و بـە درێژایـی زیاتـر لـە 15 سـاڵ لـە ئاڵۆزتریـن و زەحمەتتریـن گۆڕەپانەکانـدا خزمەتـی بەرژەوەندییەکانـی وڵاتەکـەی کـرد و سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا.
سـولەیمانی بـووە سـیمبوولێکی نەتەوەیـی بـۆ سـەرکردایەتی و گـەل لـە ئێران. بـەو ڕاددەیـەی کـە بـە میراتگـری پادشـای مێژوویـی ئێـران، کـۆرش، ناودەبـرا. ئـەو داڕێـژەری سیاسـەتی ئێـران بـوو لـە دەرەوە. هـاوکات دیارتریـن هەڵـۆی نێــو ســوپای پاســداران بــوو. هەندێــک کــەس بــە "بەڕێوەبــەری پــڕۆژەی پەلکێشــانی ئێــران لــە جیهــان" دەیناســێنن و دەڵێــن پەیوەندیــی بەهێــز و ڕاســتەوخۆی لەگــەڵ هەمــوو گرووپــە چەکدارییــە دژبەرەکانــی واشــنتن و هاوپەیمانەکانــی لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت هەبــوو.
بەرامبــەر ئــەو هەمــوو کاریزمــا ســەرکردەییە و کاریگەرییــە مەعنەوییــە، پرۆسـەی کوشـتنی سـولەیمانی بڕیارێکـی ئەمریکیـی زۆر بوێرانـە بـوو. بۆیـە ڕۆژنامەڤانـی بەریتانـی، باتـەر کاراکـۆس بـە "گرنگتریـن کوشـتن لـە ڕۆژهەڵاتـی

نێوەڕاست لە سەدەی 21"دا ناوی دەبات. ئەو دەڵێت "ئەوە گرنگترە لە کوشتنی ئوسامە بن لادن، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی قاعیدە". چارلز لیستەر، شرۆڤەکاری ئەمریکی بۆ کاروباری ئێران، هاوڕایە لەگەڵ کاراکۆس و دەڵێت کوشتنەکە "لەڕووی گرنگیی ستراتیژی و لێکەوتەکانییەوە، تەنانەت لە کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی، دامەزرێنەری داعشیش گرنگترە". فیلیپ سمیسی هاوپیشەشی لەگەڵی هاوڕایە.

بەکورتی سولەیمانی سیمبۆڵێکی هێز بوو بۆ تاران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکاش ویستی بە کوشتنی ئێران ناچاری چاوخشاندنەوە بە شێوازی مامەڵەی لەگەڵ واشنتن و هاوپەیمانەکانی بکات و بەپێی یاسای نوێ یاری بکات، کە تێیدا یاساکانی یارییەکە لەنێوان هەردوولادا دەگۆڕدرێن.

## قازانج و دۆڕانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە کوشتنی سولەیمانی

بەپێی ئاماژەکانی گۆڕەپانی عێراق دووجۆر لایەن هەن کە ڕووداوی کوشتنی سولەیمانی کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیی لەسەر بەرژەوەندییان هەبوو. دەکرێ یەکێکیان بە لایەنی ڕاستەوخۆ ناوببرێن و بریتین لە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق. لایەنە ناڕاستەوخۆکانیش بریتین لە: ڕووسیای فیدراڵ، کۆماری عەرەبیی سووریا، لوبنان، ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی. بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندیی لایەنە ناڕاستەوخۆکان بەندە بە گۆڕانکاریی ململانێ بە شێوازی گشتگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەگەڵ کاریگەری و ئەو کاریگەرییەی لەسەریەتی، لەپاڵ بەرژەوەندییەکانی هەریەکە لە تاران

و واشــنتن. بۆیــە لێــرە تەنیــا گرنگــی بــە قەبــارەی قازانــج و زیانــی لایەنــە ڕاســتەوخۆکان دەدرێــت.

پێشــتر نووســەری ئــەم توێژینــەوە بابەتێکــی ســەبارەت بــە پرســەکە بــە ناونیشـانی (سـوودمەند و زیانمەنـد لـە ڕووداوی کوشـتنی قاسـم سـولەیمانی؟) لـە ماڵپـەڕی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژیی زانکـۆی کەربـەلا و لـە چەنـد ماڵپەڕێکـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بڵاوکـردەوە. بابەتەکـە ئاشـکرایکرد کـە واشـنتن لـە ڕووداوەکـە قازانجـی زۆری کـردووە. واشـنتن توانیـی "پەیامێکـی ڕوون بـۆ تـاران و هاوپەیمانەکانـی لـە ناوچەکـە و جیهـان بنێـرێ کـە ئامادەیـە کاری پێشـبینینەکراو و زۆر زیانبەخـش ئەنجامبـدات دژی هـەر لایەنێـک کـە هەڕەشـە لـە بەرژەوەندییەکانـی یـان ژیانـی هاووڵاتیانـی بـکات". ئەمـەش پەیامێکـی بەهێـز و بەسـە بـۆ بەهێزکردنـی تواناکانـی بـۆ "بەرپەرچدانـەوەی ڕکابەرانـی"، چ لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـن یـان لـە شـوێنی دیکـەی جیهان. هــاوکات واشــنتن بــە کوشــتنی ســولەیمانی "کۆتایــی بــە فەرماندەیەکــی ســەربازی هێنــا، کــە بەدرێژایــی ســاڵانی زۆر لــە عێــراق و ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاسـت کێشەسـاز بـوو بـۆی". زۆر لـە فەرمانـدە سـەربازی و سیاسـییەکان کـە بیـر لـە هێرشـکردن یـان هەڕەشـەکردن لـە بەرژەوەندییەکانـی ویلایەتـە یەکگرتــووەکان بکەنــەوە، ئەمــە چارەنووســیان دەبێــت. چونکــە ئــەوان ئیــتر دەزانــن بڕیــاری کۆتاییهێنــان بــەوان ئاســانتر و خێراتــر دەردەچێــت. هەروەهـا واشـنتن توانیـی وێنـەی خـۆی بەهێزبکاتـەوە. لەکاتێکـدا لـە دیـدی هاوپەیمانەکانــی لــە ناوچەکــە و لــە ئاســتی نێودەوڵەتــی زۆر پاشەکشــەی کردبـوو. ئـەوەی سـەلماندەوە کـە وەک زلهێزێـک ئاسـان نییـە تـووڕە بکـرێ یــان بخرێتــە ئاڵنــگاری لەگــەڵ کردنــەوە.

لەپـاڵ دەسـتکەوتە دەرەکییەکانـی واشـنتن، ترەمـپ توانـی پێگـەی نێوخۆیـی

خـۆی بەهێـز بـکات بـە رێگـەی "زیادکردنـی جەمـاوەری لەنێـو ئەندامانـی پارتەکـەی، کـە پارتـی کۆمارییـەکان لـە ئەنجوومەنـی پیـران و ئەنجوومەنـی نوێنـەران و لەنێـو لایەنگرانـی و گـەل بەگشـتی، ئـەو توانـی دژبەرانـی لـە پارتـی دیموکراتـەکان تەنگاوبـکات و لەپێـش هەڵبژاردنـەکان گوشـاریان بخاتـە سـەر".

ئێرانیـش، سـەرەرای لەدەسـتدانی کەسـی دووەمـی دوای رێبـەر، بەبـێ قازانـج لــە قەیرانەکــە دەرنەچــوو. چونکــە ئــەو رەوشــەی واشــنتن و رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت و جیهــان تێیــدا بــوون، لــە 3 تاوەکــو 8ی مانگــی یەکــی 2020 و شــێوازی بەڕێوەبردنــی رووداوەکان ئــەوەی بــۆ واشــنتن ســەلماند کــە "رکابەرێکــی سەرســەختە و دەتوانــێ کێشــەی گــەورە بــۆ بەرژەوەندییــە گرنگەکانـی و ژیانـی هاووڵاتیانـی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دروسـت بـکات، لەپـاڵ توانـای زیانگەیانـدن بـە هاوپەیمانـە راسـتەوخۆکانی وەک تەلئەڤیـڤ و کەنـداوی عەرەبـی". هەروەهـا وەڵامدانـەوەی هاوسـەنگی-تاوەکو رادەیـەک-بەرامبــەر کوژرانــی فەرمانــدە ســەربازییەکەی، بــۆ جیهانــی ئاشــکراکرد کــە ئێـران "رۆڵگێڕێکـی هەرێمیـی گەورەیـە و سـەرکێش نییـە و دەتوانـێ خـۆی کۆنـترۆڵ بـکات و بـە هاوئاسـتی یـاری بـکات بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی و بەرژەوەندییەکانـی وڵاتانـی دیکـە، لـە پـاڵ جێگیرکردنـی رژدبوونـی خـۆی لـە نەخشـاندنی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی، ئەمـەش ئەنجامـی ئەرێنـی باشـی دەبـێ لـە ئاینـدەدا لەسـەر هـەر دانوسـتاندنێک تـاران لەگـەڵ واشـنتن و هاوپەیمانــە ئەوروپییەکانــی ئەنجامیبــدات".

رووداوەکـە هەروەهـا هەلێکـی زێڕینـی زۆر باشـی بەخشـییە سـەرکردایەتی ئێــران بــۆ دەربازبــوون لــە لێکەوتەکانــی ســەرکوتکردنە خوێنــاوی و تووندوتیژەکــەی ناڕەزاییــە جەماوەرییــەکان لەنێوخــۆی ئێــران، بەتایبــەت

ئـەوەی کـە دوای زیادکردنــی نرخــی ســووتەمەنی لـە 15ی تشرینـی دووەم-نۆڤێمبـەری 2019 سـەریهەڵدا. ئـەم سـەرکردایەتییە توانـی پرۆسـەی شـکۆداری بەخاکسـپاردنی سـولەیمانی و کەشـی خەمناکـی نەتەوەیـی ئێـران بقۆزێتـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی جەمـاوەر، بەتایبـەت باڵـی توونـدڕەو.

بـەڵام ئـەوەی تاوەکـو رادەیـەک دەسـتکەوتەکانی تارانـی لاوازکـرد، ئـەو رووداوە پێشـبینینەکراوە و لەنـاکاوە بـوو، کـە هێشـتا مەتەڵـە و بریتییـە لـە خسـتنەخوارەوەی فڕۆکـە ئۆکرانییەکـە، کـە زیاتـر لـە 160 سەرنشـینی لـە چەندیـن ناسـنامە، بـە ناسـنامەی ئێرانیشـەوە تێدابـوو. ئەویـش لەڕێگـەی مووشـەکێکی زەوی بـۆ ئاسـمانی ئێرانـی، لـە هەمـان شـەوی هێرشـەکەی ئێـران بـۆ سـەر بنکـە سـەربازییەکانی ئەمریـکا لـە عێـراق. ئەمـە سـەرەڕای هەمـوو شـتێک، دەسـتکەوتەکانی باسـمانکرد لەنێـو نابـەن.

بـە چـوون بـۆ عێـراق، واتـە ئـەو وڵاتـەی کـە گۆڕەپانـی رووداوەکان بـوو و هـۆکاری زیاتربوونیـان بـوو، وادەردەکـەوێ کـە عێـراق گەورەتریـن دۆڕاوە لەنێـوان لایەنـە پەیوەندیـدارە راسـتەوخۆکاندا. چونکـە دەوڵەتـی عێـراق نێوبانگـی خـۆی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، وەک خـاوەن سـەروەری و خـاوەن توانـا بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئـەو رووداوانـەی لەسـەر خاکەکـەی روودەدەن، لەدەسـتدا. ئەمـەش روانگەیەکـی وای لـەلای وڵاتانـی دراوسـێی عێـراق و وڵاتانـی دیکـەی جیهـان دروسـتکردووە کـە ناکـرێ بەرژەوەنـدی و ژیانـی هاووڵاتیانیـان لـەو وڵاتـەدا بپارێزرێـت. هەڵبـەت ئەمـەش پاسـاوی خـۆی هەیـە. ئـەم نێوبانگـە نێودەوڵەتییـە خراپـەی بەغـدا لـە ئاینـدەدا توانـای دانوسـتاندنی عێـراق لـە هـەر دانوسـتاندنێکدا لاواز دەکات؛ چونکـە لـە سـایەی ژینگـەی ئێسـتای هەرێمییـەوە رێـز لـە لاوازەکان ناگیـرێ و بەرژەوەنـدی و مافەکانیشـیان ناپارێزێـن. بۆیـە عێـراق لایەنـی لاواز دەبـێ

لـە هـەر هاوکێشـەیەکی داهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا. لـە نێوخـۆش ڕووداوەکان نەبوونـی متمانەیـان لەنێـوان حکومەتـی عێـراق و توێـژی سیاسـەتڤانان لەلایـەک و گەلـی عێـراق لەلایەکـی دیکـەوە زیاترکـرد. چونکـە "عێراقییـەکان متمانەیـان بـە توانـای حکومـەت و لایەنـە سیاسـییەکانیان نییـە بـۆ پاراسـتنی ژیـان و بەرژەوەنـدی و شـکۆی دەوڵەتەکەیـان”. ئـەم بۆشـاییە، ئەگـەر حکومەتـی تـازەی عێـراق بـە بڕیـاری بوێرانـە و یەکلاکـەرەوە ڕێگـەی لێنەگرێـت، لەنێـوان هـەردوولادا لـە ئاینـدەدا فراوانـتر دەبـێ. هەروەهـا کوشـتنی سـولەیمانی و هەڵوێسـتە جیاجیاکانـی لایەنـە سیاسـییەکانی عێـراق، دوای ئـەو ڕووداوە (بەتایبـەت لەلایـەن شـیعەوە) سـەبارەت بـە شـیکردنەوەی ڕووداوەکان و بوونـی سـەربازی بیانـی لەسـەر خاکـی عێـراق، بوونـە هـۆی زیاتـر دابەشـبوون و دوورکەوتنـەوەی ئـەو هێزانـە لەیەکـدی. ئەم دابەشـبوونە و کاریگەرییەکانـی لـە ئاینـدەدا و دوورکەوتنـەوەی بەرژەوەندییـەکان نکۆڵیـی لێناکـرێ و دەبێتـە هـۆی زیاتـر ئاڵۆزکردنـی دۆخـی سیاسـی لـە عێـراق، کـە هـەر خـۆی لـە بنەڕەتـدا ئاڵـۆزە. ئەمـەش گەیشـتن بـە چارەسـەر یـان ڕێککەوتنـی هاوبـەش زۆر ئەسـتەم دەکات.

لەگـەڵ دڵنیابـوون لـەوەی یاسـای نـوێ بـۆ ململانێـی نێـوان واشـنتن و تـاران لـە قۆناخـی دوای سـولەیمانیدا سـەرهەڵدەدەن، دەبـێ ئـەوەش بڵێیـن کـە چیدیکـە ڕێسـاکانی ململانـێ لەنێـوان واشـنتن و تـاران وەک پێشـتر نابـن. دانیـال بیـمان دەڵێـت کوشـتنی سـولەیمانی وەک "خاڵێکـی گرنگـی گۆڕانـکاری دەبـێ لـە پەیوەندییەکانـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـدا لەگـەڵ عێـراق و ئێـران و زۆر کاریگەریـی دەبـێ لەسـەر هەڵوێسـتی ئەمریـکا بەگشـتی لەبـارەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بـەڵام کیللـی ماجسـمان پێیوایـە واشـنتن لـەم قۆناخـەدا پێویسـتی بـە "سـتراتیژێکی فراوانـتر هەیـە لـەوەی تەنیـا وەڵامـی

جووڵـە تەکتیکییەکانـی ئێـران بداتـەوە و دەبـێ بگـەڕێ بـەدوای شـێوازێکدا بۆ چارەسـەرکردنی ئـەو قەیرانـەی لـە پەیوەندییەکانیـدا لەگـەڵ تـاران هەیەتـی. واتـە لەپـاڵ خۆدوورگرتـن لـە خزانـە نێـو جەنگێکـی فـراوان لەگـەڵ ئێـران، دەبـێ لەڕێگـەی هاوئاهەنگـی لەگـەڵ هاوپەیمانەکانییـەوە دەریچەیەکـی دیپلۆماسـی لەنێـوان هـەردوولادا بکرێتـەوە، هەرچەنـدە ئەمـە لەڕێگـەی لایەنێکـی سێیەمیشـەوە بێـت.

واشـنتن دەزانـێ ئێـران بـەردەوام دەبـێ لەسـەر بەهێزکردنـی پەیوەندییـە هەرێمییەکانـی لـە ناوچەکانـی بەریەککەوتنـی راسـتەوخۆ لەگـەڵ ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانیـدا. دەزانـێ ئێـران هەوڵـدەدات بەهـەر شـێوەیەک بـێ بەردەوامبـێ لەسـەر دروسـتکردنی ئاسـتەنگ لەپێـش بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکادا، بـەڵام دەشـزانێ کـە رێگرتـن لـە هەوڵەکانـی ئێـران بـە جەنـگ بژارەیەکـە تێچـووی زۆری دەبـێ بـۆ هـەردوولا. بۆیـە وادیـارە هـەردوولا ئامادەنیـن بـۆ لێکەوتەکانـی ئـەو قۆناخـە. بـەڵام ئیـدارەی ترەمـپ ئاشـکرایکرد کـە رژدە لـە زیانگەیانـدن بـە بەرژەوەندییەکانـی تـاران و هاوپەیمانەکانـی، لەپـاڵ هەڕەشـەکردن لە کەسـایەتییە گـەورەکان، کـە رەنگە بـەڕووی ئەمریکادا بوەسـتنەو. هەرچەنـدە ئەمریـکا لـەوە زیاتـر زیادەڕۆیـی و سەرکێشـی لـە تـاران قبوڵنـاکات، بـەڵام بڕیـاری کۆتایـی نـەداوە بـۆ رووخاندنـی دەسـەڵاتی سیاسـی. باشتریشـە رێککەوتنێـک بکـرێ و تـاران بگەڕێنێتـەوە بـۆ سـنووری جوگرافیـی خـۆی، وەک وڵاتێـک کـە بکـرێ بـە ئەرێنـی مامەڵەی لەگەڵـدا بکرێ و دەسـتبەرداری خەونەکانـی بـۆ شـۆڕش و پەلهاوێشـتنی هەرێمـی بێـت. بـە رووداوەکان و نامـە ئاڵوگۆڕکراوەکانـی نێـوان سـەرکردەکانی هەردوولاشـەوە دیـارە کـە ئەوەیـان دەوێـت، بـەڵام هێشـتا لەسـەر چوارچێـوەی گونجـاو بـۆ گەیشـتن بـە واژۆکردنـی ئـەو رێککەوتنـە رێکنەکەوتـوون. هەروەهـا لـەم

ماوەیەدا هەردوولا بەردەوام دەبن لەسەر بەکارهێنانی هەموو کارتەکانی دانوستاندن بۆ گوشارکردن لە یەکدی. بەڵام ئەگەر هەوڵەکانیان سەرنەگرن بۆ گەیشتنە رێککەوتنی رێکخستنی بەرژەوەندییەکانیان، رەنگە بگەڕێنەوە بۆ گرژیی زۆرتر. بەتایبەتی لەلایەن ئێرانەوە، کە پێیوایە بەردەوامبوونی سزاکانی ئێستای واشنتن رەنگە تەقینەوەی نێوخۆیی فراوانی لێبکەوێتەوە، کە دەکرێ دەوڵەت لە ئایندەدا نەتوانێ کۆنترۆڵی بکات. هاوکات مەرج نییە تاران چاوەڕوان بێ تاوەکو بگاتە ئەم ئاستەی تووڕەیی لە نێوخۆ، ئینجا پەلە بکات لە دەستپێشخەری بۆ راکێشانی واشنتن بۆ رووبەڕووبوونەوە.

سەبارەت بە عێراق رەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکان چاو بە سیاسەتی بەرامبەر ئەو وڵاتەدا بخشێنێتەوە. بەڕادەیەک کە دەکرێ نەخشەی هاوپەیمانییەکانی بگۆڕێت. بەتایبەتی لەگەڵ لایەنە شیعەکان. بەهۆی سەنگیانەوە هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد بەهێزتر دەکات، هەروەها لەگەڵ سەرکردە سوننەکانیش هەمان شت دەکات، کە ئەمریکا پێیوایە بۆ بەدیهێنانی پەرتەوازەیی سیاسیی زیاتر لە عێراق بۆ بەرژەوەندیی خۆی میانڕۆن. چونکە سەرەڕای بڕیاری پەرلەمانی عێراق، کە تایبەتە بە دەرکردنی هێزە بیانییەکان بە هێزەکانی ئەمریکاشەوە، هەرچەندە بە زۆرەملێ نییە، بەڵام واشنتن هیچکات ئامادە نییە بۆ دووبارەکردنی ئەوەی پێیدەگوترێ "هەڵەی ئۆباما". واتە بۆشایی هێز لە عێراق دروستناکات تاوەکو دوای کشانەوەی، تاران پڕیبکاتەوە. ئەمەش بۆچوونی شرۆڤەکار مایکڵ ئۆهانلۆنە، کە داوایکرد لەوە تێبگەن کە بەغدا پێویستی بە سەپاندنی کۆتوبەندی زیاترە لەسەر بەکارهێنانی هێز لەلایەن واشنتنەوە لە ئایندەدا لە عێراق، بەڵام ئەو بیرۆکەی

دەرچوونـی هێزەکانـی لـە عێـراق ڕەتکـردەوە بۆئـەوەی ڕژێمـی ئێـران لێـی سـوودمەند نەبێـت. ئـەم ڕەوشـەش پێویسـتی بـە تێگەیشـتنی دروسـتە لەلایـەن بڕیـاردەری عێراقـی و پێویسـتی بـە جوڵـەی هێمنـە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی عێـراق و ڕێگرتـن لـە بوونـی ئـەو وڵاتـە بـە مەبەسـت بـێ یـان بەبـێ مەبەسـت بـە گۆڕەپانێـک بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ململانـێ هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان، هـەر تێگەیشـتنێکیش بـۆ ڕەوشـەکە بەرهەمـی نابـێ، ئەگـەر بڕیارێکـی سیاسـی عێراقـی یەکگرتـوو نەبـێ و تەنیـا سـەرکردە شـیعەکان دەرینەکـەن دوور لـە ڕەزامەندیـی سـەرکردەکانی کـورد و سـوننە. لـە پـاڵ ئـەوەی باسـکرا، واشـنتن لـەم قۆناخـەدا کار دەکات بـۆ بەهێزکردنـی یەکگرتنـی بـەرەی هاوپەیمانە هەرێمییەکانـی و ڕێگەنەدان بـە پەرتەوازەکردنی بـۆ بەرژەوەندیـی ئێـران و هاوپەیمانەکانـی، هەروەهـا ڕەنگـە بڕیـاری یەکلاکـەرەوە بـدات بـۆ یەکلاییکردنـەوەی چەنـد بابەتێـک وەک بابەتـی جەنگ لـە یەمـەن و قەیرانـی کەنـداو لەگـەڵ قەتـەر و یەکڕیزکردنـەوەی هاوپەیمانیـی ناتـۆ بـە ڕێگـەی زیاتـر نزیکبوونـەوە لەگـەڵ ئەنقـەرە و هەوڵبـدات ناتـۆ زیاتـر دووچـاری بەرنامـەی پڕچەککـردن و مەشـقپێکردنی هێـزە فەرمییەکانـی عێـراق بـکات، وەک هەوڵێـک بـۆ لاوازکردنـی ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە سـەر بـە ئێرانـن و دەستپێشـخەرییەکەی لێبسـێنێتەوە، لەگـەڵ بەردەوامبـوون لـە تەنگکـردن لـە ڕێکخـراوەکان و حکومەتـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کـە بەهەر شـێوازێک بـێ پەیوەندییـان لەگـەڵ تـاران هەیـە.

ئێرانیـش بـاش دەزانـێ کـە دەبـێ یاسـاکانی یـاری لـە ململانێیـدا لەگـەڵ ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بگۆڕێـت، ئـەو دەشـزانێ تووڕەکردنـی ئەمریـکا بێـوەڵام نابـێ و وەڵامەکـە ئەگـەر پێویسـت بـکات ئازاربەخـش دەبـێ. هەروەهـا دەزانـێ درێـژەدان بـە گرژییـەکان لەگـەڵ واشـنتن هەڕەشـە

و مەترسییەکانی تەنیا لە گۆڕەپانە دەرەکییەکان نابن، بەڵکو گۆڕەپانەکانی نێوخۆش دەبنە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکان بۆ گوشارخستنە سەر سەرکردەکانی. ئەویش لەڕێگەی بەردەوامبوونی گوشاری دەرەکی بۆ پاڵنان بە هاووڵاتیانی ئێرانی بۆ زیاتر تووڕەبوون و بەرگەنەگرتن و هاندانیان بۆ یاخیبوون و نارەزایی دەربڕین.

بەردەوامبوونی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەوپەڕی گوشارخستنەسەر، کە ئیدارەی ترەمپ پەیڕەوی دەکات، ئەگەر درێژەی پێبدرێت، کێشەکانی ژیانی رۆژانە و کێشە دەروونییەکانی هاووڵاتیانی ئێرانی زیاتر دەکات. تارانیش تێدەگات کە دەبێ تێچووی ئەمنی و راگەیاندن و ئابووریی زۆر لەئەستۆبگرێ بۆ رێگەگرتن لە تەقینەوەی بەرەی نێوخۆ یان بەلایەنی کەمەوە رێگەگرتن لە دەرچوونی لەژێر کۆنترۆڵ، ئەمەش وەک پێشتر گوتمان دەیانخاتە بەردەم دوو بژارەوە، کە لێیان دەرباز نابێ: یان دەستبەرداری هەندێک لە مەرج و داخوازییە دەرەکییەکانی ببێت و رێککەوتنێک لەگەڵ واشنتن واژۆبکات کە بەرژەوەندیی هەردوولای تێدابێ، یانیش پەلە بکات لە رووبەڕووبوونەوە لەنێوانیاندا بۆ هەناردەکردنی قەیرانەکە بۆ دەرەوە. هەڵبەت دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە رێگەی دووەم بۆ هەردوولا تێچووی زۆر دەبێت.

ئێران لەم قۆناخەدا کاردەکات بۆ فراوانکردنی بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی خۆی، چونکە پێیوایە هێزی سەربازی تاکە گەرەنتییە بۆ رێگەگرتن لە هێرشکردنە سەری و دژایەتیکردنی، بۆیە ئەم دوو بەرنامەیە لە ململانێی دەرەکی و دانوستاندنی لە قۆناخی داهاتوودا بەهێزدەبن. سەرەڕای ئەو ماندووبوونەی تاران بەهۆی پاڵپشتیکردن لە شوێنکەوتووانی لە وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا کەوتووەتە سەرشانی، بەڵام هەر

بـەردەوام دەبـێ لـەو پاڵپشـتییە، لەبـەر دوو هـۆکار: یەکـەم، بـۆ ڕێگەگرتـن لـە سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی بەڕاسـتی بەهێـز لـە ناوچـە سـەرەکییەکانی هەژموونـی خۆیـدا؛ چونکـە پێیوایـە دەوڵەتـی بەهێـز ڕکابەریـی دەکـەن لـە بەرژەوەنـدی و هەژموونـدا و دەستتێوەردانەکانیشـی لـە کاروبـاری نێوخۆیـی وڵاتانـدا سـنووردار دەکـەن. هۆکارەکـەی دیکـەش بریتییـە لـەوەی کـە شـوێنکەوتووانی لـە وڵاتانـی دیکـە کارتـی گوشـارن و ڕێگـە خۆشـدەکەن بـۆ زیاتـر پەلهاویشـتنی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی و لـە هـەر دانوستاندنێکیشـدا کـە دەکـرێ بیـکات لەگـەڵ دژبەرانـی، بەکاریاندەهێنـێ، بـەڵام ڕەنگـە سـەرکردایەتیی ئێـران لـە قۆناخـی داهاتـوودا هەوڵـی هێورکردنـەوەی یارییەکـە بـدات لـە چەنـد گۆڕەپانێکـی هەرێمیـدا و هانـی شوێنکەوتووانیشـی بـدات زیاتـر دان بەخۆیانـدا بگـرن، لەپـاڵ زۆر بـە وریاییـەوە هاوکاریکردنـی سـەربازیی ڕاسـتەوخۆش بۆیـان. چونکـە خـۆی و شـوێنکەوتووانی لەژێـر چاودێریـی نێودەوڵەتیـدان و نایـەوێ سـزای زیاتـری بەسـەردا بسـەپێندرێ، کـە تەنانـەت ڕێبـەری بـاڵا و ژمارەیەکـی زۆری بەرپرسـانی بـاڵای لـە ئێـران و لـە دەرەوەش گرتووەتـەوە. ڕەنگـە ئـەم دیـدە ئێرانییـە بـە هـەر هۆیـەک بـێ بەبـێ بەهەڵەداچوونـی ئێـران و شـوێنکەوتووانی تێنەپـەڕێ و هـەر هەڵەیەکیـش لێکەوتـەی دەبێـت.

هەروەهـا ئێـران هەوڵی هێورکردنەوەی مەترسییە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکان لەسـەر خـۆی دەدات. ئەویـش لەڕێگـەی هەوڵـدان بـۆ نزیکبوونـەوە لـە وڵاتانـی کەنـداو. لەپێـش هەمووشـیانەوە شانشـینی عەرەبیـی سـعودیە و زیاتـر هاوئاهەنگیکـردن لەگـەڵ رووسـیا و تورکیـا، بەتایبەتـی لـە دۆسـیەی سـووریادا. هەوڵـی بەهێزکردنـی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ پاکسـتان و چیـن و هیندیـش دەدات، وەک هەوڵێـک بـۆ ڕێگەگرتـن لـە سـەرکەوتنی بانگەشـەی

واشـنتن بـەوەی کـە ئێـران پاڵپشـتیی تیـرۆر دەکات و سـەرچاوەی هەڕەشـەیە بـۆ ئاشـتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتـی، بـەڵام ئێـران پێویسـتی بەوەیـە بزانێـت سـەرکەوتنی لـەم هەوڵـەدا تەنیا بەنـد نییـە بـە دیـداری فەرمـی و گۆڕینـەوەی نامـەی دۆسـتانە، بەڵکـو پێویسـتیی بـە گۆڕینـی کـردەوەی سیاسـەتە، لەگـەڵ ویسـتی راسـتەقینە و پابەندبوونـی تـەواو و رێگەنـەدان بـە بەریەککەوتنـی بەرژەوەندییـەکان لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـە بەشـێوەیەکی ترسـناک.

بەکورتـی رەنگـە ئێـران دوای کوژرانـی سـولەیمانی وا تێگەیشـتبێ کـە ئەنجامـی بەزاندنـی هێڵـە سـوورەکان زۆر خـراپ دەبـێ بـۆی. بۆیـە بـە یاسـای نـوێ یـاری دەکات کـە بەزاندنـی هێڵـە سـوورەکان لـە فەرهەنگیـدا نەبـێ، بـەڵام لـە ژینگەیەکـی هەسـتیاری وەک ژینگـەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا نابـێ پابەندبوون بـە نەبەزاندنـی هێڵـە سـوورەکان تەنیـا لەلایـەن ئێرانـەوە بێـت. بەڵکـو پێویسـتە هەمـوو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان پێیـەوە پابەندبـن بـۆ رێگەگرتـن لـە لەدەسـتدەرچوونی رووداوەکان. بەڕادەیـەک کـە هەمـووان خۆیـان لـە رەوشـێکی شـڵەژاوی وادا ببیننـەوە کـە ئەنجامـەکای پێشـبینی ناکرێـن.

## رەوشی سیاسی لە عێراق لەدوای سولەیمانی

رەوشـی سیاسـی لـە عێـراق لـەدوای سـولەیمانی لـە خراپتریـن دۆخدایـە. ئەویـش بەهـۆی لێکەوتـە گرنـگ و خێراکانـی رووداوەکان لـە مانگەکانـی رابـردوودا، کـە دەربازبـوون لـە کاریگەرییەکانـی ئاسـان نییـە، بـەڵام هاوکێشـە داینامیکییـە نەگـۆڕاوەکان لـەم قۆناخـەدا بریتیـن لـە: بەردەوامبوونـی ململانێ لەنێـوان واشـنتن و تارانـدا بـۆ زیاتـر بەدەسـتهێنانی ناوچـەی هەژمـوون بۆخۆیـان لـە عێراقـدا لەسـەر حیسـابی یەکـدی، هەردووکیشـیان رازی نابـن

دەستبەرداری ئەم ئامانجە بن بۆ ئەوی دیکە، جا بە هەر تێچوویەک بێ. سەرەڕای بانگەشەکانی چەند لایەنێک لە بەغدا، کە داوای دەرکردنی هێزە بیانییەکان لەو وڵاتە دەکەن، هەر بەدەنگەوە هاتنێکی واشنتن بۆ ئەم بانگەوازە، وەک پێشتریش گوتمان، تەنیا جێگۆڕکێکردن دەبێ بە هێزەکانی لە سەربازگەی نوێ یان زیادکردنی کۆتوبەند دەبێ لەسەر بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر خاکی عێراق. هەروەها گوشاری هەردوو وڵاتەکە لەسەر لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەردەوام دەبێ بۆئەوەی لەگەڵ لایەنێک بن لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە. ڕەنگە ئەو گوشارانە پەرتەوازەبوون و دوورکەوتنەوەی زیاتر لەنێوان ئەو هێزانەدا دروست بکەن، ئەگەر بیانەوێ هەڵوێستیان توندتر بکەن و باش بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان یاریی نەکەن. بۆیە ئاماژەکانی ئەم پەرتەوازەبوونە لە هەردوو پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ئێستا و بوونی هێزە بیانییەکان تەواو دەرکەوتن. ڕەنگە بابەتەکە بەهۆی وروژاندنی بابەتی دیکی وەک: ناوچە گەرمەکان و نەوت و گاز و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕێکخراوە سەربازییە نافەرمییەکان (میلیشیاکان) و بڵاوبوونەوەی چەک لە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسا و سەروەریی لەسەر دەروازە سنوورییەکان و دابەشکردنی داهاتەکانی دەسەڵات لە حکومەتی ڕاگوزەر کە جێگەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی گرتووەتەوە، زۆرتریش ئاڵۆزببێ. ڕەنگە ئەمە زیاتربێ لەو حکومەتەی کە دەکرێ پاش هەڵبژاردنی پێشوەختی پەرلەمان بێت، کە ئەرکی سەرەکیی خشتەی کاری حکومەتی ڕاگوزەر ڕێکخستنییەتی، لەگەڵ بابەتی دیکەی ئاڵۆز و تێکەڵ. لە پاڵ ئەمەدا ئەو هاوکێشە داینامیکییە نەگۆڕاوانە دیمەنی ناڕەزایی جەماوەریشیان تێدایە، کە دەکرێ فراوانتر و توندتربن، ئەویش ئەگەر

هاووڵاتیـی عێراقـی هەسـت بـکات حکومەتـی نـوێ و لایەنـە سیاسـییەکان بـەڕژدی کارناکـەن بـۆ بەدیهێنانـی داواکارییـە سـەرەتاییەکانی.

عێـراق لـەم قۆناخـەدا سـەقامگیریی جەماوەریـی نابێـت. چونکـە خەڵـک چیدیکـە ناتوانـن بەرگـەی کێشـە کەڵەکەبـووەکان بگـرن، کـە بەدرێژایـی سـاڵانی پـاش سـاڵی 2003 کەڵەکـە بوونـە. هـەر حکومەتێکی عێراقیـش چەندە نیازپاکیـش بێـت، گۆچانـی سـیحریی نییـە بـۆ چارەکردنـی هەمـوو کێشـەکان و پێویسـتی بـە یەکێتیـی بڕیـاری سیاسـی و سـتراتیژی و پابەندبـوون بـە وادەی دیاریکـراو بـۆ هەڵبژاردنـەکان دەبێـت. هەروەهـا دەبـێ هەمـوو سـەرچاوەکان و وزەکان و پاڵپشـتیی هەرێمـی و نێودەوڵەتیشـی تێـدا وەگەڕبخـرێ بـۆ سـەرکەوتن لـە کەمکردنـەوەی نەهامەتیـی هاووڵاتیـان.

سـەرکەوتنی حکومـەت و یەکڕیزیی لایەنە سیاسـییەکان و دابینکردنی بەشـێک لـە پێداویسـتییەکانی  خەڵـک، هـۆکاری گرنـگ دەبن بـۆ هێورکردنـەوەی گەلی تـووڕە لەسـەر شـەقام، بـەڵام شکسـتهێنانی حکومـەت و لایەنـە سیاسـییەکان، کاریگەریـی رووخێنـەری دەبـێ لەسـەر شـیرازەی کۆمەڵگـەی عێراقـی و رەنگـە ببێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی رەوتـی هزریـی توندئـاژۆ، کـە وەک دەڵێـت پەرسـتگەکە و ئەوانـەی نێویشـی بسـووتێنێت.

گەیشـتن بـەم قۆناخـە هەواڵێکـی خـۆش نابـێ بـۆ سیاسـەتڤانانی عێـراق، بـە هەمـوو بیرکردنـەوە و بـاوەڕە هـزری و مەزهەبـی و ئایینـی و نەتەوەییەکانیـەوە. چونکـە بـۆ هەموویـان لێکەوتـەی خراپـی دەبێـت، جـا هەریەکەیـان بەپێـی پێگـە و کاریگەریـی خـۆی.

بەغـداش بـۆ کەمکردنـەوەی گوشـاری ململانـێ هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان لەسـەر خـۆی، پێویسـتی بـە خۆدوورگرتـن لـەو ململانێیانـە دەبـێ و پێویسـتی بـە رێگەگرتـن دەبـێ لـە بوونـی گۆڕەپانـی عێـراق بـە مەیدانـی راسـتەوخۆی

ئـەو ململانێیانـە. هەروەهـا پێویسـتی بـە بەهێزکردنـی دەزگا دەسـتووری و دیموکراتییەکانـی دەبـێ، لەگـەڵ بەدەسـتهێنانەوەی متمانـەی هاووڵاتیانـی بـە بـژارەی دیموکراتـی وەک بـژارەی یەکـەم، کـە ناکـرێ دەسـتبەرداری بـێ یـان لەکیسـی بـدات. یەکخسـتنی هێـزە ئەمنـی و سـەربازییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان و هەمـوو ناوچەکانـی عێـراق بۆئـەوەی بـە هاوئاهەنگـی کاربکـەن وەک هێزێکـی یەکگرتـوو و خـاوەن یـەک بڕیـار و فەرماندەیـی بـۆ پاراسـتنی وڵاتەکـەی لـە هێرشـی دەرەکی و مەترسییە ئەمنـی و سـەربازییە نێوخۆییەکان و سـووربوون لەسـەر دوورخسـتنەوەی ڕێکخسـتنە سـەربازییەکانی سـەر بـەم لایەنـی هەرێمـی و ئـەو لایەنـی نێودەوڵەتـی، چونکـە بوونـی ڕێکخسـتنی وا، بڕیـاری سیاسـی و سـەروەریی عێـراق لاواز دەکات و بیانـووی سرووشـتی و دروسـتکراو بـۆ دەسـتتێوەردان لـە کاروبـاری نێوخۆیـی دەدات بەدەسـتەوە.

بـۆ دوورخسـتنەوەی عێـراق لـە هـەر لێکەوتەیەکـی ویسـتی واشـنتن و تـاران بـۆ گەیشـتنە ڕێککەوتنێـک یـان چـوون بـەرەو گـرژی، کـە پێناچـێ بـەرەو ئـەوە بچێـت، هەڵەیـە کـە بڕیـاردەری عێراقـی لـە گرنگیـی فراوانکردنـی تـۆڕی پەیوەندییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـی کەمبکاتـەوە و هەوڵـی چاککردنـەوەی رووخـاوی یـان لاوازییەکانـی نـەدات. بۆیـە پێویسـتی بـە سیاسـەتێکی دەرەکیـی کارا دەبـێ، کـە پێویسـتە تیمێکـی بەئەزموونـی خـاوەن توانـای بـەرز بەڕێـوەی ببـات، کـە هەڵچوونەکانـی و هەسـت و بڕیـاری بەپەلـە کۆنترۆڵـی نـەکات و لەسـەرخۆیی و پشتبەسـتن بـە بناخـەی پاراسـتن و بەدیهێنانـی بەرژەوەندیـی بـاڵای وڵاتەکـەی بکاتـە بنەمـا.

لـە کۆتاییـدا دەبـێ بڵێیـن عێـراق و ناوچەکـە بـەرەو ڕووداوی گرنـگ و گۆڕانی خێـرا و مەترسـیدار دەچـن، کـە ئـەوەی خـۆی بـۆ ئامادەنەکـردووە کـەس بەزەیـی پێدانایەتـەوە. چونکـە گۆڕەپانـی ململانـێ وەک سـەکۆی شـەترەنجە

و سـەرکەوتن بـە سەرکێشـی و پەلەکـردن بەدینایـەت، بەڵکـو بـە تێگەیشـتن لـە یاسـاکانی یارییەکـە و بـە زیرەکـی قۆسـتنەوەیان لـەدژی خاڵـە لاوازەکانـی دژبـەر بـۆ شکسـتپێهێنانی لەکاتـی گونجـاودا بەدیدێـت.

**سەرچاوەکان:**

- محەممـەد مـەراح، بەهـۆی ئـەم هۆکارانـە کوشـتنی قاسـم سـولەیمانی لـە کوشـتنی بەغـدادی و بـن لادن گرنگـترە، لـە 4ی یەنایـەری 2020 لـە ماڵپـەڕی ڕۆژنامـەی قەبـەس بڵاوکرایــەوە: www.alqabas.com

- سـیهام ئەشـتۆ، چـۆن کوشـتنی سـولەیمانی کاریگەریـی لەسـەر ڕەوشـی عێـراق دەبێـت؟ لـە 3ی یەنایـەری 2020 لـە ماڵپـەڕی www.dw.com بڵاوکرایـەوە

- ئیـمان ئەحمـەد عەبدولحەلیـم، دیـدی ڕۆژئاوایـی جیاجیـا بۆ کوژرانی قاسـم سـولەیمانی، لـە 6ی یەنایەری 2020 لـە ماڵپـەڕی www.futureuae.com بڵاوکرایەوە

-پەرچەکـرداری شـارەزایانی برۆکینگـز بەرامبـەر کوژرانــی فەرمانــدەی ئێرانــی قاســم ســولەیمانی، لــە 3ی یەنایــەری 2020 لــە ماڵپــەڕی www.brooking.edu بڵاوکرایــەوە

- سـینام وەکیـل، کێــن سـوودمەند و زیانلێکەوتــووەکان لــە قەیرانــی نێــوان ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و ئێــران؟ لــە 11ی یەنایــەری 2020 لــە ماڵپــەڕی www.bbc.com بڵاوکرایــەوە

- خالیـد علێـوی ئەلعـەرداوی، سـوودمەند و زیانلێکەوتووی دوای ڕووداوی کوشـتنی قاسـم سـولەیمانی؟ لـە 13ی یەنایـەری 2020 لـە ماڵپـەڕی http://kerbalacss.uokerbala.edu.iq بڵاوکرایـەوە

- کوشـتنی قاسـم سـولەیمانی لـە کوشـتنی بـن لادن گرنگـترە، لـە 3ی یەنایـەری 2020 لـە ماڵپـەڕی ڕۆژنامـەی (الـشرق الاوسـط) بڵاوکرایـەوە www.aawsat.com

## کێشەکانی فیدراڵی لە عێراق و ڕێگەچارەکانی

# داهاتووی عێراق لەنێوان ناوەندیبوون و ناناوەندیبوون و فیدراڵبووندا

**د.عوسمان عەلی**

لەکاتی هەوڵدان بۆ وێناکردنی سیستمی داهاتووی سیاسیی وڵاتەکە بەپێی دەستوور، کۆمەڵە کێشەیەک هەن کە بڕیاردەرانی عێراق ڕووبەڕوویان دەبنەوە. دەستەبژێری سیاسی بەگشتی ئارەزووی پیادەکردنی بیرۆکەی دەوڵەتی سادەی ناوەندیی توونددەکەن. ئەمەش بنەمای مێژوویی و بۆماوەیی کولتووریی هەیە. لەپاڵ پیادەکردنی هەڵەی فیدراڵی لە ساڵی 2003ەوە، بەتایبەتیش پیادەکردنی ئەو بەشبەشێنەیەی بە بیانووی دەستوور لەئارادایە. سەرباری ئەمانە، هەندێ وڵاتی ناوچەیی هەن بەهێزکردنی دیموکراسی و فیدراڵی لە عێراقدا بە زیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەژمار دەکەن و، هەوڵی پشتیوانیکردنی هێزە عێراقییە دژ بە فیدراڵییەکان دەدەن، بە بیانووی دژایەتیی پیلانەکانی دابەشکردنی وڵاتەکە. ئەوەش کە دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کە پشتیوانانی فیدراڵی وڵاتانی

ڕۆژئــاوان، بەتایبــەت ئەمریــکا. لەبەرئــەوە دژبــەرەکان چەمکەکەیــان بــە داگیــرکاری و پیلانــی داگیرکــەران بــۆ دابەشــکردنی وڵاتانــی ناوچەکــەوە گرێــداوە.

بــەڵام لــە ئەنجامــی ئــەو وێرانییــەی لە ماوەی شــەڕی داعــش و پەراوێزخســتنی خەڵکــی ئــەو ناوچانــە لــە پێــش شــەڕی داعــش و پــاش ئــەو شــەڕە، ناوچەکانــی سوننەنشــینی گرتــەوە، بــووە مایــەی دروســتبوونی بۆچوونێــک کــە پێیوایــە جگــە لــە فیدراڵــی هیــچ شــتێکی دیکــە نییــە بــۆ بەڕێوەبــردن و پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی دانیشــتووانی ئــەو ناوچانــە پەنــای بــۆ ببرێــت. تەنانــەت ئــەم بۆچوونــە ناوچەکانــی زۆرینــە شــیعەی وەک بەسرەشــی گرتووەتــەوە. چونکــە هەســتێکی روو لــە گەشــەکردن و بەهێــز هەیــە پێیوایــە حکومەتــی ناوەنــد لــە بەغــدا ناتوانــێ بەدەنــگ بەرژەوەندییەکانیانــەوە بچێــت و چارەســەری کێشــەی بێبەشــکردنیان بــکات، بۆیــە پێیانوایــە فیدراڵــی چارەســەری تەنگژەکەیانــە. لــەلای خۆیانــەوە، دەســتەبژێری سیاســی و تەنانــەت خەڵکــی ئاســاییش لــە هەرێمــی کوردســتان، پێیانوایــە لــە پەیوەندییــان لەگــەڵ بەغــدا جگــە لــە فیدراڵــی هیــچ بژارەیەکــی دیکەیــان نییــە و، ئــەو تەنگژانــەی دووچــاری پەیوەندیــی هەرێمــی کوردســتان لەگــەڵ ناوەنــددا دەبنــەوە بەهــۆی نەبوونــی نیــازی راســتەقینەی جێبەجێکردنــی دیموکراســی و دەقەکانــی دەســتوور و هەبوونــی گیانــی تایفەگەرییــەوەن، نــەک بەهــۆی فیدراڵییــەوە، کــە گونجاوتریــن چارەســەرە بــۆ مســۆگەرکردنی پاراســتنی فرەڕەنگــی و مافــی نەتــەوەکان و کەمینــە ئایینییــەکان. هەروەهــا دەســتەبژێری سیاســی لــە هەرێمــی کوردســتان پێیوایــە جێگــرەوەی فیدراڵــی یەکێتیــی کۆنفیدراڵییــە لەگــەڵ حکومەتــی بەغــدا و، ئەگــەر دۆخــی ناوچەیــی و نێودەوڵەتــی گونجاوبێــت، ســەربەخۆیی جێگــرەوە پەســەندەکەیە.

ڕووداوە سیاسییە خێراکانی ئێستای عێراق و دەرهاوێشتەکانیان، وەک سەرهەڵدانەکەی تشرینی یەکەمی 2019، ڕەنگە ببنە مایەی شۆڕشێکی گەورە و گۆڕانی سەرانسەری لە هاوکێشەی سیاسی لە وڵاتدا و، دەستوور و سیستمی سیاسی پەیڕەوکراو بگۆڕن. ئەو حکومەتە راگوزەرەی مەرجەعیەتی ئایینی باڵا و سەرهەڵداوان داوای دەکەن، لەوانەیە ناچاربێ دەستوور پەکبخات و پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە. هەروەها دەستەبژێری نوێی سیاسی داوای داڕشتنەوەی دەستوورەکەی ساڵی 2005 بکەن. بەشێوەیەک کە دەسەڵات بداتە ناوەند لەسەر حیسابی هەرێمەکان و، جەختکردن لەسەر چەمکی هاووڵاتیبوون جێگەی جەختکردن لەسەر پێکهاتەکان بگرێتەوە. لەوانەیە پێچەوانەی ئەمەش ڕووبدات و لایەنە سوننە کاریگەرەکان ڕووداوەکانی داهاتوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچە سوننەنشینەکاندا بەکاربێنن و عێراق ببێتە فیدراڵییەکی دێفاکتۆ، وەک ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی فیدراڵی لە عێراق و ڕێکارەکانی چارەسەرکردنیان، ئەگەر هەبن، دەخەینە بەر باس. هەروەها لە ئەگەری هەبوونی توانای پیادەکردنی جۆرە سیستمێکی سیاسی دەکۆڵینەوە کە تێکەڵەیەکی فیدراڵی و ناناوەندێتی بێت. توێژەر پێیوایە فیدراڵی باشترین چارەسەرە بۆ ئەو تەنگژە ناسنامەییەی لەگەڵ دروستکردنی عێراقدا دروستبووە و بەردەوامە. لەبەرئەوەی چاوەڕواندەکرێت فیدراڵی لە عێراقدا ببێتە هۆکاری نەمانی دیکتاتۆریی تاک و حیزب و دەمارگیری نەتەوەیی و ئایینی و، سنووردارکردنی دروستبوونی کەشی گونجاو بۆ زاڵبوونی تاکێک یان حیزبێک یان پێکهاتەیەک بەسەر

کارگێڕیـی ناوەنـد و قۆرخکردنـی بـۆ خـۆی و، دەبێتـە مایـەی دەستەبەرکردنی پێداویسـتییەکانی پێکهاتەکانـی گەلـی عێـراق و، پاراسـتنی پێناسـی کولتووریـی خۆجێیـی و نیشـتمانی و، لـە بنیاتـی ئاوەدانـی و شارسـتانی و کولتووریـی گشـت رۆڵەکانـی گەلـی عێـراق بەگشـت نەتـەوە و ئاییـنزا و بۆچـوون و ئاراسـتەکانییەوە بەشـداری دەبێـت، تاوەکـو هەمـووان بگەنـە مافەکانیـان لـە ژیـان و خۆشـگوزەرانی و پێشـکەوتن و، گەشـە بـە سـەرچاوە سرووشـتییەکان بدرێـت بەشـێوەیەک کـە بـە دەنـگ خواسـتی ژیانێکـی سـەربەرزانەوە بچێت.

## چەمکەکانی دەوڵەتی سادە و دەوڵەتی فیدراڵ و کۆنفیدراڵ:

دەوڵەتـی سـادە دەوڵەتێکـە خاوەنـی سـەروەرییەکی تاکـە و هەمـوو دەسـەڵاتی هەرێمـەکان و ناوەنـد بەیەکـەوە کۆکراونەتـەوە، بـەڵام دەسـەڵات بەسـەر بەشـە کارگێڕییەکانـدا دابەشـبووە. لەکاتێکـدا لـە دەوڵەتـی فیدراڵـدا چەنـد دەوڵەتێکـی سـادە لەسـەر بنەمـای لەیەکـتر تێگەیشـتن و قایلبوونـی ئارەزوومەندانـە یەکیانگرتـووە یـان یەکخـراون و، قەوارەیەکـی یەکگرتوویـان پێکهێنـاوە و بەشـەکانی دەسـەڵاتیان لەنێـو خۆیانـدا دابەشـکردووە. واتـە دابەشـکردنی دەسـەڵات هەیـە. بـەڵام لـە دەوڵەتـی سـادەدا سـەروەری یەکپارچەیـە و دەوڵـەت وەک یەکەیەکـی یەکگرتـوو خـۆی دەنوێنـێ و دەسـەڵات یەکپارچەیـە و، گـەل تێیـدا یەکێتییەکـی مرۆیـی گونجـاوە و خـاک یـەک خاکـە. فراوانیـی پانتایـی خاکـی دەوڵەتـی سـادە یـان بەیەکگەیشـتن و دابڕانـی خاکەکـەی کاری تێنـاکات. هەروەهـا ئـەم جـۆرە دەوڵەتـە بـە شـێوازی حوکمڕانـی، پاشـایەتی یـان کۆمـاری، کاریگـەر نابـێ و دەشـێ دەوڵەتـی سـادە پاشـایەتی بێـت وەک ئـوردن و، دەشـێ کۆمـاری بێـت وەک میـسر و لوبنـان. نموونـەی دیکـەی دەوڵەتـی سـادە لـە وڵاتانـی جیهانـدا زۆرن، وەک: فەرەنسـا،

میسر، ئوردن، لوبنان و زۆربەی وڵاتانی عەرەب. گرنگترین نیشانەکانی دەوڵەتی سادە یان یەکگرتوو ئەمانەن:

**یەکێتی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت:** یەکێتی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە یەکێتی هەرسێ دەسەڵاتی دەوڵەتدا (دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دەسەڵاتی دادوەری) دەنوێنێت کە بەپێی دەستوور کاری خۆیان ئەنجامدەدەن. دەسەڵاتی یاسادانان یەکێکە و، ئەو یاسایانە دادەڕێژێت کە گشت تاکەکان لە دەوڵەتدا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان ملکەچیان دەبن.

**یەکێتی دەستوور و یاساکان:** دەوڵەتی سادە یان یەکگرتوو یەک دەستووری هەیە کە بەسەر گشت پارچەکانی وڵاتدا جێبەجێدەکرێت.

**یەکێتیی خاک و یەکێتیی ناسنامە:** خاکی دەوڵەتی سادە یان یەکگرتوو، بە هەموو بەشەکانییەوە: زەوی و ئاو و ئاسمان، لە ژێر سەروەری دەوڵەتدایە. هەروەها ناسنامەی هاووڵاتیانی دەوڵەتی سادە یان یەکگرتوو یەکە و گشت هاووڵاتیانی سەر خاکی ئەو دەوڵەتە هەڵگرین و ئەو ناسنامەیە بەپێی چەند پێوەرێک بەدەستدێت.

هەڵبژاردنی سیستمی ناوەندی یان ناناوەندی بۆ دابەشکردنی ئەرکەکان کار ناکاتە سەر یەکێتیی دەسەڵاتی حکومەت، چونکە ناوەندێتی و ناناوەندێتی پەیوەستن بە شێوازی دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕییەکانی دەوڵەت و پەیوەندییان بە سیستمی سیاسیی حوکمڕانی دەوڵەت یان بە ئەنجامدانی ئەرکی سیاسییەوە نییە و، لەکۆتاییدا کار ناکەنە سەر یەکێتیی سیاسیی دەوڵەت، کە مۆرکی بنەڕەتیی دەوڵەتی سادە یان یەکگرتووە.

**چەند نموونەیەکی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتە یاساییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵ:**

دوو ڕێگەی تەواو جیاواز بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە سیستمەکاندا

هـەن، بریتیـن لـە شـێوازی دوولایەنـە و شـێوازی بەیەکەوەیـی و، لـە زۆربـەی وڵاتانــدا توخمــی هــەردوو شــێوازەکە هەیــە. لــە شــێوازی دوولایەنــەدا ژمارەیەکـی زۆر دەسـەڵاتی هاوبـەش لەنێـوان هـەردوو دەسـەڵاتی فیـدراڵ و دەســەڵاتی هەرێمەکانــدا هــەن [1].

یاساناسـان باسـی ئـەوە دەکـەن کـە دەوڵەتانـی فیـدراڵ یـان لـە یەکگرتنـی چەنـد قەوارەیەکـی سـەربەخۆ، یـان لـە چەنـد قەوارەیـەك پێکدێـن، کـە لـە دەوڵەتێکـی گەورەتـر بوونەتـەوە، ئینجـا لـە چوارچێـوەی نوێـی یاسـایی و کۆمەڵایەتیـدا بەشـێوەیەکی ئارەزوومەندانـە بڕیـاری یەکگرتنەوەیـان داوە. دەوڵەتــی فیــدراڵ لــە یەکگرتنــی دوو ویلایــەت یــان چەنــد ویلایەتێکــی هاوکــووف، یــان نزیــک، خــاوەن تایبەتمەندیــی کۆمەڵایەتــی و جوگرافیایــی و مێژوویــی و کولتووریــی ئایینــی یــان نەتەوەیــی هاوبــەش پێکدێــت و، هەریەکێکیــان دەســتبەرداری بەشــێک لــە دەســەڵاتە نێوخۆییەکانــی خــۆی و ســەروەریی دەرەکیــی خــۆی دەبێــت و، یەکدەگــرن و دەوڵەتــە فیدراڵەکــە لەسـەر بنەمـای دەسـتووری فیـدراڵ دادەمەزرێنـن، وەک ئـەوەی لـە ئیماراتـی یەکگرتـووی عـەرەب و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و وڵاتانـی دیکـەدا بەدیدەکرێــت.

جۆرێکـی دیکـەی دەوڵەتـی فیـدراڵ بەهـۆی هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتێکـی ناوەندیـی گـەورەوە دروسـتدەبێت، لـە ئاکامـی کێشـەی کۆمەڵایەتـی یـان ئایدیۆلـۆژی یـان سیاسـی یـان ئابـووری یـان بەهـۆی جیـاوازی زمـان و نەریـت و کولتـووری کۆمەڵگەکانییـەوە و، ئەمانـە دەبنـە هانـدەر بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگەکانــی نێــو دەوڵەتــە گەورەکــە داوای ســەربەخۆیی تەواوبکــەن و داوای ئـەو مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـە بکـەن کـە بنەماکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەیانسـەلمێنن. پـاش ئـەوە، ئـەو ویلایەتـە جیابووەوانـە کار

بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێـک دەکـەن لەسـەر بنەمـای فیدراڵـی و بەپێـی سیسـتمێکی کارگێـڕی فیـدراڵ، وەک رووسـیا، مەکسـیک، ئەرجەنتیـن و بەرازیـل.

نووسـەران و لێکۆلینڤانـان پۆلێنـی جۆراوجـۆر بـۆ سیسـتمە فیدراڵییەکـە دەکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش شـێوازی دروسـتبوون و دابەشـکردنی دەسـەڵات لەنێـوان حکومەتـی فیـدراڵ و ویلایەتـەکان یـان هەرێمـەکان دەکەنـە بنەمـای پۆلێنکـردن.

**فیدراڵیـی هـەرەوەزی** (هەندێـک نـاوی تێکچـڕژاوی بـۆ بەکاردەهێنـن): لـەم جـۆرەدا، هەرێمـەکان لەڕێگـەی نوێنەرانیـان، کـە رۆڵەکانـی هەرێمەکانیانـە و بـۆ نوێنەرایەتیکردنیـان لـە حکومەتـی فیدراڵـدا هەڵیاندەبژێرن، بەشـدارییەکی فراوانیـان لـە بڕیارەکانـی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی فیدراڵـی و حکومەتـی فیدراڵـدا دەبێـت.

**فیدراڵیـی پێکەوەلـکاو** (هەندێـک نـاوی ناوەندیـی بـۆ بەکاردەهێنـن): لـەم جـۆرەدا، بڕیـار بەشـێوەکی ناوەنـدی دەدرێـت، بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ هەرێمـەکان، لەبەرئـەوەی هـەر هەرێمێـک نوێنـەری خـۆی لـە دەسـەڵاتی یاسـادانانددا هەیـە، کـە بـە هەڵبـژاردن دەستنیشـان دەکرێـن. ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا باشـترین نموونـەی ئـەم جـۆرەی فیدراڵیزمـە.

**فیدراڵیـی کێبڕکێکارانـە:** لـەم جـۆرەدا، حکومەتـی فیـدراڵ رۆڵێکـی بچووککـراوەی لـە حکومەتـی خۆجێیـی هەرێمـدا هەیـە و، لـە بەرامبـەردا حکومەتەکانـی هەرێمـەکان رۆڵـی گەورەتریـان لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری خۆیانـدا هەیـە. بەلجیـکا و ئوسـترالیا و بەرازیـل نموونـەی ئـەم جـۆرەی فیدراڵیـن.

**فیدراڵیـی مـاف:** لـەم جـۆرەدا، حکومەتـی فیـدراڵ بەرپرسـیارێتی و دەسـەڵاتی

بێســنووری هەیــە لــە دارشــتنی یاســاکان و لەســەر هەمــوو ئاســتەکانی پەیوەســت بــە بەرژوەندییــە فیدراڵــەکان (ئەمــە لــە زۆربــەی دەوڵەتــە فیدراڵەکانــدا هەیــە و، ئەڵمانیــا و نەمســا لەمــەدا پێشــەنگن).

**فیدراڵیــی نارێــک:** لــەم جــۆرەدا، جیــاوازی لەنێــوان هەرێمــە فیدراڵــەکان و تواناکانیانــدا (لــەڕووی سیاســی و جوگرافــی و نەتەوەییــەوە) هەیــە، لێــرەدا حکومەتــی فیــدراڵ رێککەوتنێکــی فیدراڵیــی کارگێــڕی لەســەر بنەمــای کەتواری جیــاواز لــەڕووی توانــا و پێداویســتیی هــەر هەرێمێــک بــۆ خۆبەڕێوەبــردن لەگــەڵ هەرێمەکانــدا ئەنجامــدەدات (باشــترین نموونــە ئیســپانیایە) [2] .

**فیدراڵیــی کارگێــڕی:** ئەوانــەی ئــەم پۆلێنەیــان داهێنــاوە دەڵێــن ئــەم جــۆرەی فیدراڵــی لــە تاکــە دەوڵەتــی ناوەندیــی خــاوەن ناونیشــان و تایبەتمەندیــی نەتەوەیــی و نیشــتمانی و کولتــووری و مێژوویــی یەکانگیــردا پێکدێــت و، ئەمــە نابێتــە هــۆکار بــۆ نەبوونــی تایبەتمەندیــی نەتەوەیــی یــان کولتووریــی بچووکــتری دیکــە. لەبەرئەمــەش دەوڵەتــی ناوەنــدی وڵات بەســەر چەنــد هەرێمێکــی خــاوەن حوکمڕانیــی فیدراڵــدا دابەشــدەکات و، هــەر هەرێمێــک دەســەڵاتی کارگێــڕی و دارایــی فراوانــی هەیــە و، هەمــوو هەرێمــەکان لــە داوودەزگاکانــی دەوڵەتــی ناوەندیــدا و بەبــێ لەبەرچاوگرتنــی پانتایــی یــان ژمــارەی دانیشــتووان، پشــکیان هەیــە.

**ناناوەندێتیی نافیدراڵ:**

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەم تایبەتمەنــدی و جیاوازییانــە، دەتوانیــن فیدراڵــی و ناناوەندێتــی لــە یەکــدی جیابکەینــەوە و، جیاوازیــی نێوانیشــیان دەبێتــە مایەی کێشــە و جیــاوازی لــە تێگەیشــتنەکاندا، چونکــە دەوڵەتــی ناناوەنــدی بریتییــە لــە تاکــە دەوڵەتێکــی ســادە کــە دیموکراســی وایکــردووە دەســەڵاتی کارگێڕیــی زۆر بداتــە پارێزگاکانــی [3].

ماڵکۆڵم م. فیلیی شارەزای دەستوور دەڵێت: "ئەو قەوارە سیاسییەی حکومەتێکی ناوەندی، کە هەموو بڕیارە گرنگەکان لای خۆیەتی، حوکمڕانیی دەکات، ناکرێ ناوی قەوارەی فیدراڵی بۆ بەکاربهێنرێت، مەگەر دەستبەرداری واتای باوی وشەکە ببین".

هەروەها دەڵێت: "هەمان شت بۆ کۆمەڵە قەوارەیەکی سیاسیی جیا لە یەکدی، کە چوونەتە نێو هاوپەیمانییەک بۆ ڕێگری لە ململانێی نێوانیان، لەکاتێکدا بڕیارەکانی تایبەت بە هەر یەکێکیان بەوانیدیکەوە پەیوەست نییە، دروستە". ئەگەر گشت بڕیارە بنەڕەتییەکان لەلایەن قەوارەی سیاسی ناوەندەوە دران، ئەوکات هەبوونی یەکەی پێکهێنەر نایکاتە سیستمێکی فیدراڵ، بگرە تەنیا وەک شێوازێکی حوکمڕانی ناناوەندی دەمێنیتەوە [4].

بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، ئەو سیستمەی ئێستا لە عێراق بەرکارە بە فیدراڵ ناژمێردرێت، هەرچەندە دەستوورێکی فیدراڵی هەیە، کە بە کردار لە وڵاتەکەدا جێبەجێ ناکرێت. بگرە ئەم سیستمە سیاسییەی ئێستا تاوەکو ئەوپەڕی سیستمێکی ناوەندییە، هاوشێوەی ئەوانەی لە هەندێ وڵاتی سادەدا پەیڕەو دەکرێت و، ناناوەندێتییەکەی کەمترە لەو یاسای ناناوەندێتییەی لە سەردەمی حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان بەزاز، لە بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966دا ڕاگەیێندرا و، هێڵی سەربازیی سەر بە ڕەوتی نەتەوەپەرستی عەرەب ڕەتیکردەوە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە سەبارەت فیدراڵی ئەوەیە کە دوو دەوڵەتی فیدراڵی لێکچوو نین و، هیچ دەوڵەتێکی فیدراڵ نییە کە دەقاودەق هاوشێوەی نموونەی ئایدیاڵی فیدراڵی بێت. دەشێت ویلایەتە فیدراڵەکان وێکچوو یان ناهاوشێوە بن. لە دەوڵەتی فیدراڵیی هاوشێوەدا "پلانی دابەشکردنی دەسەڵات کار دەکاتە سەر گشت ئەو یەکانەی دەوڵەتەکە پێکدەهێنن"،

لـە بەرامبـەردا و لـە فیدراڵییـە نارێکەکانـدا "یەکێـک یـان زیاتـر لـە ناوچـەکان (ویلایەتـە فیدراڵـەکان) دەسـەڵاتی تایبەتـی دەبـێ، کـە کەرتەکانـی دیکـە لێـی بێبەشـن". لـە هەمـوو ویلایەتـە فیدراڵەکانـدا دابەشـکردنی دەسـەڵات یـان ناناوەندێتـی بـاوە و، حکومەتـی ناوەنـد تێیـدا بەشـدارە یـان دەسـەڵاتی بـۆ گواسـتراوەتەوە.

**حکومەتـی هەرێمـەکان:** دەشـێ دابەشـکردنی نموونەیـی دەسـەڵات لـە خوێنـدن و ئازادیـی ئایینـەوە دەسـتپێبکات تاوەکـو دەگاتە ئەرکی سـنووردارییی حکومـی، وەک سـەپاندنی بـاج و بەڕێوەبردنـی چاودێریـی تەندروسـتی و ئاسایشـی نێوخۆیـی[5].

دوو بـژارە لـە داڕشـتنی سـنوور لـە دەوڵەتێکـی فیدراڵیـی تازەلەدایکبـوودا داهێـنراون. مـرۆڤ دەتوانـێ شـێوازێکی نـەژادی لەنێـو دەوڵەتەکـەدا بدۆزێتـەوە و یەکـەکان لەسـەر بنەمـای نـەژادی بنیـات بنێـت یـان دەتوانـێ کۆمەڵـە نەژادییـە جۆراوجـۆرەکان لەنێـو یەکـەی خـوار نیشـتمانیدا تێکـەڵ بـە یەکـدی بـکات. ئەمـەی دوایـی بـە فیدراڵـی هەرێمـی دەناسرێـت، وەک ئـەوەی لـە عێراقـدا هەیـە. هەندێـک پێشـنیازی دابەشـکردنی عێـراق بەسـەر چـوار ناوچـەدا دەکـەن، سـێیان نـەژادی بـن و چـوارەم تێکـەڵ بێـت و لـە بەغـدا بێـت [6].

ئـەو ڕێکخسـتنە فیدراڵـەی ئێسـتای سـویسرا بەرهەمـی شـەڕێکی نێوخۆیـی بـوو و پەیکـەری فیـدراڵ چارەسـەرێکی مامناوەنـد بـوو، لـە پـاش شـەڕێکی تایفەگـەری (شـەڕی زۆندەربوونـد Sonderbund) لەنێـوان کانتۆنـە پرۆتسـتانتەکان کـە کەوتبوونـە ژێـر کاریگەریـی لیبرالیزمـی فەرەنسـا و دەوڵەتێکـی ناوەندیـی فیدراڵیـان بـەلاوە پەسـەند بـوو، دژ بـە کانتۆنـە کاتۆلیکـە کۆنزێرڤاتیڤـەکان. ئەوەبـوو دوای چەنـد خولێکـی شـەڕی وێرانکـەر،

شـەڕەکە راگیـرا و ئاشـتی لەسـەر بنەمـای دەسـتوورێکی نوێـی فیـدراڵ بنیاتـنرا، کـە ناناوەندێتـی و فرەییەکـی بەرفـراوان لەخـۆ دەگرێـت. ئـەو دەسـتوورە دەسـەڵاتەکانی حکومەتـی ناوەنـدی بـۆ کانتۆنـەکان گواسـتەوە و، ئەوانیـش لای خۆیانـەوە بـۆ شـارەوانییەکانیان گواسـتەوە. ئەمـە نەریتێکـی کۆنـە و، ئەنجامەکـەی چەنـدان شـارەوانی بـوون کـە زمانـی زاڵ و ئایینـی جیاوازیـان هەبـوو. هەروەهـا سـویسرا دان بـە سـێ ئاسـتی وڵاتینامـەدا دەنێـت: "هـەر هاونیشـتمانییەکی سـویسرا، لـە یـەک کاتـدا، هەڵگـری وڵاتینامـەی فیـدرال و کانتـۆن و شـارەوانییە و، هـەر یەکێـک لـەو وڵاتینامانـە ڕەنگدانـەوەی سـێ پێناسـەن کـە تێیانـدا نـەژاد و ئایینـزا یەکدیبـڕن". دەسـتووری سـویسرا حکومەتێکـی فیدراڵـی بێوێنـەی هێنایـە کایـەوە. ئەنجوومەنـی حکومەتـە فیدراڵەکـە لـە حـەوت ئەنـدام پێکدێـت کـە دەسـەڵاتی یەکسـانیان هەیـە و لەلایـەن پەرلەمانـی فیدراڵـەوە هەڵدەبژێردرێـن و، ئەمیـش لـە دوو ئەنجوومـەن پێکدێـت، ئەنجوومەنـی پیـران و ئەنجوومەنـی نوێنـەران و، ئەنجوومەنـە باڵاکـە نوێنەرایەتیـی کانتۆنـەکان دەکات و ئەنجوومەنـە خوارووەکـە نوێنەرایەتـی تاکـە سـویسرییەکان دەکات. هـەر ئەنجوومەنێکیـش لەلایـەن گەلـەوە هەڵدەبژێردرێـت. ئـەم دەسـتوورە لـە سـاڵی 1848وە دوو جـار هەموارکـراوە و، هـەر هەموارکردنێکـی دەسـتوور پێویسـتە گەلـی سـویسرا دەنگـی بـۆ بـدات و زۆرینـە بەدەسـتبێنێت[7] .

نموونـە سـویسرییەکە شـایانی گرنگیپێـدان و پەیڕەوکردنـە لەپێنـاو ڕاگرتنـی خوێنڕشـتن لەنێـو شـیعە و سـوننەدا و بـۆ ڕێخۆشـکردن بـۆ ئـەوەی هـەر ئایینزایـەک لـە ناوچەکانـی خۆیـدا بیروبـاوەڕی خـۆی پیـادە بـکات.

## فیدراڵی و کۆنفیدراڵی

سـەروەریی وڵاتانـی بەشـدار لـە یەکێتیـی کۆنفیدراڵـدا پارێـزراو دەبێـت، بەپێچەوانـەی یەکێتیـی فیـدراڵ کـە تێیـدا وڵاتانـی ئەنـدام دەسـتبەرداری سـەروەری خۆیـان لـە ئاستی دەرەکـی بـۆ حکومەتـە نوێیەکـە، کـە حکومەتـی فیدراڵـە، دەبـن.

دەسـتەی بـاڵا لـە یەکێتیـی فیدراڵـدا، کـە پێیدەگوتـرێ کۆمەڵـە یان کۆنگـرە یان کۆنگرێـس، زیاتـر بـە کۆنگـرەی دیپلۆماتـەکان دەچێـت و ئەندامانـی نوێنـەری وڵاتەکانـی خۆیانـن و مافـی قسـەکردن و بڕیاردانیـان بەنـاوی وڵاتەکانیانـەوە هەیـە و، بەهیـچ شـێوەیەک خواسـتەکانی لـە خواسـتی دەسـتەکانی سـەر بـە یەکێتییەکـەوە دروسـت نابـن. بگـرە لـە خواسـتی کـۆی ئەندامـەکان پێکدێـن، بەپێچەوانـەی یەکێتـی فیـدراڵ، کـە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی ناوەنـدی لەسـەرووی دەوڵەتانـی ئەنـدام و دەوڵەتـی یەکێتییەکـە (حکومەتـی فیـدراڵ) نـەک حکومەتەکانـی وڵاتانـی ئەنـدام، دەربـڕی خواسـتی یەکێتییەکەیـە.

ئـەو پەیماننامانـەی یەکێتییـە جۆراوجۆرەکانیـان پێکهێنـاوە، کۆکـن لەسـەر هەبوونـی کۆدەنگـی بـۆ هەمواركردنـی پەیمانەکـە یـان لەکاتـی هاتنـی ئەندامێکـی نـوێ بـۆ نـاو یەکێتییەکـە و، ئەمـە لـە یەکێتیـی فیـدراڵ جیایدەکاتـەوە، کـە تێیـدا کۆدەنگـی لەکاتـی هەمواركردنـی پەیماننامـەی یەکێتییەکـەدا (دەسـتووری فیـدراڵ) بەمـەرج نەکـراوە، بەڵکـو ئەوپەڕەکـەی ڕەزامەندیـی سـێ چارەکـی وڵاتانـی ئەندامـی پێویسـتە.

دەسـتەکانی یەکێتـی کۆنفیـدراڵ دەسـەڵاتیان بەسـەر هەرێمـەکان یـان تاکەکانـی وڵاتانـی ئەندامـدا نییـە، ئەمـەش پێچەوانـەی یەکێتـی فیدراڵـە

کـە تێیـدا حکومەتـی فیـدراڵ دەسـەڵاتی ڕاسـتەوخۆی بەسـەر گشـت وڵاتـە ئەندامـەکان و تەنانـەت گشـت هاووڵاتیانیشـیانەوە هەیـە و، وابـاوە لـە سایەیدا دادگەیەکـی بـاڵای دەسـتووری پێکبهێنرێـت بـۆ یەکلاکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی ڕەنگـە بکەونـە نێـوان حکومەتـی فیـدراڵ و حکومەتەکانـی وڵاتانـی ئەنـدام لـە یەکێتییەکـە. هاووڵاتـی لـە وڵاتانـی هاوپەیـمان لـە یەکێتـی کۆنفیدراڵـدا، فرەناسـنامەیە و، هاووڵاتـی هـەر وڵاتێکیـان لـە وڵاتەکانـی دیکـەی یەکێتییەکـەدا بـە بیانـی دەژمێردرێـت، چونکـە یەکێتـی کۆنفیـدرال نابێتـە مایـەی دروسـتبوونی حکومەتێکـی هاوبـەش و یـەک گـەل، بگـرە لـە حکومـەت و گەلانـی وڵاتـە هاوپەیمانەکانـی نێـو یەکێتییـە کۆنفیدرالەکـە پێکدێـت، ئەمـەش پێچەوانـەی یەکێتـی فیدراڵـە کـە تێیـدا هەموو دانیشـتووان و هاووڵاتییـان تەنیـا یـەک ناسـنامەیان هەیـە، ئەویـش ناسـنامەی یەکێتییـە فیدراڵەکەیـە[8].

## مێژووی فیدراڵی لە عێراقدا

لەگـەڵ ئـەوەی عێـراق لـە سـاتی دامەزراندنییـەوە دەوڵەتێکـی سـادە (زێـدە ناوەنـدی) بـووە، بـەڵام بیرۆکـە و پڕۆژەکانـی بەفیدراڵکردنـی پێـش ڕووخاندنـی ڕژێمـی بەعـس لـە 2003دا لەدایکبـوون. بەڵگەنامـە بەریتانییەکانـی تایبـەت بـە عێـراق ئاماژەیـان تێدایـە بـۆ ئـەوەی سیاسـەتڤانانی بەریتانیـا لـە وەزارەتـی کۆڵۆنییـەکان و وەزارەتـی هیندسـتانی بەریتانیایـی لـە سـاڵانی 1920-1919دا باسـیان لـە بەسـتنەوەی کوردسـتان بـە عێراقـەوە، لـە چوارچێـوەی سیسـتمێکی فیـدراڵ دا، کـردووە. لـەو بەڵگەنامانـەدا چەندیـن جـار بـاس لـەوە کـراوە کـە پەیوەندیـی کـورد و عـەرەب لـە عێراقـدا هاوشـێوەی پەیوەنـدی نێـوان

سـکۆتلاندی و ئینگلیـزەکان بێـت، بـەڵام کاربەدەسـتانی ئینگلیـز لـە کۆتاییـدا گەیشـتنە تێگەیشـتنێک کـە پێیوابـوو ئـەو بیرۆکەیـە بـۆ عێـراق واقیعـی نییـە[9].
دواتـر، پـاش ئـەوەی عێـراق چـووە کوەیـت و لـە 1991دا بـەدۆڕاوی لێـی دەرچـوو و، حیزبـە ئایینگـەرا شـیعەکان یاخیبوونیـان ڕاگەیانـد، ئـەوەی بـە سـەرهەڵدانە شـەعبانییەکە نـاسرا و، ئـەو هەوڵـەی کـورد لـە باکـوور و، دەرەنجـام بڕیـاری نێودەوڵەتـی سـەپاندنی ناوچـەی دژەفڕیـن، کـە فەرەنسـا و بەریتانیـا و ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـۆ پاراسـتنی کـورد لـە باکـوور و شـیعە لـە باشـوور سـەپاندیان.
ئەوەبـوو سـەرکردەکانی شـیعە بیرۆکـەی فیدراڵییـان پەسـەند کـرد، کاتێـک محەممـەد باقـر حەکیـم، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە عێـراق، داوایکـرد هەمـوو باشـووری عێـراق بخرێتـە ژێـر چەتـری نێودەوڵەتـی و بکرێتـە ناوچەیەکـی ئـارام، هاوشـێوەی ئـەوەی لـە باکـووری عێراقـدا کـرا. ئـەو باشـوورەی باسـیکرد، وەک لـە نامەیەکـی خۆیـدا بـۆ لایەنـە نێودەوڵەتییـە پەیوەندیـدارەکان دەستنیشـانیکردووە، هەمـوو ناوچـە شیعەنشـینەکان لـە نەجـەف و کەربـەلا و کـوت و سـەماوە و دیوانییـە و حیللـە و عیـمارە و ناسرییـە و بـەسرە دەگرێتـەوە. پاسـاوی حەکیـم بـۆ ئـەو داوایـە پەیوەسـتبوو بـە ئاسایشـەوە، واتـە لەپێنـاو پاراسـتنی ئایینزاکـەی خـۆی بـوو، هـەر هەمـان ئـەو پاسـاوەیش پاڵـی بـە عەبدولعەزیـز حەکیمـی برایـەوە نـا بۆئـەوەی داوای فیدراڵـی بـکات و پـاش داگیرکردنـی عێراقیـش لـە داواکـەی پاشەکشـە نـەکات. بۆیـە فیدراڵـی لـە عێراقـدا بەرهەمێکـی نوێـی پـاش داگیـرکاری نییـە، وەک ئـەوەی هەندێـک لـە دەسـتەبژێر و توێـژەران بـۆی دەچـن. ئـەم بابەتـە لەلایـەن کـورد و حیزبەکانـی شـیعە لـە کۆنگرەکانـی ئۆپۆزیسـیۆندا تاوتوێکـراوە و لـە کۆنگـرەی بەیروتـی پـاش ڕاپەڕینـی شـەعبانی لـە 1991دا

دەستی پێکرد، ئینجا لەو کۆنگرانەی لە ناوچەی کوردستانی عێراقدا گرێدران باسکرا، بە پاساوی پاراستنی باشوور (شیعەنشین) و باکوور (کوردنشین) لە باڵادەستیی ناوەند! تاوەکو کار گەیشتە چەسپاندنی فیدراڵی وەک کەتوارێکی دەستووری بۆ عێراقی نوێ و ڕاگەیاندنی عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵ، بەتایبەتیش لە کۆنگرەی لەندەنی 1999دا، کە تێیدا باسی شێوەی دەوڵەتی عێراق لە قۆناخی دوای ڕووخانی ڕژێم کرا و، بەشێوەیەکی قووڵ باسی فیدراڵیی کوردستان و فیدراڵیی نێوەڕاست و باشووری عێراق کرا و، لەوێ ڕێککەوتن لەسەر دەستنیشانکردنیان وەک مافی دەستووری و بە پێویست زانرا لە دەستووری عێراقی پاش سەددامدا بچەسپێندرێت.

ئەو پاساوە ئەمنییەی توێژەران لە کۆنگرەی 1999ی لەندەنیش خستیانەڕوو، لەسەر پاساوی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی و هەرێمی بنیاتنرابوون و، توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتن کە هۆکاری تەنگژە نێوخۆییەکانی عێراق و هەردوو شەڕی ڕژێمی بەعس دژ بە ئێران و کوەیت، بریتی بوو لە: نەبوونی دامەزراوەی دەستووری و، نادیدەگرتنی سەروەریی یاسا و، چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند. لەبەر ئەم هۆکارانەش چارەسەر بۆ عێراقی نوێ بریتییە لە: دابەشکردنی دەسەڵات و ناوەندەکانی هێز بەسەر هەرێمەکاندا، تاوەکو لە عێراقدا سەقامگیری و ئاسایش و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای هاوبەشیی دادوەرانەی گشت عێراقییەکان دەستەبەر ببن و، ئاسایشی دراوسێیەکانی عێراق (بەدیاریکراوی وڵاتانی کەنداو و بەتایبەتیش کوەیت) بە دامەزراندنی سێ هەرێم بەلای کەمەوە بۆ کورد، شیعە و، سوننە مسۆگەر بکرێت. هەرچەندە ئەم کۆنگرەیە بە دەربڕینی ناڕوون مەرجی ئەوەی دانا کە

ئـەم هەرێمانـە لەسـەر بنەمـای تایفەگەرانـە یـان ئایینزایـی یـان نەتەوەیـی دانامەزرێـن، لەبەرئـەوەی سـنووری باکـوور تورکـمان و کلـدان و ئاشـوور و شـەبەک و ئێـزدی و تەنانـەت عـەرەب و خەڵـکی دیکەیشـی لەخـۆ گرتبـوو، بـەڵام نـاوی کوردسـتانی لێـنرا و کـورد تێیـدا باڵادەسـتیی روونـی هەیـە، لەکاتێکـدا بـۆ نێوەڕاسـت ئـەو پارێزگایانـە دەستنیشـانکران کـە زۆرینـە تێیانـدا سـوننەیە، لـە باشـووریش زۆرینـەی شـیعە زاڵـە.

کۆنگـرەی ئۆپۆزیسـیۆن لـە لەنـدەن (نێوەڕاسـتی کانوونـی یەکەمـی 2002) پـڕۆژەی فیدراڵیـی پەسـەند کـرد و، پـاش داگیـرکاری بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەر ئاسـتی عێـراق لەلایـەن کۆنگـرەی نیشـتمانیی عێراقـەوە پەسـەندکرا، بـە بەشـداریی نوێنەرانـی عەرەبـی سـوننە (حیزبـی ئیسـلامیی عێراقـی، کـە ئەوسـا تاریـق هاشـمی سـەرکردایەتیی دەکـرد).

پـاش داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن ئەمەریـکاوە لـە 2003، هەوڵـی حیزبـە ئایینییـە شـیعەکان بـۆ خسـتنەڕووی فیدراڵـی هاتـە ئـاراوە و، زۆربـەی دژبەرانـی دابەشـکردنی عێـراق بـۆ چەنـد هەرێمێـک عەرەبـی سـوننە بـوون، لەگـەڵ رەوتـی سـەدر بـە سـەرکردایەتی موقتـەدا سـەدر و، هەنـدێ لایەنـی دیکـەی شـیعە کـە دیارترینیـان رەوتـی خاڵسـی و هەنـدێ مەرجەعـی تازەبـاو بـوون.

بـەڵام رەوتـی سـەدر، کـە سـەرەتا چـووە پـاڵ دژبەرانـی یاسـای فیدراڵـی و هەرێمـەکان، لـە سـەردەمی حکومەتەکـەی ئەیـاد عەلـلاوی باسـی بیرۆکـەی دابڕینـی باشـووری عێـراق (بـەسرە و ناسرییـە و عیـمارە)ی کـرد، کـە سـەلام مالیکـی (یەکێـک لـە سـەرکردەکانی رەوتـی سـەدر) ئـەوکات پارێـزگاری بـەسرە بـوو و نوێنـەری موقتـەدا سـەدر بـوو لـەوێ لـە 2004دا باسـی جیاکردنـەوەی ئـەو پارێزگایانـەی لـە عێـراق کـرد و، دوای ئـەوە، شـوێنکەوتووانی سـەدر لـە

ماوەی کێشە بەنێوبانگەکەی نەجەفدا، دەستیان دایە بانگەشەکردن بۆ فیدراڵیی باشوور و، ئەوکات دەسەڵاتی ئەمەریکایی لە عێراق پشتیوانیی حکومەتی عەللاوی بۆ لەنێوبردنی سەدر و ڕەوتەکەی دەکرد[10].

ئێستا لە عێراقدا جگە لە یەک هەرێم (هەرێمی کوردستان) هەرێمێکی دیکە نییە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە بەپێی فیدراڵییەکەی عێراق بە هەرێمەکان دراون و، شارەزایان پێیانوایە دۆخی جیاوازی هەرێمی کوردستان وایکردووە "لە سەرەوەی هەرێم و خوار دەوڵەت" بێت و، ئەم دۆخە لەناکاو دروستنەبوو، بگرە زۆر لە پەیمان و یاساکانی پێشوو باسی پەیوەندیی نێوان ڕژێمەکانی ئەوسای عێراق و کوردستانی عێراقیان کردووە. ئەوەتا پەیماننامەی سایکس - پیکۆ و پەیماننامەی لۆزان و ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەستن بە عێراق و بە (کۆمەڵەی گەلان) سپێردراون و دەستووری کاتیی عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، کە دەڵێت کورد و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن و، ڕێککەتننامەی 11ی ئاداری 1970 و یاسای ئۆتۆنۆمیی ئاداری 1974، هەموویان نموونەی ئەمەن.

بەڵام یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناخی ڕاگوزەر کە ساڵی 2004 دەرچوو، دەرگایەکی فرەوانی بۆ دوو بابەتی گرنگ لە عێراقدا کردەوە: یەکەمیان، بەردی بناخەی فیدراڵی عێراقی دانا و دانی بە هەرێمی کوردستان دانا (دواتر بەیەکجارەکی لە دەستووری 2005دا دانی پێدانرا) وەک هەرێمێکی خاوەن بوونی یاسایی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا. دووەم، دەرگەی بەڕووی دروستبوونی هەرێمی دیکە لە عێراقدا کردەوە کە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە گوتی: "سیستمی حوکمڕانی لە عێراق کۆماری فیدراڵیی دیموکراسیی فرەییە و دەسەڵات تێیدا لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا و شارەوانی و بەڕێوەبەرییە

خۆجێیەکانـدا بەشـدەکرێت و، سیسـتمی فیـدراڵ لەسـەر فاکتـە جوگرافیایـی و مێژووییـەکان و جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان بنیاتدەنرێـت، نـەک لەسـەر بنەمـای بنـەوان یـان نـەژاد یـان نەتـەوە یـان ئاییـنزا"[11] .

پـاش دەرچوونـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی سـاڵی 2005، سیسـتمی فیـدراڵ یەکێـک لـە کۆڵەکـە بنەڕەتییەکانـی ئـەو دەسـتوورە بـوو و، لـە مـاددەی یەکەمیـدا دەڵێـت: "کۆمـاری عێـراق یـەک دەوڵەتـی فیدراڵـی سـەربەخۆی خـاوەن سـەروەری تـەواوە و سیسـتمی حوکمڕانـی تێیدا کۆمـاری پەرلەمانـی دیموکراسـییە و ئـەم دەسـتوورە زامنـی یەکپارچەیـی عێراقـە". جگـە لەمـە، دەسـتوور بەشـی سـێیەمی خـۆی بـۆ دەسنیشـانکردنی دەسـەڵاتە فیدراڵـەکان تەرخانکـردووە، هەروەهـا دانـی بـە پێکهێنانـی "هەرێمـی کوردسـتان"دا نـاوە کـە بـە کردەنـی پێـش پەسـەندکردنی دەسـتوورەکە و لـە سـەردەمی رژێمـی پێشـووەوە پێکهاتبـوو، ئەویـش بەپێـی مـاددەی 117 کـە دەڵێـت: "یەکـەم: لەکاتـی بەرکاربوونییـەوە، ئـەم دەسـتوورە هەرێمـی کوردسـتان و دەسـەڵاتەکانی ئێسـتای بـە هەرێمێکـی فیـدراڵ ئەژمـار دەکات. دووەم: ئـەم دەسـتوورە دان بـەو هەرێمـە نوێیانـە دادەنێـت کـە بەپێـی حوکمەکانـی پێکدێـن"، واتـە دەسـتوور فیدراڵـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا قەتیـس نـاکات و رێگـە بـە دروسـتبوونی هەرێمـی نـوێ لـە عێـراق لـە داهاتـوودا دەدات و مافـی بـە هـەر پارێزگایـەک، یـان زیاتـر لـە یـەک پارێـزگا، دەدات هەرێـم پێکبێنێـن بەپێـی مـاددەی 119 کـە دەڵێـت: "هـەر پارێزگایـەک یـان زیاتـر بۆیـان هەیـە هەرێـم دروسـتبکەن لەسـەر بنەمـای ئەنجامـی گشتپرسـی لەسـەری، بـە یەکێـک لـەم دوو رێگەیـە: یەکـەم: لەسـەر داوای سـێیەکی ئەندامانـی ئەنجوومەنـی هـەر یەکێـک لـەو پارێزگایانـەی بەنیـازن هەرێـم پێکبێنـن. دووەم: لەسـەر داوای دەیەکـی دەنگدەرانـی هـەر یەکێـک

لـەو پارێزگایانـەی بەنیـازن هەرێـم پێکبێنـن". مـاددەی 118ی دەسـتووریش بـاس لـە پێویسـتیی دەرچوواندنـی یاسـایەک دەکات بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕێـکارە جێبەجێکارییەکانـی پێکهێنانـی هەرێمـەکان دەکات و دەڵێـت: "ئەنجوومەنـی نوێنـەران لـە ماوەیەکـدا کـە شـەش مانـگ لـە یەکەمیـن دانیشـتنی خـۆی تێنەپەڕێـت، یاسـایەک دادەڕێژێـت بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕێـکارە جێبەجێکارییەکانـی پێکهێنانـی هەرێمـەکان و بـە دەنگـی کەمینـەی سـادەی ئەندامانـی ئامادەبـووی دانیشـتنەکە تێدەپەڕێنرێـت" و، بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئـەم دەقـە دەسـتوورییە، ئەنجوومەنـی نوێنـەران یاسـای (ڕێـکارە جێبەجێکارییەکانـی پێکهێنانـی هەرێمـەکان)ی ژمـارە 13ی سـاڵی 2008ی دەرچووانـد و وردەکارییەکانـی ئـەو ڕێکارانـەی تێدابـوو کـە پێویسـتن پارێـزگاکان بـۆ پێکهێنانـی هەرێمێـک یـان چوونـە پـاڵ هەرێمەکانـی دیکـە بیگرنـە بـەر[(12)] .

## بەربەستە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ڕێگر لە جێبەجێکردنی فیدراڵی لە عێراق

زۆر کێشـە و بەربەسـت هـەن هاوشـانی کاروانـی جێبەجێکردنـی فیدراڵـی بـوون لـە عێراقـدا و بەردەوامـن. گرنگتریـن ئـەم کێشـە و ڕێگرانـە بریتیبـوون لـە نەبوونـی پاشـخانی دیموکراسـی لـەلای گشـت عێراقییـەکان و، ئـەو میراتـە قورسـەی سـتەمی سیاسـی و ناوەندێتیـی دەسـەڵات و گەندەڵیـی کارگێـڕی. سـەرباری ئەمانەیـش هێـزی ناوچەیـی هـەن کـە دژی گەشـەی دیموکراسـی و فیدراڵیـن لـە عێراقـدا. هەروەهـا، جگـە لـە هەرێمـی کوردسـتان، پێکهاتـەی کولتووریـی عێراقییـەکان و نەبوونـی دەزگای پێویسـت بـۆ دابینکردنـی

خزمەتگـوزاری لـە هەرێـم و پارێـزگاکان تاوەکـو کارگێڕیـی خۆجێیـان هەبێـت، جێبەجێکردنـی فیدراڵـی سـەخت دەکـەن.

## تایبەتمەندیی فیدراڵییە عێراقییەکە

گرنگتریـن ئـەم کێشـانە هەبوونـی چەنـدان نموونەیـە بـۆ فیدراڵـی و نووسـینی ئـەو دەسـتوورەی دانـی بـە فیدراڵیزمـدا دانـا، لـە نەبوونـی شـارەزایی بـاش بـە کەتـواری عێراقــەوە سـەرچاوەی گرتبـوو و، سـەرباری دەرچوواندنـی یاسـای فیدراڵـی سـاڵی 2008، ناڕوونییەکـی زۆر لەبـارەی میکانیزمـی جێبەجێکردنـی دەسـتوور هەیـە. گرنگتریـن رێگـرەکان بنەمـای بنیاتنانـی فیدراڵییەکەیـە، ئایـا جوگرافیایـی یـان نەتەوەیـی یـان کارگێـڕی یـان ئایینییـە. جگـە لـە کـورد، نەتـەوە و پێکهاتەکانـی دیکـە وایانخوێنـدەوە کـە دەسـتوور تەنیـا رێگـەی بـە دامەزراندنـی فیدراڵییەکـی کارگێـڕی داوە، لەکاتێکـدا کـورد جەختیـان دەکـردەوە کـە فیدراڵییەکـە نەتەوەیـی و جوگرافیاییشـە لـە یـەک کاتـدا. گەلـی عێـراق لـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی پێکدێـت، کـە عـەرەب و کـوردن، شانبەشـانی کەمینەکانـی وەک: تورکـمان و کلـدان و ئاشـووری و ئەرمـەن و شـەبەک، کـە سـەدان سـاڵ لـە پەیوەندیـی پـڕ لـە هەڵکشـان و داکشـاندا بەیەکـەوە ژیـاون، کـە رێککەوتـن و ناکۆکیـی بەخـۆوە دیـوە. لـەڕووی ئایینیشـەوە دابەشـدەبێت بـۆ: موسـڵمان، کریسـتیان، ئێـزدی، جـوو و مەندایـی و، چەندیـن ئاییـنزا کـە دیارترینیـان ئایینزاکانـی ئیسـلامن: شـیعە و سـوننە. ئـەو پرسـیارەی لێـرەدا خـۆی زەقدەکاتـەوە ئەمەیـە: ئایـا فیدراڵـی لـە عێراقـدا لەسـەر بنەمـای نەتـەوە یـان ئاییـن یـان جوگرافیـا بنیاتدەنرێـت و کام لەمانـە لـە بەرژەوەنـدی یەکێتیـی نیشـتمانیی عێراقدایـە؟ وردبوونـەوە لـە شکسـتی

پێکهێنانـی هەرێمـەکان لـە عێـراق (جگـە لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە وەک دێفاکتـۆ خـۆی سـەپاند) پـەردە لەسـەر هەندێـک ئاسـتەنگ و کۆسـپی ڕێگـر لـە جێبەجێکردنـی سیسـتمی فیـدراڵ لـە عێـراق هەڵدەماڵێـت و، توێـژەری عێراقـی محەممـەد جاسـم، بەربەسـتەکان بەمشـێوەیە کـورت دەکاتـەوە:

ئەگـەر بمانـەوێ هەرێمـەکان لەسـەر بنەمـای نەتـەوە پێکبێنیـن و فۆکـەس بخەینـە سـەر دوو نەتـەوە سـەرەکییەکە: عـەرەب و کـورد، ئـەوە دەبـێ تەنیـا دوو هەرێـم دروسـتبکەین، یەکێـک بـۆ عـەرەب و یەکێـک بـۆ کـورد. جگـە لەمـە، تێکەڵیـی نەتـەوە جۆراوجۆرەکانـی عێـراق لـە پێکهاتـەی دانیشـتوواندا ڕەنگـە ببێتـە مایـەی بەریەککەوتنـی لاوەکـی لەنێـوان نەتـەوە بچووکـترەکان (تورکـمان و ئاشـووری) و دوو نەتـەوە سـەرەکییەکە، کاتێـک ئەوانیـش هاوشـێوەی عـەرەب و کـورد داوای مافـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان دەکـەن، ئـەوکات دەکەوینـە گێژەنێکـی دیکـەی فیدراڵـی لاوەکـی یـان ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی لەنێـو هەرێمەکانـدا، سـەرباری داوا یەکدیبڕەکانـی عـەرەب و کـورد سـەبارەت خاوەندارێـی هەنـدێ ناوچـە کـە بـە "ناکۆکـی لەسـەر" نـاسراون و گرنگترینیـان پارێـزگای کەرکـووک و دەشـتی نەینـەوان، کـە لەهەمانکاتـدا دانیشـتووانی تورکـمان و ئاشـووریی عێـراق لەوێـدا چڕبوونەتـەوە. بۆیـە سـێ هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێزگاکانـی عێـراق ئەنجامـدران، بەبـێ ئـەوەی لـە پارێـزگای کەرکووکـدا ئـەو هەڵبژاردنـە ئەنجامبدرێـت، هۆکارەکەیـش ناکۆکـی بـوو لەسـەر ئـەوەی پارێزگاکـە سـەر بـە حکومەتـی فیدرالـە یـان هەرێمـی کوردسـتان و، ناکۆکیـی نێـوان عـەرەب و کـورد و تورکمانـی پارێزگاکـە لەسـەر ژمـارەی دانیشـتووان و ڕاگواسـتراوەکان و ڕێـژەی هـەر نەتەوەیـەک لـە ئەنجوومەنـی پارێزگاکـەدا.

ئەگـەر بمانـەوێ لەسـەر بناخـەی ئاییـن یـان ئایینـزاش بنیاتـی بنێیـن، ئـەوە

زۆرینـــەی موســڵمان لــە عێراقــدا دەبێتــە ڕێگــر لــە جێبەجێکردنــی ئــەم پرۆژەیـە چونکـە زۆرینـەی هـەرە زۆری عـەرەب و کـورد و تورکـمان و شـەبەک موسـڵمانن و، ئەگـەر ڕێککەوتنیـان لەنێوانـدا هەبووایـە پێویسـتی نەدەکـرد لـە عێراقـدا هەرێـم هەبـن، چونکـە داوای پێکهێنانـی هەرێمـەکان بەشـێوەکی سـەرەکی لەلایـەن کوردەوەیـە، کـە زۆرینەیـان موسـڵمانن و، تەنانـەت حیزبـە ئیسـلامییەکانی کوردسـتانیش پشـتیوانی لـە بەهەرێمبـوون و فیدراڵـی دەکـەن. ئینجـا ئەگـەر فیدراڵـی لەسـەر بناخـەی ئایینـزا هەڵچنیـن، ئـەوە هەرێمێکـی شـیعەمان لـە باشـوور و نێوەڕاسـت دەبێـت و یەکێکـی سـوننە لـە ڕۆژئـاوای وڵات و، بەغـدا دەبێتـە فیدراڵییەکـی فـرە ئینتیـمای نەتەوەیـی و ئایینـی و ئایینزایـی و، ڕەنگـە ناکۆکـی لەسـەر بەغـدا زۆر لـەوەی لەسـەر کەرکووکـە تووندتـر بێـت، چونکـە عەرەبـی سـوننە بەغـدا بـە بەشـێکی هەرێمەکـەی خۆیـان دەزانـن و عەرەبـی شـیعە دەڵێـن بەغـدا پایتەختـی عێراقـە و بەشـێکە لــە مێــژووی ئــەوان، تەنانــەت کــورد و تورکمانیــش لــە عێراقــدا بەســەر ســوننە و شــیعەدا بــەش بوونــە و ئەمــە دەبێتــە مایــەی جیــاوازی ئینتیــمای ئایینـی لەنێویانـدا و، ڕووداوەکانـی پـاش 10ی حوزەیرانـی 2014 لـە مووسـڵ و گەیشــتنی داعــش بــە مووســڵ و ســەلاحەدین پێشــانیدا چــۆن داعــش و هاوکارانــی دەســتیان دایــە کوشــتنی هــەزاران ســەرباز و ســیڤیلی عێراقــی لەسـەر بنەمـای ئایینـزا و، مـاڵ و مەزارگـە ئایینییەکانـی شـیعەیان لـە مووسـڵ و هەنـدێ ناوچـەی سـەلاحەدیندا خاپـوور کـرد. جیاکاریـی ئایینزایـی تەنانـەت کەوتـە نێـو ڕۆڵەکانـی یـەک نەتـەوەش، وەک عـەرەب و تورکمانـی سـوننە و شـیعە و، بەشـێک لـە ئەندامانـی سـوننەی خێڵێـک چوونـە پـاڵ داعـش و بەشـێکی دیکـەی هەمـان خێـڵ، کـە شـیعە بـوون، کـوژران و ڕاگواسـتران و دەربەدەرکـران.

سەرباری ئەمەش ئێستا گرفتی نەبوونی کادیری شیاو بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان هەیە، وەک بەرهەمی شکستی ئەزموونی ئێستای بەڕێوەبردنی پارێزگاکان، کە لایەنی نەشیاو بۆ سەرکردایەتیی پارێزگاکانی هێنایەپێشەوە و هەندێککەسی نیوە خوێندەواری بێ زانست و شارەزایی لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکان جڵەویان کەوتە دەست. ئەمەش بووە هۆی شکستی زۆر و ڕەنگدانەوەی ئەو شکستانە لە گشت پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و خزمەتگوزاری و حکومەتی ناوەندیان لاوازکرد و هێزی بڕیاردانیان پێی نەهێشت و، ئەمەش بووە هۆکاری تەشەنەسەندنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و دزینی ماڵی گشتی و، ئەو دزییە زۆرانەی لە داهاتی نەوت لەلایەن ئەوانەی دەسەڵاتی بڕیاردەریان بەدەستەوەیە بەبێ ئەوەی بتوانرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کە هەموویان بەڵگەی ئەو هەڵدێرانەی دۆخی عێراقن.

ئەو دۆخە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەی عێراقی گەمارۆداوە عێراقی کردە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی ململانێی نێوان وڵاتانی ناکۆک لەسەر بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیا و، دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، وەک ئێران و سعودیە و تورکیا. لە کەس شاراوە نییە، سەرباری قەبارەی کاریگەریی ئەمریکا لەسەر بڕیاری سیاسی لە عێراق، لەوانەیە ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتانە لەنێو عێراقدا بەشێوەیەکی مەترسیدار کار بکاتە سەر بنەماکانی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق، چونکە دەبێتە مایەی زاڵبوونی هەر یەکێك لە وڵاتانی ناوچەکە بەسەر ئەو هەرێمەدا کە لەڕووی بەرژەوەندی لێیەوە نزیکە و ئەمەش هەڕەشەیە بۆ یەکێتیی عێراق.

زاڵبوونی هەندێک لایەن بەسەر کارگێڕی پارێزگاکاندا (کە لایەنی

ئیسـلامین) بـووە مایەی پەکخسـتنی رای جیـاواز و پەراوێزخسـتنی ئەوانیدیکە، چونکـە باڵادەسـتی بەپێـی ژمـارەی کورسـییە، وایکـرد تاکلایەنانـە بڕیاربدرێـت، جـا هــەر جــۆرە بڕیارێــک بێــت و، دەبــوو ئەوانیدیکــە بکەونــە شــوێنیان و بــە بۆچوونەکانــی ئــەوان قایــل بــن، ئەمــەش بــووە هــۆی تەشەنەسـەندنی گەندەڵـی دارایـی و کارگێـڕی، لەبـەر نەمانـی توانـای لێپێچینـەوە لـە دزەکان، ئەمـەش لـە پرۆسـەکانی بەقاچاخبردنـی نەوت و دەسـتگرتن بەسـەر پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنــەوە، کــە دەدرانــە هاوکارانــی ئــەو لایەنانــە و قازانجەکانیــان لەگـەڵ دابەشـدەکران، بـەڵام لەنێـو چوارچێـوەی یاسـایی هەندێـک رێچکـەوە کـە شـارەزایانی ئـەو بوارانـە دەیزانـن، بەمـەش چینێکـی نوێـی بەڵێنـدەری پەراوێـز دەرکەوتـن کـە قازانجەکانیـان لەگەڵیانـدا بەشـدەکرد، بەبێئـەوەی کار بکـەن. تەنانـەت کار لـە هەنـدێ پارێـزگادا گەیشـتە بـازدان بەسـەر ئەندامانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـە ئەنجوومەنـی پارێزگاکانـدا و دەرکردنـی بڕیـاری تاکلایەنـە. چونکـە ژمـارەی ئەندامانـی لایەنـی زاڵ، بەشـی تەواوکردنـی ژمـارەی یاسـایی بـۆ دەرکردنـی بڕیـاری دەکـرد، ئەمـە لـە پارێزگاکانـی باشـوور و رۆژئـاوا زۆر باوبـوو و هیـچ پارێزگایەکـی لـێ بـەدەر نەبـوو.

بیرۆکــەی پێکهێنانــی هەرێــم لــە عێراقــدا گرنگیــی پێویســتی پێنــەدرا لــە هــزری دەسـتەبژێری سیاسـیی عێراقـدا و، ئـەو دەسـتەبژێرە بـە جیـدی و وەک رێگەچارەیەکـی پێشـنیازکراو بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە سیاسـییەکانی عێـراق تەماشـای نەکـرد، ئەمـەش بەهـۆی دۆخی ناسـەقامگیری زاڵ بەسـەر وڵاتەکەوە بـوو کـە خـۆی لـە نەبوونـی فەلسـەفەیەکی سیاسـیی روون دەبینییـەوە کـە سیسـتمی سیاسـی عێراقـی لەسـەر بنیاتنرابێـت. نەبوونـی هـۆکارە پێویسـتەکان بـۆ سـەرکەوتنی سیسـتمی فیـدراڵ لــە عێراقــدا، ســەقامگیریی ئەمنــی و سیاســی، شانبەشــانی هەبوونــی ململانــێ و کێشــەی ســنوور و کارگێــڕی

لەنێــوان پارێزگاکانــی عێراقــدا و، نەبوونــی دیدێکــی روون و تۆکمــە بــۆ چۆنیەتیــی بەڕێوەبردنــی هەرێمــە پێشــنیازکراوەکان و، شــێوازی دابەشــکردنی دەســەڵات لەنێــوان حکومەتــی فیــدراڵ و حکومەتــە خۆجێییــەکان، وایانکــرد تەنیــا بیرکردنــەوە لــە بنیاتنانــی سیســتمی فیــدراڵ وەک رۆیشــتن بــەرەو نادیــار دەربکەوێــت.

سرووشــت و دیمەنــی سیســتمی فیدراڵیــی شــیاو بــۆ جێبەجێکــردن لــە عێراقدا، لای زۆرینــەی زۆری عێراقییــەکان نادیــار و ناڕوونــە، لەبــەر هەســتیاریی دۆخــی سیاســی و ئاڵۆزییەکانــی پرۆســەی سیاســی، کــە تائێســتا بەدەســتی تەنگــژەی یــەک لــەدوای یــەک و نەبوونــی متمانــە لەنێــوان پێکهاتەکانــی گەلــی عێــراق دەناڵێنێــت. بۆیــە چەندیــن پرســیار لەبــارەی شــێوەی سیســتمی فیدراڵیــی گونجــاو بــۆ عێــراق ســەریانهەڵدا: ئایــا لەســەر بنەمــای نەتەوەبێــت یــان ئایینــزا یــان جوگرافیــا یــان کارگێــڕی؟

لاوازیــی حکومەتــی ناوەنــد و ناکارایــی دامەزراوەکانــی و دەستەوەســتانیان لەئاســت ســەپاندنی دەســەڵات بەســەر گشــت ئــەو هەرێمانــەدا کــە رەنگــە پێکبێــن، لەپــاڵ هەبوونــی مەیلــی ســەربەخۆیی لــەلای هەنــدێ لایەنــی عێراقــی، بەتایبەتــی کــورد، جێبەجێکردنــی فیدراڵیزمیــان بەشــێوەیەک کــە زامنــی هاوســەنگیی دەســەڵات لەنێــوان حکومەتــی ناوەنــد و حکومەتــی هەرێمــەکان، وەک ئــەوەی لــە ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا هەیــە، ســەختکرد و، بەمــەش ئــەوەی روودەدات فیدراڵییەکــی لــەرزۆک و لاواز دەبــێ، دەوڵەتــی فیــدرال تێیــدا کۆڵەکەکانــی دەوڵــەت لەدەستدەدات، بەتایبەتــی لــە بوارەکانــی بەرگــری و کاروبــاری دەرەوە و دارایــی و ئاسایشــدا.

پێکهێنانــی هەرێمــەکان پێویســتی بــە دامەزراندنــی ئەنجوونــی یاســادانان و حکومەتــە خۆجێییــەکان و وەزارەت و نوێنەرایەتــی لــە دەرەوە و دەزگای

ئەمنیی تایبەت بە هەر هەرێمێکە، ئەمەش خەرجییەکی دارایی زۆرتری پێویستە و دەبێتە مایەی ماندووکردنی بودجەی گشتیی دەوڵەت، لەکاتێکدا سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی عێراق، واتە نەوت، لە پاشەکشەی بەردەوامدایە و هەڕەشەی دارمان لە ئابووری عێراق دەکات.

سەرچاوەی تێبینیی مەرجەعیەتی ئایینی لە نەجەف لەسەر پێکهێنانی هەرێمەکان دیدگە تایبەتەکەیەتی، کە مانەوەی عێراق لە دۆخی دەوڵەتی سادەی بەلاوە پەسەندترە لەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی ئاوێتە. گوتاری ئەو مەرجەعیەتە بریتییە لە هاننەدانی هەر هەنگاوێکی رێخۆشکەر بۆ دابەشکردنی عێراق و، کاریگەری مەرجەعیەتی ئایینی بەسەر دەستەبژێر و حیزبە سیاسییەکان و کۆی جەماوەر بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی خۆبەدوورگرتنەکەی لە بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمەکان ببێتە رێگری سەرەکی لە جێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵ لە عێراقدا [13].

لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی هاوبەشدا، دوو توێژەری عێراقی بە ناوەکانی نەجم عیدان و حوسام شوکور، بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە رێگرەکانی بەردەم جێبەجێکردنی فیدراڵی دەخەنەڕوو و دەڵێن رێگری یاسایی و سیاسیش هەن. پێدەچێت بابەتی پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا کاتی زۆر بکێشێت پێش ئەوەی ئەو پارێزگایانەی دەیانەوێت ببنە هەرێم بتوانن ئەو ئامانجە بەدیبێنن، ئەمەش لەبەر ئەم رێگرە یاساییانەیە کە رووبەڕوویان دەبنەوە:

یەکەم: کێشەی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی نەینەوا و دیالە و سەلاحەددین و ئەنبار و کەربەلا، چونکە دادگای فیدراڵ لە لێکدانەوەیەکی پێشوویدا بۆ بابەتی ئارەزووی پارێزگای کەرکووک بۆ بوونە هەرێم، رای دادگەکە بریتیبوو لەوەی کە ناکرێت پارێزگاکە ببێتە هەرێم، لەبەرئەوەی

ناوچەیەکـی کێشەلەسـەرە و مـاددەی 140ی دەسـتوور دەیگرێتـەوە. بـە پشتبەستن بـەم لێکدانەوەیـە، ئـەم پارێزگایانـە بـە ئەنباریشـەوە، کـە ناوچـەی کێشەلەسـەری لەگـەڵ کەربـەلای تێدایـە، ناتوانـن ببنـە هەرێـم، چونکـە ئـەو ماددەیـەی دەسـتوور دەیانگرێتـەوە. ئاڵنگاریـی دیکـەی نێوخۆییـش هـەن، خۆیـان لـە هەڵوێسـتی فراکسـیۆنەکان و حیزبـە سیاسـییەکان لـە بەرامبـەر فیدراڵـی دەنوێنـن.

عێـراق بـە دەسـتوور دەوڵەتێکـی فیدراڵـە و، دەسـتووری 2005ی عێـراق ئەمـەی چەسـپاندووە و، یاسـای پێکهێنانـی هەرێمەکانیـش پەسـەندکرا، بەناوی یاسـای رێـکارە جێبەجێکارییەکانـی تایبـەت بـە پێکهێنانـی هەرێمـەکان، ژمارە 13ی سـاڵی 2008. بـەڵام دۆخەکـە شـتێکی دیکـە دەڵێت و، بەشـێک لـە حیزبە دەسترۆیشـتووەکانی دەسـەڵات باوەڕیـان بـە فیدراڵـی نییـە و پەسـەندکردنی دەسـتوور لەلایـەن ئەوانـەوە سـەپێندراوی واقیـع بـوو، لەبەرئـەوە دەبینیـن بـە بیانـووی جۆراوجـۆر و بەبـێ هیـچ بناخەیەکـی دەسـتووری و یاسایی، لـە بابەتـی بانگەشـە بـۆ ئـەوەی پێکهێنانـی هەرێمـەکان هەڕەشـەیە بـۆ یەکێتـی عێـراق یـان هێشـتا کاتـی جێبەجێکردنـی فیدراڵـی نییـە و چەندیـن بیانـووی دیکـە، تەگـەرە دەخەنـە رێگـەی هـەر خواسـتێکی پێکهێنانـی هەرێـم لـە عێـراق. لەبەرئەمەیـش لـە عێراقـدا هیـچ هەرێمێـک نییـە جگـە لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە ئەویـش پێـش نووسـینی دەسـتوور و لەکاتـی نووسـینیدا هەبـوو. هـەر ئەمـە وادەکات ئـەو داوایانـەی بەپێـی رێـکاری دەسـتووری بەمەبەسـتی پێکهێنانـی هەرێم پێشکەشـدەکرێن بـۆ پەرلەمـان بەرزنەکرێنەوە. سـەرکردەکانی عێـراق، بەتایبـەت بەڕێـز نـووری مالیکـی، لـە مـاوەی سـاڵانی 2006-2014دا هەوڵیـدا هەمـوو دەستپێشـخەرییەک بـۆ پێکهێنانـی هەرێـم کـە لەلایـەن پارێزگاکانـی باشـوور و نێوەڕاسـتی عێراقـەوە، کـە ئاراسـتەی

ئـەو کـران، زیندەبەچـاڵ بـکات. کاردانـەوەی نـووری مالیکـی بریتیبـوو لـە دەسـتگرتن بەسـەر وەزارەتـە سـەرەکی و سیاسـی و سیاسـەتە ئابـووری و ئەمنییەکانـدا لەڕێگـەی پێکەوەگرێدانـی هەوڵەکانـی وەزارەتـی نـەوت لەگـەڵ داڕشـتنی سیاسـەتەکانی پەیوەسـت بـە وزە و ئـەو پارەیـەی بەغـدا بـۆ ناوچـەکان و پارێـزگاکان خەرجیـدەکات، بەتایبـەت ئەوانـەی پەیوەندییـان بـە نەوتـەوە هەبـوو. هەرێمـی کوردسـتان هەوڵـی ئەوەشـیدا کـە دانوسـتاندن لەسـەر هەندێـک دەسـتەواژە لەگـەڵ عەرەبـی سـوننەی پلەبـاڵا بـکات، وەک سـەرۆکی پەرلەمـان، ئوسـامە نوجەیفـی، لەپێنـاو چارەسـەرکردنی ئـەم بابەتانـە و سـنووردانان بـۆ ئـەو هەڵسـوکەوتە تاکلایەنانـەی سـەرۆکوەزیران، نـووری مالیکـی.

مالیکـی توانـی هەوڵەکانـی دەرچوواندنـی یاسـاکانی پەیوەسـت بـە وزە و نـەوت بخنکێنێـت، بەتایبەتـی یاسـای نـەوت و گاز، کە خواسـتێکی دەسـتوورە، لەکاتێکـدا دەکـرا ئـەو یاسـایە زۆر لـە تەگەرەکانـی نێـوان بەغـدا و هەولێـر نەهێڵێـت و جێبەجێکردنـی فیدراڵـی وەک سیسـتمێکی سیاسـی ئاسـان بـکات. مالیکـی و لـەدوای ئـەوەوە عەبـادی، هەمـان ڕێچکەیـان بەرامبـەر ڕەزامەنـدی دەربڕیـن لەسـەر دەرچوواندنـی یاسـای پاسـەوانی نیشـتمانی، کـە نوێنەرانـی سـوننە لـە پەرلەمانـی عێـراق داوایـان دەکـرد، گرتەبـەر. ئەوەبـوو هەوڵەکانـی چاکسـازی لەلایـەن عەبادییـەوە نەیانتوانـی دڵـی سـوننە ڕازی بکـەن و، پـاش یـەک سـاڵ لـە حوکمڕانییەکـەی ڕێـژەی ئـەو سـوننانەی پێیـان وابـوو حکومەتەکـەی ئـەم زیاتـر لـەوەی مالیکـی لـە خەمـی هەمووانـە، 50%ەوە لـە کانوونـی یەکەمـی 2014، بـۆ 36% لـە ئـاب و ئەیلوولـی 2015دا دابـەزی. سـەرباری ئـەوەش 58%ی سـوننە ئەوەیـان خسـتەڕوو کـە بەشـێوەیەکی نادادوەرانـە لـە حکومەتەکـەی عەبادیـدا نوێنەرایەتـی کـراون[14] .

هەروەهــا تاوەکــو ســاڵی 2020 ئــەو ئەنجوومەنــە فیدراڵــەی دەســتوور داوایکردبــوو پێکنەهــات و، جەختکرایە ســەر چڕکردنەوەی گشــت دەســەڵاتەکان لــە دەســەڵاتی جێبەجێــکاری بەغــدادا. ئەمــەش هــۆکار بــوو بــۆ دواخســتنی چاکســازییەکان و پرۆســەکانی گەشــەپێدان. ئــەم قەتیســکردنی دەســەڵاتە لــە دەســتی دەســەڵاتی جێبەجێــکاری ناوەنــدەوە بــووە مایــەی ئــەو گەندەڵییــەی جەســتەی دەوڵەتــی تەنییــەوە و عێراقــی کــردە یەکێــک لــە گەندەڵتریــن وڵاتانــی جیهــان. هــۆکاری ناوچەیــی بــە کاریگەرتریــن هــۆکار دەژمێردرێــت و، ئاشــکرایە وڵاتانــی دراوســێ، وەک تورکیــا و ئێــران، بــە ئاشــکرا و بێ پــەردە دەســتوەردەدەن و، ســەرکردەکانیان رایدەگەیێنــن کــە فیدراڵــی پەســەند ناکــەن، لەبەرئــەوەی هەڕەشــەیە بــۆ ئاسایشــی نیشــتمانی وڵاتەکانیــان[15].

ســتیفانی ترۆفینیــۆ، کــە لێکۆڵینڤانــە لــە ناوەنــدی واشــنتن بــۆ لێکۆڵینــەوەی ســتراتیژی، پێیوایــە حیزبــە ســوننە و شــیعەکانی عێــراق راســت ناکــەن کاتێــک پێشــنیازی پێکهێنانــی هەرێــم دەکــەن، لەبەرئــەوەی ســەرکردەکانیان دەســتەبژێرێکن تەنیــا هەوڵــی بەدەســتهێنانی دەســکەوتی کەســی و لایەندارانــەی بەرتەســک دەدەن، لەڕێــی هاندانــی تایفەگــەری و ناوچەگــەری و نەتەوەپەرســتییەوە و، جاربەجــار وەک پاڵەپەســتۆیەکی سیاســی و بــە پاڵنــەری حیزبــی یــان بــە فیتــی هێزێکــی ناوچەیــی هەڕەشــەی پێکهێنانــی هەرێــم لــە حکومەتــی ناوەنــد دەکــەن. ســتیفانی دەڵێــت: "لەوانەیــە گریمانەی ســەلامەت ئەوەبــێ کــە یاریکــەرە سیاســییە عێراقییــەکان پاراســتنی ئــەم دۆخــەی ئێســتای عێراقیــان بــەلاوە باشــتر بێــت، کــە تێیــدا عێــراق دەوڵەتێکــی ناڕوونــە و وروژاندنــی هەســتی تایفەگــەری و خێڵەکــی و نەتەوەیــی و پیشــکەوتنی جوگرافیایــی و دەســکەوت، بــە شــەڕ لــەدژی دووژمنێکــی هاوبــەش کــە داعشــە، بۆیــان ئاســانتر دەبێــت. بــەڵام ئایــا ئەمــە دەخوازێــت دەســتبگیرێت

بـە جێپەنجـەی داعشـەوە لـە عێراقـدا، وەک تاکتیکێکـی گوشـار بەدەسـتی ئـەو یاریکەرانـەوە؟ وەڵامەکـە ئەمەیـە: تاوەکـو ئەوکاتـەی عێـراق وەک ئێسـتا مابێتـەوە گشـت ئەگەرێـک چاوەڕوانکـراوە".

شـیعە لـە باشـوور داوای "ناوچـەی فیدراڵـی سـۆمەر"یان دەکـرد[16]، پاڵنەرەکەیـان بـۆ ئەمـە هیـوای سـەپاندنی دەسـەڵاتیان بەسـەر سـەرچاوە سـەرەکییەکانی داهاتـی عێراقـدا بـوو، واتـە نـەوت. هەرچەنـدە چەمکەکـە بـۆ زۆرینـەی شـیعە سـەرنجڕاکێش بـوو، بـەڵام تـرس لـە بەرتەسـکبوونەوەی ناوچـەی دەسـەڵاتی تایفەکـە و پابەندیـی فەرمییـان بـە ئێرانـەوە، بـۆ زۆرینەی شـیعە گرنگـن، بەتایبەتـی ئەوانـەی دژبـەری ئێرانـن. بەشـێک لـە شـارەزایانی ڕۆژئاوایـی پێشـنیازیان کـرد کـە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سـوننەی پشتبەسـتوو بـە هاوپەیمانانـی ناوچەیـی و وڵاتانـی ئەنجوومەنـی هاوکاریـی کەنـداوی دەوڵەمەنـد بـە نـەوت تەنیـا ڕێگەیـە بـۆ بەزاندنـی داعـش و ڕازیکردنـی سـوننەی هیوابـڕدراوی عێـراق. ئـەم داوا و پێشـنیاز و هەڕەشـانە، گشـتیان لـە چوارچێـوەی ئـەو پاڵەپەسـتۆ سیاسـییانەدا دەمێننـەوە کـە سیاسـییە عێراقییـەکان زۆر بـە خراپـی مامەڵەیـان پێیانـەوە دەکـرد، بەبـێ هەبوونـی نیـازی جیـددی بـۆ جێبەجێکردنیـان لـە کەتـواردا"[17].

فۆرمێکـی زەق هەیـە بریتییـە لـەوەی لایەنـە سـوننە و شـیعەکان ئـەم داوایـە وەک کارتـی گوشـار بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـی سیاسـی بەکاردەهێنـن، ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی و حیزبـی دەعـوە و ڕەوتـی سـەدر چەنـد جارێـک ئەمەیـان کـرد. ئەوەبـوو ڕەوتـی سـەدر کـە سـەرەتا چـووە پـاڵ دژبەرانـی یاسـای فیدراڵـی و هەرێمـەکان، لەسـەردەمی حکومەتەکـەی ئەیـاد عەلـلاوی باسـی بیرۆکـەی دابڕینـی باشـووری عێـراق (بـەسرە، ناسرییـە و عیـمارە)ی کـرد کـە سـەلام مالیکـی (یەکێـک لـە سـەرکردەکانی ڕەوتـی سـەدر)

ئـەوکات پارێـزگاری بـەسرە بـوو و نوێنـەری موقتـەدا سـەدر بـوو لـەوێ لـە 2004دا باسـی جیاکردنـەوەی ئـەو پارێزگایانـەی لـە عێـراق کـرد و، دوای ئـەوە شـوێنکەوتووانی سـەدر، لـە مـاوەی کێشـە بەنێوبانگەکـەی نەجەفـدا، دەسـتیان دایـە بانگەشـەکردن بـۆ فیدراڵـی باشـوور و، ئـەوکات دەسـەڵاتی ئەمریکایـی لـە عێراقـدا پشـتیوانی حکومەتـی عەلـلاوی بـۆ لەنێوبردنـی سـەدر و رەوتەکـەی دەکـرد. لـەم دواییانەیشـدا و پـاش ئـەوەی هاوپەیمانـی نیشـتمانیی شـیعە تاکلایەنـە بڕیـاری دەرکردنـی هێزەکانـی ئەمریـکای لـە عێـراق دەرکـرد، سـەرکردەکانی هاوپەیمانـی نیشـتمانیی سـوننە لـە وڵاتێکـی کەنـداودا کۆبوونـەوە و باسـی فیدراڵییـان کـرد ئەگـەر لایەنـە شـیعەکان کارێکـی تاکلایەنـە بکـەن[18] . ئەمـە ئەگـەر بەڵگـەی شـتێک بێـت، بەڵگـەی ئەوەیـە کـە لایەنەکانـی نێـو پرۆسـەی سیاسـی عێـراق لـە 2003ەوە جیددیانـە لـە فیدراڵـی نارِوانـن.

حـەزی مالیکـی و حیزبـی دەعـوە لـە سـەپاندنی هەژموونـی خۆیـان و قۆرخکردنـی دەسـەڵات، لەڕێگـەی لاوازکردنـی دامەزراوەکانـی دەوڵـەت و دانانـی لایەنگرانـی خۆیـان لـە دەزگا سـەربازی و ئەمنـی و دادوەرییـەکان، گشـت هەلێکـی دامەزراندنـی فیدراڵـی لـە عێراقـدا لەنێوبـرد. ئەوەبـوو مالیکـی لـە شـوباتی 2011دا بەئاشـکرا رایگەیانـد:

"لـەم کاتـەدا رێگـە بـە دامەزراندنـی هەرێمـی فیـدراڵ نادەیـن، چونکـە دەبنە مایـەی لەتوپەتکردنـی عێـراق و پەلەکـردن لـە گەیشـتن بـە فیدراڵـی لـەم دۆخـەدا خراپـە و، خەڵـک و وڵات رووبـەڕووی کۆمەڵێـك کێشـە دەکەنـەوە کـە پێویسـت نیـن" و، پێیوابـوو "دۆخـی ئێسـتا بـۆ دروسـتکردنی هەرێمـی فیـدراڵ گونجـاو نییـە، لەبەرئـەوەی رەنگـە فیدراڵـی دەروازەیـەک بێـت بـۆ شـەڕی نێوخۆیـی و پەکخسـتنی ئـەو خزمەتگوزارییانـەش کـە هـەن"[19] .

لـە سـەرەتاکانی 2011دا، بزووتنـەوەی ناڕەزایـی "بزووتنـەوەی گەلێـری" لـە ناوچەکانـی سـوننەدا سـەریهەڵدا، کـە بـە جۆرێـک پەیوەندیـان بـەو "بەهـاری عەرەبی"یـەوە هەبـوو، کـە بەشـێوەیەکی بەرفـراوان ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی گرتـەوە. چالاکڤانـە سـوننە عێراقییـەکان هەسـتیان بـە سـتەم دەکـرد، لەبەرئـەوەی سـەرکردەکانیان کرابوونـە ئامانـج، خوازیـاری نوێنەرایەتییەکـی باشـتربوون لـە بەغـدا. بـەڵام بەهـاری عەرەبـی لـە عێراقـدا بـە توونـدی سـەرکوتکرا و، لـەوەش مەترسـیدارتر ئـەوە بـوو کـە بـە "تیرۆریسـت" و "یاخـی"ی پەیوەسـت بـە ڕێکخـراوی قاعیـدەوە نـاوزەد کـران. زۆریـان گومانـی تێـوەگلان لـە تیرۆریـان خرایەسـەر و بـەرەو بنکـەی نهێنیـی لێپێچینـەوە لـە ناوچـەی سـەوزی بەغـدا ڕاپێچکـران، کـە (ئەحمـەد)ی کـوڕی مالیکـی خـۆی سەرپەرشـتیی گرتـن و ئەشـکەنجەدانی دەکـردن. ئـەم سـەرکوتکردنەی بزووتنـەوەی ناڕەزایـی، تەنگـژەی نوێنەرایەتیـی خەسـتتر کـرد، کـە لـە شـەقامی سـوننەدا تەشـەنەی دەکـرد.

هەڵمەتەکـەی مالیکـی بـۆ بەناوەندیکردنـی دەسـەڵات بـەرەو پەکخسـتنی پەرلەمانیـش باڵـی کێشـا، کـە تەنیـا دامەزراوەیـە دەتوانـێ ڕاسـتەوخۆ و لەڕێی ئەندامانـی هەڵبژێردراویـەوە دەربـڕی خەمەکانـی هاونیشـتمانیان بێـت. چالاکڤانێکـی سـوننە بـۆ نووسـەری ئـەو لێکۆڵینەوەیـەی ڕوونکـردەوە کـە مالیکـی لـە مـاوەی هەشـت سـاڵی حوکمڕانیـدا تەنیـا یەکجـار هاتـە بـەردەم پەرلەمـان. سـەرباری ئەمـەش، لـەو تاقـە جـارەدا مالیکـی خـۆی پرسـیاری ئاراسـتەی پەرلەمـان دەکـرد. لەسـەردەمی عەبـادی جێگـرەوەی مالیکیشـدا دۆخەکـە باشـتر نەبـوو، هەرچەنـدە پشـتینەیەکی پەرلەمانـی هەبـوو. لەبەرئـەوەی نوێنەرانـی سـوننە لـەوە دڵنیابـوون کـە بڕیـارە جێبەجێکارییەکانی عێـراق لـە پەرلەمانـەوە دەرناچـن، بەڵکـو هاوپەیمانیـی نیشـتمانیی عێـراق،

ئـەو لیسـتی هەڵبژاردنـەی لایەنـە سـەرەکییەکانی شـیعەی لەخۆگرتبـوو بـە حیزبـی دەعـوەی حوکمڕانـەوە، ئـەو بڕیارانـە دەدات[20] .

عەلـی مـرادی، نووسـەر، پێیوایـە سـێ هـۆکار تەگـەرەی سـەرەکی سـەر ڕێگەی جێبەجێکردنـی فیدراڵین:

**1 - ئالنگاریی دیموکراسی**

دیموکراسـی بـە گرنگتریـن کۆڵەگـەی پشـتیوانیی سیسـتمی فیدراڵـی دەژمێردرێـت، نـەک هـەر ئەوانـدە، بەڵکـو بـە پێویسـتیی سەرکەوتنیشـی دەژمێردرێـت، لەبەرئـەوەی سیسـتمێکی فیدراڵـی دیکتاتـۆری دوور لـە دەستاودەسـتکردنی ئاشـتییانەی دەسـەڵات و ئازادییە گشـتی و تاکەکەسییەکان و، دوور لـە دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان و پەیوەسـتکردنی تێرمەکانـی دەسـەڵاتداری بـە ژمارەیـەک بابەتـی یاسـادانەری و جێبەجێـکاری و تەنانـەت دادوەریـش لـە چوارچێـوەی تێرمـی دەسـەڵاتداریدا، هیـچ واتەیەکـی نابێـت. جگـە لـەوەی کـە هەبوونی دیموکراسـی توانـای دامـەزراوەکان بـۆ ئەنجامدانی ڕۆڵـی دیاریکراویـان بەشـێوەیەکی گونجـاو لەگـەڵ داخوازییەکانـی سیسـتمی فیـدراڵ، بەهێـز دەکات.

لـە عێراقـدا، سـەرباری تێپەڕبوونـی پـازدە سـاڵ بەسـەر وەرچەرخـان بـەرەو دیموکراسـیدا، هێشـتا عێـراق لـە قۆناخـی گواسـتنەوەدایە و نەگەیشـتووەتە قۆناخـی پتەوکردنـی دیموکراسـی و، هێشـتا زۆر شکسـت لـە ئاسـتە جۆراوجۆرەکانـی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و تەنانـەت دادوەریشـدا بەدیدەکەیـن، سـەرباری ڕەگداکوتینـی بەشبەشـێنە لە جومگـە جۆراوجۆرەکانی دەوڵـەت و کورتهێنانـی سیسـتمی هەڵبـژاردن و تێکەڵبوونـی دەسـەڵاتەکان و تەشـەنەکردنی گەندەڵـی سیاسـی و شـەپڕێویی لایەنـی وەزیفەیـی و کێشـەی

زۆری دیکـەی پێویسـت بـە چارەسـەرکردن بۆئـەوەی بتوانیـن بچینـە نێـو سیسـتمی فیـدراڵ.

## 2 - ئالنگاریی کولتووری و کۆمەڵایەتی

ئـەو گۆڕانـە سیاسـییەی لـە 2003دا روویـدا، گۆڕانێکـی بنەڕەتـی بـوو و کاریگەرییەکانـی جگـە لـە سیسـتمی سیاسـی، سیسـتمە کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کولتوورییەکانیشـی گرتـەوە. ئـەم گۆڕانـە جێپەنجـەی رەشـی بەسـەر کولتـووری گشـتی و تەنانـەت کەسیشـەوە بەجێهێشـت و، سـەرباری بڵاوکردنـەوەی کەشـی دیموکراسـییانە، زۆرینـەی هاووڵاتیـان درک بـە رۆڵـی تەوەرئاسـا و گرنگـی خۆیـان لـە هەڵبژاردنـەکان و چالاکییەکانـی دیکـە نەکـردووە و، ئەمـە بەڕوونـی لـە هـۆکاری بانگەشـەی هەڵبـژاردن یـان دەستنیشـانکردنی کەسـانێک بەپێـی راسـپاردەی سـەرکردەی حیـزب یـان تایفـە یـان نەتـەوەدا دەردەکەوێـت، جگـە لـە بارگاویکردنـی شـەقام و بەکارهێنانـی لەلایـەن هەنـدێ دەسـتەبژێری سیاسـییەوە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـی سیاسـی. لـە سـایەی ئـەم هەمـوو کێشـە زۆرەدا، ناکرێـت سیسـتمێکی فیـدراڵ دروسـتبکرێت، کـە بەرپرسـیاریی گـەورە بخاتـە ئەسـتۆی حکومەتـە خۆجێیـەکان لـە سـایەی کۆمەڵگەیەکـی ناوەندیخـواز لـە هـەردوو ئاراسـتەی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا.

## 3 - ئاڵنگاریی ئابووری

لەبـەر رۆشـنایی دابەشـکردنی جوگرافیایـی و سرووشـتیی هەبوونـی سـەرچاوەکان، کـە وایانکـردووە نـەوت لـە باشـووری عێـراق و هەندێـک شـوێنی باکـووردا هەبێـت، ئەگـەر فیدراڵـی دروسـتبوو و ویلایەتەکانـی

باشـوور جـۆرە سـەربەخۆییەکی داراییـان بەدەسـتهێنا، ئـەوە دەسـت بەسـەر گەورەتریـن پشـکدا دەگـرن، کـە مایـەی ترسـە لـەلای دانیشـتووانی ناوچەکانـی ڕۆژئـاوا و بیابانـەکان، چونکـە گەورەتریـن زەرەرمەنـد ئـەوان دەبـن، ئەمـە سـەرباری جیـاوازی ئابـووری نێـوان ویلایەتـەکان یـان هەرێمـەکان و ئەمەیـش ڕەهەنـدی دیکـەی دەبێـت، کـە ڕەنگـە ببنـە مایـەی هەڵگیرسـانی شـەڕی نێوخۆیـی بـۆ دەسـتگرتن بەپێـی ئـەو توانـا و سـامانانەدا لەکاتـی نەبوونـی ناوەندێکـی بەهێـزدا، هەروەهـا خزاندنـی ئـەم بابەتـە بـۆ نێـو دەسـتووری فیـدراڵ، لـە شـێوەی یاسـایەک، بـەڵام کامەیـە زامنـی جێبەجێکردنـی و، نزیکتریـن نموونـەش ئەوەیـە کـە هەرێمـی کوردسـتان بەشـێک لـە بودجـەی گشـتیی دەوڵـەت دەبـات و هـاوکات ڕێگری لـە گەیاندنـی داهاتـە داراییەکانی خـۆی بـە حکومەتـی فیـدراڵ لـە بەغـدا دەکات.

## 4 - ئاڵنگاریی تایفەگەری

چەنـد جارێـک پـاش 2003، پـڕۆژەی فیدراڵـی خرایـەڕوو، بەتایبەت بانگەشـە بـۆ هەرێمەکانـی نێوەڕاسـت و باشـوور، ئینجـا بـۆ هەرێمـی بـەسرە, دوای ئـەوە هەرێمـی پارێـزگا سـوننەکان یـان پڕۆژەکـەی جـۆ بایـدن کـرا و، زۆربـەی ئـەو پڕۆژانـە لووتیـان بـە لووتـی توخمـی تایفەگەریـدا دەتەقـی، بـەو پێیـەی سرووشـتی ئـەو ناوچانـە زیاتـر بـەلای یەکێـک لـە توخمەکانـی دانیشـتواندا دەشـکێتەوە، بـۆ نموونـە هەرێمـی نێوەڕاسـت و باشـوور شیعە دەبێـت و هەرێمـی ڕۆژئـاوا سـوننە و، هەرێمـی کوردسـتانی کوردیـش خـۆی هەیـە. ئـەم جـۆرە دابەشـکارییە ململانێـی ئایینـی دەورووژێنێـت، کـە لـە هەمـووان مەترسـیدارترە،  بەتایبەتیـش کـە هـۆکاری دەرەکـی بـۆ سـەپاندنی دیدگـەی خـۆی ئامادەیـی بەهێـزی دەبێـت و، ڕەنگـە لەکۆتاییـدا

بکەوینە شەڕێکی بەوەکالەت یان تەنانەت ململانێیەکی ناوچەییش[21].
دکتۆر یەحیا کوبەیسی لەگەڵ مرادیدا لەوەی کە ئاڵنگاریی ئابووری گەورەترین ئاڵنگارییە بۆ فیدراڵیی عێراق هاوڕایە و، دەنووسێت: "بەڵام گرنگترین پرسیار کە هەرگیز نەخراوەتەڕوو ئەمەیە: ئایا دەکرێت باس لە ئەگەری پیادەکردنی نموونەیەکی فیدراڵی راستەقینە لە دەوڵەتێکی رەیعی (Rentier state) دا بکرێت؟ و، ئایا دەکرێت باس لە ئەگەری لاوازکردنی ناوەند لەم جۆرە دەوڵەتەدا بکرێت؟ چونکە لە سۆنگەی چەمکەکەوە دژبەرییەک لەنێوان بیرۆکەی فیدراڵی لەسەر بنەمای لاوازکردنی ناوەند و بەخشینی دەسەڵاتەکانی بە هەرێمەکان لەلایەک و، کەتواری دەوڵەتی رەیعی، کە هەموو کات پێگەی بەهێز بە حکومەتی ناوەند دەدات بەوەی کۆنترۆڵی داهات و دابەشکردنی بەدەستەوەیە، لەلایەکی دیکەوە. لە هەموو ئەو 25 دەوڵەتەی سیستمی فیدراڵی پەیڕەو دەکەن، یەک دەوڵەتی رەیعی نییە کە عێراق لەسەر رێچکەی ئەو بڕوات! لەبەرئەوەش ناوەند دەسەڵاتی بەسەر داهاتی رەیعیدا هەیە، تاقانەیی هەرێمی کوردستانی عێراقیش لێرەدا هەرێمەکەی لە ملکەچی تەواو بۆ ناوەند رزگار نەکردووە. بەڵگەی ئەم راستییەیش ئەو هەنگاوەیە کە حکومەتی فیدرال نای و لە هەردوو ساڵی 2013 و 2014دا بەشە بودجەی هەرێمەکەی بڕی"[22] .

## هەڵوێستی نەرێنیی سوننە بەرامبەر فیدراڵی

سوننەی عێراق سەرەتا و لەبەر چەندین هۆکار کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو، سەرسەختترین بەرگریکەرانی ناوەندێتی و توندترین

دژبەرانــی فیدراڵــی بــوون. هەروەهــا ســوننە گەورەتریــن بەرهەڵســتکاری داننانــی ئەمریــکا بــوون بــە دۆخــە تایبەتەکــەی نەتــەوەی کــورد لــە عێــراق، کە زۆر بــە خێرایــی بــووە مایــەی ڕاگەیاندنــی "هەرێمــی کوردســتان" لــە باکــووری عێــراق، تەنانــەت ڕەتیانکــردەوە لــە ســاڵی 2005 دەنــگ بــۆ دەســتووری بــەرکار بــدەن، لەبەرئــەوەی دەیگــوت کــە پارێزگایــەک یــان زیاتــر مافــی بوونــە هەرێمیــان هەیــە بەپێــی هەندێــک مەرجــی دیاریکــراو. ڕێژەیەکــی زۆری ســوننە لەکاتــی گشتپرســی دەســتووردا ڕەتیانکــردەوە، بــەڵام زۆرینــەی دوو لەســەر ســێی ســێ پارێــزگای عێــراق، کــە 18 پارێــزگان، پێــی قایــل نەبــوون: هــەردوو پارێــزگای ســەڵاحەددین و ئەنبــار بــە زۆرینــە دەنگیانــدا، بــەڵام تەنیــا 55% بــە "نــا" دەنگیــان دابــوو. نەینــەوا – کــە پارێزگایەکــی کــورد و ســوننە و مەســیحییە – بــە ڕێــژەی 12% کورتیهێنــا. بەگشــتی، 78%ی عێراقییــەکان بــە دەســتوورەکە ڕازیبــوون و، پشــتیوانییەکەی گەیشــتە 99% لــە هەنــدێ پارێــزگای شــیعەدا[23].

کاتێــک کــە هاوپەیمانــە سیاســییەکانی حەکیــم ئــەم بابەتەیــان لــە دانوســتاندنەکانی داڕشــتنی دەســتووردا وروژانــد، عەرەبــی ســوننە سەراســیمە بــوون. ئــەوان لەمێژبــوو گومانیــان لــە نیازەکانــی ئێــران هەبــوو و، لــەوەی تیۆکراســی شــیعە نیــازی دەســتتێوەردانی لــە کاروبــاری نێوخۆیــی عێــراق هەیە. ئەوەبــوو، ئەیــاد ســامەڕایی، ئەندامــی دیــاری حیزبە ســوننەکەی عێــراق، گوتی: "شــتەکە خافڵگیرانــە هاتــە بــەر چــاوان". ئــەو لــە لیژنــەی نووســینی دەســتوور بــوو کــە ناچاربــوو بەهــۆی ڕەتکردنــەوەی حکومەتێکــی ناوەنــدی لاواز لەلایــەن ســوننەوە دوا وادەی کارەکانــی بــۆ مــاوەی هەفتەیــەک دوابخــات، ئەو دەڵێــت "لێکدانەوەمــان وابــوو کــە ئێــران لەپشــت ئەمەوەیــە". عێراقییەکانــی پارێــزگا هەژارەکانــی باشــووریش دەیانگــوت کــە دەیانەوێــت زیاتــر کۆنترۆڵــی

سـەرچاوە و داهاتـە خۆجێیەکانـی خۆیـان بکـەن. چونکـە ئـەوان لەسـەر زۆربـەی یەدەگـی وزەی عێـراق دانیشـتوون و شـار و گوندەکانیـان لـە چەنـد دەیەیەکـی مـاوەی حوکمڕانـی ئـەو حکومەتـە یـەک لـەدوا یەکانـەی سـوننە لـە بەغـدا سـەرکردایەتییان دەکـرد بێبەشـکرابوون. سـوننەش لـەوە دەترسـان ئـەم فیدراڵییـەی حەکیـم بانگەشـەی بـۆ دەکات فێڵێـک بێـت بـۆ ئـەوەی ئێـران بـە کردەنـی کۆنترۆڵـی باشـوور بـکات[24] .

سـەرکردەکانی ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی و حیزبـی دەعـوە دەڵێـن ئـەو لێکدانەوانـە، تەنیـا ئەنجامـی کەوتنـە ژێـر کاریگـەری تیـۆری پیلانگێڕیـن و هەمـان ئـەو کەسانە بازاڕیـان گـەرم دەکـەن کـە پێشـتر چاویـان بڕیبـووە سـامانی نەوتـی عێـراق. هـەردوو گرووپیـش پێیانوابـوو فیدراڵـی ئامرازێکـە بـۆ زاڵبـوون بەسـەر دواییـن ئەزموونـی مێژوویانـدا لەگـەڵ عێـراق و، دۆخـی تایفـەی شـیعە کـە پێشـتر لـە پێشـەوەی ئـەو لایەنانـە بـوو کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی سیاسـی عێراقـەوە سـەرکوت دەکـرا. ئەمـان کـە زۆرینـە بـوون پێیـان وابـوو فیدراڵـی زامنـی ئـەوەوە دەبـێ هەرگیـز شـیعە جارێکـی دیکـە نەکەونـە بـەر شـاڵاوی هەژموونـی دیکتاتۆرییەکـی کەمینـەی سـوننەوە. ڕەخنەگـران دەڵێـن بابەتەکـە لـە پـاڵ پێداگـری شـیعە لـە خێـرا تێپەڕاندنـی لـە پەرلەمـان، لەگـەڵ ڕێککەوتنەکانـی پێشـوو دژبـەر بـوو، لەوانەیـش پشـتیوانی بـەرەی سـازان لـە دەسـتوور – کـە چەمکـی فیدراڵـی دەچەسـپێنێت – پێـش ئـەوەی پەسـەند بکرێـت، لـە بەرامبـەر پابەندبوونی شـیعە بە چاوخشـاندنەوە بـە فیدراڵـی و بابەتـە دەسـتوورییەکانی دیکـەدا، پـاش پێکهێنانـی حکومەتـی هەمیشـەیی. پێشـنیازی ئەنجوومونـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی، وەک سـوننەکان دەڵێـن، لـە نێوەڕۆکـدا ئـەو ڕێککەوتنـە بـەلاوە دەنێـت.

لـەوە دەچێـت بیـردۆزی پیلانگێـڕی و نەبوونـی متمانـەی دوولایەنـەی

نێوان شیعە و سوننە، یەکێکبێ لە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی فیدراڵی. ئێرانییەکان هیچ کاتێک پێیان وانەبووە ئەو فیدراڵییەی لەبەر چاویان گرتووە ببێتە هەنگاوێک بەرەو دابەشکردنی عێراق. ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی نزیک لە حوکمڕانانی ئێران نووسیبووی: "دەبوو دەستووری نوێی عێراق بەڵگەنامەیەک بێت بۆ سەلماندن و بەهێزکردنی دەستپاکی سیاسی عێراق و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لەگەڵ یەکێتیی خاکەکەی و یەکخستنیدا". پاش هەموو شتێکیش، بەرپرسانی ئێران دەڵێن ئەگەر عێراق بە هێڵی نەتەوەیی و تایفەگەرانەدا دابەشبکرێت، لەوانەیە ببێتە ئیلهامبەخشی کەمینە ناسەقامگیرەکان، کورد و عەرەب و ئازەری، بۆ یاخیبوون[25] .

بەگشتی دەکرێت هەڵوێستەکانی سوننە بەرامبەر بەفیدراڵی بەوردبوونەوە لەم تەوەرانەی خوارەوە کورتبکرێنەوە:

**یەکەم**، ئەوان پێیانوایە فیدراڵی بەردی بناخەی بەبەلکانکردنی عێراق و دابەشکردنییەتی.

**دووەم**، بەهۆی چڕبوونەوەی سامانەکانی عێراق لە باکوور و باشووردا، ترسی ئەوەیان هەیە کە لە بابەتی بەکارهێنانی سامانە نیشتمانییەکاندا پەراوێز بخرێن.

**سێیەم**، ئاستی دژایەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستانیان کەمکردەوە، بەڵام بەڕوونی بۆ باشووری عێراق دژایەتیان کرد.

**چوارەم**، نیگەرانن لەوەی فیدراڵی زیان بە ناسنامی عەرەبی عێراق بگەیێنێت.

**پێنجەم**، لە هەوڵی ئەوەدان، بە بەکارهێنانی پشتیوانی وڵاتانی عەرەب و تورکیا ئەو هێزەی لەدەستیان چووە بەدەستی بێننەوە[26].

سوننە بەردەوام دژی ئەو بیرۆکەی فیدراڵی بوون کە چەند جارێک لە

ناوەندەکانی شیعەدا و بەتایبەتی لەنێو خەڵکی شاری بەسرەی دەوڵەمەند بە نەوت سەریهەڵدا بە بیانووی ئەوەی ئەو شارە دابینکەری بەشی هەرە زۆری پارەی بودجەی گشتی وڵاتە و ئەو پشکەی بۆی تەرخاندەکرێت بەشی ناکات بۆیە دەبێ وەکو ناوچەکەی کوردان بکات و، سەبەخۆییەکی زۆری سیاسی بەدەستبێنێت. یەحیا کوبەیسی، هەڵوێستی سوننە لە فیدراڵی بە بێهوودە و شیزۆفرینیایی وەسفدەکات و دەڵێت:

"لەدەستدانی ئەو دەوڵەتەی لە 1921ەوە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا تێیدا باڵادەستبوون شۆکێکی کاتی نەبوو بۆ سوننە، بگرە بوومەلەرزەیەک بوو توانای هەڵسوکەوتی عەقڵانی لەگەڵ رووداوەکانی پاش نیسانی 2003ی لێسەندن. بەتایبەتیش کاتێک داگیرکەری ئەمریکایی بە کردەنی هاوکاری ئەو گوتارەی دەکرد کە هۆکارە براوەکانی شیعە و کورد دەیانخستەڕوو، لەبارەی ئاوێتەبوونی بەعس و سوننە، ئەمەش لەگەڵ حەزی حیزبی ئیسلامیی سوننە، ئەو حیزبەی ئەمریکاییەکان بەمەبەستی رزگاربوون لە بەعس بەزۆر وەک نوێنەری عەرەبی سوننە پاش 2003 سەپاندیان، چونکە کێبەرکێکەری سەرەکیان بوو لەنێو کۆمەڵگەی سوننەدا، ئەوەبوو کاریان بۆ ریشەکێشکردنی بەعس کرد (حیزبی ئیسلامی لایەنی باڵادەستبوو لە بەرەی سازان و هۆکاری سەرەکی بوو لە بەرهەمهێنانی یاسای بەدناوی لێپرسینەوە و دادوەری کە بریمەر سەپاندی و، لە دژایەتی حیزبی بەعسدا توندتر بوو لەوەی پێشوو) و، هەروەها حیزبی ئیسلامی لەڕێی دکتۆر سەلیم جبووریی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە یاریکەری سەرەکی بوو لە تێپەڕاندنی یاسا خراپترەکەی قەدەخەکردنی بەعس[27].

عەرەبی سوننە دەستیان گرت بە چەمکێکی بێهوودەوە بەنێوی "پێناسی

نیشتمانی" و بە ئەنقەست لە بیری خۆیان بردەوە کە خۆیان لەڕێی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی عێراقەوە تەنیا داڕێژەری ئەو چەمکە بوون و، چەمکەکە تەنیا "پێناسێکی" سوننە بوو، شیعە و کورد دەستیان لە داڕشتنیدا نەبوو! هەر بۆیە پێناسێکی سەپێنراوی وەهمی بوو زیاتر لەوەی پێناسێکی نیشتمانی راستەقینەبێ کە ڕەنگدانەوەی فرەیی بێت، هەرچەندە لە نێوەڕۆکدا دانی پێدا دەنا! بەوشێوەیەش بینیمان نوێنەرانی سوننە مکوڕ بوون لەسەر دەستگرتن بە بۆچوونەکانی خۆیانەوە سەبارەت بەم پێناسە و، بۆ نموونە، ئەمە لە هەڵوێستیان بەرامبەر هەردوو بابەتی پێناسی دەوڵەت و فیدراڵیدا لە لیژنەی نووسینی دەستوور بەڕوونی دیاربوو. جگە لە حیزبی ئیسلامی کە لە بنەڕەتدا لە گوتاری پێناسی سوننەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیدیکە سووربوون لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی "نیشتمانی" هەر یەکێکیان بەپێی دەرکەوتنی خۆی لە نێوی ڕێکخستنە حیزبییەکان یان لیستەکانی هەڵبژاردنیان و گوتارەکانیاندا و، لەوانەیە دەستەی زانایانی موسڵمان باشترین نوێنەری ئەم شیزۆفرینیایە بێت[28]. ئەو ئاوەز و ڕێکخستنانەی عەرەبی سوننە کە بوونە مایەی دۆڕاندنیان، ئاوەز و ڕێکخستنی توندڕەوی ئایدیۆلۆژیایی نازانستیبوون کە تیاندا لایەنی ئایینی و سیاسی لەنێو یەکدیدا ونبوون و وایانکرد یاخی ببێت و بڕوای بە تیۆری پیلانگێڕی هەبێت و لە رابردوودا بژی و هەوڵی دەستگرتن بەسەر ئێستادا بدات و، کاتێک تێکشکا پەنا بۆ توندوتیژی ببات.

هۆکاری شکستی ئاوەزی عەرەبی سوننەی نەتەوەیی و ئایینیی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە رووبەڕووبوونەوەی دۆخی عێراقێکی دیکە کە ئاشنای نین و رووەو حوکمڕانی عەلمانیی فیدراڵ دەچێت، لە 1991ەوە، بۆ گەڕانی ئەم

ئـاوەزە بـەدوای حوکمڕانییەکـی ئایینـی ناوەندیـدا دەگەڕێتەوە کـە ڕووداوەکان لـە سـاڵی 1920ەوە بەجێیـان هێشـتووە، یـان بـەدوای حوکمڕانییەکـی عەلمانـی ناوەندیـدا کـە ڕووداوەکان لـە 2003ەوە بەجێیانهێشـت.

ئـەم شکسـتە و ئـەو ڕووبەڕووبوونەوەیـە وایانکـرد ئـاوەزی عەرەبـی نەتەوەیی و ئایینـی بکەونـە دۆخـی ژانێکـی سـەختەوە کـە تیَـدا (مەرجەعـەکان) ی ئایینـی و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی عەرەبـی سـوننە شکسـتێکی مێژووییـان خـوارد لـە ئامێزگرتنـی جەمـاوەرە ئایینـی و شارسـتانییەکەی خۆیـان، بۆیـە جەمـاوەرە ئایینییەکـە ڕوویانکـردە توونـدڕەوی (قاعیدە و داعـش) و جەماوەرە شارسـتانییەکە لـە هـەردوو لایـان هەڵگەڕایـەوە[29]. ڕینـاد مەنسـوور، توێـژەر لـە سـەنتەری کارنیگـی، لـە لێکۆڵینەوەیەکیـدا بەنێونیشـانی (تەنگـژەی سـوننە لـە عێراقـدا)، لەگـەڵ ئـەم بۆچوونانـەی کوبەیسـی و عومـەر هاوڕایـە. مەنسـوور کـە باسـی ئـاوەزی سـوننە دەکات، دەڵێـت: "کارەکـە هـەر بەوەنـدە نەوەسـتا کـە سـوننە هەیکەلێکـی سـەرکردایەتی ڕوونیـان نەبـوو، بگـرە لـەوە گرنگـتر ئەوەبـوو کـە ناسـنامەی تایفەگەرانـەی پێویسـتیان بـۆ جۆشـدانی سیاسـی سـەرکەوتووانەیان لـە عێراقـی پـاش 2003 نەبـوو" و دەوڵەتـی نوێـی پێکهاتەکانیـان ڕەتکـردەوە و، فیدراڵییـان ڕەتکـردەوە و، زۆربەیـان بـە ئاشـکرا بەکارهێنانـی وشـەی "سـوننە" یـان "پێکهاتە"یـان ڕەتدەکـردەوە، بـەڵام سـەرباری ئـەوەی سـەرکردایەتییەکانی سـوننەی عێـراق، لەکاتـی داگیرکردنـی مووسـڵەوە، هەوڵـی جۆراوجۆریانـدا بـۆ کۆکردنـەوەی سـەرکردە سیاسـییە سـوننەکان بـە مەبەسـتی بەدیهێنانـی زەوینەیەکـی هاوبـەش و پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو و، کۆنگـرە لـە بەغـدا و هەولێـر و عەمـمان و دەوحـە و بەیـرووت و شـوێنانی دیکـەی ناوچەکـە سـاز کـران، بـەڵام ناکۆکییـەکان هێشـتا ڕێگـرن لـە پێکهێنانـی بەرەیەکـی یەکگرتـوو".

ئـەو لێکۆڵینڤانـە پێیوایـە سـوننە بەپێچەوانـەی شـیعە مەرجەعیەتێکـی ئایینـی یـان سیاسـی هاوشـێوەی هاوپەیمانیـی نیشـتمانیی شـیعەیان نییـە و، مەرجەعیەتـی ئایینییـان پەرتبـووە لەنێـوان دەسـتەی زانایانـی سـەلەفی و ئەنجوومەنـی فیقهـی (نزیـک لـە ئیخـوان موسـلمین) و بەعسـی سۆشیالیسـتدا کـە ئەمـەی دوایـی دابەشـبووە بـۆ نەقشـبەندی و کۆمەڵـەی عـەودە. ئـەو هاوپەیمانیـی هێـزە کـە لـە حوکمڕانیـدا نوێنەرایەتیـان دەکات لاوازە و لەلایـەن مالیکییـەوە و دواتـر لەلایـەن عەبادییـەوە قوتـدراوە بەبـێ ئـەوەی دەسـکەوتی بەرچـاو بـۆ عەرەبـی سـوننە دەسـتەبەر بـکات[30].

نووسـەر یـاسر زەعاتـرە پێیوایـە سـەرکردایەتییەکانی سـوننە، ئەوانـەی سـەرکردایەتیی ئۆپۆزیسـیۆنی دژ بـە ئەمریکییەکانیـان دەکـرد، بـە ئـاگاداری یـان بەبـێ ئـاگاداری خزمەتـی ئەجێنـدای لایەنـە شیعەکانی نێـو دەسـەڵاتیان کـردووە و دەنووسـێت:

"ئەگـەر سیاسـەتڤانی دانـا و ئـازا هەبوونایـە و نوێنەرایەتـی عەرەبی سـوننەیان بکردایـە، دەیانتوانـی دەسـکەوتی راسـتەقینەیان هەبێـت و ئـەو توێـژەی نوێنەرایەتیـان دەکـرد لـە بازنـەی کەمینـەدا قەتیـس نەدەبـوو، بەتایبەتـی لەکاتێکـدا کـە هەڵگـری ناونیشـانی ئـەو بەرگرییـە بـوون کـە ئەمریکییەکانـی ماندووکردبـوو و زیانـی گیانـی و دارایـی پێدەگەیانـدن، نـەک لایەنـی شـیعە کـە پشـتی بـە گوشـاری بەرگـری دەبەسـت بـۆ بەدەسـتهێنانی سازشـی داگیرکـەر لەسـایەی ناونیشـانی ڕێکخسـتنی دۆخێکـی سیاسـی کـە داگیرکـەر لـە بارگرانـی ڕووبەڕووبوونـەوەی بەرگـری ڕزگار بـکات و، هەلـی کشـانەوەی، بـێ هەسـتکردن بـە دۆڕاویـی تـەواو، بـۆ بڕەخسـێنێت"[31].

## فیدراڵی و دابەشکردنی عێراق

گرنگترین ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ فیدراڵی ئەوەیە کە دەڵێن: دابەشکردنی عێراقە یان هەنگاوێکە بەرەو دابەشکردنی. چەندین گومان خرانە سەررێی پەسەندکردنی فیدراڵی گرنگترینیان گومانی دابەشکردنی عێراق و لاوازکردنی گیانی نیشتمانی و لاوازکردنی رۆڵی زۆرینە بە قەتیسکردنیان لە هەرێمەکانی خۆیاندا و، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو لایەنەی لەڕووی مێژووییەوە دەستی بەسەر کاروباری عێراقدا گرتبوو، رەتیدەکردەوە هەژموونی تەنیا لە ناوچە سنووردارەکەی خۆیدا قەتیس بکرێت. بەڵام لێکۆلینەوەیەکی ورد و لەسەرخۆ بۆ ئەو سیستمە فیدرالانەی هەن و ئەو نموونە فیدرالەی عێراق، بە مەرجی جێبەجێکردنی دروست، پێچەوانەی بۆچوونی دژبەرانی فیدراڵی ئاشکرا دەکەن. بگرە رەنگە سیستمی فیدراڵی لە رابردوودا سەرکەوتووترین سیستمی سیاسی بووبێت بۆ رێگری لە دابەشبوونی چەندان کۆمەڵگە و، ئێمە وایدەبینین کە دوا پەناگەیە بۆ پاراستنی عێراق لە پەرتبوونی زیاتر و داڕمانی تەواو.

ئەدەبیاتی فیدراڵی دوو مەترسی پەیوەست بە فیدراڵی نەتەوەیی دەخەنەڕوو، یەکەمیان زیادکردنی گرژی نەژادی و دووەم مەترسی جیابوونەوەیە. وەک لە 2004دا بەوشێوەیە کورتکرایەوە: "زۆر لە زانایان ترسیان هەیە لەوەی داڕشتنی سنووری هەرێمیی عێراق لەسەر بنەمای نەتەوەیی یان ئایینی ببێتە هێڵی هاوشێوەی هێڵی ململانێی نەژادی و جیاخوازی بەهۆی بەهێزکردنی نەژادپەرستی و پێناسە ئایینییەکانی وڵاتەکەوە". بەگریکەران لەم بۆچوونە لە عێراقدا، دەڵێن واقعی پەیوەست بە دۆخی دیمۆگرافیایی عێراق وادەکات دروستکردنی ناوچەی

هۆموٚجیـن مەحـاڵ بێـت. جگـە لـەوەی بەشـی باکـووری عێـراق، کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن و کەمینـەی دیکەیشـیان لەگەڵـە، کـە لـە توانایانـدا هەیە گـرژی لەنێـوان زۆرینـە نوێیەکـە و کەمینـە نوێیـەکان دروسـتبکەن. ئـەم بابەتە پێیدەگوترێـت "کێشـەی کەمینـەی نێـو کەمینـەکان". بابەتێکـی دیکـەی گـەورە هەیـە پەیوەسـتە بـە ئەگـەری دروسـتکردنی کێشـە لەنێـو هەرێمەکانـدا. ئـەم پرسـە بـە پارادۆکسـی فیدراڵـی نـاسراوە. تـرس لـەوەی کاتێـک یەکێتییەکـە دابەشـدەبێت، بەپێـی هێڵـی نەتەوەیـی و کاتێـک ئـەم ناوچانـە ئاسـتێکی بـاڵای سـەربەخۆییان پێدەدرێـت ئەگـەری زۆری جیابوونەوەیـان لـە دەوڵـەت لـە ئـارادا دەبێـت. پارادۆکسـەکە ئەوەیـە کـە هەرچەنـدە فیدراڵـی ڕەنگـە لـە سـەرەتادا گرژیـی نێـوان کۆمەڵـە نەتەوەییەکانـی نێـو دەوڵـەت کەمبکاتـەوە و ڕێگـری لـە جیابوونـەوە بـکات، ڕێگـە بـۆ دابەشـبوون خۆشـدەکات. لەبەرئـەوە زۆرجـار گوتـراوە کـە هـۆکاری ڕاسـتەقینەی گرنگیدانـی کـورد بـە فیدراڵـی بـۆ ئەوەیـە لـە داهاتـوودا سـەربەخۆیی تـەواو بەدەسـتبێنن[32] .

لەبەرئـەوە هەندێـک لێکۆلینڤـان پێیانوایـە فیدراڵیزمێـک بـە دەسـەڵاتێکی زۆری ناوەنـدەوە باشـترین نموونـەی فیدراڵییـە لـە دۆخـی فرەنەژادیـدا. ئەمـان بـۆ ئـەم بۆچوونـە پشـتیان بـە ئەزموونـی پـاش سـەربەخۆیی نایجیریـا بەسـتووە. کـە شـەڕێکی نێوخۆیـی هەڵگیرسـا (شـەڕی بیافـرا 1969-1966) لەنێـوان سـێ هەرێمـدا کـە تاوەکـو ڕادەیـەک لەسـەر بنەمـای نـەژاد و ئاییـنزا پێکهاتبـوون و دەسـەڵاتی فیـدراڵ لاوازبـوو. ئـەم توێژەرانـە پێیانوایـە عێراقیـش بـە هەمـان ڕێچکـەدا دەڕوات، ئەگـەر دەسـەڵاتی فیـدراڵ وەک پێویسـت دەسـەڵات و هێـزی نەبێـت[33] .

بـەڵام خوێندنەوەیەکـی ورد بـۆ دۆخـی عێـراق لـە مـاوەی 2014-2004 پێچەوانـەی ئـەو بۆچوونـە دەسـەلمێنێت کـە پێیوایـە فیدراڵـی ڕێخۆشـکەرە بـۆ

دابەشـبوون. بگـرە ئـەوە گوێنەدانـە بـە دیموکراسـی و بەندەکانـی دەسـتوور، لەلایـەن بڕیاربەدەسـتانی بەغـداوە، عێـراق رووبـەڕووی لەتبوونـی کۆمەڵگەیی دەکـەن و درزیـان خسـتووەتە یەکێتیـی عێراقـەوە. بـۆ نموونـە، بـاس لـە داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن داعشـەوە دەکەیـن لـە 2014دا و، گشتپرسـی هەرێمـی کوردسـتان لـە 2017دا، وەک نموونـە، نـەوەک تەنیـا وەك رووداوێـك. هـەروەک لـە سـەرەوەدا باسـمانکرد، مالیکـی پرۆسـەی دیموکراسـی ئیفلیـج کـرد و، هەوڵیـدا تاکلایەنـە حوکمڕانـی بـکات، لەڕێـی سیاسـەتی پاکتـاوی تایفەگـەری دژ بـە سـوننە بـە دروشـمی ریشەکێشـکردنی بەعـس و یاسـای لێپرسـینەوە و یاسـای ژمـارە چـواری تیـرۆر. کاتێـک بزووتنـەوەی گەلێـری سـوننە بـە پێشـەوایەتی رەوتـی عەلمانـی سـوننە و حیزبـی ئیسـلامی سـەریهەڵدا، مالیکـی بـە وابییـەت و پەیوەسـتبوون بـە قاعیـدە و بەعسـەوە تۆمەتبـاری کـردن و، چەنـد قەسـابخانەیەکی دژ بـەم بزووتنـەوە سـیڤیل و دەسـتوورییە، لـە گۆڕەپانەکانـی بزووتنـەوەی گەلێـری لـە ناوچـە سـوننەکاندا ئەنجامـدا. ئەمـە هەسـتی دوورکەوتنـەوە و پەراوێزخراویـی لای پێکهاتـەی سـوننە بەهێزکـرد و بـووە مایـەی ئـەوەی هەنـدێ ناوچـەی سـوننە وەک رزگارکەرێـک لـەو سـەرکوتکارییە تایفەگەرییـەی گیـرۆدەی ببـوون پێشـوازی لـە داعـش بکـەن[34].

بـە پێچەوانـەی مـاوەی پێـش 2014، کاتێـک سـوننە بەرهەڵسـتی پێکهێنانـی هەرێمیـان دەکـرد، ئێسـتا بڕوایەکـی پتـەو لـەلای دەسـتەبژێری سیاسـی سـوننە هەیـە (چ ئەوانـەی لەنێـو پرۆسـەی سیاسـین یـان ئەوانـەی لـە دەرەوەی پرۆسـەکەن) هەروەهـا لای بەشـێکی زۆری شـەقامی سـوننە، پێیوایـە فیدراڵـی تەنیـا رێگەیـە بـۆ زامنکردنـی مافـە رەواکانیـان لـە چوارچێـوەی نیشـتماندا[35].

هـۆکاری ئەمـەش بێبەشـکردن و پەراوێزخسـتنیانە لـە پرۆسـە سیاسـییەکە

و، دەستبەردانە لەو سازانە سیاسییەی دەستوور بۆ دەرکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکان بڕیاریداوە[36].

بڕیاربەدەستانی هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە، کە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، بە ئاشکرا رایدەگەیێنن کە باوەڕیان بە سازانی سیاسی نییە و، لەوکاتەوەی دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندووە هەوڵدەدەن تاکڕەوانە بەنێوی "حوکمڕانیی زۆرینەی سیاسی"یەوە حوکمڕانی بکەن[37]. لەم سۆنگەیەوە، لەم چەندساڵەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر بڕیاری سیاسی چارەنووسسازیان بەبێ بەشداری کورد و عەرەبی سوننە دەرکرد، کە دوایینیان بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق، لە تۆڵەی کوشتنی قاسم سولەیمانی، کە مایەی نیگەرانی کورد و عەرەبی سوننە بوو. ئەوەبوو سەرکردەکانی هاوپەیمانی هێزە عێراقییە سوننەکان چەندان راگەیاندنی پەیوەست بە زیندووکردنەوەی هەرێمی سوننەیان دەرکرد، لەبەرئەوەی شیعە تاکلایەنە بڕیاردەدەن و ئاکامی بڕیارەکانیان هەموو عێراق دەگرنەوە[38] .

بەرهەڵستیی سوننە بۆ بیرۆکەی فیدراڵی بەردەوام بوو، کە زیاتر لە جارێک لە ناوەندەکانی شیعەدا سەریهەڵدا، بەتایبەتی لەنێو خەڵکی شاری بەسرەی دەوڵەمەند بە نەوت بە بیانووی ئەوەی ئەو پشکەی بۆ ئەو شارە تەرخاندەکرێت کە دابینکەری بەشی هەرە زۆری پارەی بودجەی گشتیی وڵاتە، بەشی ناکات. بۆیە دەبێت وەکو کورد بکەن و سەربەخۆییەکی زۆری سیاسی بەدەستبێنن.

جێگەی سەرنجە کە سوننە دەستبەرداری بڕوایان بە دەوڵەتی ناوەندی نەبوون، تەنانەت لە کاتی چالاکیی رێکخستنی قاعیدە لە ناوچەکانیان (لە سالانی 2008-2005) یان لەوکاتەی رێکخستنی داعش لە 2014دا

دەستی بەسەر ناوچەکانیاندا گرت. بەڵام کاتێک عێراق بەهاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی داعشی لەو ناوچانە وەدەر نا و، ڕێگرییە ئەمنییەکانی میلیشیاکانی سەر بەئێران سەپاندبوویان ڕێگرییان لە گەڕانەوەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە کرد و "دیمەنی میلیشیاکان کاتێک سەرقاڵی دروستکردنی بنکە و بارەگای گەورە بوون لە ناوچەکانی سوننەدا، بەتەنیشت ئەو ماڵانەوە کە بەهۆی شەڕی لەناوبردنی داعشەوە رووخێنرابوون، بەس بوون و بگرە زیاتریش. هەروەها حکوومەت گەڕاندنەوەی سوننە دەربەدەرکراوەکانی بۆ ناوچەکانی خۆیان پشتگوێ خست و، تەنیا خەمی میلیشیاکانیش کۆنترۆڵکردنی ڕێگەوبانەکان بوو بەمەبەستی بەدیهێنانی خەونی تاران لە بەستنەوەی خاکی ئێران بە سووریاوە لەڕێی عێراقەوە، هەموو ئەو ڕێگەیانەیش بە پارێزگاکانی زۆرینە سوننەدا، وەک ئەنبار و نەینەوا، تێپەڕ دەبن". ئەمە قەناعەتێکی لەلایان دروستکرد بەوەی فیدراڵیزم تەنیا ڕێگەیە کە بتوانن بەهۆیەوە مافەکانی خۆیان وەرگرنەوە[39].

لێرەدا ئەوانده بەسە ئاماژە بکەین بۆ ئەوەی سیاسەتە تایەفەگەرا و ستەمکارانەکانی ناوەند، وەکو جێبەجێنەکردنی ماددەکانی پەیوەست بە فیدراڵیزم لە دەستووردا، وەکو پێکنەهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵ و ڕێگری لە دەرچوواندنی یاسای نەوت و گاز و، بڕینی بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی و، سیاسەتی دوورخستنەوەی کورد لە پۆستە ئەمنی و سەربازییەکان لە 2011وە. لە کاتێکدا حکوومەت بە ملیاران دینار بۆ حەشدی شەعبی تەرخاندەکات (کە هێزی میلیشیایین و زۆربەیان ئەجینداى ناعێراقی جێبەجێ دەکەن) هەمان ئەو حکوومەتە پێداگری لە تەرخاننەکردنی بودجەیەک بۆ پێشمەرگە دەکات کە هێزێکی عێراقییە و، ئەم کارە پێچەوانەی

دەستوورە. ماددەی 140ی پەیوەست بە ناوچە کوردستانییەکان و پێداگری لە بەردەوامیدان بە سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکانی بەعس (بە زیادکردنی بەرگێکی تایفەگەرییەوە)، ئەمانە سەرکردایەتیی کورد و شەقامی کوردیان گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە هیچ هیوایەک بۆ جێبەجێکردنی فیدراڵیزم لە ئارادا نییە و گشتپرسی تەنیا جێگرەوەیە بۆ پاراستنی مافەکانی کورد. کاتێکیش لە 2017دا گشتپرسی ئەنجامدرا، پێشێلکاریی دیکە ئەنجامدران، کە بریتیبوون لە ناردنی تانک و هێزی میلیشیایی و سوپای پاسدارانی ئێران بە سەرکردایەتیی قاسم سولەیمانی بەمەبەستی بێبەشکردنی کورد لە پیادەکردنی مافی دەربڕینی ئاشتییانەی ویستی خۆیان. لە کاتێکدا دەستووری عێراق بەکارهێنانی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی لە ململانێ سیاسییەکاندا قەدەخە کردووە.

بەم شێوەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە عەرەبی سوننە و کورد، کە نیوەی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنن و، بەشێکی بەرچاوی شیعەیش، وەک دانیشتووانی بەسرە بۆ نموونە، گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە فیدراڵیزم ئەو سیستەمە سیاسییەیە عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە دەپارێزێت.

لە لێکۆڵینەوەیەکی دووقۆڵیی گشتگیردا بۆ دنیای کۆن و نوێ، هەردوو توێژەری ئەمەریکایی جۆن مەکگری و براندان ئۆلێری، گەیشتنە ئەوەی فیدراڵیزم وەک سیستمێکی سیاسی گەلان لە شەڕی نێوخۆیی دەپارێزێت و چوارچێوەیەک بۆ پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاکان دەستەبەر دەکات، بەو مەرجەی دابەشکردنێکی ڕوون بۆ دەسەڵات لەنێوان ناوەند و ویلایەتەکان و، میکانیزمی دەستووری و دادوەری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و بڵاوکردنەوەی کولتووری فیدراڵیزم هەبن. هەروەها دیموکراسی و فیدراڵیزم دووانەیەکن لەیەک جیا ناکرێنەوە.

ئـەو دوو توێـژەرە دەڵێـن خوێندنەوەیەکـی ورد بـۆ دۆخـی وڵاتانـی فیـدرال لـە جیهانـدا دەریدەخـات زۆربەیـان توانیویانـە بەهـۆی باڵادەسـتیی دیموکراسـی و سـەروەریی یاسـاوە زیاتـر لـە چەنـد سـەدەیەک بـەردەوام بـن. هەروەهـا زۆربـەی ئـەو کێشـانەی لـە وڵاتانـی فیدرالـدا دەرکەوتـوون بەهـۆی نەبوونـی دیموکراسـییەوە بـوون یـان بەهـۆی هەوڵـی هەنـدێ لایەنـی نـاوەوە، بەتایبەتـی ناوەنـد، بـۆ فراوانخـوازی لەسـەر حیسـابی ویلایەتـەکان یـان هەوڵـی سـڕینەوەیان بـوون. بـۆ نموونـە، بەلجیـکا کێشـەی زۆری لەنێـو سـێ پێکهاتـە نەتەوەیـی و زوانییەکانـی (فلامینـگ و والـۆن و جێرمـان) هەبـوو و چارەسـەری فیـدراڵ باشـترین کردەیـەك بـوو بـۆ پاراسـتنی یەکێتیـی وڵاتەکـە و دابەشـنەبوونی، ئـەوە بـوو لـە 1993دا لـە دەوڵەتێکـی ناوەندییـەوە بـوو بـە دەوڵەتێکـی فیـدرال بـە سـێ هەرێمـەوە. هەروەهـا فیدراڵیـزم یەکێتیـی زۆر وڵاتـی دیکـەی پاراسـت، وەک: ویلایەتـە یەکگرتـووەکان کـە لـە پـاش شـەڕی نێوخـۆ دامـەزرا.

هـۆکاری دامەزراندنـی زۆر دەوڵەتـی فیـدراڵ هەبوونـی فرەڕەنگیـی نـەژادی و ئایینزایـی بـوو، بەتایبەتـی وڵاتانـی سـویسرا، هیندسـتان، مالیزیـا، باشـووری ئەفریقـا، برازیـل، ئەرجەنتینـا و وڵاتانـی دیکـە.

هـاوکات هـۆکاری راسـتەوخۆی خەباتـی ئەریتیریـا بـۆ جیابوونـەوە لـە ئیتیوپیا هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتمی فیـدراڵ بـوو کـە لـە سـەردەمی ئیمپراتـۆر Haile Selassie لـە 1961دا هەبـوو، ئـەوە بـوو لـە 1993دا ئەم دەوڵەتە سـەربەخۆیی بەدەسـتهێنا. هەروەهـا هـۆکاری سـەرهەڵدانی شـەڕی نێوخۆیـی سـوودان هەڵوەشـاندنەوەی فیدراڵیزمـی باشـوور بـوو لەلایـەن جەعفـەر نمێرییـەوە لـە 1983دا و، ئاکامەکـەی سـەربەخۆیی دەوڵەتـی باشـووری سـوودان بـوو لـە 2011دا.

کاتێکیش سەرۆکی سربیا، سلۆبۆدان میلۆسیڤیچ، لە 1989دا ئۆتۆنۆمیی کۆسۆڤای هەڵوەشاندەوە هەمان شت دووبارە بووەوە و لەئاکامدا ئەم هەرێمە لە 2008دا جیا بووەوە.

هەوڵی هەرێمی بیافرا بۆ جیابوونەوە لە نایجیریا و سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی لە 1967دا، ئەنجامی بێبەشکردنی بوو لە دەسەڵاتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کاوباری نێوخۆیی خۆی. هەمان ئەو هۆکارەیش بووە مایەی یاخیبوون و هەوڵی جیابوونەوەی هەرێمی باسک لە 1968 لە ئیسپانیا و، هەوڵی جیابوونەوەی کەرتی ئایرلاندی باکوور لە بریتانیا کە بە ڕێککەوتنی هەینیی مەزن لە 1998دا کۆتاییهات و ئۆتۆنۆمییەکی بەرفرەوانی بەو کەرتە دا و، هۆکاری هەوڵی جیابوونەوەی دوورگەی ئەنجۆوان و دوورگەی مۆهێلی بوو لە وڵاتی جوزورولقومر، کە تەنیا لە ساڵی 2001 و لەڕێی هەموارکردنی دەستوور و دامەزراندنی سیستمی فیدرال و دەستاودەستکردنی سەرۆکایەتی لەنێوان دوورگەکان کۆتایی هات. بەڵام یاخیبوونی لەم جۆرە لە زەنزیبار ڕووینەدا، چونکە کاتێک لە 1964دا لەگەڵ تەنجانیقا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی تانزانیا یەکیانگرت، ئۆتۆنۆمییەکی خاوەن دەسەڵاتی خۆجێیی زۆری پێدرا.

هەروەها بەخشینی سەربەخۆییەکی زۆر لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا بووە مایەی گەڕانەوەی هۆنگ کۆنگ لە 1997 و ماکاو لە 1999 بۆ باوەشی چین و ڕزگاربوونیان لە داگیرکاریی بریتانیا و پۆرتوگال.

واتە، بەپێچەوانەی بۆچوونی دژبەران، حوکمڕانیی ناوەندیی دیکتاتۆر و جێبەجێنەکردنی فیدراڵیزم و بەرەودان بە گیانی نەتەوەپەرستی لەلایەن سیاسەتڤانانی نەتەوەیی دەمارگیر، دەبنە مایەی لەتبوونی دەوڵەتی فیدراڵ، وەک ئەوەی لە یەکێتیی پێشووی سۆڤیێت ڕوویدا و بووە

هـۆی لەتبوونـی بـۆ 16 دەوڵـەت لـە سـاڵی 1991دا و یۆگۆسـلاڤیای پێشـوو کـە بـوو بـە حـەوت دەوڵـەت لـە 1991دا. ئـەم دوو دەوڵەتـە هەرچەنـدە بـە نـاو فیـدراڵ بـوون، بـەڵام حوکمڕانـی تیایانـدا ناوەندییەکـی توندبـوو و گشـت دەسـەڵاتەکان لای حکوومەتـی دیکتاتـۆری فیـدراڵ بـوون و حکوومەتـە خۆجێییەکانـی کۆمـارە پێکهێنەرەکانیـان هیـچ دەسـەڵاتێکی گرنگیـان نەبـوو، ئەنجامـی حەتمیـش جیابوونەوەیـان بـوو. هەمـان ئـەم هۆکارەیـش وای کـرد سـووریا لـە 1961دا لـە میـسر جیـا ببێتـەوە و، بەنگلادیـش لـە 1971دا لـە پاکسـتان جیـا ببێتـەوە و، چیکۆسـلۆڤاکیا لـە 1993دا ببێتـە دوو دەوڵـەت: چیـک و سـلۆڤاکیا.

ئەگـەر لەکاتـی یەکگرتنـی هـەردوو دەوڵەتـی یەمەنـی باکـوور و باشـوور لـە 1990دا فیدراڵیـزم پیـادە بکرایـە، لـە 1994دا شـەڕی نێوخۆیـی لەنێوانیانـدا هەڵنەدەگیرسـا، کاتێکیـش لـە 2014دا گفتوگـۆی نیشـتمانیی یەمـەن دروسـتبوو یەکێـک لـە چارەسـەرەکان فیدراڵیزمێـک بـوو یەمەنـی دەکـردە شـەش هەرێمـی فیـدراڵ.

کاتێکیـش لـە قوبـرس فیدراڵیـزم جێبەجـێ نەکـرا و، سـەرۆکی وڵات، ماکاریۆس، لـە 1963دا بەمەبەسـتی بەرتەسـککردنی مافەکانـی قوبرسـییە تورکـەکان دەسـتووری هەمـوار کـرد، ئەمـان جیابوونـەوە و کۆمـاری باکـووری قوبرسـی تورکانیـان دامەزرانـد.

هەروەهـا ئەگـەر فیدراڵیـزم لـە تەیمـوری رۆژهـەڵات جێبەجـێ بکرایـە، لـە 1999دا لـە ئیندۆنیزیـا جیـا نەدەبـووەوە، ئـەوە بـوو پـاش جیابوونەوەکـە حکوومەتـی ئیندۆنیزیـا لـە وانەکـە تێگەیشـت و لـە 2001دا ئۆتۆنۆمییەکـی فراوانـی بـە هەرێمـی پاپـوا دا و لـە 2005 و پـاش یاخیبوونێکـی درێژخایـان و داواکردنـی جیابوونـەوەی بـە هەرێمـی ئاچێـی دا. هەمـان شـت لـە

هەرێمـی بانجاسـامۆرۆ لـە فیلیپیـن روویـدا و حکوومەتـی فیلیپیـن لـە 2014دا و پـاش یاخیبوونێکـی سـەربازی بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی دژ بـە هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو ئۆتۆنۆمییـەی گەلـی مـۆرۆ لـە 1976وە هەیبـوو لەلایـەن سـەرۆک فێردینانـد مارکۆسـەوە. چارەسـەری پێشـنیازکراویش بـۆ کێشـەی بیابانـی ڕۆژئـاوا کـە لـە 1975وە هەیـە، بریتییـە لـەو ئۆتۆنۆمییـەی شـا محەممـەدی شەشـەم، لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی مەراکشـدا لـە 2007دا، پێشـنیازی کـردووە.

ئینجـا دژبـەران بـۆ پشـتیوانیی بۆچوونەکەیـان باسـی گشتپرسـییەکانی جیابوونـەوەی هەرێمـی کیبیکـی کەنـەدا (لـە 1980 و 1995) و سـکۆتلاندی بریتانیـا لـە 2014 و، کەتەلۆنیـای ئیسـپانیا لـە 2017 دەکـەن.

بـەڵام ئەمەیـش پێویسـتی بـە روونکردنـەوە هەیـە و، بەبـێ چوونـە نێـو وردەکارییـەکان و بـۆ خۆدوورخستنەوە لـە درێـژدادڕی، دەڵێیـن هـەر یەکێـک لـەم حاڵەتانـە بارودۆخـی تایبـەت بەخـۆی هەبـووە و، گشتپرسیەکان بەپێـی بنەمـای مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس، کـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان زەمانەتـی کـردووە، ئەنجام دراون و پـاش بێهیوابوونـی ئـەو هەرێمانـە لـە بەدەسـتهێنانی دەسـەڵاتی زیاتـر بـۆ خۆبەڕێوەبـردن هاتـوون.

بـۆ زانیـن، یەکێـک لـە هۆکارەکانـی گشتپرسـییەکەی کەتەلۆنیـا سـەندنەوەی ئۆتۆنۆمـی بـوو لێـی لەلایـەن فرانسیسـکۆ فرانکـۆی دیکتاتـۆر لـە 1979دا کـە دواتـر دادگـەی دەسـتووری لـە 2010دا بەشـێکی هەڵوەشـاندەوە، بـەڵام پـاش گشتپرسـیەکە، سـەرۆکوەزیران، پێـدرۆ سـانچێز، پێشـنیازی دەسـەڵاتی زیاتـری بـۆ هەرێمەکـە کـرد لـە بەرامبـەر دەسـتبەرداربوونی لـە بیرۆکـەی جیابوونەوە. لەبـەر ئـەوەی حکوومەتـی خۆجێـی سـکۆتلاند دەسـەڵاتی زۆری نییـە بـۆ حوکمڕانیـی کەرتەکـە و حکوومەتـی فیـدراڵ قایـل نەبـوو دەسـەڵاتی زیاتـری

پـێ بسـپێرێت، بڕیـاری گشتپرسـیی دا بـۆ وەرگرتنـی رای گـەل لەسـەر جیابوونـەوە لـە شانشـینی یەکگرتـوو، هـەر بـۆ زانیاریـش سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیـا، دەیڤـد کامیـرۆن، رەزامەندیـی لەسـەر ئەنجامدانـی گشتپرسـیەکە دەربـڕی، واتـە یاسـایی بـوو.
ئەوەیشـی لـە هەرێمـی کیبیـک روویـدا تارادەیـەک هاوشـێوەی ئـەم دوو حاڵەتەیـە سـەرباری مەیلـی نەتەوەیـی و هـۆکاری ئابـووری[40].
واتـە، رووداوەکان لـە وڵاتانـی جیاجیـای دنیـادا پشـتیوانی ئـەو بۆچوونـە نیـن کـە دەڵێـت فیدراڵیـزم دەبێتـە مایـەی دابەشـکاری، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە فیدراڵیـزم باشـترین چارەسـەرە بـۆ وڵاتانـی خـاوەن پێکهاتـەی جۆراوجـۆر. بـەم خسـتنەڕووە لەلامـان روون دەبێتـەوە کـە ئـەو سیسـتمە فیدراڵانـەی لەسـەر بنەمـای ئایینزایـی یـان نـەژادی بنیاتـنراون توانـای مانەوەیـان هەیـە ئەگـەر لەسـەر بنەمـای روون دامەزرابـن و دان بـەوی دیکـەدا بنێـن و گشـت لایەنـەکان پەسـەندی بکـەن و چوارچێـوەی یاسـایی بـۆ پاراسـتنیان هەبێـت و دیموکراسـییان تێـدا چەسـپاو بێـت.

## گونجاوترین شێوازی فیدراڵیزم بۆ عێراق و کوردستان

ئـەوەی لـە سـەرەوە گوتـرا روونیدەکاتـەوە کـە تەگـەرە و ئالنگاریـی زەبـەلاح لەسـەر رێگـەی جێبەجێکردنـی سیسـتمی فیدراڵیـزم لـە عێراقـدا هـەن، بەشـێکیان پەیوەندییـان بـە بۆمـاوەی فیکـری و سیاسـیی نەرێنـی و هەژاریـی هۆشـیاری لەمـەڕ کولتـووری فیدراڵیـزم و هەبوونـی مەیـل بـەلای ناوەندیبوون و دژایەتیـی دیموکراسـی و فرەیـی لەلایـەن دەسـتەبژێری سیاسـیی پێـش و پـاش راگەیاندنـی فیدراڵیـزم لـە عێـراق هەیـە. هەروەهـا، ئـەو دەسـتەبژێرە

سیاسـییەی ئێسـتا حوکمڕانـی دەکات گەندەڵـە و پاشـکۆیەتیی سیاسـی بـۆ وڵاتانـی دیکـە دەکات و دامەزراوەکانـی دەوڵەتـی فیدراڵـی بنیـات نەنـا. سـەرباری ئەمانەیـش، ناڕوونییـەک لـە بڕگەکانی پەیوەسـت بـە فیدراڵیـزم لـە دەسـتووردا هەیـە، ئەمەیش پێویسـتی بـە چاوپێداخشـاندنەوە و دەرچوواندنی یاسـا بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو ناڕوونییانەیـە. بـەڵام لەگـەڵ گشـت ئـەو تەگەرانەیشـدا، فیدراڵیـزم قـەدەری عێراقـە ئەگـەر نیـازی پاراسـتنی یەکێتیـی خاکەکـەی هەبێـت و، گونجاوتریـن شـێوازە بـۆ چارەسـەرکردنی گشـت ئـەم بابەتانـە.

هەندێـک وایدەبینـن ئـەم ئاڵنگارییانـە گـەورەن و چارەسـەر ناکرێـن و، بـۆ چارەسـەری تەنگـژەی سیسـتمی سیاسـی لـە عێراقـدا پێشـنیازی ناناوەندێتـی یـان ئۆتۆنۆمـی لەجیاتـی فیدراڵیـزم دەکـەن. ئـەم پێشـنیازە پێـش هەمـوو شـتێک نادەسـتوورییە و، عێـراق بەپێـی دەسـتووری 2005 کۆمارێکـی فیدراڵـە و دەوڵەتێکـی سـادە نییـە، بۆیـە پێویسـتە دەسـتوور بگۆڕدرێـت یـان هەمـوار بکرێـت یـان ئـەو فیدراڵیزمـە نارێکـە پیـادە بـکات کـە پێشـتر ئاماژەمـان بـۆی کـرد، کـە تیایـدا حکوومەتـی فیـدراڵ لەگـەڵ پارێزگایـەک و لەبـەر هـۆکاری نـەژادی یـان ئایینزایـی یـان ئابـووری بـە شـێوازێکی تایبەتـی جیـاواز لـە پارێزگاکانـی دیکـە مامەڵـە دەکات و، قـەوارەی بچووکـتر دروسـتدەکات، کـە لـە پارێـزگای ئاسـاییدا نییـە. بـۆ نموونـە ئیدارەیەکـی خۆجێیـی بـۆ تورکـمان لـە کەرکـووک یـان لـە تەلەعفـەر تەرخانـدەکات، یـان دەشـتی نەینـەوا بـە حکوومەتـی ناوەنـد یـا هەرێمـی کوردسـتانەوە (وەک ئـەوەی خەڵکـی ناوچەکـە داوای دەکـەن) بـە پەیوەندییەکـی تایبـەت گرێـدەدات، کـە پارێزەری مافـە ئایینییەکانـی کریسـتیانەکان بێـت. زۆر لـە سیسـتمە فیدراڵەکانـی پێشـتر باسـکران ئـەم جـۆرە ڕێکخسـتنانە پیـادە دەکـەن. بـۆ نموونـە، لـە

سیستمی فیدراڵی کەنەدا ناوچەیەک بۆ دانیشتووانی رەسەنی کەنەدا (هیندییە سوورەکان) تەرخانکراوە تاوەکو شێوەژیانی تایبەتی خۆیانی تێدا پەیڕەوبکەن و سیما نەتەوەییەکانیان بپارێزن، ئەو ناوچەیە پێی دەگوترێت "بەڕێوەبەریی باکووری رۆژئاوا" و، راستەوخۆ بە حکوومەتی فیدراڵەوە گرێدراوە.

هیچ رێگرییەکی دەستووری نییە لەوەی پارێزگاکان وەکو خۆیان بمێننەوە ئەگەر ئەمەیان خواست، بەڵام لەو بابەتانەی سیادی نین یان تایبەت بە دەسەڵاتی فیدراڵ نین دەسەڵاتی زۆریان پێ بدرێت. پرۆسەیەکی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان پارێزگاکان و ناوچەکانی دەوڵەت کە کەسێتیی واتاییان هەیە و لێرەدا دەسەڵات بە ئەنجومەنێکی خۆجێ دەدرێت کە دانیشتووانی پارێزگاکە گشت یان بەشێک لە ئەندامانی هەڵدەبژێرن و دەسەڵاتی دارشتنی بودجەی سەربەخۆ و دەرکردنی بڕیاری کارگێڕیی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و دامەزراوە گشتییەکانی سنووری ئەو پارێزگایەی دەبێت و، ئەم جۆرە ناناوەندێتییە کارگێڕییە پێی دەگوترێت کارگێڕیی خۆجێی. ئەمەیش پێشخستنێکی ئەنجومەنەکانی ئێستای پارێزگاکانە کە مەحکوومی ناوەندێتییەکی زۆرن[41] .

پێمانوایە ئەمە هەنگاوێکی رێخۆشکەری گونجاوە بۆ شیاندن و پێشخستنی کارگێڕییە خۆجێیەکان لەو پارێزگایانەدا پێشئەوەی ببنە هەرێم. هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ئێستا زۆر لە پارێزگاکان سەرچاوە و شارەزایی و میکانیزمی حوکمڕانیی خۆجێی یان ئەنجامدانی دەسەڵاتەکانی هەرێمیان نییە.

## دوو تیم بۆ داهاتووی فیدراڵیزم لە عێراق

دوو تیـم، واتـە دوو دیدگـە بـۆ داهاتـووی فیدراڵیـزم لـە عێراقـدا هـەن. تیمـی یەکـەم، وەک لـە سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کـرد، داوای فیدراڵیزمێـک دەکات دەسـەڵاتی زۆر بـە ناوەنـد بـدات، لەبەرئـەوەی پێیوایـە فرەنـەژادی و فرەئاییـن و ئایینـزا لـە کۆمەڵگـەی عێراقـدا لـە ناوچەیەکـی دیاریکـراودا چەقـی نەبەسـتووە و ناوچـەی تێکەڵـی زۆر هـەن، بەتایبەتـی بەغـدا و مووسـڵ و کەرکـووک و دیالـە، دروسـتکردنی هەرێمیـش تیایانـدا دەبێتـە هـۆی هەڵگیرسـاندنی ناکۆکیـی تایەفەگـەری و نەتەوەیـی. هەروەهـا عێـراق دۆخـی ناوچەیـی سـەختی هەیـە و وڵاتانـی دراوسـێ چاویـان لـە خـاک و داهاتـی داراییەتـی و لەبـەر ئەمانـە پێویسـتی بـە دەوڵەتێکـی فیدراڵـی خـاوەن دەسـەڵاتی فیدراڵـی بەهێـزە. بانگەشـەکەرانی ئـەم قوتابخانەیـە پێیانوایـە دەبێـت دەسـەڵاتی ناوەنـد لـە عێراقـی عەرەبـدا بەهێـز بێـت و پەیوەنـدی لەگـەڵ هەرێمەکـەی کوردسـتاندا لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕێکخەرانـە بێـت کـە دەسـتووری ئێسـتا بڕیاریـان دەدات و هەنـدێ یاسـا لـە پەرلەمانـەوە دەربچـن بـۆ ئـەوەی ئـەو دەسـەڵاتانەی وایـان کـردووە هەرێـم ئێسـتا لـە هەرێمێـک زیاتـر و لـە دەوڵەتێـک کەمـتر بێـت، کـەم بکەنـەوە. هەروەهـا پێویسـتییەکی زۆر هەیـە بـۆ هەمـوارکردنـی ئـەم دەسـتوورەی بـە پاڵپشـتیی ئەمەریکاییـەکان لـە بەرژەوەندیـی کـورد نـووسرا و دەسـەڵاتی زۆری پێیانـدا تـا ئاسـتی بنیاتنانی پەیوەندیـی دەرەکـی و هەبوونـی نووسـینگەیان لـە باڵیۆزخانەکانـدا[42] . ئـەم ئاراسـتەیە کێشـەیەکی گـەورەی هەیـە لەبـەر دوو هـۆی سـەرەکی: یەکێکیـان نەبوونـی هیـچ بەڵگەیەکـە لەسـەر ئـەوەی حکوومەتـە خۆجێیـەکان توانـای پێویسـتیان بـۆ بەدەسـتەوەگرتنی دەسـەڵاتی نـوێ هەیـە، وەکو: سیسـتمەکانی

ئێستای بەڕێوەبردنی دارایی لە حکوومەتە خۆجێیەکان پشت بە شێوازی بەکارهێنانی کاغەز دەبەستن و توانای مامەڵەکردنیان لەگەڵ بودجەی ئاڵۆز و فرەواندا نییە، سەرباری کەمیی شارەزاییان لە پلاندانانی ستراتیجیی پێویست بۆ پێشخستنی پلانی وەبەرهێنان یان ئەنجامدانی چاودێریی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی پێشکەشکردنی کارای خزمەتگوزارییەکان، لە کاتێکدا لەبەر پێویستیی زۆری بەدیهێنانی سەقامگیری لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا لەوانەیە قەوارە فیدراڵەکان لە مەودای ناوەندیدا بەشێکی زۆری دەسەڵات لای خۆیان بهێڵنەوە.

هۆکارێکی دیکە بریتییە لەوەی حکوومەتە خۆجێیەکان لە حکوومەتی ناوەندی بەغدا پتەوتر نین و، ئەمانیش کێشەی ناکۆکیی سیاسی و بەڕێوەبردنی خراپیان هەیە، ئەوە بوو لە 2017دا ئەنجومەنەکانی هەرسێ پارێزگای رزگارکراو دەنگیان بۆ لەکارخستنی پارێزگارەکانیان دا و، پارێزگاری ئەنبار سوهەیب راوی، لە حزبی ئیسلامی، بەبیانووی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی لەکار خرا و، محەممەد حەلبووسی، لە فراکسیۆنی ئەلحەل جێی گرتەوە. لە سەڵاحەددینیش، پارێزگار ئەحمەد جبووری، بە تۆمەتی گەندەڵی بە سێ ساڵ زیندانکردن سزا درا، بەڵام دواتر دادگەی فیدراڵ بە بێتاوان دەریکرد. لە نەینەوایش، ئەنجومەنی پارێزگا بەمدواییانە و پاش ئاراستەکردنی چەند تۆمەتێک پارێزگار نەوفەل عاگووبی لەکار خست. هەمان شتیش لە پارێزگای بەسرە روویدا و، راپۆرتەکان ئاماژەیان بۆ هەڵاتنی پارێزگار ماجد نەسراوی کرد، دوای ئەوەی دادگە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکرد.

هەندێکیش پێیانوایە تەرخانکردنی سەرچاوەی زیاتری سیاسی و دارایی بۆ حکوومەتە خۆجێیەکان دەبێتە مایەی بەرەودان بە ململانێ لەسەر

دەسـەڵات لەسـەر حیسـابی هاووڵاتیانـی دانیشـتووی ئـەو ناوچانـە و وای لـێ دێـت پێویسـتیان بـە یارمەتیـی خێـرا ببێـت[43] .

نووسـەری عێراقـی، لیقـا مەککـی، پێیوایـە بەخشـینی دەسـەڵاتی زۆر بـە هەرێمـەکان و بەهێزنەکردنـی ناوەنـد دەبێتـە هـۆکاری پاشـاگەردانی و هاندانـی حـەزی سـەربەخۆیی. بـۆ ئەمـەش پشـت بـە ئەزموونـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا دەبەسـتێت و دەڵێـت: "رەنگـە جیهـان گەلـێ سیسـتمی فیدراڵـی لـە سـەردەمی جۆراوجـۆردا بەخـۆوە بینیبێـت، بـەڵام فیدراڵیـزم بەپێـی چەمکـی سیاسـیی هاوچـەرخ لەڕێـی ئەزموونـی دامەزراندنـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا لـە 1783دا لەدایکبـوو، پـاش چەنـد سـاڵێک لـە یەکێتیـی کۆنفیدراڵـی نێـوان ویلایەتـە سـەربەخۆکانی ئـەو کاتـە، کـە بەهـۆی سـەربەخۆیی هـەر وڵاتێـک (ویلایەتێـک) تووشـی کێشـەی زۆر هـات تـا سـاڵی 1789 کاتێـک دەسـتووری ئەمەریـکای فیـدراڵ داڕێـژرا و لەسـەر حیسـابی ناوەنـد دەسـەڵاتی فراوانـی بـە هـەر ویلایەتێک دا و، جێبەجێکردنـی ئـەم دەسـتوورە رووبـەڕووی کێشـەی گرنـگ بـووەوە بەهـۆی سـەختیی بەردەوامبـوون وەک یـەک دەوڵـەت، لەپاڵ هەبوونـی ئـەو پەرتییـە لـە دەسـەڵاتدا و ونبوونـی شـەوکەتی ناوەنـد و توانـای نوێنەرایەتـی و بەڕێوەبردنـی هەمـوو وڵاتەکـە.

بـەم شـێوەیە دەسـتوور بـووە هانـدەری دەرکەوتنـی کێشـە و ململانێگەلێـک کـە نزیکـەی حەفتـا سـاڵ بەردەوامبوونیـان هەبـوو و گەیشـتە رادەی هەوڵـی یـازدە ویلایـەت بـۆ جیابوونـەوە لـە یەکێتییەکـە و هەڵگیرسـانی شـەڕی نێوخۆیـی ئەمەریـکا کـە چـوار سـاڵ بـەردەوام بـوو و سـاڵی 1865 وەسـتا لەڕێـی دانـی دەسـەڵاتی زیاتـر بـە ناوەنـد یـان دەسـەڵاتی فیـدرال کـە لـە هەمـوو شـتێکدا کۆنگرێـس و سـەرۆکایەتی نوێنەرایەتیـی دەکـەن

بـۆ نەهێشـتنی ئـەو هۆکارانـەی شـەڕەکەیان هەڵگیرسـاند[44]. ڕەنگـە وانـەی گرنـگ لـە ئەزموونـی فیدراڵـی ئەمەریـکا بریتـی بێـت لـەوەی زاڵکردنـی دەسـەڵاتی پەلـەکان یـان هەرێمـەکان بەسـەر دەسـەڵاتی فیدراڵـدا وڵاتـی دووچـاری شـەڕی وێرانکـەری نێوخۆیـی کـرد، ئەمـە پێـش ئـەوەی سیسـتمەکە پـێ بـگات و بـەرەو پشـتیوانیی دەسـەڵاتی ناوەنـد هەنـگاو هەڵبنێـت بـەو شـێوەیەی کـە سـەقامگیریی سیاسـیی لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـدا هێنایـەدی و ڕەنگـە بەشداریشـی کردبێـت لـەوەی ئابووریـی ئەمەریـکا ببێتـە گەورەتریـن ئابووریـی جیهـان.

بـەڵام بۆچوونـی تیمـی دووەم پێچەوانـەی بۆچوونـی تیمـی یەکەمـە و، هەندێـک بەرپرسـی ئەمەریکایـی و نووسـەری ڕۆژئاوایـی نزیـک لـە کـورد و ئـاگادار لـە واقیعـی عێـراق پشـتیوانیی دەکـەن. ڕۆژنامەنووسـی بریتانیایـی جۆناتـان کـۆک لـە کتێبـی "ئیسرائیـل و ململانێـی شارسـتانییەکان"دا مەبەسـتی داگیرکردنـی عێراقـی لەلایـەن ئەمەریـکاوە شـیکردووەتەوە و، پێیوایـە بـۆ دابەشـکردنی عێـراق و ئەنجامدانـی گۆڕانکارییـە لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا. لـە 26ی ئەیلوولـی 2007دا ئەنجومەنـی پیرانـی ئەمەریـکا بڕیارێکـی ناپابەندکـەری دا (بـە 75 بەڵـێ بەرامبـەر بـە 25 نەخێـر)، کـە لەلایـەن سـیناتۆری ئەوسـای دیموکـرات و سـەرۆکی ئێسـتا جۆزێـف بایـدن گەڵاڵـە کرابـوو. بەپێـی ئـەو بڕیـارە دەبێـت بەپێـی ئینتیـمای تایەفەگـەری و نەتەوەیـی عێـراق بـۆ سـێ قـەوارە دابەشـبکرێت و، حکومەتێکـی فیدراڵـی خـاوەن دەسـەڵاتی سـنووردار بەیەکەوەیـان ببەسـتێت و سـنوور بپارێزێـت و داهاتەکانـی نـەوت دابەشـبکات، بـەو هیوایـەی کێشـەی توندوتیـژی لـە عێـراق چارەسـەر ببێـت و لەئاکامـدا بـە ئاسـانی هێزەکانـی ئەمەریـکای لـێ بکێشرێنـەوە.

زاڵـمای خەلیلـزاد و کێنیـت پـۆڵاک[45] ، کـە بەشـداربووی نووسـینی دەسـتووری 2005 بـوون بەدواداچوونیـان بـۆ ئەمـە کـردووە و، لـە 2014دا گوتارێکیـان نووسـیوە، واقیعبینییەکـی زۆری تێـدا بەدیدەکەیـن و، پێـمان خۆشـە وردەکارییەکانـی بخەینـە بـەر دەسـتی خوێنـەران.

دوو نووسـەرەکە بانگەشـە بـۆ فیدراڵیزمێـک دەکـەن کـە ناناوەندێتییەکـی زۆر لەخـۆ دەگرێـت و، تیایـدا پەیوەندیـی نێـوان ناوەنـد و هەرێمـی کوردسـتان لـە کۆنفیدراڵیـزم نزیکـتر دەبێتـەوە. ئـەم دوو نووسـەرە پێیانوایـە واقعـی ئێسـتای عێـراق (2014) ناوەندێتییەکـی زۆری تێـدا بەرپایـە و بازدانێکـی روون بەسـەر دەسـتووردا هەیـە. لـە بەرامبـەردا، کـورد ئـەو کاتـە گەلێـک لـە توخمەکانـی هێـزی خۆییـان هەبـووە و خەونێکـی مێژوویيشـیان بـۆ بەدیهێنـان هەبـووە. واتــە لەنێــوان ئــەم دوو لایەنــەدا حــەزی دژبەیــەک هەبــوون و، داوایــان کـردووە پەیوەندیەکـی نزیـک لـە کۆنفیدراڵیـزم لەنێـوان عێراقـی عـەرەب و هەرێمـدا هەبێـت. تەنانـەت عێراقـی عەرەبیـش، بـەڕای دوو نووسـەرەکە، پێویسـتی بـە فیدراڵیزمێـک هەیـە دەسـەڵاتی زۆر بـە هەرێمـەکان بـدات.

ئـەم دوو نووسـەرە دەڵێـن، ڕێگەکـە هـەر چییـەک بێـت، گرنگـە دیسـپلین و هاوسـەنگیی وا دابڕێژرێـن کـە توانـای حکوومـەت لـە بـواری بەکارهێنانـی هێـزە ئەمنییـە عێراقییـەکان بـۆ سـەرکوتکردنی هـەر کۆمەڵگەیەکـی عێراقیـدا قۆڵبەســت بکــەن. بەســوودترین هەنــگاو، هەروەهــا بەتمووحترینیــش، هەمـوارکردنــی دەســتوورە بــۆ گواســتنەوەی دەســەڵاتی ئاراســتەکردنی کاروبـاری دەرەوە و ئاسایشـی نیشـتمانی (بـە سـەرکردایەتیی هێـزە چەکـدارە عێراقییەکانیشــەوە) لــە ســەرۆکوەزیرانەوە بــۆ ســەرکۆماری عێــراق (بــۆ زانیــن ســەرۆکوەزیرەکانی عێــراق، لەڕاســتیدا، دەســتیان بەســەر تــەواوی دەســەڵاتەکانی ئەنجومەنــی وەزیرانــدا گرتــووە). بەمەیــش ســەرۆکوەزیران

کۆنترۆڵــی سیاســەتە نێوخۆییــەکان و سیاســەتە ئابوورییەکانــی بەدەســتەوە دەمێنێتــەوە و، هــەر یەکێــک لــەو دووە دوو تێــرم حوکمڕانــی دەکات.
هەروەهــا ســەرکردە عێراقییــەکان پێویســتیان بــە ڕێککەوتــن هەیــە لەســەر جێبەجێکردنــی حوکمەکانــی دەســتوور (لەگــەڵ داڕشــتنی چاکســازی لــە کاتــی پێویســتدا) تاوەکــو دەزگا ئەمنییــەکان لــە مۆرکــی حزبایەتــی داماڵرێــن و چاودێریــی پەرلەمــان توندوتۆڵــتر ببێــت. دەســتوور بــە کردەنــی ڕێکخــەر و هاوســەنگیی تێــدان کــە خۆیــان لــێ لادراون. بــۆ نموونــە، دەســتوور داوای ڕەزامەندبوونــی پەرلەمــان لەســەر دامەزرانــدن لــە پۆســتە باڵاکانــدا دەکات، وەک سوپاســالار و یاریدەدەرەکانــی و فەرمانــدەی فرقــەکان و پلەکانــی باڵاتــر و بەڕێوەبــەری دەزگای هەواڵگــری، بــەڵام ئــەم مەرجانــە پشــتگوێ خــراون. ئێســتاش یاســاگەلێک پێویســتن بــۆ دەستنیشــانکردنی دەســەڵاتەکانی وەزیــری بەرگــری (کــە لەلایــەن ســەرۆکەوە دامەزرێنــدراوە) و وەزیــری نێوخــۆ (کــە لەلایــەن ســەرۆکوەزیرانەوە دامەزرێنــدراوە) و، شــیاندنەوەی مەڵبەندەکانــی ئۆپەراســیۆنە جۆراوجــۆرەکان لــە عێــراق لــە چوارچێــوەی ڕیزبەندیــی فەرماندەیــی ســەر بــە وەزارەتــی بەرگــری (کــە ئێســتا ڕاپۆرتــی ڕاســتەوخۆ پێشــکەش بــە ســەرۆکوەزیران دەکــەن) و، دەستنیشــانکردنی شــێوازی مامەڵەکــردن بــە ســامانی هایدرۆکاربۆنیــی عێــراق لــە ناوچــە ناکوردەکانــدا.
پێویســتە هەموارکردنــە دەســتوورییەکانی دیکە دووبــارە بەرپرســە عێراقییەکان لــە دامەزراوەکانــی دادوەری و هەڵبژاردنــدا دەستنیشــان بکــەن و دەبێــت کۆنترۆڵــی هێــزە ئەمنییــە خۆجێیــەکان و دامەزراندنــی گشــت بەرپرســانی پارێــزگاکان بــە حکوومەتــی هەرێــم و حکوومەتــە خۆجێیــەکان بســپێردرێت.
گواســتنەوەی دەســەڵات لــە ناوەنــدەوە بــۆ دەوروبــەر دەبێــت لــە پــارەوە دەســتپێبکات. حکوومەتــی ناوەنــد ئەرکــی دابەشــکردنەوەی ســامانی نــەوت

بەپێـی یاسـایەکی نوێـی دابەشـکردنی داهـات بـۆ خـۆی دەپارێزێـت. یاسـایەکی لـەم جـۆرە دەکارێـت پشـکێکی دیاریکـراوی دارایـی بـۆ حکوومەتی فیـدراڵ بـۆ هەڵسـووڕاندنی کاروبـاری خـۆی (سـنووردار بێـت) تەرخـان بـکات، یانیـش پێوەرگەلێـک دەستنیشـانبکات بـۆ ئـەو ئاسـتەی کـە لـە توانـای پەرلەمانـی فیدراڵـدا هەیـە سـوود لـە داهاتەکانـی نەوتـی عێـراق ببینێـت لـە پارەدارکردنـی چالاکییەکانـی حکوومەتـی فیـدراڵ. لەپـاڵ ئەمـەدا، دۆزینـەوە و بەرهەمهێنـان و تەنانـەت هەناردەکردنـی نـەوت و گاز بەدەسـتی کـەرت و ناوچەکانـەوە بمێننـەوە.

پرسـی دیاریکردنـی بەرپرسـیارێتییە ئەمنییـەکان، پرسـێکە زۆر گرنگ و پێویسـتی بـە چاوپێداخشـاندنەوە هەیـە. دەبێـت بەغـدا دەسـتبەرداری پاراسـتنی یاسـای نێوخۆیـی و سیسـتم لـە پارێـزگا و هەرێمەکانـدا ببێـت، ئەمـەش ڕێ بـۆ بەرزکردنـەوەی هێـزە خۆجێیـەکان بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم ئەرکـە خۆشـدەکات. هەروەهـا دەبێـت پشـکێکیان لـە بودجـەی فیـدراڵ بـۆ تەرخانبکرێـت کـە لەگەڵ پێکهاتـەی دانیشـتووان گونجـاو بێـت، بـەڵام بـە تـەواوی لەژێـر کۆنترۆڵـی کەرت و ناوچەکانـدا بێـت، بـۆ پارەدارکردنـی یەکەکانـی ئاسایشـی نێوخۆیـی تایبـەت بەخۆیـان. لەگـەڵ ئەمەشـدا، یەکێـک لـە چارەسـەرەکانی بەرگریـی دەرەکـی خـۆی لـە ڕادەسـتکردنی ئەم بەرپرسـیارییە بـە حکوومەتـی ناوەنـددا دەنوێنێت. لێـرەدا، لەبـەر ئـەوەی سـوپای عێـراق بـەردەوام توانـای ناڕاگەیەنـدراوی کۆنترۆڵکردنـی هـەر پارێزگایـەک یـان گشـت پارێزگاکانـی دەبێـت، پێویسـت دەکات لـە نێـو بەغـدادا دابەشـکردنەوەیەک بـۆ دەسـەڵاتەکان بکرێـت بـۆ ئـەوەی سـەخت بێـت، ئەگـەر مەحـاڵ نەبێـت، سـەرۆکوەزیرانی عێـراق توانـای بەکارهێنانـی دامـەزراوەی سـەربازیی بـۆ مەبەسـتی سیاسـی هەبێـت و، لەجیاتـی ئـەوە، عێراقییـەکان باسـی ئـەوە بکـەن هـەر هەرێمێکـی فیـدراڵ

هێـزی تایبـەت بـە خـۆی هەبێـت، وەک پێشـمەرگە و، پـاش ئـەوە هەرێمـەکان بـۆ زامنکردنـی ئاسایشـی دەرەکـی هاوئاهەنگی لەنێـوان هێزەکانیـان و چالاکییە ئەمنییەکانیانـدا بکـەن.

سـەرۆک بـاراک ئۆبامـا پشـتیوانیی کاراکردنـی فیدراڵیزمیشـی کـرد وەک بەشـێک لـە پلانـە جەنگییەکـەی بـۆ شـەڕی داعـش و، فیدراڵیـزم لای ئـەو وەک نەخشـەڕێیەک بـۆ رزگارکردنـی عێـراق و پاراسـتنی خاکەکـەی و بەزاندنی داعش و، دۆزینـەوەی رێـکاری سیاسـیی بـەردەوام کـە بتوانـن وڵات لـە هەڵخلیسـکان بـەرەو گێژەنـەی ململانێـی نـوێ لـە داهاتـوودا، ژمێـردرا.

ئیـدارەی سـەرۆک ئۆبامـا یەکەمیـن بـوو لـە وروژاندنـی ئـەم رێچکەیـە لـە تەممـووزی 2014دا و، برێـت مەکگـۆرک، جێگـری یاریـدەدەری وەزیـری پێشـووی دەرەوە و لـە ئیـدارەی سـەرۆک بایدنـدا بەرپرسـی دۆسـێی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، لەکاتـی گەواهیـدان لەبـەردەم لیژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی ئەنجومەنـی پیـران – باسـی سـتراتیژی ئیحتیـوا و رووبەڕووبوونـەوەی رێکخـراوی داعـش لەڕێـی ئـەوەی نـاوی لـێ نـا (فیدراڵیزمـی کارا)وە کـرد[46] . مەکگـۆرک پێیوابـوو ئـەم چەمکـە لـە دەسـتووری عێراقـدا باسـکراوە، بـەڵام بەتەواوەتـی و کاریگەرانـە جێبەجـێ نەکـراوە و، فیدراڵیزمـی کارا لەسـەر پێنـج بنەمـای بنەڕەتی بنیاتـنراوە: دەبێـت هاووڵاتیانـی خۆجـێ دەستپێشـخەری لـە پاراسـتنی ناوچـە خۆجێیەکانیـان بکـەن و دەبێـت یارمەتـی و توانـا بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە دەوڵەت وەربگـرن و، دەبێـت سـوپای عێـراق لەنێـو شـارەکاندا لـە دۆخـی دەگمەنـدا نەبێـت بـڵاوەی پـێ نەکرێـت، بگـرە دەبێـت ئەرکـی فیدراڵـی پاراسـتنی سـنوور جێبەجـێ بـکات. هەروەهـا پێویسـتە هاوئاهەنگیـی توندوتـۆڵ لەنێـوان هێـزە خۆجێیـی و فیدراڵـەکان و هێزەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی داعشـی تیرۆریسـت هەبێـت. دەبێـت حکوومەتـی فیـدراڵ

کار لەسـەر چەپکێـک چاکسـازی بـکات بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو سـتەمەی یارمەتیـی بڵاوبوونـەوەی ئەندامانـی داعشـی دا. لـە نێوەڕۆکـدا، فیدراڵیزمـی کارا لەسـەر گواسـتنەوەی پەرپرسـیارێتیی ئەمنـی بـۆ دەسـەڵاتە خۆجێیەکانـی هـەر پارێزگایـەک بنیـات دەنرێـت، لەوانەیـش پێکهێنانـی پاسـەوانی نیشـتمانی لـە یەکەگەلـی خۆجێیـی بـۆ پاراسـتنی ناوچەکانـی پارێزگاکـە، لەکاتێکـدا ئەرکـی هێـزە فیدراڵـەکان تەنیـا پاراسـتنی سـنوور و ئەنجامدانـی هەندێـک ئەرکـی دیکـەی فیـدراڵ دەبێـت.

دیارتریـن دوو هـۆکار بـۆ لەخۆگرتنـی ئـەم بیرۆکەیـە بریتین لە: یەکـەم، نەبوونی متمانـە لەنێـوان سـوپای عێـراق و هاووڵاتییـان یەکێـک بـوو لـە هۆکارەکانـی کەوتنـی مووسـڵ، هۆکارەکـەی دیکـەش بریتـی بـوو لـە سـەرکەوتنی هێزەکانـی (صحـوة)، کـە ئەمەریـکا پشـتیوانییانی دەکـرد، لـە نەهێشـتنی تیـرۆر و، شـیاویی دووبارەکردنـەوەی ئـەو ئەزموونـە لـە شـەڕی دژ بـە داعـش لـە سـێ پارێـزگا زۆرینـە سـوننەکە. لەمـڕووەوە فیدراڵیزمـی کارا بـە پلـەی یەکـەم جەختـی لـە گواسـتنەوەی دەسـەڵاتی ئەمنـی لەپێنـاو مامەڵەکـردن لەتـەک سـتەملێکراویی دانیشـتووانی خۆجێـی و، گەڕاندنـەوەی متمانـە بـە حکوومەتـی ناوەنـد کـرد[47].

ئـەو تایبەتمەندییـەی ئەمـڕۆ کـوردی عێـراق هەیانـە بریتییـە لـەوەی ئەگـەر چی باسـی جیابوونـەوە لـە عێـراق دەکـەن بـەڵام بـەردەوام بـژارەی مانـەوە لەنێـو عێـراق لـە سـایەی سیسـتمێکی فیدراڵـدا وەپێـش دەخـەن، ئـەوان پێیانوایـە ئـەم سیسـتمە گونجاوترینـە بـۆ حوکمڕانیـی گەلێکـی فرەتایەفـە و فرەنەتـەوە و فرەئایـن، هەروەهـا خۆیـان وەک ئەزموونێکـی سـەرکەوتوو دەخەنـەڕوو بـۆ ئەوانـەی هەسـتدەکەن لـە سـایەی ئـەو دوورخسـتنەوە و پەراوێزخراوییـەدا دەژیـن، کـە بەرامبـەر توێژێکـی گـەورە و فراوانـی عێراقییـەکان بەرپـا دەکرێـت. ئـەوەی لـە ئەزموونـی هەرێمەکـەی کـوردان تێبینـی دەکرێـت ئەوەیـە کـە

بـەڕووی ئەوانـی دیکـەدا کراوەیـە و، هەوڵـی سـوودوەرگرتن لـە ئەزموونـە هاوشـێوەکان دەدات بەبـێ بـازدان بەسـەر تایبەتمەندییەکانـی عێراقـدا بەگشـتی و ناوچەکانـی کـوردان بەتایبەتـی و، هەوڵـی چەسـپاندنی چەمکـی هاووڵاتیبوون دەدات لەڕێـی زنجیرەیـەک یاسـای ڕێکخـەرەوە، کـە یەکێـک لـە ئامانجەکانـی ئـەو یاسـایانە بنیاتنانـی هەسـتی پشـکداریی ڕاسـتەقینەی هاووڵاتیانـی هەرێمـە لـە گەشـە و سـاماندا، ئەمەیـش بـووە مایـەی دابەزینـی ڕێـژەی هـەژاری، لـە شـاری هەولێـر وەک نموونـە، بـۆ 3% وەک داتـا و ئامارەکانی وەزارەتـی پلاندانانی عێـراق ئامـاژەی بـۆ دەکـەن، لە کاتێکـدا بەغـدای پایتەخـت بەدەسـت بەرزترین ڕێـژەی هەژارییـەوە لـە مێـژووی خۆیـدا دەناڵـێ کـە نزیکـەی 30%ە. کاتێـک بە شـەقامەکانی هەولێـردا گـوزەر دەکەیـت، بێگومـان دیمەنی سـەرنجڕاکێش بەلای خۆیانـدا پەلکێشـت دەکـەن، ڕەنگـە دیمەنـی هـەرە لـە پێـش کەمیـی ئامادەیـی هێـزە ئەمنییـەکان بێـت، چ لـە شـەقامەکان و چ لەپێـش فەرمانگـە فەرمییـەکان و، جگـە لـە پۆلیسـی هاتوچـۆ بەدەگمـەن کەسـێک بـە بەرگـی سـەربازییەوە دەبینیـت و، ئەمـەش خاڵێکـە بـۆ کارگێڕیـی خۆجێـی شـارەکە کـە توانیویەتـی یاسـا بەرقـەرار بـکات. تەنانـەت ڕێـژەی تاوانیـش لـە هەولێـر بـە ئاسـتێکی بەرچـاو پاشەکشـەی کـردووە. هەروەهـا و، پەیوەسـت بـە سـەپاندنی یاسـا و بەرقەراربوونـی ئاسـایش، ئـەو وەبەرهێنانانـەی لـە 2003وە تـا ئەمـڕۆ ڕوویـان لە شـارەکە کـرد گـەورەن و زۆریـش گـەورەن و، ڕوخسـاری هەولێریـان بەتـەواوی گـۆڕی، بـوو بـە شـارێکی مۆدێـرن کـە بـە خێرایـی و ڕێکـی فـراوان دەبێـت و، بـووە ڕووگـەی گەلێـک کۆمپانیـای وەبەرهێـن کـە هەلـی نموونەییـان تیایـدا بینـی، بەتایبەتـی لەگـەڵ هەبوونـی کۆمەڵێـک یاسـای هانـدەر بـۆ وەبەرهێنـان کـە پارێـزەری سەرمایەکانیشـیانن[48].

## ئەنجام و ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەکە

کۆسـپ و ئالنگاریـی زۆر ڕووبـەڕووی جێبەجێکردنـی فیدراڵـی لـە عێـراق دەبنـەوە و، گرنگتریـن ئـەم کۆسـپانە نەبوونـی دیموکراسـییە وەک کولتـوور و پەیـڕەو لـە عێراقـدا و، پێویسـتە وەک هەنـگاوی یەکـەم بـۆ سەرخسـتنی فیدراڵـی لـە عێـراق، ئـەم بابەتـە چارەسـەر بکرێـت.

پێمانوایـە ئـەو چارەسـەرەی خـۆی لـە دەوڵەتێکـی خـاوەن دوو سیسـتم (فیدراڵـی بـۆ پارێزگاکانـی عـەرەب و کۆنفیدراڵـی بۆ کوردسـتان) لـە داهاتوودا چارەسـەرێکی گونجـاو دەبێـت بـۆ عێـراق، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە سـایەی دۆخـی ئێسـتادا کەمتریـن لۆژیـک و کەمتریـن واقیعبینـی لەخـۆ دەگرێـت، چونکـە هەرێمـی کوردسـتان لـە 16ی ئۆکتۆبـەری 2017دا نزیکـەی نیـوەی خاکـی کوردسـتانی لەدەسـتدا و هاوسـەنگیی هێـزی سیاسـی و سـەربازیی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا پشـتیوانی ئەمـە نیـن. جگـە لەمـەش، یەکێتیـی نیشـتمانی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا نەهاتووەتـە دی و جیاوازیـی بنچینەیـی لەنێـوان ناوچەکانـی دەسـەڵاتی یەکێتـی و پارتـی، لـە سرووشـتی پەیوەنـدی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا هەیـە. هـەر کاتێکیـش یەکێـک لـەم دوو لایەنـە کـوردە سـەرەکییە هەنگاوێکـی تاکلایەنـە بنێـت ئەنجامەکـەی هاوشـێوەی ڕووداوەکانـی ئۆکتۆبـەر دەبێـت. سـەرباری هەمـوو ئەمانەیـش، تائێسـتا ئیـرادەی نێودەوڵەتـی و ناوچەیـی پشـتیوانی لـە هیـچ گۆڕینێکـی جەوهـەری لـە پەیوەنـدی نێـوان هەرێـم و بەغـدا نـاکات.

پەیوەندیـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ عێراقـدا ناجێگیـرە و لەسـەر بـڕوای چەسـپاوی دوولایەنـە بنیاتنەنـراوە و، مەحکوومـی هێـز و پەیوەندییـە ناوچەییەکانـە و، شـیاوی گۆڕانـی بنەڕەتییـە لـە داهاتـووی نزیکـدا. لەوانەیشـە

ئـەم سـەرهەڵدانەی ئێسـتا ببێتـە هـۆکاری دەرکەوتنـی بەهێزیـی ناوەنـد و حکوومەتەکانـی داهاتـوو بـە بیانـووی چاکسـازی و بنبڕکردنـی بەشبەشـێنە و بنیاتنانـی دەوڵەتـی هاووڵاتیبـوون، لەجیاتـی دەوڵەتـی پێکهاتـەکان، دەسـتکەوتەکانی کـورد لـە دەسـتووری ئێسـتا لەنێوببـات.

بـەڵام بـە بۆچوونـی ئێمـە، سیناریۆی زاڵـتر بـۆ داهاتـووی عێـراق دروسـتبوونی دەوڵەتـی قووڵـە (کـە لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتگیریکراوە) بـۆ خنکاندنـی هەمـوو هەوڵێـک بـۆ چاکسـازی و، ئەمـەش دەبێتـە مایـەی پاشـاگەردانی و شـەری سەرانسـەریی نێـوان میلیشـیاکان خۆیـان، یـان کودەتایەکـی سـەربازی لەلایـەن ئەمەریکییـەکان کـە میلیشـیاکان بەرەنـگاری دەبـن و عێـراق بەبەلـکان دەکرێـت. لەوانەیشـە ئـەو پاشـاگەردانییەی بەرهـەم دێـت هەلێـک بێـت و بەهۆیـەوە هـەر پێکهاتەیـەک دەسـت بەسـەر ناوچەکـەی خۆیـدا بگرێـت و ئـەو دابەشـکارییەی جۆزێـف بایـدن لـە 2007دا بـۆ عێـراق بەسـەر سـێ هەرێمـی فیدراڵـدا لەگـەڵ حکومەتێکـی ناوەندیـی لاواز ببێتـە دێفاکتـۆ. ئـەم سـیناریۆیە نزیکتریـن دەبێـت لـە چارەسـەر و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ پرسـی بۆسـنیا لەسـەری رێککـەوت.

ئـەوکات رەنگـە کـورد پێگەیەکـی باشـتریان هەبێـت و کارتـی گفتوگۆکردنـی وایـان بەدەسـتەوە هەبێـت کـە یارمەتییـان بـدات بـاس لـە فیدراڵییـەک بکـەن تێیـدا پەیوندییەکانیـان لەگـەڵ عێراقـدا لـە کۆنفیدراڵییـەوە نزیـک بێـت.

گۆڕانێکـی هەسـتپێکراو لـە هەڵوێسـتی سـوننە بەرامبـەر بـە فیدراڵـی هەیـە و، ئێسـتا زۆر لـە هەڵوێسـتی کـورد نزیکـن و، پێویسـتە بڕیاربەدەسـتانی هەرێمـی کوردسـتان هانـی ئـەم ئاراسـتەیە بـدەن و پەیوەندییـە ناوچەیـی و نێودەوڵەتییەکانیـان بـۆ یارمەتیدانـی عەرەبـی سـوننە لـە پێکهێنانـی هەرێمـی فیدراڵـی خۆیـان بەکاربێنـن بـە مەبەسـتی پتەوکردنـی ئـەم سیسـتمە

لـە وڵاتـدا. بـەڵام لـە بەرژەوەنـدی کـورد نییـە خۆیـان بکەنـە سپۆنسـەر و داڕێـژەری سرووشـتی سیسـتمەکە لـە ناوچەکانـی عەرەبـان لـە عێراقـدا. بڵاوکردنـەوەی کولتـووری فیدراڵـی پێویسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە، چونکـە تاڕادەیەکـی زۆر لـەلای دەسـتەبژێر و تاکـی ئاسـایی عێراقـی ناڕوونـە. هـەر وەک لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا روونمـان کـردەوە، فیدراڵـی هانـدەر و رێخۆشـکەر نییـە بـۆ دابەشـبوون، بگـرە چوارچێوەیەکـە بـۆ پاراسـتنی یەکێتیـی نیشـتمانی و دابینکـەری چوارچێـوەی دروسـتی فرەئاییـن و فرەنەتەوەییـە بۆئـەوەی لەسـایەیدا عێـراق بتوانـێ بەئاشـتییانە بـژی و لـە سـایەی پێکەوەژیانـی ئاشتییانەشـدا بحەسـێتەوە.

**پەراوێزەکان :**


1- ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، ط 1، دار النهضة العربية، بيروت، 2008، ص462.

2- ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، ط 1، دار النهضة العربية، بيروت، 2008، ص462 .

3- اللامركزية الإدارية: uomustansiriyah.edu.iq› media› lectures/Mar 13, 2018

4- Legesse Tigabu Mengie: Federalism as an Instrument for Unity and the Protection of Minorities: A Comparative Overview: Ethiopia, India and the US: https://www.ajol.info/index.php/mlr/article/viewFile/153588/143177

5- LEILA HACCIUS "The Making and Breaking of Federalism in Iraq: https://www3.unifr.ch/federalism/en/assets/public/files/Working%20 Paper%20online/26_%20Leila_Haccius.pdf December 2018

6- النظام الفدرالي - www.aljazeera.net / Nov 30, 2015

7- Thomas Fleiner and Maya Hertig , Diversity and Unity in Federal Countries | McGill-Queen's .p.320

8- Paolo Dardanelli' ,"The dynamics of confederalism and federalism: Comparing Switzerland and the EU" , June 2005Regional & Federal Studies 15(2). DOI: 10.1080/135975605001154 00

9- د. عثمان علي، دراسات في الحركة الكردية المعاصرة، أربيل، 2006.

10- عبدالهادي علي: "الفدرالية في العراق والصراع السني الشيعي في العراق: "http://www. alrased.net/main/articles.aspx?selected_article_no=3595 الأثنين 1 أغسطس 2011

11- المعهد الدولي لقانون حقوق الإنسان- الدساتير العربية، دراسة بمعايير الحقوق الدستورية الدولية – الطبعة الأولى – 2005 – ص301.

12- أ. د. علي هادي حميدي الشكراوي، إشكالية نشأة الأقاليم الفيدرالية في العراق بين النص القانوني والواقع السياسي، جامعة بابل – كلية القانون، ٢٠١٥: http://www. uobabylon.edu.iq/uobColeges/fileshare/articles.pdf

13- م. حمد جاسم محمد. "الفدرالية والهوية الوطنية العراقية"، 2009، 2015-03http:// fcdrs.com/polotics/22-

14- Greenberg quinlan rosner research barzani | limadbell: https://limadbell.

gq/406264-greenberg-quinlan-rosner-research-barzani.htm/ Nov 17, 2019

15 - ماجد عيدان وحسام شكر امين، "اشكالية التجربة الفيدرالية في العراق"، " www. iasj.net IAS PDF ـ2015

16 - عبدالهادي علي، "الفدرالية في العراق والصراع السني الشيعي في العراق"، الأثنين 1 أغسطس 2011:

17- http://www.alrased.net/main/articles.aspx?selected_article_no=3595

Steffany Trofino ,"Strategic Multi-Layer Assessment Team Iraq Assessment September" www.academia.edu› Strategic_Multi-Layer_Assessment_Team_Iraq_As... 27 sept. 2016 PDF

18 - هل تحول السنة في العراق من حماة الدولة المركزية إلى دعاة للتقسيم؟ http:// rawabetcenter.com/archives/103099

19 - فارس الخطاب، "العراق فوضى الفيدراليات": https://www.aljazeera.net/ / knowledgegate/opinions/2012/4/13

20 - المأزق السنّي في العراق - مركز كارنيغي للشرق الأوسط ٢٠١٦/٣/٣: carnegie-mec. org›publications›62945

21 - علي مرادي، "تحدي قيام النظام الفيدرالي في العراق - شبكة النبأ المعلوماتية"، -2019 05-16: https://iraqi.dk/kareta/2019-05-16-08-04-1

22 - العراق: أزمة النموذج الفيدرالي، القدس العربي Nov 1, 2017 ،www.alquds.co.uk.

23 - (Q&A: Iraq's constitution, Rosalind Ryan and James Sturcketheguardian.com, Tuesday 25 October 2005 14.55 BST https://www.theguardian.com/world/2005/oct/25/iraq.qanda

24 - BORZOU DARAGAHI "Sunnis See Iran's Hand in Call for Federalism" https://www.latimes.com/archives/la-xpm-2005-aug-21-fg-iran21-story.html/ AUG. 21, 2005

25 - BORZOU DARAGAHI "Sunnis See Iran's Hand in Call for Federalism" AUG. 21, 2005 https://www.latimes.com/archives/la-xpm-2005-aug-21-fg-iran21-story.html

26 - Jahanbakhsh Moradi" A Study of Federalism in Iraq from the View of the Micro Level of Analysis": A_Study_of_Federalism_in_Iraq_from_the_View_of_the.pdf

27 - يحيى الكبيسى ، نفس المصدر.

28 - مؤتمر بغداد واستمرار ضياع البوصلة السنية، القدس العربي، ٢٨ حزيران ٢٠١٧، www. alquds.co.uk

29 - الدكتور عمر عبدالستار محمود، "شروط نهضة العرب السنة المحتملة" - مركز العراق الجديد، Jul 29, 2017 ،www.newiraqcenter.com.

30 - ريناد منصور، نفس المصدر.

31 - ياسر الزعاترة، "عرب العراق السنَّة ضحية سياسييهم".

32 - LEILA HACCIUS "The Making and Breaking of Federalism in Iraq" December 2018 https://www3.unifr.ch/federalism/en/assets/public/files/Working%20Paper%20online/26_%20Leila_Haccius.pdf

33 - Adam M Smith, "Fractured Federalism: Nigeria's Lessons for Today's Nation Builders in Iraq" https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/00358530500033265 Pages 129-144 | Published online: 24 Jan 2007)

34 - الاقليم السني يعود الى الساحة من جديد بسبب جديد وحلة جديدة... ورافضين ومؤيدين جدد... وحال المشهد السياسي هذا البلد مو جديد، الثلاثاء 14 كانون ثاني 2020: http://www.skypressiq.net/2020/1/14/

35 - Michael Georgy" Sunni tribesmen battling Islamic State demand federalism in Iraq"
https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-mosul-sunnis/sunni-tribesmen-battling-islamic-state-demand-federalism-in-iraq-idUSKBN13P25C

36 - Feisal al-Istrabadi "Federalism: Structural Construction & Resource Sharing" July 15, 2019
https://iraqenergy.org/2019/07/15/opinions-on-iraqi-federalism-structural-construction-and-resource-sharing/

37 - ياسر الزعاترة، "عرب العراق السنَّة ضحية سياسييهم":
https://www.aljazeera.net/knowledgegate/opinions/2012/1/2/

38 - اميركا تسعى لتحويل السنة في العراق من حماة الدولة المركزية إلى دعاة للتقسيم:
https://afaq.tv/contents/view/details?id=111540

39 - هل تحول السنة في العراق من حماة الدولة المركزية إلى دعاة للتقسيم؟ http://rawabetcenter.com/archives/103099

40 - امجد الدهامات، "هل الفيدرالية تؤدي الى التقسيم؟" - شبكة النبأ المعلوماتية- Jun 17, 2019 -https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/19615

41 -هل تحول السنة في العراق من حماة الدولة المركزية إلى دعاة للتقسيم؟ http://rawabetcenter.com/archives/103099

42 - John McGarry, Brendan O'Leary" Iraq's Constitution of 2005: Liberal consociation as political prescription "
International Journal of Constitutional Law, Volume 5, Issue 4, October 2007, Pages 670–698, https://doi.org/10.1093/icon/mom026

43 - مركز البيان للدراسات والتخطيط "علي المولوي "الفدرالية الفاعلة" في العراق .. وجهة نظر نقدية
http://www.bayancenter.org/2018/04/4415/
- 2018-04-07

44 - النظم الفيدرالية في العالم: الفيدرالية بين العراق والعالم .. رؤية مقارنة

45 - ZALMAY KHALILZAD and KENNETH M. POLLACK "How to Save Iraq" https://newrepublic.com/article/118794/federalism-could-save-iraq-falling-apart-due-civil-war
July 22, 2014

46 - Viola Gien" Iraqi Unity Will Require Federalism, Cooperation, Kurdish Leaders Say"
Friday, September 19, 2014 / BY:
https://www.usip.org/publications/2014/09/iraqi-unity-will-require-federalism-cooperation-kurdish-leaders-say

47 - مركز البيان للدراسات والتخطيط، علي المولوي، "الفدرالية الفاعلة" في العراق .. وجهة نظر نقدية، ٢٠١٨/٤/٧: http://www.bayancenter.org/2018/04/4415/

48 - علي مرادي، "تحدي قيام النظام الفيدرالي في العراق"، شبكة النبأ المعلوماتية:"https://iraqi.dk/kareta/2019-05-16-08-04-16
Apr 16, 2019

ناسنامەی کوردی لە باشوور

# سەرهەڵدانی وردە ناسنامەکان: گۆڕانی ناسنامەیی

**د.سەردار عەزیز**

**پوختە**

ئـەم توێژینەوەیـە گریمانـەی ئـەوە دەهێنێتـەوە کـە ناسـنامەی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان لـە سـێ دەیـەی رابـردوودا بـە وەرچەرخانێکـدا تێپەڕیـوە. ئـەم وەرچەرخانـەش گواسـتنەوەیە لـە شوناسـێکی گـەورەوە بـۆ کۆمەڵێـک وردە ناسـنامەی ناوخۆیـی. گـەورە ناسـنامەی کـوردی کـە ئیتنـی و نەتەوەیـی بـوو، ئەویترەکـەی ناکـورد بـوو. بـەڵام ئەگـەر هەمـو شوناسـێک جیاوازێـک یـان ئەویدیکەیەکـی هەبێـت، ئـەوە ئەویدیکـەی وردە ناسـنامەی کـوردی کـورد خۆیەتـی. ئـەم توێژینەوەیـە ئـەو هۆکارانـە دەخاتـە بەرچـاو کـە لەپشـت ئـەم وەرچەرخانـە و سـەرهەڵدانی ناسـنامە نوێیەکانـدان. وەک: بـە

شـاریبوون، ئابووریـی نەوتـی، نایەکسـانیی دابەشـکردنی داهـات. هەروەهـا دەرئەنجامەکانیـش هەڵدەسـەنگێنێت، کـە بەرخۆڕێتـی لەجیاتـی هاووڵاتـی، دروسـتبوونی جڤاتـە داخـراوەکان و گەشـەی ناسـنامەی مووچەخـۆر بەرامبـەر مووچەنەخـۆردا لـە گرنگترینەکانیانـن.

**سەرەتا**

هەرێمـــی کوردســـتان یەکێکـــە لـــە دیـــاردە و دەرکەوتـــە سیاســـی و جیوپۆلیتیکییەکانـی پـاش جەنگـی سـارد. کۆتایـی جەنگـی سـارد و شـەڕی کوێـــت و دەســـتپێکردنی گوتـــاری دیموکراتیزەیشـــن لەلایـــەن ئەمریـــکای سـەرکەوتووی جەنگـی ساردەوە، راسـتەوخۆ کاریگەریـی لەسـەر هاتنەئـارای هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە. ناسـنامە یـان شـوناس پرسـێکی هەنووکەییـە لـە دونیـای ئەمـڕۆدا. ئـەم پرسـە لـە دنیـای کوردیـدا لـە مـاوەی سـاڵانی رابـردوودا زۆری لەبـارەوە نـووسراوە، بـەڵام کێشـەی هـەرە گـەورەی ئـەو ئەدەبیاتـەی کـە هەیـە ئەوەیـە کـە لـە بوارێکـی زۆر تەسـکدا ناسـنامەی کـوردی دەبینێـت. دەکرێـت بڵێیـن پرسـێکی هـەرە سـەرەکی لـەم بـوارەدا ئەوەبـووە کـە کـەی کـورد لـە کوردبوونـی خـۆی بـە ئاگابووەتـەوە؟ ئـەم پرسـە مێژوویـی و گشـتگیرە. هـاوکات خەسـڵەتێکی سـەرەکیی ئـەم تێڕوانینـە لـــە ناســـنامە ئەوەیـــە کـــە، ئەویـــتری دەرەکـــی بـــە پاڵنـــەری ســـەرەکیی دروسـتبوونی ناسـنامەی کـوردی دەبینێـت. ئـەم رۆڵـە سـەرەکییەی ئەویـتر لـە دروسـتکردنی ناسـنامەی کوردیـدا لـەڕووی مێژووییشـەوە سـەرەتایەکی بـۆ دروسـتدەکات. ئەگـەر ئەویـتری دەرەکـی بنیاتنـەری ناسـنامەی کـوردی بێـت، ئـەوە ئـەو ساتەوەختەی کـورد بـە ئاگابووەتـەوە یـان کەوتووەتـە بـەر

ڕەفتاری ئەویتر، لە خۆیشی بە ئاگابووەتەوە. ئەم ساتەوەختە بەگشتی بۆ ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و هاتنی کۆلۆنیالیزم و سەرهەڵدانی دەوڵەتی تیرەتۆری و ڕووداوە سیاسییەکانی دیکە دەگەڕێننەوە.
ئەگەر ئەو دیدە دێرێداییە بە هێند وەربگرین کە لە هەموو ناسنامەیەک یان شوناسێکدا ئەویترێک یان جیاوازییەک دەبینێت، ئەوە لە ساتەوەختی دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە باشوور ئەم ئەویترە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. ئەم وەرچەرخانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا، کورد خۆی دەبێتە ئەویتر بۆ ناسنامەی خۆی. ئەم وەرچەرخانە هۆکاری زۆرە و کاریگەریشی زۆرە.
ئەگەر بمانەوێ ڕێچکەیەک بۆ پرۆسەی ناسنامەی کوردی دیاریبکەین، ئەوە بەگشتی بەمشێوەیەیە کە پێشتر کورد بە پەرتەوازەیی، لە یەکەی بچووکدا، دابڕاو لە یەکدی و لە ململانێ لەگەڵ یەکدیدا بوون. ئەمە لە فۆرمی خێڵ و عەشیرەت و تیرەی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم پەرتەوازەییە مێژوویەکی درێژی هەیە، کە لێرەدا ئامانجمان نییە کاری لەسەر بکەین. گوند و شاری بچووک خەسڵەتی هەرە سەرەکیی نیشتەجێبوونی کورد بووە. نەبوونی شاری گەورە و کەمیی جوڵە و تێکەڵی و نەبوونی پێکەوەبەستنی ئابووری و کولتووری و ئاگایی، وایکردووە کورد وەک یەکەیەکی وێناکراو لەلایەن خەڵکانی کورد خۆیەوە لاوازبێت. گوندێتی بە دیدی کارل مارکس جۆرێکە لە بوون لە یەکەی بچووکی ئۆتۆنۆمۆسی دابڕاودا، کە لەگەڵ یەکەکانی دیکەدا بەریەکناکەون و هەریەکە بۆخۆی کۆمارێک دروستدەکات. بەڵام هۆکاری وەک بە شاریبوون و مەدەنیبوون و گۆڕانی جۆری کار وادەکات کە ئەم ئۆتۆنۆمۆسە هەڵوەشێتەوە. شاخاویبوونی کوردستان و بوونی لە پەراوێزی

ئیمپراتۆریەتــە بەگژیەکدیداهاتووەکانــی ناوچەکــە، هــۆکاری دیکــە بــوون بــۆ بەیەکنەبــوون و لەیەکــدی دابڕانــی کــورد.

## ناسنامەی تەقلیدیی کوردی

ئەگــەر ئاوڕێکــی خێــرا لــە هــەردوو دەقــە ئەدەبییــە کوردییــەکان و لێکۆڵینەوەکانــی لێکۆڵینڤانــی کــورد و بیانــی بدەینــەوە، هەمــوو جەختــمان لەســەر ئــەوە بــۆ دەکەنــەوە کــە کــورد دەیەوێــت لــەم دنیایــەدا، خــاوەن ماڵێــک یــان نیشــتمانێک بێــت، تاوەکــو وەک ئەوانیــتر بوونــی هەبێــت. هــۆکاری نەبوونــی ئەمــەش بەبێئاگایــی کــورد دەبەســترێتەوە. زۆرن ئــەو دەقانــە کــە باســی لەخەوهەســتانی کــورد دەکــەن [لەخــەو هەســتن میللەتــی کــورد] بەرامبــەر زوڵــم و زۆری ئەوانیدیکــە، هەروەهــا ئەوانــەش کــە باســی نەبوونــی توانــای خۆڕێکخســتن و بنیاتنانــی یەکەیەکــی گەورەتــر لــە خێــزان و خێــڵ دەکــەن کــە نەتەوەیــە.

ئــەم ئەدەبیاتــە تاوەکــو ئەمــڕۆ بــڕەوی هەیــە، کــە بەکورتــی لەژێــر نــاوی ناســیۆنالیزمی کوردیــدا دەناسرێــت، بــەڵام ئەگــەر لــە پانتایــی ئــەم دەقانــە بێینــە دەرەوە و لــە واقیــع بڕوانیــن، ڕەنگــە باشــتر بتوانیــن ئاڵۆزیــی پرســی ناســنامەی تەقلیدیــی کــوردی دەستنیشــانبکەین. بــۆ ئاســانکاریی ئــەم دۆخــە، قۆناخــی ناســنامەی تەقلیدیــی کــوردی بــە قۆناخــی گونــد دەناســێنین. گونــد وەک چەمکێــک و جوگرافیایــەک چەنــد پێودانگــی هەیــە کــە بــە کورتــی لەمانــەی خــوارەوەدا کورتیــان دەکەینــەوە:

**یەکەم**، گوند پانتاییەکی بچووکی نیشتەجێیی کەم کولتوورە.

**دووەم**، ئەگــەر لــە دیــدی مارکســەوە ببینیــن، گونــدی کەســێکی شۆڕشــگێڕ

نییــە، بەڵکــو گونــدی وەک پەتاتــە وان لــە ســەبەتەیەکدا کــە هیــچ پەیوەندییێکـی وایـان لەگـەڵ یەکدیـدا نییـە و نەبوونـی پەیوەنـدی وادەکات کـە نەتوانـن یەکـەی فراوانـتر لـە خێـزان و دەوروبەریـان دروسـتبکەن. بـە مانایەکــی دیکــە ناتوانــن هێــز بەرهەمبێنــن و دونیایــان بچووکــە. کارل مارکــس لــە کتێبــی (هــەژدەی برۆمێــر و لویــس بۆناپــارت)دا ئامــاژە بــە ئەمـە دەدات. هەروەهـا لـە قسـەکردنی لەسـەر گونـدی هیندیـش ئەوانـە دووپاتدەکاتـەوە. بۆیـە گوتـاری کـوردی و کۆمەڵگـەی کـوردی هەمیشـە لـە دۆخێکــی لەیەکدابــڕاودا ژیــاون.

**سێیەم،** خەباتـی کـوردی جگـە لـە گوتـار هیـچ هەنگاوێکـی پراکتیکیـی نەناوە بـۆ بنیاتنانـی نەتـەوە. نـەک تەنیـا لـە قۆناخـی شـەڕی چەکداریـدا، بەڵکـو لـە قۆناخـی شاریشـدا ئەمـە هـەر وابـووە. ڕەنگـە کۆمەڵێـک هـۆکاری زۆر هەبێت بـۆ ئـەم پرسـە، وەك: شـەڕی نێوخـۆ، نەبوونـی یـەک ناوەنـدی سیاسـەتکردن و پلانڕێـژی، هەبوونـی مەترسیی ئاسایشـی لـە یەکـدی، هەروەهـا بوونـی چـەک بـە دەسـتی پارتـی سیاسـییەوە.

بــەڵام ســەرباری ئەمانــە گۆڕانــکاری لــە کۆمەڵگــەی کــوردی لــە باشــوور هاتووەتــە ئــاراوە. یەکێــک لــە گەورەتریــن گۆڕانکارییــەکان لەئاســتی کۆمەڵایەتـی و جوگرافـی و ئابـووری و خەیاڵـی چۆنیەتی ژیان و ژیـاردا بریتییە لـە بـە شـاربوونی هەرێمـی کوردسـتان. پرۆسـەی بـە شـاربوون لـە دوو ئاسـتدا ڕوویـداوە، یەکـەم، نیشـتەجێبوونی زۆرینـەی خەڵکـی کوردسـتان لە شـارەکاندا و دووەم، بـە شـاربوونی گوندەکانـی لـەڕووی ژیـارەوە. ئـەوەی وایکـردووە ئەم گۆڕانکارییانــە بێنەئــاراوە بەکورتــی ئابــووری نــەوت و تەکنەلۆجیــان.

## خەسڵەتی کارە تیۆرییەکان

**کاری تیوری لەسەر ناسنامەی کوردی بەگشتی چەند خەسڵەتێکی هەیە:**

یەکـەم، بەئاگابوونـەوەی کـورد لەخـۆی وەک کـورد دیاردەیەکـی نوێیـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـت. بەتایبەتـی پـاش داڕمانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی.

دووەم، ناسـنامەی کـوردی بەگشـتی دەرەنجامـی ڕەفتـار وهەڵسـوکەوتی ئەوانیدیکەیـە بەرامبـەری. کاتێـک کـورد هەوڵـی نکوڵیکردنـی دراوە، لـە وەڵامـدا هەوڵـی بنیاتنانـی خۆیـداوە. بـەو مانایـە ناسـنامەی کـوردی دەرئەنجامـی بەرگرییـە لـە نکۆڵـی و سـڕینەوە. ناسـنامەی ناسـیونالیزمی کـوردی دەرئەنجامـی نکۆڵیکردنـی ئەوانیدیکەیـە لـە بوونـی سیاسـیی ئـەو. کەسـانی وەک عەبـاس وەلـی باسـی ئەمەیـان کـردووە. ئاگایـی کوردبـوون بـۆ سـەردەمانێکی زۆر ئاگاییەکـی سـنووردار بـووە. نەبوونـی میدیـای بەرفـراوان، چاپەمەنـی، توێـژی بەرفراوانـی خوێنـدەوار، سـامانی کەڵەکەبـوو، هەروەهـا ئامادەنەبـوون لـە دنیـادا هـۆکاری ئـەوە بـوون.

سێیەم، کـورد کـە بەئاگابووەتـەوە لـە ناسـنامەی خـۆی، ئامرازەکانـی بنیاتنانـی ئـەو ناسـنامەی لەبەردەسـتدا نەبـووە، بۆیـە ئـەم ناشۆڕشـگێڕییە بەربەسـتێکی تۆکمـە دروسـتدەکات لەبـەردەم هاتنەئـارای ناسـنامەیەکی جـودا لە ناسـنامەی تەقلیدی.

چـوارەم، هەبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـە وردە ناسـنامەی لۆکاڵـی، کـە ڕێگربـووە لـە دروسـتبوونی شوناسـێکی گشـتگیری فـراوان، کـە تاوەکـو ئەمـڕۆش لـە ململانـێ و کێبڕکێـدان لەگـەڵ ناسـنامە گشـتگیرەکاندا: وەک ناسـنامەی خێـڵ، ناوچـە، تەریقـەت.

پێنجـەم، لـە هاتنـی مۆدێرنەدا ناسـنامەی سـەروو- نەتەوەیی لەنێـو کۆمەڵگەی کوردیـدا وەک ناسـنامەی ئایینـی نـوێ، بـە فۆرمـە جیاوازەکانییـەوە، ناسـنامەی دەوڵەتـی و تیرەتـۆری، هەروەهـا ناسـنامەی جیهانگیرێتـی وەک چەپبـوون، ئینتەرناسـیۆناڵ دەرکەوتـوون و تەکنەلۆجـی و شـلبوونەوەی دۆخـی ناوچەکـە وایکـردووە ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد بەرامبـەر ئەویـتردا دروسـتبێت.

بـەڵام بـە ئەویتربـوون لەهەمانکاتـدا وایکـردووە کـە دۆخێکـی نێگەتیفیـش سـەرهەڵبدات. کـورد، کـوردە چونکـە، تـورک، عـەرەب یـان فـارس نییـە. ئەمـە لـە زۆر لـە گۆرانـی و شـیعر و دەربڕینـە رۆژانەکانـدا دەبینیتـەوە. دیـارە هەمـوو شوناسـێک لەگـەڵ جیاوازەکەیـدا بوونـی هەیـە، وەک ژاک دێرێـدا دەڵێـت. بەجۆرێـک کـە هیـچ شوناسـێکی کولتـووری نییـە ئەویترێکـی نەبێـت. ئامادەبوونـی ئـەم ئەویـترە کارئاسـانی کـردووە بـۆ کـورد بۆئـەوەی خـۆی بناسـێنێتەوە، بـەڵام زیانـی ئەوەشـی لێـداوە کـە بـە پێویسـتی نەزانیـوە لـە ئاسـتەکانی ئاگایـی، خەیـاڵ، بەرژەوەندیـی ژێرخـان، سیسـتم، کولتـوور و کۆمەڵایەتیـدا خـۆی بنیاتبنێـت. وەك شکسـتی دەوڵەتـی عێـراق لـە بنیاتنانـی ناسـنامەی عێراقـی، وەک شـێرکۆ کرمانـج ئامـاژەی پێـدەدات.

ئەم قۆناخەی ناسنامەی کوردی بە کۆمەڵێک خەسڵەت دەناسرێتەوە:

یەکـەم، نەبوونـی ئایدیـای شـوناس یـان ناسـنامە لەئاسـتی کۆمەڵایەتـی، جگـە لـە ناسـنامە تەقلیدییەکانـی وەک ئاغـا، شـێخ وعەشـیرەت.

دووەم، دروسـتبوونی ناسـنامەی سیاسـی بەبـێ هەبوونـی کۆمەڵگـەی سیاسـی و ئاگایـی سیاسـیی تـاک و پانتایـی سیاسـی.

سـێیەم، زاڵبوونـی توونـدوتیـژی و پەرچەکـردار و بەربەرەکانـێ بەسـەر سیاسـەتکردن و بیرکردنـەوەدا. ئەگـەر بیرکردنـەوە بنەمـای شـوناس بێـت، وەک هایدگـەر پێداگریـی لەسـەر دەکات، ئـەوە بـواری بیـر لـە خـود نەبـووە، بـە

هـەردوو هـۆکاری زاڵـی جڤـات، کۆمیونیتـی، لەگـەڵ باڵادەسـتیی تووندوتیـژی بەسەرسیاسـەتدا.
چـوارەم، لاوازیـی کولتـووری مۆدێرنـە، لەئەنجـای هاتنـی مۆدێرنـە، ژینگەیـەک لـە دۆخـی مۆدێرنـەی شکسـتپێهێنراو هاتووەتـە ئـاراوە. ئەمـە چەمکێـکە لـە تێـزی دوکتۆراکەمـدا کارم لەسـەر کـردووە.
پێنجەم، لاوازیی ئابووری و سنورداریێتیی شارەکان.
شەشەم، لاوازیی دەستەبژێری بیربەرهەمهێن .

## ناسنامەی کوردی لە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا

هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق یەکێکـە لـە دیـاردە و دەرکەوتـە سیاسـی و جیوپۆلەتیکییەکانـی پـاش جەنگـی سـارد. کۆتایـی جەنگـی سـارد و شـەڕی کوێـت و دەسـتپێکردنی گوتـاری دیموکراتیزەیشـن لەلایـەن ئەمریـکای سـەرکەوتووی جەنگـی ساردەوە، راسـتەوەخۆ کاریگەریـی هەبـووە لەسـەر هاتنەئـارای هەرێمـی کوردسـتان. رووداوەکانـی وەک ناوچـەی دژەفڕیـن، بڕیـاری 688، ناوبژیکردنـی شـەڕی کـوردی کـوردی لەلایـەن ئەمریـکاوە، نەیاریـی ئەمریـکا و رژێمـی سـەدام، پاشـان گۆڕینی رژێـم و گۆڕینـی دەوڵەتی عێراقـی، هەمـوو کاریگـەری گـەورە و راسـتەوخۆییان لەسـەر دۆخـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و ناسـنامەی لـە هەرێمـی کوردسـتان هەبـووە.

دروسـتبوونی هەرێمـی کوردسـتان وەک یەکەیەکـی سیاسـی وەرچەرخانـی لـە دۆخـی ناسـنامەی هەرێمـی کوردسـتاندا بەرهەمهێنـا. ئەگـەر لـە رابـردوودا بنیاتـی ناسـنامەی کـوردی رەفتـار و سیاسـەتەکانی ئەویـتر بووبێـت، ئـەوە

لەگــەڵ دروســتبوونی هەرێمــی کوردســتاندا، کــورد خــۆی بــووە حاکمــی خــۆی و هــاوکات  کــورد خــۆی رووبــەڕووی خــۆی بــووەوە. ئــەم وەرچەرخانــە یەکەمجــارە لــە مێــژووی سیاســی کوردیــدا روویدابێــت. چونکــە هەمــوو حوکمدارییەکانــی کــورد بۆخــۆی لــە رابــردوودا بــۆ مــاوەی کــەم و کــورت بــووە. بوونــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ ســێ دەیــە، وادەکات قســە لەســەر بوونــی نەوەیــەک بکەیــن کــە لەژێــر دەســەڵاتی حوکمــی کوردیــدا گــەورە بــووە.

کــورد لەکاتــی رووبەڕووبوونــەوەی خۆیــدا وهەروەهــا لــە گەشــەی ئابــووری و کۆمەڵایەتیــدا، ناســنامەی لــە هەنــاوی خۆیــدا بــۆ دروســتدەبێت. ئەگــەر بنەمــای هەمــوو شوناســێک جیاوازەکــەی بێــت وەک درێــدا دەڵێــت، ئــەوە جیاوازیــی کــوردی بــۆ ناســنامەی کوردێــک لــە هەنــاوی سیســتمی سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی هەرێمــی کوردســتاندا، کــورد خۆیەتــی. ئەمــە یەکــەم وەرچەرخانــی گەورەیــە لەســایەی حکومەتــی هەرێمــی کوردســتاندا. ناســنامەی کــوردی بەرامبــەر کــوردی دەکرێــت هــەردوو بــاش و خراپیــش بێــت. دروســتبوونی شــەڕی نێوخــۆ، یــان ســەرهەڵدانەوەی شــەڕی نێوخــۆ کاریگەرییەکــی یەکجــار نێگەتیڤــی هەبــووە لەســەر ناســنامەی کــوردی، جــۆرە شوناســێکی دژی لــە پانتاییەکــی بەرفراوانــدا بەرهەمهێنــا، کــە بــە چەندیــن دەیــەی دیکــەش شــوێنەواری ناســڕێتەوە. بــە ئاســتێک دەتوانــم بڵێــم شــەڕی نێوخــۆ و فراوانبوونــی بــۆ هەمیشــە، کولتــوور و ئاگایــی و خەیــاڵ و ناســنامەی زۆر لــە کــوردی باشــووری گۆڕیــوە. هیــچ گرنــگ نییــە لــە چ بەرەیەکــی شــەڕیت، کاریگەرییەکــە، رەنگــە جیاوازبێــت، بــەڵام یەکســانە.

باشــی بنیاتنانــی شــوناس لــە بەرامبەر خــوددا، بــە پێچەوانەی بنیاتنانی ناســنامە لــە بەرامبــەر ئەویتردا، ئەوەیە کە ئەگەر بە ئاراســتەیەکی تەندروســت ئاراســتە بکرێــت، ئــەوە کۆمەڵگــەی کــوردی ناچــار دەکات یەکــەم، ببێتــە کۆمەڵگــە،

یانی بوونی چین و توێژی جیاواز و دانپێدانانیان بە یەکدی، دووەم، واتای دەستپێکردنی گفتوگۆ لەنێوان ئەم یەکە جیاوازانەش دەدات. ئەگەر شەڕ و پەیوەندیی شەڕ لایەنی نێگەتیڤی ئەم دیاردەیە بێت، ئەوە هەبوونی توانای قبوڵکردن و دانپێدانان و گفتوگۆ لەنێوان توێژ و یەکە جیاوازەکاندا لایەنە ئەرێنییەکەیەتی. بەڵام ناسنامە و پانتایی شوناس وەرچەرخانی زۆری بەسەردا هاتووە، کە تەنیا لە شەڕ و پەیوەندیی شەڕیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو فرەیی و ئاڵۆزی و لەیەکدابڕان خەسڵەتە سەرەکییەکانییەتی.

## هەوڵێک بۆ ناسینی ناسنامە

کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا بە چەندین گۆرانکاریی جیاوازدا رۆیشتوە، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و ژیاری، لەنێویاندا ناسنامەیش. لە پانتایی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستاندا پانتایی بۆ ناسنامەی خود هاتە ئاراوە. ناسنامەی خود، یان ناسنامەی تاک، جیاوازە لە ناسنامەی کۆ یان گشت.

بەگشتی شوناس و ناسنامە لای کورد و کۆمەڵگەی کوردی نوێیە. شوناس یان ناسنامە لە ئاگایی کوردیدا بەگشتی وا دەبینرێت کە ئەو شتە بێت کە کەسێکی پێ دەناسرێتەوە. ئەم پێناسینەوە مانای جوداکردنەوە لە ئەویتر و باوەڕبوونی خود بەوەیە کە ئەو کەسە ئەو ناسنامەیە کە پێی دەناسرێتەوە. بە زمانێکی دیکە دەبێت کەسێک ئەو ناسنامەی کە پێی دەناسرێتەوە خودی خۆیشی پێ دەستنیشانبکات.

هاوکات شوناس بەمانای هاوشێوەیی دێت. وشەی ئایدێنتیتی بنەمای

ئایدێنتیکاڵـە، کـە دەکرێـت بـە لەیەکچوونیـان وەک یـەک وەربگێڕدرێتـە سـەر زمانـی کـوردی. لەیەکچـوو، وەک یـەک یـان وێکچـوو، بـە مانـای ئـەوە دێـت خەڵکانێـک خۆیـان وەک یـەک یـان سـەر بـە هەمـان بـەش و گرووپـی کۆمەڵایەتـی ببینـن. ئـەم ئەندامێتییـە لـە دنیـای کوردیـدا لەنێـوان ئەندامێتیـی تەقلیـدی، کـە خـۆی لـە خێـزان و مزگـەوت و خێڵـدا دەبینێتـەوە، لەگـەڵ ئەندامێتیـی مۆدێـرن، کـە خـۆی لـە نەتـەوە و نیشـتمان و هاووڵاتیـی و ئـەم چەمکانـەدا دەبینێتـەوە هێشـتا لـە جۆلانێدایـە. بەجۆرێـک کـە دەتوانیـن بڵێیـن مرۆڤـی کـورد نـە ناسـنامە تەقلیدییەکـەی جێهێشـتووە و نـە گەیشـتووەتە ناسـنامە مۆدێرنەکـەی. جۆرێـک لـە تێکچـوون و تێکەڵـی لەنێوانیانـدا دروسـتبووە. دەبینیـت تەنانـەت لەنێـوان دەسـتەبژێری خوێنـدەواری کوردیشـدا خۆناسـینەوە بـە شـوێن و بنەماڵـە و خێـزان و خێڵەوە زۆر بـاو و بـڵاوە. ئەوەنـدە بەسـە نـاوی هەندێـک لـە شـاعیران و نووسـەران و سیاسـییەکان بێنیـن تاوەکـو ئەوەمـان بـۆ دەرکەوێـت.

دیـار شـوناس هـاوکات بـە مانـای خودیـش دێـت. بوونـی کەسـێک، یـان ناسـینی بوونـی کەسـێک لەلایـەن خۆیـەوە، کرۆکـی ناسـنامەی خۆیەتـی. ئـەم رەهەنـدەی شـوناس زیاتـر لـە کۆمەڵگـە لیبرالـە رۆژئاواییەکانـدا بـڕەوی هەیـە، کاتێـک کەسـێک خـۆی وەک تاکێـک دەناسـێتەوە. بـەڵام بـە تاکبـوون لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا نـەک هـەر بوونـی نییـە، بەڵکـو کاتێـک هەوڵیشـی بـۆ دەدرێـت وەک مەحاڵێـک دەردەکەوێـت.

ئەگـەر لـە بیـری رۆژئاواییـەوە، دیـدی پارمێندێـس وەربگریـن، کـە دەڵێـت بیـر و بـوون یەکـن. ئـەوە ئایدیـا یـان بیرکردنـەوە بوونـە و هـاوکات بیرکردنـەوە بـوون دادەڕێژێـت. بـەم پێیـە، بـوون بەئاگابوونـە لـە بـوون و هەروەهـا یەکگرتنـە لەگـەڵ بـوون. هەروەهـا یەکبـوون لەگـەڵ ئـەو بوونانـەی دیکەشـە

کــە هاوشــێوەی ئــەو بوونــەن. بــە زمانێکــی دیکــە ناســنامە بریتییــە لــە بەئاگابـوون لـە بوونـی خـود و یەکگرتـن لەگەڵیـدا و هەروەهـا بەیەکبـوون لـە هاوشـێوەکانی دیکەشـدا.
ئـەم ئاسـتە لـە بـوون لـە کوردسـتان هێشـتا بـەم ئاسـتە قـووڵ و دەوڵەمەنـدە نییـە، بـەڵام بـە جۆرێکـی تایبەت لـە سـەرهەڵداندایە. ئـەم ناسـنامە ئەوەندەی کـە بـە ئاگابوونـە هێنـدە پرۆسـەی بیرکردنـەوە نییـە. بـە مانایەکـی دیکـە زیاتـر دەروونییـە لـەوەی فەلسـەفی بێـت.

## شەبەنگێتیی ناسنامە

شــەبەنگێتیی شــوناس ســەرەتای دابڕانــە لــە شــێوازی پێشــینەی شــوناس لــە کۆمەڵگــەی کوردیـدا. دەکرێـت چوارچێـوەی گشـتی ناسـنامەی پێشـینە لـە هەنـاوی ناسـیۆنالیزمدا کۆبکەینـەوە. لـەم بـوارەدا ئەدەبیاتێکـی زۆر هەیـە. هــەر لــە ئەدمۆنــزەوە تاوەکــو لێکۆڵینڤانەکانــی ئەمــڕۆ، هــاوکات شــاعیرانی کـورد هـەر لـە خانییـەوە تاوەکـو قانـع و بێکـەس و شـاعیرانی دیکـە سـەرقاڵی ئـەم بـوارە بـوون.
مـن لێـرەدا مەبەسـتم ئـەوە نییـە بـاس لـەم بـوارە بکـەم. بۆیـە ئارگومێنتـی ئـەم توێژینـەوەی مـن ئەوەیـە کـە هەرچەنـدە هەوڵـی کـورد بـۆ ناسـینی وەک نەتەوەیــەک و بەدەســتهێنانی دەوڵــەت بەردەوامــە، بــەڵام لــە هەمانکاتــدا، بەتایبەتـی لـە مـاوەی حوکمـی سـێ دەیـەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە باشـووری کوردسـتان، پانتاییەکـی دیکـە بـۆ ناسـنامەی جیـاواز هاتووەتـە ئـاراوە، ئـەم پانتاییـە بـە شـەبەنگ دەناسـێنم. ئایـا ئـەم شـەبەنگە دەبێتـە یـەک یەکـە، یـان کۆمەڵێـک یەکـەی جیـاوازن بـە هـۆکاری شـوێن و کولتـوور

و سیاسـەتەوە پێکـەوەن؟ شـەبەنگ یانـی فرەیـی لـە یەکـدا. ئایا ئـەم فرەییـە چـۆن پێکـەوەن، چ جـۆرە هاوبەشـی و جیاوازییـەک لەنێوانیاندایـە؟ چ جـۆرە رکابەرییـەک دروسـتدەبێت و چـۆن ئیـدارە دەدرێـت؟

## رانانی ئەدەبیات

لێکۆلینڤانێـک کـە ئامـاژەی بـە سـەرەتای ئـەم وەرچەرخانـە داوە، خانمـە لێکۆلینڤانـی ئەمریکـی نیکـۆل واتسـە. نیکـۆڵ لـە نووسـینێکی کورتـدا لـە مۆنکـی کەیـج لـە رۆژنامـەی واشـنتن پۆسـت، سـەرەتا ئامـاژەی بـەم وەرچەرخانـە دا، پاشـان لـە کتێبێکـی ئەسـتووردا لەگـەڵ کۆمەڵێکـی زۆر لـە توێژەرانـی بـواری کوردناسـی دیدەکـەی پەرەپێـدا. واتـس باسـەکەی لـە رۆژنامـەی واشـنتن پۆسـت بەنـاوی (سـەرلەنوێ پێناسـەکردنەوەی نەتـەوەی کـورد)ە. بـەڵام وەک چاپتـەری کتێبێـک باسـەکەی نـاوی بەدەسـتهێنانەوەی هەڵەبجەیـە. چاپتـەری کتێبەکـە لەژێـر سەرپەرشـتی گاریـس ستانسـفێڵد و محەممـەد شـەریفدا لەچاپـدراوە.

ئارگومێنتـی سـەرەکیی واتـس ئەوەیـە کـە لـە سـاڵانی رابـردوودا خەڵکـی کوردسـتان لـە گوشـارێکی بەردەوامـدان بـۆ هەبوونـی کاریگـەری لەسـەر سـامان و سـەروەتی تەرخانکـراو بـۆ پرۆسـەی بنیاتنانـی دەوڵـەت و نەتـەوە. کەیسـەکەی ئـەو وەک لـە ناونیشـانی چاپتـەری کتێبەکەیـدا دیـارە، زیاتـر لەسـەرهەوڵەکانی خەڵکـی هەڵەبجەیـە بـۆ بـە پارێزگابوونـی شـاری هەڵەبجە. ئـەو خواسـتی بـە پارێزگابـوون وەک رێگەیـەک دەبینێـت بـۆ دەرکەوتنـی ناسـنامەی لۆکاڵـی.

واتـس لەکاتێکـدا ئامـاژە بـەم ناسـنامە لۆکاڵییـە دەکات، لـە هەناوی ناسـنامەی

بـاڵادا، هـاوکات جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە ئەمـە پچـڕان نییـە کـە لـە پرۆسـەی شوناسـدا روویدابێـت. بـۆ ئەمـە پەنـا دەباتـە بـەر تێزێکـی جـۆن ئەدیسـۆن کـە لـە توێژینەوەیەکـدا بـە (نـاوی چ رابردوویـەک بـۆ کـێ؟)، کـە لـە سـاڵی 2000 بڵاویکردووەتـەوە.

بـە دیـدی ئەدیسـۆن مـەرج نییـە فرەکردنـی یادەوەریـی گشـتی بـە تێکەڵکردنـی یادەوەرییـە لۆکاڵییـەکان، بـە مانـای ئەوەبێـت کـە پچڕانێـک روویـداوە و یادەوەریـی گشـتی پـەرت بێـت، بەڵکـو دەتوانـن تەواوکـەری یـەک بـن.

سـەرباری ئەمـە لـەم نووسـینەدا ئارگومێنتـی مـن ئەمەیـە کـە فرەبـوون و لەئەنجامـدا بەشـەبەنگبوونی ناسـنامەی کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان لەئەنجامـدا کێشـە بـۆ ناسـنامەی گشـتی دروسـتدەکات، بەتایبەتـی ئەگـەر مامەڵـەی لەگەڵـدا نەکرێـت. لەپێناو باشـتر بنیاتنانـی ئەنـدازەی ئارگومێنتەکەم، لەسـەرەتاوە بەخێرایـی ئاوڕێکـم لـە ناسـنامەی پێشـووتر یـان ناسـنامەی زاڵ دایـەوە، کـە بـە ناسـنامەی ئیتنـی یـان هەوڵـدان بـۆ بەنەتەوەبـوون نـاوم بـرد. وەرچەرخانـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان لـە کوردسـتان وەک بـە شـاربوون، باڵابوونـی کولتـووری بەرخـۆری و دروسـتبوونی مرۆڤـی بەرخـۆر لەجیاتـی هاووڵاتـی، پەرتبوونـی خەیاڵـی کۆمەڵایەتـی و پانتایـی گشـتی کۆمەڵێـک بنەمـان کە شـەبەنگیی ناسـنامەیان بەرهەمهێنـاوە. لەخوارەوە لەسـەرهەریەک لـەم بنەمایانـە بەکورتـی دەوەسـتم.

## بە شار بوون

ئەمـڕۆ زۆرینـەی خەڵکـی کوردسـتان لـە شـارەکاندا دەژیـن. لـەوەش زیاتـر

شـاریبوون بووەتـە جۆرێـک لـە ژیـار. نـەوت بـە راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لەپشـت ئـەم وەرچەرخانەوەیـە. لـە زۆر جێگـەی دنیـادا کۆچـی لادێ بـۆ شـار روودەدات. بەجۆرێـک ئەمـڕۆ لـە دنیـادا زۆرینـەی خەڵـک لـە شـارەکاندا دەژیـن. هەبوونـی داهاتـی نـەوت لـە کوردسـتان توانـای ئـەوەی بەخشـییە دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد کـە توێژێکـی بەرفـراوان لـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە بـواری ئاسایشـدا دابمەزرێنـن. لێـرەدا مەبەسـتم بەتەنیـا ئاسـایش نییـە، کـە لەنێـو کۆمەڵگـەدا نـاسراوە. بەڵکـو هەمـوو کەسـێک کـە ئەرکـی ئـەوەی پێدەسـپێردرێت کـە هەڵگـری چـەک بێـت بـۆ دابینکردنـی ئاسایشـی کۆمەڵگـە، کۆمپانیـا و هەروەهـا کەسـێک. هەمـوو ئەمانـە دەچنـە خانـەی دابینکـەری ئاسایشـەوە، واتـە سـیکیوریتی. هـاوکات ناسـەقامگیری سیاسـی پاڵنەرێـک و رەوایـی بەخشـێکبوو بـەم وەرچەرخانـە. ئەمـەش هۆکارێـک بـوو کـە کەرتـی گشـتی ببێتـە دابینکـەری سـەرەکی کار یـان پیشـە لـە کوردسـتان. هەرچەنـدە دەکرێـت هەبوونـی ژمارەیەکـی زۆری فەرمانبـەر وەک جۆرێـک لـە دابەشـکردنی سـامانی وڵات سـەیربکرێت، بەتایبەتـی کاتێـک سـەرچاوەی سـەرەکیی داهـات سـامانی سرووشـتییە. هـاوکات دەکـرێ واش ببینرێـت کـە پاڵنـەری سـەرەکیی هاتنـی خەڵکـە بـۆ شـار و رێگـەی بۆ هەڵاوسـانی شـارەکان و پووکانـەوەی گونـدەکان کردووەتـەوە. دیـارە دەبێـت هـاوکات هـۆکاری هەبوونـی نەخۆشـیی هۆڵەندیـش لەبەرچـاو بگریـن. کـە وادەکات نرخـی بەرهەمهێنـان لـە وڵاتـی خـاوەن ئابووریـی نەوتیـدا بەرزبێـت بـە بـەراورد بـە وڵاتانـی بـێ نـەوت. ئەمـەش وادەکات مەیلـی هـاوردە زیاتـر بێـت لـە بەرهەمهێنانـی نێوخۆیـی. بـە شـاربوون ئـەو بنەمـا سـەرەکیەیە کـە هەمـوو وەرچەرخانەکانـی دیکـەی لەسـەر بنیاتـنراوە.

لەگـەڵ بـە شـاربووندا مرۆڤـی کـورد لـە باشـوور بـە ئاراسـتەی ئـەوەدا

نەڕۆیشـت کـە ببێتـە هاووڵاتـی. هەرچەنـدە ئاگاییەکـی سـەرەتایی بەرامبـەر هاووڵاتیبـوون هەبـوو. هەبوونـی یەکـەم رۆژنامـەی ئەهلـی بـەم نـاوەوە، دەرخـەری ئـەو راسـتییەیە کـە خواسـتێک و ئاگاییەکـی لـەو جـۆرە لەنێـو دەسـتەبژێری کوردیـدا هەبـووە.

بـەڵام مرۆڤـی کـورد زیاتـر بـووە کۆنسـیومەر یـان بەرخـۆر. بـوون بـە کۆنسـیومەر جۆرێکـە لـە ژیـان و ژیـار. بەرخـۆری بریتییـە لـە کرداری کڕیـن و هەبـوون و نمایـش لەگـەڵ فرێدانـدا. زۆرن ئـەو چیرۆکـە بچکۆلانـەی کـە لـە دنیـای کۆمەڵایەتیـی ئێمـەدا بـەردەوام رۆژانـە دەیانبیسـتین کە باسـی گۆڕینی بەردەوامـی کەلوپەلـی نێومـاڵ دەکـەن لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا. کۆمەڵگـەی کـوردی و پانتایـی ژیـاری کـوردی، بـە زۆری شـارەکان، پانتایـی پـڕ لـە رێکلامن. تەلەڤزیـۆن بـووە بـە سـندووقی ئامـادە لـە مـاڵ و شـوێنە گشـتییەکان و تەنانـەت شـوێنی فەرمانبـەران لـە دەزگا حکومییەکانـدا. کەسـەکان و کاڵاکانـی نێـو تەلەڤزیـۆن و رێکلامـەکان ئامادەییەکـی هـەرە سـەرەکییان هەیـە لـە هەمـوو شـوێنێک و داڕێـژەری خەیاڵـی زۆرینـەی خەڵکـن.

بەجۆرێـک دەتوانیـن بڵێیـن کـە دیموکراسـی و کرانـەوەی بـازاڕ و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی بژێویـی خەڵـك، نەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە مرۆڤێکـی تـاک و سـەربەخۆ و خۆبنیاتنـەر و خـاوەن ناسـنامەی تایبـەت بێتـە ئـاراوە. کولتـووری بەرخـۆری پـارە دەکاتـە بنەمـای بـوون. پـارە توانـا دەبەخشـێت، توانـای کڕیـن، توانـای نمایـش و جوڵـە و هەبوونـی ئامـراز و ئامێـرەکان. کاڵاکان دەبنـە بنەمـای شـوناس. ئۆتۆمبێـل، جلوبـەرگ، خانـوو هەمـوو ئەمانـە دەبنـە بنەمـای مـرۆڤ و ژیارێکـی سـەرکەوتوو.

ئـەم وەرچەرخانـە لەمیانـەی گەشـەکردنیدا بـە یەکسـانی کاریگـەری نابێـت لەسـەرتاکەکانی کۆمەڵگـە. هـاوکات بـە یەکسـانی توانـا و دەرفەتیـش بـە

تاکـەکان نابەخشـێت. دەرئەنجامـی ئەمـە ئـەوە دەبێـت کـە کۆمەڵگـەی کـوردی لـە ئاسـتە جیاوازەکانیـدا بـەرەو جیاوازیـی چینایەتـی دەچێـت. ئـەم چینایەتییـە جیـاوازە لـە چینـی مارکسـی. چینـی مارکسـی لەسـەر پەیوەنـدی و چەوسـانەوە لەنێـوان سـەرمایەدار و کرێـکاردا بنیاتـنراوە.

بـەڵام کرۆکـی ئـەم چینایەتییـە نەبـوون و نەمانـی پەیوەنـدی و دابڕانـە. هەبوونـی قوتابخانـە تایبەتـەکان، گەورەبوونـی نەوەیـەک کـە بەئاسـتەم زمانـی کـوردی دەزانێـت، فێربوونـی زمانـە جیهانییـەکان و هەبوونی ئەکسێس بـۆ دنیـای دەرەوە، وا لـە نـەوەی داهاتـوو دەکات کـە خەڵکانێکـی یونیڤێرسـاڵ بـن. دەرئەنجامـی ئەمـەش هاتنەئـارای جۆرێـک لـە کەسـی داڤۆسـییە. مەبەسـت لـە کەسـی داڤۆسـی ئـەو کەسـەیە کـە گـەورە بیرمەنـدی ئەمریکـی سـامۆئێل هەنتنگتـۆن بـە پیـاوی داڤـۆس نـاوی دەبـات. پیـاوی داڤۆسـی لای هەنتنگتـۆن ئـەو کەسـەیە کـە هێنـدە پێویسـتی بـە پەیوەسـتبوونی نیشـتمانی نییـە. سـنووره نیشـتمانییەکان وادەبینێـت کـە ڕێگـرن و خۆشـبەختانە بـەرەو لەنێوچـوون دەچـن. ئـەم خەڵکانـە لـە کوردسـتان لـە پانتایـی جیـاواز و لـە هەنـاو دیـوار و لـە گونـد و شـارە تایبەتەکانـدا دەژیـن کـە نـاو و سـتایڵ و ژینگەیـان بەتـەواوی لـە دنیـای دەرەوەی خۆیـان دابـڕاوە. مـن ئـەم پانتاییانـە ناودەنێـم گوندەکانـی شـار.

### گوندەکانی شار؟!

لـە ئەدەبیاتـی جوگرافیـا و کۆمەڵناسـیدا گونـد و شـار وەک دوو پانتایـی جیاواز و هەندێکجـار ڕکابـەر مامەڵـە دەکرێـن. بـەڵام مـن بـاس لـە دیاردەیەکـی نـوێ دەکـەم، دیـاردەی گوندەکانـی نێـو شـار. یەکێـک لـەو دیاردانـەی کـە

لـە سـاڵانی رابـردوودا بەخێرایـی لـە کوردسـتان گەشـەی کـردووە دیـاردەی دروسـتبوونی گونـدە لـە شـارەکاندا. ئەمـە خـۆی بەشـێکە لـە پرۆسـەی بـە شـاربوونی خێـرای کۆمەڵگـەی ئێمـە.

مەبەسـتم لـە گوندەکانـی شـار ئـەو جێگەیانەیـە کـە بـە گونـدی ئەڵمانـی و ئیتاڵـی و ئەمریکـی و لوبنانـی و گونـدی دیکـە نـاسراون. بەکاربردنـی چەمکـی گونـد بـۆ ئـەم جڤاکانـە چەمکێکـی سەرنجڕاکێشـە. هەندێکجـار لـە هەندێـک جێگـەدا گوێـت لـە بەرامبـەرە عەرەبیەکەیشـی دەبێـت کـە قەریەیـە.

ئایـا دەکرێـت گونـد سـەرلەنوێ لـە پانتاییەکـی جـودادا بچەمکێنیـن. بەمانـای ئـەوەی نـاوی گونـد ببێتـە هەڵگـری مانـا و دەلاتێکـی دیکـەی جیـاواز لـەوەی زانـراوە؟ دەکرێـت، بـەڵام رەنگـە هێنـدە نەتوانێـت خەسـڵەتی سـەرەکی ئـەم دیاردەیەمـان پـێ بڵێـت، لـە دنیـادا ئـەم جێگەیانـە بـە ناویـترەوە نـاسراون.

لای تورکـەکان کاپلـی سـایتە. وشـەی کاپـی لـە زمانـی کوردیشـدا بەکاردێـت کـە تورکییەکـی عوسـمانییە. بەمانـای جێگـە یـان شـوێنە قاپیـدارەکان دێـت. ئـەم چەمکـە نزیکـە لـەو نـاوە بـڵاوەی لـە زمانـە ئەوروپییەکانـدا کـە گەیتـد کۆمینیتیـە: بـە مانـای جڤاکـە دەروازەدارەکان.

گونـد لـە خەیاڵـی کوردیـدا یانـی جێگەیەکـی بچووکـی دوورەدەسـت، بـەڵام گونـد سۆسـیۆلۆژی خـۆی هەیـە، کـە لـە زۆر خەسـڵەتدا پێچەوانـەی گونـدی بەرهەمهاتـووی سـەردەمی شـارە. گونـد بـە تێکەڵـی و نـاسراوی و خزمایەتـی و یـادەوەری و هەندێکجاریـش بـە شـەڕ و ململانێـی سـەخت نـاسراوە. بـەڵام گونـدی شـار زۆربـەی ئـەم خەسـڵەتانەی نییـە. لـە گونـدی شـار پەیوەنـدی نییـە، کەسـەکان لـە ماڵەکانیانـدا کۆیلـەی ئامێـرە تەکنەلۆجیەکانیانـن. پەیوەندییـان لەگـەڵ کەسـانی دوور هەیـە و بـەزۆری یەکـدی ناناسـن.

بـەڵام ئـەم دیاردەیـە لـەوە زۆر زیاتـر ئاڵۆزتـرە. ئەگـەر تەنیـا میتـۆی چاودێری،

ئۆبزێرڤەیشــن، بەکاربەریــن دەبینیــن گوندەکانــی شــار ئــەو پانتاییانــەن کــە بــە شــوورا و دیــوار دەورە دراون. یــەک یــان دوو دەروازەیــان هەیــە و لــەم دەروازانەشــدا پۆلیــس و چەکــدار ئامادەییــان هەیــە. هاتنــەژوورەوە و چوونــە دەرەوە بــەردەوام لەژێــر تیلــەی چاودێرەکانــەوە دەبێــت و دەکــرێ لــە هــەر ســاتەوەختێکدا کەسێک ڕێگــەی لێبگیرێــت. پانتایــی نــاوەوەی ئــەم دیوارانــە جێگەیەکــی جــودان، لــە بێدەنگــی و ڕێکخــراوی و پاکێتــی. جیــاواز لــە پانتاییەکانــی دەرەوەیــان.

هەمــوو ئەمانــە چیــمان پێدەڵێــن؟ جڤاکــە دەروازەدارەکان یــان گوندەکانــی شــار، دیاردەیەکــی جیهانیــن. خوێندنەوەیــان پێویســتی بــە تێگەیشــتنە لــە دۆخــی جیهــان. ئــەوەی لــە کۆمەڵگــەی ئێمــەدا هەیــە، بەشـێکی زۆری لاسـایی و بەشـێکی دیکەیشــی کاریگەرییــە. بــە کورتــی گوندەکانــی شــار بەشـێکن لــەو وەرچەرخانــە گەورەیــە کــە کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتــی لــە دەوڵــەت نەتــەوەوە بــۆ جیهانگــەری پێیــدا تێدەپەڕێــت.

بۆئــەوەی لــە دیــاردەی گوندەکانــی شــار تێبگەیــن، دەبــێ لــەو وەرچەرخانــە تێبگەیــن کــە جیهانگــەری لەســەر دەوڵەت-نەتــەوە دانــاوە. دەوڵەت-نەتــەوە هەڵگــری کۆمەڵێــک خەیــاڵ و ئامانــج بــوون، لەوانــە: بــە یەککردنــی ســەرجەم خەڵکــی نــاو پانتایــی دەوڵــەت، کۆنترۆڵکردنــی ســنووری دەوڵــەت لەگــەڵ وڵاتانــی دیکــەدا، دروســتکردنی هۆمۆجینییەتــی. هەرچەنــدە ئەمــە لەئاســتی ئابووریــدا هێنــدە بەچــڕی بەڕێــوە نەدەچــوو وەک لــە ئاســتەکانی دیکــەی وەک شــوناس و ناســنامە و گوتــار و ئاســایش و حوکمڕانیــدا بەڕێــوە دەچــوو. لێــرەدا دەتوانیــن لــە ڕوانگــەی ســنوورەوە لــەم دیاردەیــە بڕوانیــن. لــە ســەردەمی دەوڵەت-نەتــەوەدا، ســنوور لــە پەراوێــزی دەوڵەتــدا بــوو، بــەڵام لــە گوندەکانــی نێوشــاردا، ســنوور هەیــە. ئــەم ســنوورانە وەک ســنووری وڵاتــان

پارێـزراون و کەسـەکان بـۆ هاتـن و چوونیـان دەبێـت ڕەزامەندیـی چاودێرەکان وەربگـرن. ئەگـەر لـە دیـدی نیومارکسـییەکانەوە لـە سـنوور بڕوانیـن دەبینیـن کـە سـنوور لـە سـەردەمی جیهانگەرییـدا نـەک کۆتایـی پێهـات، بەڵکـو لـە پەراوێـزی دەوڵەتـەوە هـات بـۆ نـاو پانتایـی شـارەکان و خەڵکـەکان لـە یەکـدی جـودا دەکاتـەوە.

گوندەکانــی شــار، نیشــانەی بەرجەســتەبوونی نادادپەروەریــی ئابوورییــە، بـەڵام لـە ئاسـتی پانتایـی و جـۆری ژیـان و ژیـار و ئـازادی هاتوچـۆوە بەڕێـوە دەچێـت. گوندەکانـی شـار ئاماژەیـە بـۆ ڕێگـری لـە دانیشـتووانی شـار بـۆ ئـەوەی بـە ئـازادی بـە پانتاییەکانـی شـاردا بگەڕێـن. ئەمـە کۆنترۆڵکردنـی پانتایـی شـارە و کۆتایـی هاووڵاتیبوونـە بـە ماناکـەی سـەردەمی دەوڵـەت نەتـەوە. شـار لەسـەردەمی دەوڵـەت نەتـەوەدا سـنووری ڕەقـی نەبـوو. دیـوارەکان لـە هەنـاو شـارەکاندا نەبـوون، سـیمبوولەکانی جیاکردنـەوەی خەڵـک لـە پانتاییەکانـدا نەبـوون.

دیـوار و شـووراکان دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی سـەدەکانی ناوەنـد، هاتنەوەیـان لـە سـەردەمی جیهانگەریـدا، لـە سـەرەتادا وەک ناوازەیـەک دەردەکەوێـت، بـەڵام گەڕانـەوە بـۆ کەمینـەی سـەرمایەدار و زۆرینـەی بـێ سـەرمایە دەمێکـە بووەتـە مـزاری ئابووریناسـان لـە دنیـا. تێزەکانـی تۆمـاس پێکتـی لـەو ڕوانگەیـەوەن.

دیـوارەکان لـە جەسـتەی هەمـان شـاردا، گۆڕانـی شـارە لـە پانتاییەکـی کـراوەی بـێ فۆرمـەوە بـۆ پانتاییەکـی کۆنترۆڵکـراوی لەیەکـدی دابـڕاو. بەجۆرێـک لـە هەمـان شـاردا بـە تەنیشـت یەکـەوە دنیـای یـەک و دنیـای سـێ دەبینیـت. خەڵکـی نێـو شـووراکان، خەڵکـە گوندنشـینەکان لـە هەمـوو ڕەهەندێکـی ژیارییـەوە جیـاواز دەبـن لـە خەڵکانـی دەرەوەی شـووراکان. ئەمـە تاوەکـو

بێـت بـە تێپەڕینـی نـەوەکان جیاوازییەکانیـان فراوانـتر دەبێـت. بەجۆرێـک دەتوانیـن بـە ئاسـانی بڵێیـن کـە تێزەکـەی بندیکـەت ئەندرسـن کـە نەتـەوە جڤاکێکـی خەیاڵکـراوە تووشـی قەیـران دەبێـت، چوونکـە نـە خەڵکـی نـاوەوەی شـووراکان دەتوانـن خەیاڵـی دەرەوە بکـەن و نـە خەڵکـی دەرەوە دەتوانـن خەیاڵـی نـاوەوە بکـەن. بەڵکـو هـەر یەکـەو خەیاڵـی بـۆ دنیایەکـی جودایـە.

لێرەوەیـە نادادپـەروەری کـە بنەمـای ئـەم سیسـتمەیە، دەبێتـە بنەمـا بـۆ ناسـەقامگیرییەکی کوشـندە، کـە سـەرەتاکانی لـە دنیـادا دەمێکـە دەبینرێـت. لـە قۆناخـی نیولیبرالیزمـی جیهانگەریـدا، نایەکسـانی و نادادپـەروەری وەک بـاش و زۆرجاریـش وەک پێویسـتییەک دەبینران. پێویسـتییەک بۆ دروسـتکردنی داینامیکێـک بـۆ جوڵـەی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی، بـەڵام لـە پـاش قەیرانـی ئابـووری 2008ەوە ئـەم دیـدە بـە چـڕی جێگـەی رەخنەیـە.

بەرهەمهێنانــەوەی پانتاییەکانــی دنیــای ئێمــە لــە زۆر ئاســتدا روودەدەن، بـەڵام ئاگایـی پانتاییانـەی ئێمـە هێشـتا بوونـی نییـە. دنیـای کـوردی بەگشـتی دنیایەکــی بــێ تیورەیــە. ئێمــە پێویســتییەکی هەنووکەییــمان هەیــە بــۆ وەرچەرخانـی پانتاییانـە لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ دنیـای خۆمانـدا، بەهیـوام ئـەو مـاوەی کـە لـە کوردسـتانم لـە نزیکـەوە لـەم مژارانـە بنـوارم.

## مووچەخۆر و مووچەنەخۆر

مووچەخـۆر فیگەرێکــی جێگــەی ســەرنجە لــە کۆمەڵگــەی باشــووری کوردســتاندا. ئەگــەر بــەراوردی بکەیــن بــە هەریــەک لــە فیگەرەکانــی دیکـەی کارکـردن وەک جووتیـار و کرێـکار، مووچەخـۆر دیاردەیەکـی ئاڵـۆزە.

ئەدەبیاتێکـی بەرفـراوان هەیـە سـەبارەت جووتیـار و کرێـکار، بـەڵام ئەگـەر مووچەخـۆر وەک بیرۆکـرات لەقەڵـەم بدەیـن، ئـەوە تیـۆر و تێـز و چەمکـی زۆر هـەن، کـە هـەرە سـەرەکییەکەیان کـە لێـرەدا ئامـاژەی پێدەدەیـن، لەلایـەن کۆمەڵناسـی ئەڵمانـی ماکـس ڤیبـەرەوە پێشـخراوە. لای ڤیبـەر بیرۆکراسـی دەرئەنجامـی عەقڵانیبوونـی کۆمەڵگەیـە. بیرۆکـرات ئـەو کەسـەیە کـە دابـڕاوە لـە خەسـڵەتە تەقلیدییـەکان وەک ئایینـی، کولتـووری و خزمایەتی. بـەو مانایـە کەسـێک کـە بیرۆکراتـە، نـە بـەو هۆکارانـە دەبێتـە بیرۆکـرات و نـە لەسـەر ئـەو بنەمایانـە کار دەکات و نـە دەتوانرێـت لەسـەرئەو بنەمایانـە لێپرسـینەوەی لەسـەر بکرێـت. بـەو مانایـە بیرۆکـرات هیـچ پەیوەندیەکـی شەخسـی نییـە و لـە دنیایەکدایـە کـە پووچبوونـەوەی ئەفسـانەکان و رزگاری لـە وەهـم و تەلیسـم تێیـدا روویـداوە. بەومانایـە بیروکـرات ئـەو کەسـەیە کـە خـاوەن شـارەزایی و تەکنیکـی تایبـەت بـە بوارەکەیەتـی و هەروەهـا لەسـەرئەوبنەمایانە دامـەزراوە و پەیوەنـدی بـە ئەوانیـترەوە دەکات.

بەپێـی پێـوەرە ڤیبەرییـەکان مووچەخـۆر بوونەوەرێکـی بیرۆکراتـی نییـە. دیارە ڕەنگـە کۆمەڵێکـی زۆر لـە خەسـڵەتەکانی بیرۆکراتـی تێدابێـت، بـەڵام بەگشـتی کۆمەڵێـک خەسـڵەتی دیکـەی تێدایـە کـە نایکاتـە بیرۆکراتێکـی ڤیبـەری. پێـش هەمـوو شـتێک بیرۆکـرات لـە ژینگەیەکـی عەقڵانیـدا کارنـاکات، دووەم، بیرۆکـرات کەسـێک نییـە لەسـەر بنەمـای زانسـتی و بیرۆکـە یـان ئۆفیسـەکەی کار بـکات، بەڵکـو ڕێزگرتنـی بنەماکانـی وەک نـاسراوی، خزمایەتـی، حیزبایەتـی و ناوچەگەرێتـی لـە پرسـە سـەرەکییەکانی کەسـی بیرۆکراتـی کوردیـن.

بـەڵام مووچەخـۆر ئەگەرچـی لەگـەڵ بیرۆکراتـدا لـە زۆر ئاسـتدا نزیکایەتییـان هەیـە، بـەڵام لـە زۆر ڕووی دیکـەوە جیـاوازە.

مووچەخـۆر بەگشـتی بەرامبـەر کارێـک مووچـە وەرناگرێـت، بەڵکـو بووەتـە

مووچەخـۆر لەبـەر ئەندامێتـی بـۆ پارتێکـی سیاسـی یـان کەسـێک لەنێـو پرۆسـەیەکی تایبەتـی ئیـداری، کـە بـە پرۆسـەی کرێخـۆری یـان رێنتیـەر ناودەبرێـت. لـەم سیستمە ئابوورییـە سیاسـییەدا مووچەخـۆر کەسێکە سـەر بـە کەرتـی گشـتییە، چونکـە کەرتـی گشـتی وەک بوارێـک دەبینرێـت کـە سـەرچاوەی بژێویـی زۆرینـەی کۆمەڵگـە بێـت و لەڕێگەیـەوە سیسـتمێکی سیاسـیی تایبـەت بەڕێوەبچێـت، کـە خـۆی لـە بژێویـی کۆنترۆڵکـراودا دەبینێتـەوە.

بـەو پێیـە مووچەخـۆر ئـەو کەسـەیە کـە سـەر بـە داوودەزگاکانـی حکومەتـە، بژێویـی لەلایـەن حکومەتـەوە دابیندەکرێـت. بۆیـە مووچەخـۆر خاوەنـکار نییـە وەک جووتیـار، بـازوو و وزەی خـۆی نافرۆشـێت وەک کرێـکار، لـە سیسـتمێکی عەقڵانـی بیرۆکراسیشـدا نـاژی.

بوونـی ژمـارەی زۆری مووچەخـۆر دەرخـەری جـۆری سیسـتمی سیاسـی و ئابوورییـە. ئـەم زۆرییـە وایکـردووە مووچەخـۆر ببێتـە توێژێکـی بەرفراوانـی کۆمەڵگـەی کـوردی، بـەڵام لەبـەر گرانـی ئابـووری بەڕێوەبردنـی ئـەم توێـژە، ناتوانرێـت چیدیکـە بـەردەوام بکرێتـە تەنیـا بـواری دابینکردنـی کار و بژێـوی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا. بۆیـە سـەردەمی مووچەخۆرێتـی بـە بنبەسـت گەیشـتووە. ئـەم بـە بنبەستگەیشـتنە وادەکات کۆمەڵگـە بـەرەو دوو توێـژ بـڕوات، توێژێـک کـە لەلایـەن ئەوانیـترەوە وا ببینرێـت کـە سـوودمەندە لـە مووچـە و داهاتـی وڵات و چینێکـی دیکـەش کـە خـۆی بـە سـوودمەند نابینێـت. بەهـۆی سرووشـتەکەی مووچەخۆرێتی وایلێهاتـووە لەلایـەن زۆر لـە ئەندامانـی کۆمەڵگـەوە وەک مافێـک ببینرێـت. بێبەریبوونـی ئـەو خەڵکانـە لـە دەرفەتـی بـوون بـە مووچەخـۆر، وادەکات تـرازان لـە پێکەوەبوونـی کۆمەڵگەیـی بێتەئـاراوە. دەکرێـت بڵێیـن مووچەخۆرێتـی دەبێتـە جۆرێـک لـە

ناسنامە لە بەرامبەر ناسنامەی بێ مووچەدا. ئەم ناسنامە کاریگەریی لەسەر پابەندبوون، خەیاڵی کۆمەڵایەتی، ئەندامێتی و وابەستەبوون بە نیشتمان و سیستمی سیاسی و وڵاتەوە دەبێت.

## دەرئەنجامەکان

لەم توێژینەوە کورتەدا کار لەسەرئەوە کراوە ئەوە نیشانبدرێ کە لە ماوەی حوکمی سێ دەیەی کورد بۆخۆی لە هەرێمی کوردستان، ناسنامەی کوردی گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە. ئەگەر جاران ناسنامەی کوردی بەرهەمهێنەرەکەی یان جیاوازەکەی ئەویتری ناکورد بوو، ئەمڕۆ کورد خۆی ئەویتری کوردێکە. ئەوەی وایکردووە ئەم وەرچەرخانە فەراهەم بێت، ئەو وەرچەرخانانەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پێیاندا تێپەڕیوە. بە شاربوون، ئابووریی کرێخۆری نەوتی، سەرهەڵدانی توێژی مووچەخۆر، دروستبوونی توێژێکی دابڕاو لە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە، کە لە هەناو گوند و جڤاتە داخراوەکاندا دەژین، هەموو وایانکردووە مایکرۆ-ئایدێنتیتی بەرامبەر ناسنامە ئیتنییە/ نەتەوەییەکەی جاراندا بێتەکایەوە. گەشەی ئەم مایکرۆ-ئایدێنتیتیانە لە داهاتوودا کاریگەری لەسەرهەموو بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەبێت. بەجۆرێک کە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە بنەما و بەها و سیستمی جیاوازە بۆئەوەی بنەما جڤاکییەکەی لەدەستنەدات. هەروەها هاوکات بەرهەمی ئەم بە شاریبوونەی کۆمەڵگەی کوردی ئەوەیە کە لەجیاتی هاووڵاتی دەبێتە کۆنسیومەر یان بەرخۆر، لەجیاتی هەبوونی جڤاکێکی خۆیی خەیاڵکراو دەبێتە هەڵگری جڤاتێکی خەیاڵی یان سایبەری.

شــار بۆخــۆی پانتاییەکــی ئاڵــۆزی ژیارییــە کــە کاری فیکــری و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و ئەدەبیــی زۆری لەســەرە، بــەڵام شــاری کــوردی دیاردەیەکــی نوێیــە کــە پاڵنــەری تایبەتــی هەیــە، وەک ئابووریــی نــەوت و سیســتمی کرێخــۆری، هاتنــی داهاتــی زۆر بــە بــەراورد بــە رابــردوو لەگــەڵ دروســتبوونی جڤاکــە داخــراوەکان. هاوتەریــب بــە هەمــوو ئەمانــە کۆمەڵێــک هــۆکاری دیکــەی گەورەتــر هەبــوون کــە ســیمای ســەردەمەکە دادەڕێــژن وەک جیهانگەرایــی، دیموکراسیبوونی تەکنەلۆجیــا و کرانــەوە. لەئەنجامــی ئەمەشــدا مرۆڤــی کــورد لەجیاتــی ئــەوەی ببێتــە هاووڵاتــی دەبێتــە بەرخــۆر. بەرخــۆر بوونەوەرێکــی تایبەتــە کــە هەمــوو وزەی لەســەر بەدەســتهێنان و بەکاربــردن و پەیوەســتبوون خەرجــدەکات. بەرخــۆر بوونەوەرێکــی کەمــتر سیاســییە بــە بــەراورد بــە هاووڵاتــی. بەرخــۆر مافەکانــی خــۆی دەبینێــت، بــەڵام ئــەرک لای ئــەو بوونــی نییــە.

لەکاتێکــدا کولتــووری بەرخــۆری ئابــووری دەکاتــە بڕبــڕەی پشــتی هەبــوون، کــە ســەردەمی نیولیبرالیزمــە. ســەردەمی نیولیبرالیــزم بــە مانــای ئــەوە دێــت کــە نادادپــەروەری دیاردەیەکــی ئاســایی و زۆرجــار بــە باشــیش دەبینرێــت. لــە کۆمەڵگــەی شــاردا کــە نایەکســانی دروســتدەبێت، بــە ئاســتی جیــاواز دروســتدەبێت، بــەڵام بەگشــتی کۆمەڵگــە لــە یەکەیەکــی خەیاڵکــراوە وە بــۆ یەکەیەکــی پــەرت دەگۆڕێــت: ئەمــەش خــۆی لــە دروســتبوونی جڤاکــە داخــراوەکان و گوندەکانــی شــاردا دەبینێتــەوە.

بوونــی خەڵکانێــک لــە پانتاییەکــی دەورەدراو بــە دیــوار لــە هەنــاو جەســتەی شــاردا، ئامــاژە بــۆ پەرتبوونــی کۆمەڵایەتــی و دروســتنەبوونی نەتــەوەی دەوڵەتییــە بــە مۆدێلــە کۆنەکــەی. چونکــە خەیاڵــی خەڵکەکانــی ئــەم دیــو و دیــوی دیوارەکــە جیــاوازن.

هۆکارێکی دیکەی هاتنەئارای مایکرۆ-ئایدێنتیتی یان وردە ناسنامە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتە بە دوو توێژی بەرفراوان: توێژێک کە مووچەخۆرە و توێژێکی دیکە کە بێ مووچەیە. ئەمەش لە سەردەمێکدایە کە دیاردەی مووچەخۆری گەیشتووەتە بنبەست. بۆیە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە بنەمای ترازان و ناسنامەی جیاواز بەرهەمدەهێنێت. مووچەخۆر بوونەوەرێک و چەمکێکی ئاڵۆزە: مووچەخۆر نە وەک جووتیارە، نە وەک کرێکار، تەنانەت نە وەک بیرۆکراتە، بۆیە پێویستی بە ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێت بەرهەمی بێنین. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا دەبێت کە کۆمەڵگەی کوردی پڕیەتی لە پنتە دژ بە یەکەکان لە ئاستی دروستکردنی خەیاڵ و بەرژەوەندی و دنیابینی و ئاسایشەوە. کۆتایی ناسنامەی تەقلیدی کە ئەویتری دەرەکی دروستیدەکرد و سەرهەڵدانی وردە ناسنامەی ناوخۆیی، لە داهاتوودا کاریگەریی لەسەرهەموو بوارەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەبێت.

## Bibliography


Marx، Karl، 1851، The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte https://www.marxists.org/archive/marx/works/download/pdf/18th-Brumaire.pdf

Vali، A. (1998). The Kurds and their "others": Fragmented identity and fragmented politics. Comparative Studies of South Asia، Africa and the Middle East، 18(2)، 82–95.

Sheyholislami J. (2011) Introduction. In: Kurdish Identity، Discourse، and New Media. The Palgrave Macmillan Series in International Political Communication. Palgrave Macmillan، New York

Derrida، J. 1978، Writing and Differrence. Chicago: University of Chicago

Kirmanj، Sherko 2013 Identity and Nation in Iraq، Lynne Rienner

Heidegger، Martin (1969) Identity and Difference New York: Harper & Row

Samuel P. Huntington 2014 Dead Souls: The Denationalization of the American Elite، TheNational Interest، https://archive.wphna.org/wp-content/uploads/2013/12/04-03_The_National_Interest._Samuel_Huntington_Davos_Man.pdf

Gareth Stansfield، Mohammed Shareef 2017 The Kurdish Question Revisited، Oxford University Press

Eidson، John 2000 Which Past for Whom? Local Memory in a German Community during the Era of Nation Building، Ethos، Vol. 28، No. 4، History and Subjectivity، pp. 575-607

Weber، M. (1966). Os fundamentos da organização burocr ætica: Uma construção do tipo ideal [The basics of bureaucratic organization: A construction of the ideal type]. AAVV. Sociologia da Burocracia. Rio de Janeiro: Zahar Editores.

Piketty، Thomas Capital in the Twenty-First Century، 2017 Harvard University Press

# جیۆکولتووری ناسنامە
# سیاسەتی ناسنامەی کوردی

مامەند ڕۆژە

**وشـەکلیل:** جیۆکولتـوور، ناسـنامە، سیاسـەتی ناسـنامە، گوتـاری کولتـووری، سیاسـەتی کولتـووری، بەریەککەوتنـی ناسـنامەکان، سیاسـەتی ناسـنامەی کـوردی.

## پێشەکی

ئـەم سـەردەمە سـەردەمێکە سیاسـەتی ناسـنامە خەریکـە دەبێتـە گرێژەنـەی سیاسـەتی ناوچەیـی و نێودەوڵەتـی. لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیش گوتارێـک کە ناسـنامە نێوەندەکـەی پێکدەهێنـێ، لـە هەڵکشـاندایە. لـەم دۆخـەدا گوتـاری ناسـنامە لەگـەڵ گوتـاری جیۆسیاسـەت و جیۆفەرهەنـگ ئاوێتـە دەبێـت. گوتارێـک کـە ناسـنامە چەقیەتـی لەگـەڵ گوتارێـک کـە چینـی کۆمەڵایەتـی

چەقیەتـی و لـە تـەک گوتارێـک کـە دیـن چەقیەتـی، تێکهەڵکێـش دەبـن و ئـەم ئامێژەنـە تازەیـە پێکهاتەیەکـی ئاڵـۆز دەخوڵقێنێـت.

پرسـیاری ئـەم وتـارە بریتییـە لـە: گەلـۆ سیاسـەتی ناسـنامەی کوردسـتانی لەکوێـی سیاسـەتی ناسـنامەی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا هەڵکەوتـووە؟ گەلـۆ جیۆکولتـوور چ کاریگەرییەکـی لەسـەر سیاسـەتی ناسـنامەی کوردسـتانی دروسـتکردووە؟ پێگـەی جیۆکولتـووری کوردسـتانی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت چـۆن پێناسـەدەکرێت؟

گریمانـەی ئـەم گوتـارە دەڵێـت: ناسـنامەی کوردسـتانی لـە گۆڕەپانـی بەریەککەوتنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت پێگـەی خـۆی پێناسـەکردووە. سیاسـەتی ناسـنامەی کـوردی سیاسـەتی بەرهەڵسـتی و بەرگرییـە. لەگـەڵ ئەمـەش هێشـتا مەترسـییەکان لەسـەر ناسـنامەی کـوردی بنەبـڕ نەبـوون. بۆیـە گوتـاری بەقـا کاریگـەری بەرچـاوی لەسـەر سیاسـەتی ناسـنامەی کـوردی هەیـە.

ناسـنامەی کـوردی کاکڵـی جیۆکولتـووری کوردسـتانی پێکدەهێنێـت. جیۆکولتـووری کوردسـتانی پێگـەی جیۆکولتووریـی ناوەنـدی لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەیـە. ئەگـەر ئـەم کاکڵـە (ناسـنامەی کـوردی) لـە مەودایەکـی زەمەنیـدا بـە توێکڵـی سـەروەری (دەوڵـەت) تێکهەڵکێـش بکرێـت، وەرچەرخانـی گـەورە لـە ناوچەکـە روودەدات.

## کوردستان: بەرهەڵستی سیاسەتی ناسنامە

لـەم سـاڵانەدا دۆخـی ناوچەکـە دەیسـەلمێنێ کـە سیاسـەتی ناسـنامەی دەوڵەتـەکان لەگـەڵ سیاسـەتی ناسـنامەی نەتـەوە بێدەوڵەتـەکان و یەکـە نادەوڵەتییـە جیـاوازەکان، گرفتـی کارکـردی بەرچـاو لـە زەمینـەی

خۆنواندنــی ناســنامەکاندا دەخوڵقێنێــت. واتــە ناســنامە دەوڵەتییــەکان بەهــۆی بەدەســتەوەگرتنی ئامرازەکانــی دەســەڵاتی دەوڵەتــی، لەبەرامبــەر مــن یــان خــود هەوڵــی پێناســەکردنی دووژمــن، ئەویــدی و غەیــرە دەدەن. بۆیــە ناســنامەی نەتــەوەی بێدەوڵــەت بــەزۆری وەک ئەویــدی و نەیــار و ملّـۆزم پێناسـە دەکـەن. بەزۆریـش هەوڵـدەدەن ناسـنامەی نەتـەوە بندەسـتە ســەروەرخوازەکان بتارێنـــن، بیرەتێننـــەوە، دەرپیەڕێنـــن و بیتوێننـــەوە. ئەگەریــش ئەمەیــان بــۆ نەچووەســەر، لانیکــەم خواســتی خۆســەروەری ناسـنامەی یەکـەی بێدەوڵەتـی ژێردەسـتە لەخشـتەبەرن و وەک پاشـکۆ یـان تەواوکــەری ناســنامەی باڵادەســت پێناســەی بکــەن.

ناســنامەی دەوڵەتــی بــەردەوام هەوڵــدەدا لەپێنــاو دیاریکردنــی جیهانــی فەرهەنگـی خـۆی لەگـەڵ بنیاتنانـی پایەکانـی ناسـنامەی لووتبـەرزی دەوڵەتـی نەتەوەیــی ملهــوڕ، جیــاوازی و قۆرتــەکان لەگــەڵ ئەویــدی زەقبکاتــەوە. بۆیــە نەیارەکانــی خــۆی پەراوێزخســتوون و ڕەتاندوونییــەوە. لەئەنجامــی ئەمــەدا ناســنامەکان بوونەتــە مەیدانــی بەرەنگاربوونــەوەی هێــزە سیاســی و کۆمەڵایەتییـەکان. ناسـنامەی دەرپەڕێنـدراو لەڕێگەی نوێکردنەوەی ناسـنامەی خـۆی، هەوڵـی بەرپەرچدانـەوەی سیاسـەتی ناسـنامەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی باڵادەســت دەدات. لێــرەوە بزووتنەوەیەکــی کۆمەڵایەتــی ســەرهەڵدەدا کــە نێــوەڕۆک و کاکڵەکــەی لــە ناســنامە پێکدێــت.

ئــەم بابەتــە سەرنجڕادەکێشــێت و ئــەم پرســیارە دنــە دەدات: گەلــۆ بۆچــی ناســنامە کاکڵــی ململانێــی سیاســی پێکدەهێنــێ و چۆنچۆنــی پرۆســەی بەسیاسـیکردنی ناسـنامە بزووتنـەوەی کۆمەڵایەتـی تـازە دەخاتـەوە؟ وەڵامـی ئــەم پرســیارە لەڕێگــەی شــیکاری سیاســەتی ناســنامەوە دەســتدەکەوێت. کاتێــک کــرداری سیاســەتی ناســنامەی باڵادەســت دژکــرداری سیاســەتی

ناسـنامەی ژێردەسـت دەئارووژێنـێ، مەیدانـی ململانێیەکـە کاکڵەکـەی لـە ناسـنامە پێکدێـت. لێـرەوە دەکـرێ لەڕێگـەی چاودێریـی دژکـرداری سیاسـەتی ناسـنامەی بندەسـت، پرۆسـەی بنیاتنانـەوەی ناسـنامە بەرهەڵستکارییەکەشـی بخوێندرێتـەوە.

کاتێـک گوتارێکـی سیاسـی باڵادەسـت دەبـێ، ناسـنامەی سـەر بـە گوتـاری سەردەسـت هەوڵـی دەستخسـتنی سـەرچاوەکانی هێـز دەدات. کاتێکیـش پەیوەندیـی دیالێکتیکـی لەنێـوان گوتـاری ناسـنامەی سەردەسـت لەگـەڵ ئامرازەکانـی بەرهەمهێنانـی زەبروزەنـگ دێتەکایـەوە، ئەوسـا هەوڵـی یەکسانسـازی شـوناس دەدات. ئەمـە پـاڵ بـە ناسـنامەی پەراوێزخـراوەوە دەنێ لەڕێگـەی پێناسـەکردنەوە و زەقکردنـەوەی ناسـنامەی خۆیـەوە بەرهەڵسـتی سیاسـەتی ناسـنامەی زاڵکـراو بـکات. بۆیـە جوڵانـەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی پشتبەسـتوو بـە شـوناس لەدایکدەبـن.

سیاسـەتی ناسـنامەی زاڵبوویـش هەمـوو دەرەتانەکانـی بـۆ تواندنـەوە و یەکخسـتنی ناسـنامەی دووەم لەگـەڵ خـۆی دەقۆزێتـەوە. ئەگـەر ئەمـەی بـۆ بچێتەسـەر، ئـەوە باشـە، ئەگـەر بۆشـی نەچێتەسـەر، واز لـە سیاسـەتی زبـری یەکسانسـازی دەهێنێـت. لێـرەوە بـە گوتـاری خۆیـدا دەچێتـەوە و بەشـێوەی رواڵەتـی و ریایـی جیاوازییەکانـی شـوناس قبوڵـدەکات. بـەم جـۆرە سیاسـەتی نەرمـی یەکسانسـازی دەسـتپێدەکات، بـەڵام ئـەم سیاسـەتەش بـۆ دەستەمۆکردنی زیاتـری نەتـەوە دیلەکەیـە. بۆیـە ئەمجـارە بـە سیاسـەتی نەرم هەوڵـدەدا لانیکـەم ناسـنامەی ژێردەسـت بـە مانـەوە لـە دۆخـی پاشـکۆیی لەژێـر نـاوی برایەتیـدا قایـل بـکات.

خولـی یەکەمـی سیاسـەتی شـوناس- بۆنموونـە دەتوانیـن سـەیری سیاسـەتی ناسـنامەی سـەردەمی ئەتاتـورک لـە تورکیـا، رەزا شـا و محەممـەد رەزاشـا لـە

ئێـران و مەلیکـی و کۆمـاری تاکنەتەوەیـی لـە عێـراق بکەیـن. لـەم سـەردەمەدا سیاسـەتی ناسـنامەی فەرمیـی تواندنـەوەی ناسـنامەی نافەرمییـە (عێـراق دۆخێکـی نـاوازەی هەیـە). بـە قۆسـتنەوەی هەمـوو ئامرازەکانـی دەسـەڵات هەوڵـی یەکسانسـازیی ناسـنامەی کـوردی دەدرێـت. لـەم سـەردەمەدا گوتـاری ناسیۆنالیسـتی مۆدێـرن بـۆ بنیاتنانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی تاکشـوناس زاڵدەبێـت.

بـەڵام دوای دەیـان سـاڵ، ناسـنامەی بندەسـت بەتایبـەت ناسـنامەی کـوردی، خـۆی بنیاتدەنێتـەوە و لـە کونـی جیـاوازەوە خـۆی بەرهەمدەهێنێتـەوە. ئەمـە شکسـتی زەقـی سیاسـەتی ناسـنامەی فەرمـی لـە خولـی یەکەمـدا دەخاتـەڕوو کـە لـە سـاڵانی 1920 تاوەکـو 1980 لەخۆدەگرێـت. دوای ئـەم خولـە هێـزی نـوێ لەسـەر سـەکۆی سیاسـەتی دەوڵەتـەکان سـەرهەڵدەدەن.

خولـی دووەمـی سیاسـەتی شـوناس - لـە سـاڵی 1968 لـە عێـراق، لـە سـاڵی 1979 لـە ئێـران و لـە سـاڵی 2002 لـە تورکیـا هێزی سیاسـیی تـازە لەدایکدەبن. دواتـر لـە عێـراق لەسـاڵی 2003 دیسـان هێـزی جوداتـر پەیـدا دەبـن. لـەم خولـەدا ناسـنامەی فەرمـی بـە رواڵـەت دان بـە جیاوازییەکانـدا دەنێـت. بوارێـک بـۆ ناسـنامەی کـوردی پێناسـە دەکرێـت، بـەڵام ئـەم بـوارە تەنیـا بـۆ ئەوەیـە کـە ناسـنامەی کـوردی مـل بـۆ دۆخـی پاشـکۆیی و گوێرایەڵـی دابـدات. هەرگیـز بـۆ ئـەوە نییـە کـە سیاسـەتی دابەشـکردنی دادگەرانـەی سـەروەری بەپێـی ناسـنامە جیـاوازەکان بێتەکایـەوە.

ئەگـەر سیاسـەتی نـەرم پرۆسـەی یەکسانسـازیی شـوناس نەهێنێتـەدی، ئـەوکات سـەرلەنوێ روو لـە سیاسـەتی ناسـنامەی زبـر دەکەنـەوە و دیسـان ئامرازەکانـی زەبروزەنـگ دێنەگـۆ و لەڕێگـەی سیاسـەتی سـەرکوت و گرمۆڵەکردنـەوە هەوڵـی تەنگپێهەڵچینـی ناسـنامەی کـوردی دەدەن.

بۆنموونـه سـەیری سیاسـەتی ناسـنامەی سـەددام حوسـێن لـەدوای سـاڵی 1975 لـە عێـراق بکـەن. هەروەهـا سـەیری سیاسـەتی ناسـنامەی ئێـران لە سـەردەمی خومەینـی (1980) و خامنەیـی (1990 تاوەکـو ئێسـتا) بکـەن. پاشـان سـەیری سیاسـەتی ناسـنامەی نـووری مالیکـی لـە سـاڵی 2013 و سیاسـەتی ناسـنامەی حەیـدەر عەبـادی لـە سـاڵی 2017 بکـەن و پاشـتریش لـە سیاسـەتی ناسـنامەی رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان لـە سـاڵی 2015 بەرامبەر ناسـنامەی کـوردی بنۆڕن. لـەم نموونانـەدا بـەوردی دەتوانیـن لـە سیاسـەتی ناسـنامەی نەرمیـش بگەیـن کـە بەپێچەوانـەی رابـردوو لەجیاتـی سیاسـەتی نەتەوەپەرسـتی، بـە گوتـاری ئیسـلامگەرایی سـوننە و شـیعە بـارگاوی کـراون.

سیاسـەتی ناسـنامەی ئیسـلامی سیاسـی یـان ئیسـلامی نەتەوەیـی لـە ئێـران، لــە عێــراق و لــە تورکیــا بەرامبــەر ناســنامەی کــوردی لــە تاقیکردنــەوەدا شکسـتی هێنـاوە. چ شـیعەی سیاسـی لـە ئێـران و عێـراق و چ ئیخوانییـەکان واتــە ســوننەی سیاســی لــە تورکیــا و چ ســەلەفییە جیهادییــە داعشــییەکان لــە ســووریا و عێــراق، نەیانتوانــی خۆیــان لــە بازنــەی سیاســەتی ناســنامەی تاکنەتەوەیــی قورتــار بکــەن. نەتەوەپەرســتی عەرەبــی، تورکــی و ئێرانــی ئەمجــارە بــە بەرگــی ئیســلامەوە خــۆی ناســاندووەتەوە.

لەمەشـدا هەوڵـی رەتاندنەوەی ناسـنامەی کوردیان داوە و بەگشـتی ناسـنامەی کوردیـان وەک ناسـنامەی ملـۆزم و نەیـار پێناسـەکردووە. بە ئەویدی ناسـاندنی ناسـنامەی کـوردی شـەپۆلێک لـە نەتەوەپەرسـتی بـە ئیسـلام بارگاویکـراوی بـۆ دەسـتەبەرکردوون و تەنانـەت هێـزی بـۆ بەرهەمهێنـاون. بۆیـە تائێسـتاش نایانــەوێ واز لــەم سیاســەتی ناســنامەیە بێنــن. ئەمــەش دیســان شــوناس دەکاتـە مەیدانـی بەریەککەوتنـی هێـزە سیاسـییەکان و بزووتنـەوەی سیاسـی سـەر بـە ناسـنامەی کوردیـش بەهێزتـر خـۆی نمایشـدەکات.

لــە کوردســتانیش لەپــاڵ شــەپۆلی یەکەمــی ناســیۆنالیزمی نەریتیــدا 1900 - 1940، ناســیۆنالیزمی چــەپ 1950 - 2000 و دواتریــش ناســیۆنالیزمێکی ڕزگارخــوازی بــە ئیســلام بارگاویکــراو 1980 – 2020 و پاشــان ناســیۆنالیزمی هەڵگــری گوتــاری لیبراڵــی 2000 – 2020، هەوڵــی پێناســەکردنی سیاســەتی ناســنامەی کوردییــان داوە و گوتــاری ناســنامەییان بەرهەمهێنــاوە.

## جیۆکولتوور: ناسنامەی کوردستانی

جیۆکولتــوور وەک ســەنتێزی کولتــوور و جوگرافیــا، کــە بەروبوومــی سیاســیی لێدەکەوێتــەوە، خــۆی دەنوێنێــت. ئەمــەش لــە تێــزی ئەمانوێــل والرشــتاینەوە خــۆی بەزەقــی دەردەخــات، کاتێــک ئامــاژە بــەوە دەکات کــە جیۆکولتــوور یــەک لــە توخمــە ســەرەکییەکانی کایەکانــی جیۆسیاســەت و جیۆســتراتیژیش پێکدەهێنێــت. کاتێــک ئــەم بابەتە لەگەڵ سیاســەتی شــوناس تێکهەڵدەکێشــین، دەتوانیــن شــوناس وەک کاکڵــی جیۆفەرهەنــگ ســەیر بکەیــن. ئەگــەر شــوناس لــە کایەکانــی جیۆسیاســەت و جیۆســتراتیژی دەربخەیــن، دەتوانیــن بێژیــن لەگــەڵ توێکڵــی بــێ کاکڵ بەرەوڕوویــن. بۆیــە کاتێک باســی سیاســەتی شــوناس دەکەیــن، یەکســەر لووتمــان بــە لووتــی ناســنامەی نەتەوەیــی و کولتــووری نەتەوەییــەوە دەنووســێت. شــوناس و کولتــووری نەتەوەیــی پشتبەســتوو بــە جوگرافیــای نەتەوەیــە کــە ئــا لێــرەوە جیۆکولتــوور پەیدادەبێــت.

ئەگــەر بەپێــی ئــەم داربەســتە ســەیری جیۆفەرهەنگــی کوردســتان بکەیــن، دەتوانیــن چەنــد ئەنجامێکــی ســەیری لــێ بخوێنینــەوە: لــەڕووی جیۆکولتوورییــەوە ناســنامەی کوردســتانی پێگەیەکــی تایبەتــی هەیــە. کوردســتان وەک یەکەیەکــی جیۆسیاســی لــە ناوجەرگــەی ڕۆژهەڵاتــی

نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە. ئەم پێگە جیۆسیاسییە بە چوار حەوزی دەریایی و چوار حەوزی وشکانییەوە گەمارۆدراوە. لەلایەک کوردستان ناوەند یان دڵستانی (هارتلاند) چوار حەوزی دەریای قەزوین، دەریای رەش، کەنداو و دەریای سپییە. لەلایەکیش ئەم کوردستانە ناوەندی چوار حەوزی وشکانی ئەنادۆڵ، بانی ئێران، سەرزەوینی شام و بیابانی عەرەبییە.

کوردستان شاڕێگەی پێکەوەبەستنەوەی چوار حەوزی دەریایی و چوار حەوزی وشکانییە. هەروەها کوردستان چوارڕییانی جیۆستراتیژی جیهانی و ناوچەییە. شاڕێی باکوور - باشوور کە لە ستێپەکانی ئۆراسیاوە بۆ قەفقاز و لەوێشەوە بەسەر کوردستاندا بۆ ئەنادۆڵ، دوورگەی عەرەبی و سەرزەوینی شام و بانی ئێران شۆڕدەبێتەوە، جیهانی باکوور بە باشوور تاوەکو ئەفریقیا دەبەستێتەوە. شاڕێگەی رۆژهەڵات - رۆژئاواش بەسەر کوردستاندا ئاسیا بە ئەوروپا دەگەیێنێت. ئەم شاڕێیە لە کۆندا پێیدەگوترا "جاددەی ئاوریشم" و ئێستاش پێیدەگوترێ جاددەی ئاوریشمی نوێ، کە لە ستراتیژی چینییەکاندا پێناسەی وردی بۆ دەکرێت.

ئەگەر کوردستان لەڕووی جیۆستراتیژی و جیۆئابوورییەوە پێگەی هەیە، دەبێ بیرمان نەچێ کە لەڕووی جیۆکولتووریشەوە پێگەی کوردستان گرنگە. چۆن؟ شوناس و شارستانیی کوردی پردی پێکگەیاندنی شوناس و شارستانیی تورکی، شارستانیی عەرەبی و شارستانیی ئێرانییە. جیۆکولتووری کوردستان لەسەر سێکوچکەی جیۆکولتووری عەرەبی، تورکی و ئێرانی هەڵکەوتووە. بەمجۆرە کوردستان پێگەی جیۆکولتووریی ناوەندیی هەیە. لە ناوجەرگەی سێکوچکەی شارستانیی عەرەبی، تورکی و ئێرانیدا هەلوەستەی کردووە. کارییان تێدەکا و کاریشی تێدەکرێت. ئەگەر سەرخانی سەروەری بەدەستبێنێ دەتوانێ وەک دەوڵەتی نێوەڕاست

ڕۆڵ بگێڕێت. لە نەبوونی دەزگای دەزگاکان واتە دەوڵەتیشدا کوردستان ڕۆڵی تەواوکەری ستراتیژی بۆ هاوسێیەکانی دەگێڕێت و لەنێوان خۆیاندا بەشیدەکەن.

ئەم هەڵکەوتە ڕەهەندی ئەرێنی و ڕەهەندی نەرێنی هەیە. لەلایەک سوودی لە دەوڵەمەندی شارستانیی ئیسلامیی تورکی، ئیسلامیی عەرەبی و ئیسلامیی ئێرانی وەرگرتووە و شارستانیی کوردی تۆکمەکردووە، لەلایەکیش لەبەر نەبوونی تویکڵ بۆ ئەم کاکڵە شارستانییە، کە بریتییە لە ریکخستەی باڵا کە سەروەری دەنوێنێ واتە دەوڵەتی نەتەوەیی، بەردەوام لەژێر هەڕەشەی هاوسێکانیدا دەمێنێتەوە.

لەگەڵ هاتنی دینی ئیسلام بۆ ناوچەکە، کوردستان بۆ ماوەیەک وەک یەکەیەکی جیاواز هەوڵیداوە لەبەرامبەر داگیرکاریی نوێدا بەرگری بکات. لەدوای شکستی کورد لە جەنگەکانی جەلەولا، شارەزوور و حیلوان و نەهاوەند، ماوەی دوو سەدەیەک نوقمی کشانەوە و بێدەنگی قووڵ دەبێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەبو موسلیمی خۆراسانی، ئەم یەکە جیۆکولتوورییە سەرلەنوێ ناسنامەی خۆی بنیاتدەنێتەوە. پاش راپەڕینی خوڕڕەمییەکان، کورد بەشێنەیی پرۆسەی خۆماڵیکردنی دینی ئیسلامی دەستپێکرد. لێرەوە چەک و عیرفان تێکدەڵدەبن. ئیسلام لەگەڵ دینی کورددا تێکهەڵکێشی یەک دەبن.

عەرەبەکان لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا ئیسلامی سوننە وەک دەربڕی شوناس و پێگەی جیۆکولتووری خۆیان پێناسە دەکەن. لە سەردەمی سەلجووقییەوە تاوەکو عوسمانی، تورکەکانیش ئیسلامی سوننەی حەنەفی وەک دەربڕێک لە خواستی شوناس و جیۆفەرهەنگی خۆیان دەنوێنن. لە سەردەمی ئیسماعیلی سەفەویشەوە ئێرانییەکان ئیسلامی شیعەی

جەعفەری وەک پێناسی ئیسلامی نەتەوەیی خۆیان یەکلاییدەکەنەوە. گەلێک جار ئەو پرسیارە دەکرێ: گەلۆ ئەی کورد چییانکردووە؟ لەڕاستیدا کوردیش ئەم پرۆسەیەیان بڕیوە. کاتێک باس لە عیرفان و چەک دەکەین، ئیسلامی کوردی، خۆی لە تەسەوف و مەزهەبی عەلەویدا نمایشکردووە. بەڵام تەسەوف و عیرفانی کوردی بۆ دنیاکوژی و گۆشەگیری نەبووە بەڵکو بۆ دابینکردنی دادگەری و هەق بووە. بۆیە هەمیشە سۆفییەکانی کوردستان دەستیان بۆ چەک بردووە و راپەڕیون.

شافەزڵی وەلی کە بە فەزڵولڵای حروفی دەناسرێ، لووتکەی تێکەڵکردنی دینی خوڕەمی مەزدەکیە لەگەڵ ئیسلامی عەولەوی دەهێنێتەکایەوە. ئەو لە کتێبەکانی جاویداننامە، نەومنامە، موحەبەتنامە، عەرشنامە و وەسیەتنامەدا بەوردی ئەم بابەتە شیدەکاتەوە. هەروەها شاخوەشینی لوڕستانی بەشێک لەم وەرگۆڕانە پیشاندەدات کە سەرئەنجام لە سەردەمی سوڵتان سەهاکی بەرزنجیدا دەگاتە لووتکەی خۆی.

هەر ئەم نەریتە وای لە شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحمودی بەرزنجی، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ ئەحمەدی بارزانی و تەنانەت شێخ عیزەدینی حوسێنی، شێخ جەلالی حوسێنی، شێخ هادی دۆڵاوی وموریدەکانی شێخ عوسمانی نەقشبەندی کردووە کە لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی نەتەوەییەوە عیرفان و چەک ئاوێتە بکەن و راپەڕینی چەکدارانە بەڕێبخەن.

کوردستانییەکان لەلایەک ئیسلامی سوننەی شافیعیان خۆماڵیکردووە کە زیاتر لە شەریعەت بەرگی تەریقەتی (قادری و نەقشبەندی) لەخۆی پۆشیوە. لەلایەکیش تەریقەتی سۆفی عەلەوی خۆی لەتوێی مەزهەبێکی تازەدا وەک تێک ئاوێتەکردنی دینی خوڕەمی مەزدەکیە لەگەڵ مەزهەبی

عەولەویـدا موتوربـە کـردووە و ڕێبازەکانـی قزڵبـاش، یارسـانی، خاکسـاری و نیعمەتوڵلاهـی لـێ پەیدابـوون. ئـەم جیهانبینییـە لـە دووتوێـی ئایینـی ئێزدیشـدا وەک ڕەسـەنییەکی کـوردی بەشـێوەی جیاوازتـر خۆی پێناسـەکردووە. کـە وابـوو: لـە کوردسـتان ئیسـلامی عیرفانـی لەسـەر سـێکوچکەی ئیسـلامی سـوننەی حەنەفـی تورکـی، ئیسـلامی سـەلەفی عەرەبـی و ئیسـلامی شـیعەی جەعفـەری ئێرانیـدا هەڵکەوتـووە. ئـەم پێگەیـەش لـەڕووی جیۆکولتوورییـەوە ناوەندییـە و ئەگـەر کـورد ببنـە خاوەنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی، دەتوانـن ڕۆڵـی ناوەنـدی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بگێـڕن.

**ئەنجام**

لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، سیاسـەتی ناسـنامەی دەوڵەتـەکان لەگـەڵ سیاسـەتی ناسـنامەی نەتـەوە بێدەوڵەتـەکان، گرفتـی کارکـردی بەرچـاو لـە زەوینـەی خۆنواندنـی ناسـنامەکاندا دەخوڵقێنێـت. ناسـنامە دەوڵەتییـەکان بەهـۆی بەدەسـتەوەگرتنی ئامرازەکانـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی، لەبەرامبـەر خـود هەوڵـی پێناسـەکردنی دووژمـن، ئەویـدی و غەیـرە دەدەن. ناسـنامەی نەتـەوەی بێدەوڵـەت بـەزۆری وەک ئەویـدی و نەیـار و ملـۆزم پێناسـە دەکەن. بەزۆریـش هەوڵـدەدەن ناسـنامەی نەتـەوە بندەسـتە یاخییـە ملنـەدەرەکان بتارێنـن، بیرەتێننـەوە، دەریپەڕێنـن و بیتوێننـەوە. ئەگـەر ئەمەشـیان بـۆ نەچووەسـەر، لانیکـەم هەوڵـدەدەن خواسـتی خۆسـەروەریی ناسـنامەی یەکـەی بێدەوڵەتـی ژێردەسـتە لەخشـتەبەرن و وەک پاشـکۆ یـان تەواوکـەری ناسـنامەی باڵادەسـت پێناسـەی بکـەن.

ناوچەکـە لـە 1920 بـەدواوە پێـی ناوەتـە قۆناخـی مۆدێرنیتـەوە و دەوڵەتـی

نەتەوەیـــی لـــە تورکیـــا، ئێـــران، عێـــراق و ســـووریادا بنیاتـــنراوە. لـــە خولـــی یەکەمـــی دەوڵەتـــی نەتەوەییـــدا سیاســـەتی ناســـنامەی ئەتاتـــورک، رەزاشـــا و نـــووری ســـەعید بریتیبـــووە لـــە رەتکردنـــەوەی ناســـنامەی کـــوردی و هەوڵـــی تواندنەوەیـــان داوە. بـــەڵام خولـــی یەکەمـــی دەوڵەتـــی نەتەوەیـــی بـــە شکســـت کۆتایـــی پێـــدێ و ســـەرەنجام ناســـنامەی کـــوردی بـــە بەرگـــی ناســـنامەی رزگاریخـــوازی و بەرگرییـــەوە ســـەرهەڵدەداتەوە، کـــە کرۆکـــی موقاوەمەتـــی کـــوردی پێکدەهێنێـــت.

لـە خولـی دووەمـی دەوڵەتـی نەتەوەییـدا لەجیاتـی ناسـیۆنالیزم، ئیسـلام وەک توخمـی پێکهێنـەری ناسـنامەی فەرمـی خـۆی نمایشـدەکات. بۆیـە سـەرەنجام لـە مۆدێلـی ئیسـلامی خومەینـی، مالیکـی – عەبـادی، بەغـدادی و ئەردۆغانیـدا ئەزموونـی ئیسـلامگەراکانیش لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ ناسـنامەی کوردیـدا شکســت دەهێنێــت. ئێســتا سیاســەتی ناســنامەی باڵادەســتیی ملهــوڕ لــە جـۆری مامەڵەکردنـی لەگـەڵ ناسـنامەی بەرهەڵسـتی کوردیـدا دۆشـداماوە. نــە ناســنامەی کــوردی توانیویەتــی ســەروەریی تــەواو بەدەســتبێنێ و نــە سیاسـەتی ناسـنامەی نەتـەوەی سەردەسـتیش توانیویەتـی کـورد وەک پاشـکۆ و نۆکـەری خـۆی پێناسـەبکات. ناسـنامەی کـوردی تاوەکـو ئێسـتاش ناسـنامەی بەرەنگارییـە، بـەڵام نەیتوانیـوە جوغـزی ناسـنامەی نەتەوەپەرسـتی - ئیسـلامی خۆسـەپێنی هاوسـێیەکانی بپسـێنێت.

کوردسـتانییان لەنێـوان سـێکوچکەی ناسـنامەی ئیسـلامیی حەنەفیـی تورکـی، ئیسـلامیی سـەلەفیی عەرەبـی و ئیسـلامیی جەعفەریـی ئێرانیـدا، ئیسـلامی عیرفانییـان وەک پێناسـەی خۆیـان هەڵبـژاردووە. ئەمـە پێگـەی جیۆکولتووریـی کوردسـتان وەک پـردی پێکگەیەنـەری ناسـنامەی تورکـی، عەرەبـی و ئێرانـی بەهێزکـردووە و رۆڵـی یەکلاکـەرەوە بـە ناسـنامەی کوردسـتانی دەبەخشـێت.

کوردستان ئەگەر سەروەریی کامڵ بەدەستبێنێ، دەتوانێ پێگەی جیۆکولتووریی خۆی وەک شاڕێگەی شارستانیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگێڕێ و دەتوانێ وەک ناوکی سێ حەوزی شوناس و شارستانی دراوسێی، خۆی نمایش بکات. ئەگەر ئەمە بەدیبێت، کوردستان وەک یەکەیەکی ناوکیشوەری لەشێوەی دڵ و مێشکی ناوچەکەدا کاردەکات. یەکەی جیۆکولتووری ناوکیشوەی ئەگەر بەهێزبێت و توانای بەرهەمهێنانەوەی سیاسەتی ناسنامەی هەبێ، چیدی ناتوانێ لە جەبری جوغزی لەعنەتیدا وەمێنێت.

مێژوو پێماندەڵێ هەر ئەم دۆخەش ئیمپراتۆریای میدی و ئەشکانی دروستکردووە کە وەک ئیمپراتۆریای ناوەندی لە ناوچەکە رۆڵیان گێراوە. وزە خەوتووەکانی یەکەی ناوکیشوەری بۆ دەرەوە گوێزراوەتەوە و لە بازنەی تەسکی ململانێی نەگریسی نەبڕاوەی نێوخۆیی رزگاریان کردووە . ئەمە هاوشێوەی سەردەمی زێڕینی سەلاحەددینی ئەیوبی و کەریم خانی زەندە، کە وزە خەوتووەکانی ئەم سەرزەوینەی دەتەقێننەوە و بەرەو دەرەوە دەیپەستێون و پاڵی پێوەدەنێن. وزە بەربووەکان سیاسەتی ناسنامەی نوێ دەخولقێنن. ئەمەیە رێگە رۆشنەکە.

**سەرچاوەکان :**


1.Amartyas Sen، Identity and Violence. The Illusion of Destiny، London 2006.

2- Emmanuel-Joseph Sieyès / L'abbé Sieyès: Qu'est-ce que le Tiers-État? (1789).

3- Anthony D. Smith، The Ethnic Origins of Nations، Oxford: Blackwell Publishers،1998 (1986).

4– Myths and Memories of the Nation، Oxford 1999.

5 . ایرانیت، ملیت، قومیت، تهران: جهان کتاب، ۵.۱۳۹۵- اصغر شیرازی

6 - محمدرضا نیکفر، "بار گران تاریخ"، در: نقد یگاه در بررسی یراء ویپار، تهران: پاییز ۱۳۸۸، صص ۱۲-۳۳.

7 - توضیحی فشرده درباره جهش فاشیستی ژن الاهیات سیاسی اسلامی در خاورمیانه و در اینجا: فاشیسم و اسلامیسم، یادداشتی به مناسبت درگژشت ارنست نولته: محمدرچا نیکفر.

8- Urs Saxer، Die internationale Steuerung der Selbstbestimmung und der Staatsentstehung. Selbstbestimmung، Konfliktmanagement، Anerkennung und Staatennachfolge in der neueren Völkerrechtspraxis، Springer: Heidelberg، Dordrecht، London، New York 2010.

دەربارەی میللەتسازی ناوخۆیی و دەرەکیی و شوناس بڕوانە:

9 - Christian Jansen، Henning Borggräfe، Nation – Nationalität – Nationalismus، Frankfurt/M 2007، S. 28.

سەرنج: رەگەزی رادیکالیزمی شوناس بەتایبەت رەوتی عیرفانی چەکدارانە لە کوردستان لە رەگەزی جەماعەتدا پۆلێندەکرێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەم کتێبە بکەن کە باسی سەکت و فیرقە و جەماعەت دەکات.

10 - Helmuth Plessner، Grenzen der Gemeinschaft. Eine Kritik des sozialen Radikalismus (1924)، Frankfurt/M 2002

11 - کتێبەکانیی: جاویدان نامە، عرش نامە، نوم نامە و محبت نامە اپر فچم اللە حروفی.

12 – مامەند رۆژە، پێغەمی جیۆپۆلیتیکا، چاپی یەکەم، ، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، ساڵی 2012.

13 - مامەند رۆژە، چۆن دەبین بە دەوڵەت؟ لە بڵاوکراوەکانی شارپرێس، سلێمانی، ساڵی 2014.

# دەروازەیەك بۆ تاوتوێکردنی پرسی هەمەجۆری و پرسی کورد لە سووریا

**حازم نەهار**

## یەکەم: پێشەکی

ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە سووریای سرووشتییەوە، بەهۆی ئەوەی ناوچەی پەڕینەوە و تێکەڵبوونی چەندین گەل و شارستانییە کە بە درێژایی مێژوو و بە رێژەی جیاجیا جێدەستیان لەسەری جێهێشتووە، هەمەجۆریی نەتەوەیی و ئایینیی گەورەی تێدایە. هاوکات بەدرێژایی چەندین سەدە گۆڕەپانی ململانێ و رووبەڕووبوونەوەی چەند ئیمپراتۆریی کۆن بووە، وەک فینیقی و ئاشووری و یۆنانی و فارس و رۆمان و فیرعەونی و دوای گەیشتنی ئیسلامیش بۆ ئەوێ لە ساڵی 636، بووە دەرگای سەرەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی مەگۆل و هەڵمەتەکانی خاچییەکان.

سووریا بە سنووری سیاسی ئێستایەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دروستبوو، دوای شکستهێنانی دروستبوونی دەسەڵاتی شاهانەی فەیسەڵی و ڕێککەوتنی فەرەنسا و بەریتانیا لەسەر دابەشکردنی شام و عێراق لەنێوانیان بەپێی ڕێککەوتنی سایکس - پیکۆ، ئەو هەر لە ساڵی 1920ەوە لەژێر داگیرکاریی فەرەنسا مایەوە تاوەکو لە 17ی نیسان-ئەپریلی 1946 سەربەخۆیی وەرگرت.

قۆناخی سەربەخۆبوونی نیشتمانی و خەبات لەپێناو سەربەخۆبوونی وڵات و جێگیرکردنی، هەستی یەکێتی لای سوورییەکان دروستکرد. تێیدا چەند هزرێکی سیاسی نوێ چەسپان (یەکێتیی نیشتمانیی، دیموکراسی و تاد..) کە تاڕادەیەکی زۆر جێگەی کولتووورە نانیشتمانییەکانی گرتەوە و پێگەی هەستی لاوەکی دیکەی لای تاک و کۆمەڵگە لاوازکرد.

## دووەم: خوێندنەوەی پرسی هەمەجۆریی لە سووریا

لەم چەند ساڵەی دواییدا لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی سووریا لە 2011، گرنگیدان بە پێکهاتە نەتەوەیی و تایفییەکان زیاتر بوو. بابەت و توێژینەوەی زۆریش لەسەر هۆکار و ڕەچەڵەکی جیاجیا بڵاوکرانەوە؛ لەڕووی سیاسی و لێکۆڵینەوە و هەواڵگری بۆ خزمەتکردنی ئامانجی جیاجیا. چونکە مەترسیی ڕاستەقینە و ناڕاستەقینە سەریانهەڵدا، لەوەی کە ململانێی سیاسی لەنێوان گەل و دەسەڵات ببێتە ململانێیەکی تایفی لەنێوان زۆرینەی بە ژمارە (سوننە) و کەمینەی تایفی (وەک عەلەوییەکان). هەڵبەت دەسەڵات یەکەم دەستپێشخەر بوو بۆ دروستکردنی ئەم مەترسییانە و لە گەورەکردنیاندا بە گوتە و کردار بەشداربوو.

هـۆکارە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان ڕۆڵێـک دەگێـڕن کـە ناکـرێ نکۆڵـی لـە کاریگەرییـان لەسـەر ململانـێ نێوخۆییـەکان لـە ناوچەکـەدا بکرێـت. هـەر لـە هەوڵـی زلهێـزەکان بـۆ ڕێگرتـن لـە دروسـتبوونی هـەر قەوارەیەکـی بەهێـز کـە دەکـرێ ببێتـە ئاسـتەنگ لەپێـش دەسـەڵاتیان بەسـەر سـەرچاوەکانی نەوتـدا، تاوەکـو بەرژەوەندیـی ئیسرائیـل لـە لاوازکردنـی دووژمنانـی و سـەرقاڵکردنیان بـە خۆیانـەوە، لەپـاڵ لێکەوتەکانـی دیـاردەی توونڕەویـی ئایینـی و کاریگەرییەکانـی لـە هەرێمەکـەدا، بـەڵام هـۆکارە نێوخۆییـەکان بناخـەی پەرتەوازەبوونـی کۆمەڵگـەن. چونکـە بۆنموونـە ئەگـەر هـۆکارەکان و بناخەکانـی خۆپاراسـتن لـە نێوخـۆ بـۆ کۆمەڵگـەی سـووریا بەردەسـتبوونایە، ئـەوکات کاریگەریـی هـۆکاری هەرێمـی و نێودەوڵەتـی لاوەکـی دەبـوون یـان بەدڵنیاییـەوە لاواز دەبـوون.

## سێیەم: سیاسەتەکانی دەسەڵات

لـە وڵاتـە دیموکراسـییەکاندا هەمەجۆریـی نەتەوەیـی و ئایینـی لـەڕووی ڕۆشـنبیری و ڕۆحییـەوە سـەرچاوەی دەوڵەمەندیـی زۆرن، بـەڵام دەکـرێ ببنـە سـەرچاوەی هەڕەشـە بۆ سـەقامگیریی کۆمەڵگە و هۆکارێک بۆ پەرتەوازەبوون و دابەشـبوون لـە وڵاتـە زۆردارەکانـدا. سـووریا هێشـتا گۆڕەپانێکـە بـۆ چەندین ململانێـی ئایینـی و نەتەوەیـی، کـە بەهـۆی گەورەبوونـی درزەکان لەنێـوان پێکهاتـە جیاجیاکانـی کۆمەڵگـەدا دەرکەوتـووە. ئەمـەش بەهـۆی هەمەجۆریی ئـەم پێکهاتانـە نییـە، بەڵکـو بەشـێوەیەکی سـەرەکی بەهـۆی دەسـەڵاتداریی دەسـەڵاتێکی زۆردارە لـە سـووریا، کـە بـەر لـە شۆڕشـی سـووریا بـێ یـان دوای شۆڕشـەکە، ئـەم هەمەجۆرییـەی خـراپ بەڕێوەبـردووە.

## أ- پێش شۆڕشی سووریا

دەسـەڵاتی سـووریا بەدرێژایـی چـوار دەیـە، بـۆ کۆنترۆڵکردنـی دەوڵـەت و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە، لـە سـاڵی 1970 تاوەکـو سـاڵی 2010، ڕێگـە و شـێواز و هەڵسـوکەوتی جۆراوجـۆری بەکارهێنـا. لـە ئەنجامـدا هەمەجۆریـی ئایینـی و نەتەوەیـی لـە سـووریا بـووە بۆمبێکـی تەوقیتکـراو، کـە هەڕەشـەی تەقاندنـەوەی کۆمەڵگـە دەکات:

-1 باڵادەستکردنی دەزگا ئەمنییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی لایەنگر.

دەسـەڵات لـە سـووریا بـە کودەتـای سـەربازی گەیشـتە دەسـەڵات و کاری بـۆ دروسـتکردنی کۆمەڵگەیەکـی گونجـاو لەگـەڵ بەرژەوەنـدی و خواسـتەکانی خـۆی کـرد. ئەمـەش ڕێگەمـان دەدات بڵێیـن کۆمەڵگـەی سـووریا بـە قۆنـاخ بـووە بەرهەمـی ئـەو سیاسـەتە، ئەویـش لەکاتێکـدا کـە لـە دۆخـی ئاسـاییدا کۆمەڵگـە دەسـەڵاتەکەی بـە ڕێگـەی هەڵبـژاردن و دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات بەرهەمدەهێنێـت. دەسـەڵات هەروەهـا سـەرکەوتوو بـوو لـە دەسـتگرتن بەسـەر دەوڵـەت و کۆمەڵگـەدا لەڕێگـەی دوو پرۆسـەی هاوکاتـەوە، یەکـەم: دروسـتکردنی دەزگای ئەمنـی، کـە ئامانجـی سـەرەکییان چاودێریکردنـی کۆمەڵگـە و کۆنترۆڵکردنیەتـی، هـەر لـەو دەزگایانـەدا چەندین ناوەنـد و لـق هـەن کـە تایبەتـن بـە پرسـەکانی پێکهاتـە ئایینییـەکان و ناوەنـد و لقـی دیکەشـیان هـەن کـە تایبەتـن بـە پرسـەکانی کەمینـە نەتەوەییـەکان. دووەم: دروسـتکردنی بناخەیەکـی کۆمەڵایەتـی- ئابووریـی تایبـەت بەخـۆی کە لـە چەنـد چینێـک پێکهاتـوون و ڕەنگـی ئایینـی یـان نەتەوەیـی دیاریکراویـان پێـوە دیـارە. لەگـەڵ پیاوانـی ئایینـی و سـەرکردەی پێکهاتـە ئایینییـەکان و

کۆمەڵـەی ئابووریـی مشـەخۆر و دەزگای مەدەنیـی پاشـکۆ ڕێکـن بۆئـەوەی دەسـەڵات بپارێـزن و ڕێگـە لـە دروسـتبوونی ئۆپۆزیسـیۆنێکی هاوسـەنگ و راسـتەقینە بگـرن.

## 2 - باڵادەستبوونی ڕێبازی بەعس

دەسـەڵاتی سـووریا بـۆ ڕێگرتـن لـە مەترسـی کاریگەریـی لەسـەر هۆکارەکانـی بەردەوامبوونـی باڵادەسـتیی خـۆی لـە نێوخـۆ، وەبەرهێنانـی لـە عەرەبچێتیـدا کـرد و کردییـە ڕێبازێکـی گونجـاو بـۆ باڵادەسـتبوون لـە نێوخـۆ و رووتاندنـەوە و هەڕەشـەکردن لــە ناوچەکــەدا. ئەمــەش لەســەر کۆمەڵگــەی ســووریا کاریگەرییەکــی نەرێنــی هەبــوو. چونکــە لەلایەکــەوە هێــزە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانـی لـە دانپێدانـان بـە هەمەجۆریـی نەتەوەیـی و نزیکبوونـەوە لـە پێکهاتەکانـی دیکـە دەترسـاند، لەلایەکـی دیکەشـەوە جۆرێـک لـە دۆخـی دوورخســتنەوەی ســوورییەکانی لــە یەکــدی گەشــەپێدا. بۆیــە تێروانینــی گومانکـردن لـەو سـوورییانەی عـەرەب نیـن باڵادەسـت بـوو. لەپـاڵ ئەوەشـدا تــرس لــە "هەڕەشــەیان" بــۆ ســەر یەکێتیــی خاکــی ســووریا و دابڕاندنــی بەشـێکی خاکـی سـووریا یـان هەڕەشـەی هاوپەیمانبوونیـان لەگـەڵ دەرەوە دژی نیشـتمان دروسـتبوو. نەناسـینی بەرامبـەر، سـەرەڕای سـتەملێکراوی و نەهامەتـی ئـەو، لـەو هۆکارانـە بـوو کـە لەیـەک دوورکەوتنـەوەی عـەرەب و کـوردی لـە سـووریا زیاتـر کـرد. هـۆکاری ئەمـەش سـووربوونی دەسـەڵاتە لەسـەر هێشـتنەوەی سـوورییەکان لـە دۆخـی دابـڕان لـە یەکـدی، بـۆ ئـەوەی بزووتنەوەیەکـی نارەزایـی نیشـتمانییانە دروسـتنەبێت.

## 3 - سڕکردنی بناخەکانی هاووڵاتیبوونی یەکسان

بـە پشتبەسـتن بـە بناخەکانـی یەکسـانی لەنێـوان هەمـوو هاووڵاتیـان لـە مافـەکان و ئەرکەکانـدا، لەپاڵ یەکسـانی لـە ڕەخسـاندنی هـەل، هاووڵاتیبـوون لـە دۆخـی ئاسـاییدا مەرجـە پێویسـتەکان بەدیدەهێنـن. لـەڕووی یاسـایی و کـردارەوە، بـۆ دروسـتکردنی سـەرکردە کۆمەڵایەتییـەکان، لـەڕووی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کـردارەوە، بـە پشتبەسـتن بـە هۆکارەکانـی توانـا و لێهاتوویـی، بەبـێ گوێدانـە نەتـەوە یـان ئاییـن یـان توێـژ دەجوڵێنـەوە. لـە سـووریا بەپێچەوانـەوە بـوو؛ چونکـە دەسـەڵات هـۆکاری ئایینـزای تێکەڵـی پرۆسـەی لەدایکبـوون کـرد. بەتایبـەت لـە بـوارە سـەرەکییەکانی دەوڵـەت و کۆمەڵگـەدا، وەک سـوپا و ئاسـایش و ڕاگەیانـدن و دەرەوە، ئەمـە جگـە لـە دوورخسـتنەوەی ڕۆڵـەی نەتەوەکانـی دیکـە، کـە عـەرەب نیـن. بۆیـە ئاسـاییە ئـەم سیاسـەتە هەسـتی دوورخسـتنەوە و بێبەشـکردن و پەراوێزخسـتن و سـتەملێکردن لـەلای چەندیـن چینـی جیاجیـای کۆمەڵگـە دروسـتبکات.

## 4 - نکۆڵیکردن لە هەمەجۆری و هاوکات قۆستنەوەی

ئەمـە سیاسـەتێکە دوو ڕەهەنـدی دژبەیەکـی هەیـە. لـە مامەڵـەی دەسـەڵاتی سـووریادا دەرکـەوت کـە لـە لایەکـەوە بەئاشـکرا خۆگێلکـردن لـە پرسـی هەمەجۆریـی نەتەوەیـی و ئایینـی لـە کۆمەڵگـەی سـووریادا هەیـە، چونکـە بـڕوای وایـە "یەکێتیـی کۆمەڵگـە" لەگـەڵ ئـەم هەمەجۆرییـەدا ناگونجێـت. بۆیـە خـۆی زۆر بـە بەرپـرس دەزانـی لـەوەی کـە دیمەنـی کۆمەڵگەیەکـی پێکـەوە گونجـاو هەنـاردە بـکات بـۆ ئـەو کۆمەڵگەیـەی حوکمڕانیـی دەکات.

بـەڵام ، لەلایەکـی دیکـەوە، بەکـردەوە پەنـای بـۆ جێبەجێکردنی "پشکپشـکێنە" دەبـرد. بۆنموونـە لەکاتـی پێکهێنانـی پەرلەمـان یـان پێکهێنانـی حکومەتـدا ئەو کارەی دەکـرد، بەبێئـەوەی باسـی بـکات یـان تەنانـەت ڕێگـە بـدات لەلایـەن ئەوانیدیکـەوە تەنانـەت ئاماژەشـی بـۆ بکرێت. ئـەم پشکپشـکێنەیەش جۆرێک بـوو لـە سیاسـەتی ڕازیکـردن لەسـەر بنەمـای ئاییـنزا یان نەتـەوە، نەک لەسـەر بنەمـای هاووڵاتیبـوون و ئامانجەکـەش خۆپاراسـتن لـە تەقینـەوەی کۆمەڵگـە بـوو، کـە دەکـرێ تەشـەنە بـکات و هەڕەشـە لـە بەردەوامبوونـی بـکات.

لـە ئاسـتی دەرەکیـش دەسـەڵات هەمەجۆریـی ئایینـی و نەتەوەیـی لـە نێوخـۆ قۆسـتەوە، بەشـێوەیەک کـە خزمـەت بـە سیاسـەتی دەرەکـی خـۆی بـکات؛ بۆنموونــە پێکهاتەیەکــی دیــاری کۆمەڵگــەی بەکاردەهێنــا بــۆ گوشارخســتنە ســەر و کارلێکــردن لــە هەڵوێســتی وڵاتانــی ناوچەکــە، وەک بەکارهێنانــی چەنــد لایەنێکــی کــوردی لــە ســووریا و تورکیــا، وەک کارتــی گوشــار لــە پەیوەندیەکانیـدا لەگـەڵ تورکیـا. هەندێکجاریـش پرسـی پێکەوەژیانـی لەنێـوان چینــە جیاجیاکانــی کۆمەڵگــەدا بەکاردەهێنــا بــۆ دەرخســتنی دیمەنێکــی ئەرێنـی خـۆی لـە دەرەوە، بـەوەی گوایـە گەرەنتیـکاری ئازادیـی جیـاوازی و پاراســتنی پێکهاتەکانــە.

### ب- دوای شۆڕشی سووریا

دوای دەســتپێکردنی شــۆڕش، دەســەڵات هەوڵیــدا بــەرەو دوو شــوێنی رووخێنــەری ببــات، کــە بریتیــن لــە بەســەربازیکردن و تایفەگــەری. بۆیــە پرۆسـەیەکی ڕێکخـراوی دەسـتپێکرد. یەکـەم پشـتی بـە بەسـتنەوەی شـۆڕش بـە چەنـد لایەنێکـی ئیسـلامیی توونددئـاژۆوە بەسـت. لـەم هەوڵەشـدا چەنـد

هێزێکـی سیاسـی و ڕاگەیاندنـی بـڵاو لـە جیهانـی ئیسـلامیدا هاوکارییـان کـرد، کـە گوتـاری تایفـی توونددئـاژۆ دژی هەمـوو ئەوانـە بەکاردەهێنێـت کـە لەژێـر چەتـری سـوننەدا نیـن. هەروەهـا چەنـد لایەنێکـی ئۆپۆزیسـیۆنیش چ بـە ویسـتی خۆیـان بـێ یـان بـە نەزانـی یـان بـۆ هەمـان مەبەسـت هاوکارییـان کـرد. دووەم، دەرخسـتنی ئـەوە بـوو کـە ئاییـنزای عەلـەوی واتـە دەسـەڵات. بۆیـە دەزگا ئەمنییـەکان، بـە پشتبەسـتن بـە "شـەبیحە"، دەسـتیان بـە جێبەجێکردنـی ئـەم سیاسـەتە تاریکـە کـرد، کـە کوشـتن و ئەشـکەنجەدان و تۆقاندنـی تێدابـوو. ئەمـەش بەڕوونـی ئامـاژەی تایفەگەریـی پێـوە دیاربـوو. سـێیەم، بەیەکەوەبەسـتنی بەردەوامـی مانـەوەی چەنـد تایفەیەکـی دیاریکـراو لـە وڵاتەکـە، وەک تایفـەی کریسـتیان و دورزی، بـە مانـەوەی دەسـەڵات، کـە وا خـۆی پیشـاندا تاکـە پارێـزەری پێکهاتەکانـە. هەروەهـا هەڵوێسـتی چەنـد سـەرکردایەتییەکی ڕۆحیـی ئـەو تایفانـەی باسـکران، لـەم بابەتـەدا هـاوکار بوو. لەوانـەی کـە بـە دەنگێکـی بـەرز، لەجیاتـی هـەر جێگرەوەیـەك، لایەنگیریـی خۆیـان بـۆ دەسـەڵات ڕاگەیانـد. مەبەسـتەکە لێـرە، بێگومـان لایەنـە ئیسـلامییە توندڕۆیـەکان بـوون. چـوارەم، دابەشـکردنی سـەرکوتکردن بەسـەر ناوچـەکان و پێکهاتەکانـی سـووریا بەشـێوەیەک خزمەتـی ئامانجەکانـی بـکات و دوورکەوتنـەوە و پەرتەوازەیـی لەنێـوان ناوچـەکان و پێکهاتەکانـی سـووریا دروسـتبکات، ئەمـەش زیاتـر سرووشـتی ململانێیەکـەی گـۆڕی و زیاتـر توونددی کـرد.

## چوارەم: لاوازیی دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری

### 1 - کەموکووڕیی کاریگەریی هزر

تێکەڵکردنـی بیرۆکـە و سیاسـەت بەبـێ هـزر لـە سـووریا و ناوچەکە بەگشـتی،

دروستکردنی وشە زیاتر لە واقیعی سەر زەوی، هەندێکجار بەشەڕدێین و دژایەتی دەکەین و پەرتەوازە دەبین بە پشتبەستن بە وشە. وەک ئەو مشتومڕەی سەبارەت بە یەکەم ناسنامەی کورد لە سووریا هەیە و پرسیاری ئەوەی ئایا کامیان زیاتر راستە. ئاخۆ دەبێ بڵێین "سووری کورد" یان "کوردی سووری"، لەکاتێکدا بە بڕوای من هیچ کێشەیەک لە بەکارهێنانی هەردوو دەستەواژەکە نییە. لەسەر ئەم پرسیارە سەختانە دەوەستین و بیرمان دەچێت کە لەو دەستەواژانەی بەڕاستی پێویستیان بە تێگەیشتنە وردبینەوە، چونکە بۆ هەموو پرۆسەیەکی سیاسی دروست مەرجن. بەتایبەتی ئەو دەستەواژانەی پەیوەندییان بە دەوڵەت و گەل و نەتەوە و میللەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەوانیدیکەوە هەیە.

لە سووریا کۆمەڵەی نیشتمانیی راستەقینە نییە، بەڵکو ئیتنیک و نەتەوەی سەرەتایی و خاو هەن. عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری و چەرکەس و ئەوانیدیکە هەن. بۆئەوەی ئەمانە ببنە نەتەوەی راستەقینە و نوێ، پێویستە پێش هەموو شتێک لە وڵاتێکی پێشکەوتوودابن. هەروەها پێویستیان بە هەوڵی هزری سیاسییە کە لە دەرخستنی ناسنامەی رۆشنبیریی دوور لە باڵادەستی و هەستکردن بە ستەملێکردن لە پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هاوکاربێت. بۆیە، هزری "کۆمەڵە ئیتنیکییەکان" یان "ئیتنیکییەکان" زیاتر گونجاوە لەگەڵ دۆخی عەرەب و کورد لە سووریا بەراورد بە هزری "کۆمەڵەی نەتەوەکان" یان "نەتەوەکان"، چونکە بە شێکردنەوەی خەلدوونی، دەمارگیریی لەو کۆمەڵانەدا هەیە کە پەیوەندی سەرەتایی پێش شارستانی و نیشتمانیی کۆنترۆڵی کردووە.

نەتەوە (یان نیشتمانپەروەریی) رووبەرێکی رۆشنبیرییە یان شارستانیی هاوبەشە لەنێوان هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە و دەبێ لەسەر بنەمای

کۆمەڵـی مەدەنیـی نـوێ و دەوڵەتـی سـەردەم بنیاتبنرێتـەوە. نەتـەوە یـان نیشـتمانپەروەری سـیمایەکی دەوڵەتـی سـەردەمە و بەشـێکە لـە ناسـنامەکەی. کەچـی بـە واتـا گشـتگیرەکەی تەنیـا مانـای بەهـا و رەوشـتی لـە هـزری دەسـتەبژێرانی عـەرەب و کـورددا وەرگرتـووە.

کـورد و عـەرەب لـەڕووی واتـای سیاسـییەوە گـەل نیـن. چونکـە گـەل بـە واتـای ژیانـی کۆمەڵێـک خەڵـک نییـە لـە وڵاتێکـدا، هەروەهـا بـە واتـای کۆمەڵێـک ئیتنیـک و هـۆز و ئاییـن و تائیفـە نییـە. گـەل هزرێکـی سیاسـییە، بـەو واتایـەی کـە پێویسـتی بـە دروسـتکردنە و دۆخێـک نییـە بەخشرابێـت. شـێوازێکی سیاسـییە بـۆ کۆمەڵـی مەدەنـی و بەنـدە بـە بوونـی دەوڵەتـی نیشـتمانیی سـەردەم و هاووڵاتیبوونـەوە. بۆیـە ناکـرێ باسـی چەنـد گەلێـک لە یـەک دەوڵەتـدا بکرێـت. هـاوکات لەجیاتـی واتـا سیاسـییەکانی و مافەکانـی، هێشـتا دەسـتەواژە سـۆزدارییەکان و بەهـاکان سـەبارەت بـە هـزری نیشـتمان و هاووڵاتیبـوون بەسـەرماندا زاڵـن. دەسـتەواژەی کۆمەڵگـە دەسـتەواژەیەکی سۆسـیۆلۆژییە. دەسـتەواژەی میللـەت دەسـتەواژەیەکی کولتوورییـە و دەسـتەواژەی گەلیـش دەسـتەواژەیەکی سیاسـییە، گوزارشـت لـە یـەک راسـتی دەکات، ئەویـش بریتییـە لـەوەی کـە دەوڵەتـی نیشـتمان/نەتەوە و ئەمـەی کۆتایـی دیـارە کـە بـۆ هاووڵاتیانـی نییـە. تەنیـا لـە شـێوازی سیسـتمی گشـتی و بەرژەوەندیـی گشـتی و ویسـتی گشـتیدا، واتـە لـە شـێوازی دەوڵەتـی مـاف و یاسـا بـۆ هەمـوو هاووڵاتیانـی بەبـێ جیـاوازی و جیـاکاری دەبێـت.

ئەمـڕۆ دەبـێ گرنگـی بـە گواسـتنەوە لـە ئیتنیکـەوە بـۆ نەتـەوە، لـە دانیشـتووانەوە بـۆ گـەل، لـە ناسـنامەی مێژووییـەوە بۆ ناسـنامەی سـەردەم، لە ئایدۆلۆژیـاوە بـۆ هـزر، لـە پەرتەوازەییـەوە بـۆ سیاسـەت، لـە میرنشـینەوە بـۆ دەوڵـەت بدەیـن. بۆیـە نامـۆ نییـە کـە لەسـایەی لاوازیـی رۆشـنبیریی بەربڵاو

لەلای دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری، هەردوو گوتاری "نەتەوەیی کورد" و "نەتەوەیی عەرەب" پشت بە هەمان بیانووی جیاوازی و باڵادەستی و هێز ببەستن و ڕەگی هەردووکیان دەمارگیریی نەتەوەیی بێ و هەوڵی هەریەکەیان بۆ دروستکردنی وێنەیەکی باو و نەرێنی بۆ بەرامبەر بێت، کە جیاوازە. ئامانجی ئەمەش پەرەپێدانی تارمایی بەهای خۆیەتی.

ناسنامەی شێوێندراو و ستەمی مێژوویی بەردەوام وا دەڕوانێتە ناسنامەکان کە لە رابردوودا دروستبوونە و کۆتاییان پێهاتووە و ڕۆڵی ئێمەش تەنیا بریتییە لە پاراستن و بەرگریکردن لێی، لەدژی بەرامبەری جیاواز. بەڵام ناسنامەی تاک یان کۆمەڵ بەتەنیا لەدایکبووی رابردوو و مێژوو نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا لەدایکبووی ئێستایە و بژارە و هیوا و مافی مرۆڤەکانە کە ئازادیی هەڵبژاردنی ناسنامەیان بۆ دەستەبەربکرێت. دۆخی دیکە کە پڕە لە ئایدۆلۆژیا و ستەملێکردن گشتگیر نییە، چونکە ئەو بژارانەی لە سایەی ستەم گەشەدەکەن و جێگیردەبن، پشتیان پێنابەسترێ و سیستمی دیموکراسیش بۆ بژاردەی هۆشیار و ئازاد، ژینگەیەکی گونجاو دروستدەکات.

لە حوکمڕانییە ستەمکار و ئایدۆلۆژییەکاندا، کە وەك چینێکی یەکگرتوو و پێکەوەگونجاو سەیری مرۆڤ دەکەن، ڕێگە بە توێژینەوەی ورد لەسەر کەمینەکان نادرێت. چونکە ترسی لەنێوچوونی دەسەڵاتیان لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە هەیە. تەنانەت توێژینەوە کەسییە کەمەکان کە هەن، زۆربەیان لە ئایدیۆلۆژیاوە سەرچاوەیان گرتووە و بە ئایدیۆلۆژیاش کۆتاییان پێدێت. ئەمەش ناسنامەی شێوێندراو دروستدەکەن. ناسنامەی نەتەوەیی نەک ڕۆشنبیری، ناسنامەیەک کە دەمارگیریی پێوەدیارە و ڕۆشنبیری و ڕەگی مرۆییان تێدانییە.

هیـچ لایەنێـک نییـە، سیاسـی یـان چینێکـی کۆمەڵایەتـی، ئیتنیکـی، ئایینـی یـان ناوچەیـی لـە سـووریا هەسـتنەکات "سـتەمێکی مێژوویـی" لێکـراوە و بیخاتـە ئەسـتۆی ئەوانـی دیکـە و داوایـان لێبـکات گوێـی لێبگـرن. بۆیـە ئـەو گفتوگۆیـەی لەنێـوان هەمووانـدا هەیـە، وەک "گفتوگـۆی سـتەملێکراوان"ە و هەمـووان بەشـدارن لـە بڵاوکردنـەوەی رق و کینـە. دەسـتکردن بـە باسـکردنی سـتەمەکان دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی مشـتومڕ و بەریەککەوتـن، کـە کۆتایی نایـەت. وەک ئەوانـەی رێژەی قوربانیانـی ناوچەکانی سـووریا و بەرزکردنەوەی بەشـێکیان بـەراورد دەکـەن. دەسـتەیەك دەڵێـت گوایـە دەسـەڵات زیاتـری لـەو کوشـتووە بـە بـەراورد بـە ژمـارەی ئەوانـەی لـە ناوچەیەکـی دیکـە کوشـتوونی، بۆیـە لەسـەر ئـەم بنەمایـە دووژمنایەتـی لەنێـوان ناوچەکانـدا دروسـت دەبێـت. ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە سـوورییەکان هەموویـان، بـە هەر شـێوەیەک بـێ، وەکیـەک قوربانیـی سیاسـەتی دەسـەڵات و سیاسـەتەکانی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـن. کاتێـک باسـی ئـەو سـتەمە دەکـەن کـە لێیانکـراوە یـان باسـی مافـەکان و سـنوور و دەوڵەتـەکان دەکـەن، هەمـووان کتێـب و سـەرچاوەی "مێژوویـی" خۆیـان هەیـە کـە پشـتیان پێدەبەسـتن. هەندێکیـان رەوا و دروسـتن و هەندێکـی دیکەشـیان هەڵبەسـتراو و سـاختەن. بۆیـە دەبـێ هەمـوو پێکهاتەکانـی سـووریا لـە روانگـەی ئـەوەی لەواقیعـدا دەکرێـت و بەدەسـتدێت ناسـنامەی خۆیـان دروسـتبکەنەوە و پێویسـتە لـە ئاینـدە و هیـوا و بژارەکانـی بڕوانـن نـەك هەڵبچـن و لـە باسـەکانی رابـردوودا بمێننـەوە.

تێکەڵکردنـی سیاسـەت بـە ئاییـن و نەتـەوە دیدێکـی رێگـرە بـۆ یەکبوونـی نیشـتمانیی. چونکـە وا مامەڵـە لەگـەڵ کەمینـەکان و ئیتنیکـەکان و تائیفـەکان دەکات، وەک بڵێـی ئەوانـە دوا ناسـنامە و جێگـرەوەن. ئـەم دیـدەش پشـت بـە هەژمارکردنـی نەتـەوە یـان ئاییـن یـان ئایینـزا بـە ناسـنامە و سـەرچاوە

دەبەستێت. یەکبوونی نیشتمانی مەرجە و ئەنجامە بۆ بوونی دەوڵەتی نووژەن. ئەوە لەڕووی یاساییەوە لەگەڵ تواندنەوە و گونجاندن جیاوازە، کە بە دەستەواژەی "یەکێتی هەمەجۆری" گوزارشتی لێدەکرێت. ئەوەی سەرکەوتن یان شکستهێنانیش یەکلایی دەکاتەوە، ناسنامەی دەوڵەتە. چونکە دەوڵەتی ئایینی (واتە تێکەڵکردنی سیاسەت بە ئایین) و دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی/فیکری (واتە تێکەڵکردنی سیاسەت لەگەڵ نەتەوە) ڕێگە بۆ یەکگرتنی نیشتمانی خۆشناکەن، بەپێچەوانەی دەوڵەتی نووژەنەوە، دەکرێ بەڕوونی ببینین کە تێکەڵکردنی سیاسەت بە عەرەبچێتی و تێکەڵکردنی سیاسەت بە ئیسلام تەنیا پەرتەوازەیی و بچووکبوونی زیاتریان لێکەوتووەتەوە.

**2 - ناعەقڵانیی سیاسی**

دید و هەڵسوکەوتی لایەنە سیاسی و سەربازیی و کۆمەڵایەتییەکان لە سووریا چەند سیمایەکی ناعەقڵانییان پێوە دیارە، کە بە دیدگا و شرۆڤەیان بۆ دۆخی سووریا و ئەو چارەسەرانەوە کە بۆ کێشەکانی پێشنیازی دەکەن، دیارە:

نەبوونی سیاسەت و پیرۆزکردنی هێزی سەربازی؛ سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی عەرەب و کورد لە سووریا تێگەیشتن و ڕێگەچارەی یەکلاییکردنەوە و قۆناخ بە قۆناخیان تێدا نییە. بەڵکو ئایدیۆلۆژیا و باوەڕداریی زۆریان تێدایە. ڕەنگە هۆکاری ئەوە ڕێگریی دەسەڵات بێ لە کاری سیاسیی ئاشکرا و ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی کادیران و سیمبولەکانی حیزبەکان و جووڵانەوەکان بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانە توانای بەرهەمهێنانی هەڵوێستی سیاسییان نەبێ و دەسەڵاتیان بەسەر

دیدەکانـی خۆیـان لـە بەرنامەکانیـان و جێبەجێکردنیانـدا نەبێـت.

گوتـار و هەڵسـوکەوتی هـەر لایەنێـک پشـت بـە یەدەگـی هێـزی مەیدانیـی بەردەستی دەبەستێت. هـاوکات لەگـەڵ گۆڕانـی بـەردەوام لـە هاوسـەنگیی هێـزدا، گوتـار و هەڵسـوکەوتەکانیش دەگۆڕێـن. بۆیـە ئاسـاییە بگوتـرێ ئـەو سـنوورەی بەشـێکمان هەوڵدەدەیـن بـە خوێـن دیاریـی بکەیـن، بـە پشتبەسـتن بـە باڵادەستیی کاتیـی هێـز، تەنیـا خوێنڕشـتنی زیاتـر و بەردەوامبوونـی شـەڕ و ناسـەقامگیریی لێدەکەوێتـەوە.

خۆگونجانـدن لەگـەڵ بانگەشـەی دەرەوە بـۆ پاراسـتنی کەمینـەکان؛ دروشـمی پاراسـتنی کەمینـەکان لەلایـەن چەنـد لایەنێکـی دژبەیـەک لـەڕووی سیاسـی و ئایدیۆلـۆژی و بەرژەوەندییـەوە دەگوترێتـەوە. وڵاتـان بـە ئامانجـی بـەردەوام واڵاکردنـی دەرگا بـۆ دەسـتتێوەردان لـە کاروبـاری وڵاتانـی دیکـەدا ئـەوە بەکاردەهێنـن. هەرکاتێـک بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان پێویسـت بێـت. بۆیـە نامـۆ نییـە ئەمـە هـاوکات لەلایـەن "دەسـتەبژێران" لـە ناوچەکەمانـدا بەکاربهێندرێـت. لەکاتێکـدا خەڵکـی سـادە بەبـێ زانیـاری و تێگەیشـتن دەیلێنـەوە.

بەداخـەوە چەندیـن کـەس و لایەنـی سیاسـی و بەشـێک لـە پێکهاتەکانـی سـووریا درووشـمی "پاراسـتنی کەمینـەکان" بەشـێوەی ئەرێنـی وەردەگـرن و مامەڵـەی لەگەڵدەکـەن. سـەرەڕای ئـەوەی ئاشـکرابووە لەلایـەن هێـزە هەرێمـی و جیهانییەکانـەوە بەکاردەهێنـدرێ بـۆ خزمەتکردنـی بەرژەوەندیـی تایبەتـی خۆیـان. ئـەوان هەموویـان دڵخۆشـن بـەوەی کـە دۆناڵـد ترەمـپ، سـەرۆکی ئەمریـکا، لەکاتـی کشـاندنەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە سـنووری سـووریا و تورکیـا، لـە 6ی ئۆکتۆبـەری 2019، ڕایگەیانـد هەوڵـدەدات "کەمینـە نەتەوەیـی و ئایینییـە سـتەملێکراوەکان لـە سـووریا بپارێـزێ" و "پاڵپشـتیی

قوربانیانــی ململانێکــە دەکات لــە کەمینــە نەتەوەیــی و ئاینییــەکان" و "پاڵپشـتیی قوربانیانـی توونەوتیـژی و ئەشـکەنجە دەکات کـە لەسـەر بنەمـای جــۆری کۆمەڵایەتــی ئەنجامــدەدرێ". کەســانێکی دیکــەش بــە ئەرێنــی مامەڵەیـان لەگـەڵ لێدوانـی سـێرگی لاڤـرۆڤ، وەزیـری دەرەوەی رووسـیا بـۆ رۆژنامــەی (رووسیســکایا گازیتــا) کــرد، کــە گوتــی "بەشــار ئەســەد ئاسایشــی کەسـایەتییە کەمینـەکان لـە سـووریا مسـۆگەر دەکات، بـە کریسـتیانەکانەوە و بەلانیکەمــەوە ســێیەکی دانیشــتوان هێشــتا پاڵپشــتیی دەکــەن"، وەک کەسـایەتییەک داوایکـرد نەرمـی نەنوێنـدرێ بەرامبـەر گۆڕانـی سـووریا بـۆ دەوڵەتێــک کــە کەمینــەکان نەتوانــن تێیــدا بژیــن.

"کەمینــە" گرووپێکــە لــە هاووڵاتیانــی وڵاتێــک. کەمینەیەکــە لــەڕووی ژمـارەوە باڵادەسـت و زۆرینـە نییـە لـە وڵاتـدا. ئەندامانـی لەگـەڵ ئەندامانـی دیکـەی کۆمەڵگـە لـەڕووی نەتـەوە و زمانـەوە جیـاوازن، ئـەوان مەیلیـان بـۆ پاڵپشــتیکردنی یەکدییــە و لەســەر ئــەوەش رژدن. رەنگــە ئــەم رژدبوونــەش هــۆکاری مانەوەیــان بێــت. ئامانجیــان ئەوەیــە لەســەر زەوی و لــە یاساشــدا لەگـەڵ زۆرینـە یەکسـان بـن. ئـەوەی لـە بوونـی کەمینـەدا یەکلاکەرەوەیـە، هۆشـیاریی خۆیەتـی بـە جیـاوازی و رژدبـوون لەسـەر مانـەوە و پاراسـتنی ناســنامەکەی.

ئـەم پێناسـەیە نزیکتریـن پێناسـەیە بـۆ پرەنسـیپی مافـی مـرۆڤ، کـە لەگـەڵ پرەنسـیپی سـەروەری، سـەروەریی نیشـتمانیی دەوڵەت/نەتەوەییـدا دژ نییـە. ئـەو راسـتییەش دەردەخـات کـە کەمینـە گرووپێکـە لـە هاووڵاتیانـی دەوڵـەت، بۆیـە هەمـوو شـتەکانی دیکـە لـە بازنـەی ئـەم راسـتییەدان. چونکـە نابـێ مافەکانــی کەمینــەکان دژی ســەروەریی دەوڵــەت بــن، ئەمــەش پرســێکی ســەرەکییە. پەیکــەری یەکێتیــی راســتەقینە یــان یەکبوونــی نیشــتمانی بریتییــە

لـە هەمەجـۆری و جیـاوازی و دژبـەری، بـەڵام چارەکردنـی پرسـی کەمینـەکان لـە دیـدی یەکێتییـەوە زۆر جیـاوازە لەگـەڵ چارەکردنـی لـە دیـدی دابەشـکردن و پەرتەوازەکردنــەوە.

گوتـاری ریسـوای دڵنیاکـردن؛ لـە سـایەی قەیرانەکانـەوە گوتـاری دڵنیاکـەرەوە بـاون. هەمـووان داوا لەوانـی دیکـە دەکـەن دڵنیایانکەنـەوە یـان چاوەڕوانـی دڵنیاکردنەوەکانیانــن، یــان بــە ناردنــی دڵنیاکردنــەوەی ریســوا و قێــزەون دەستپێشــخەری دەکــەن. پێویســتە گوتارەکانــی دڵنیاکردنــەوە ریســواکان رەتبکرێنـەوە، کـە ئاراسـتەی هـەر تائیفـە یـان ئیتنیکێـک لـە سـووریا دەکرێـن. چونکـە لەبنەڕەتـدا گوزارشـت لـە بنەمایەکـی تایفـی یـان نەتەوەیـی دەکات. لەپـاڵ ئـەوەدا کـە خاوەنەکانـی ئـەو گوتارانـە وا دەرواننـە خۆیـان کـە وەک بلێیــی ئــەوان خاوەنــی وڵاتەکــەن و ئەوانــی دیکــە تەنیــا لــەوێ میوانــن. هەروەهـا هەندێکیـان رەتیدەکەنـەوە چاوەڕوانـی گوتـارە دڵنیاکـەرەوەکان بـن یـان لـە کەسـانی دیکـە داوای بکـەن، چونکـە بـەو واتایەیـە کـە ئـەوان وا دەڕواننـە خۆیـان وەک بلێیـی هاووڵاتیـی پەراوێزخـراون و ترسـاون و تۆقـاون.

پارچەپارچەبوونـی دەسـتەبژێران و چـارە وەهمییـەکان؛ دەسـەڵاتی سـووریا رێگــەی نــەدا دەســتەبژێری سیاســی و رۆشــنبیریی راســتەقینە دروســتبێت و دەرکەوێــت. بەکارهێنانــی دەســتەواژەی "دەســتەبژێر"یش تەنیــا لــە چوارچێــوەی ئاماژەکردنــە بــۆ ســەرکردەکانی ئێســتا لــە کاری سیاســی و رۆشـنبیریدا کـە کێشـەی زۆریـان هەیـە. چ لـە ئاسـتی دەرککـردن بـێ یـان کارکـردن، جگـە لـەوەی لـەڕووی رێکخسـتنەوە یـان لـە ئاسـتی هەڵوێسـتی سیاسـیدا پارچەپارچــە بوونــە.

دەسـتەبژێرانی کـورد لـە سـووریا لـە عـەرەب زیاتـر پارچـە پارچـەن. ئەمـەش دیاردەیەکــی سەرلێشــێوێنە و بریتییــە لــە بــەردەوام پارچــە پارچەبــوون و

فرەڕەهەندیی زیاد لە پێویست و بێ پاساو. بەڕادەیەک بۆ نموونە ڕێگەی لە بەدیهاتنی پێکهاتنی کورد لەسەر یەک دید بۆ پرسی کورد لە سووریا گرتووە. ئەوەی لە لایەنەکانی کورددا خراپە و بەدی دەکرێت ئەوەیە کە تەنیا لە گۆشەی پرسی کوردەوە تەماشای سووریا دەکەن، لەجیاتی ئەوەی بە چاوێکی سووری بۆ پرسی کورد بڕوانن. ئەمەش دیدێکە بۆ کۆمەڵگە، بە ڕێگەی یەکێک لە بەشەکانی یان چەند بەشێکی، لەجیاتی تێڕوانین بۆ ئەم بەشە یان ئەو بەشانە بە ڕێگەی کۆمەڵگە. بەش لەم دیدەدا هەموان دیاریدەکات، لەکاتێکدا هەموان هەموو بەشەکانی دیاریدەکەن. ئەمە تێبینیی گەورەی لەسەرە و هەستێک لای عەرەب دروستدەکات کە سووریا بۆ کورد تەنیا ئەو بەدەنگەوە هاتنەیە بۆ دیدی لایەنەکانی کورد سەبارەت بە پرسی کورد.

دوای گەشتێکی درێژ لە نکۆڵیکردنی عەرەب لە بوونی کورد، ناکۆکییەکانی عەرەب و کورد ئەمڕۆ لە ئاستی دەستەبژێراندا لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی کولتووری کورد و نکۆڵیکردن لە بوونی کورد و کاریگەرییان لە مێژووی سووریادا لەلایەن لایەنە عەرەبییەکانەوە بەگشتی نییە، بەڵکو یەکەم لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی جیابوونەوەیە، دووەمیش هەڵوێستە بەرامبەر دەسەڵاتی سووریا، بەڵام زۆرینەی لایەنەکانی کورد لەسەر دیدی زۆرینەی حیزبە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عەرەب بۆ پرسی کورد ڕازی نین.

لەڕووی لۆژیکییەوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە هەموو چارەسەرە پێشنیازکراوەکان بۆ پرسی کورد لە سووریا لە چوارچێوەی قەیرانەکەدا و پارچە پارچەبوونن، ئەمەش هۆکارێکی بەسە بۆئەوەی وا لێی بڕوانرێ کە کاتییە و بەلایەنی کەمەوە گشتی نییە، یان لەسایەی شکستی

گشــتیی ســووریاوە دەرکەوتــوون، بۆیــە ئاســاییە بگوتــرێ ئــەوەی لــە گشــت شکســتدەهێنێ، لــە بەشــێکیش هــەر شکســتدەهێنێت.

بەگشــتی ناوچەکــە بــە هەمــوو پێکهاتــە و تێکەڵبووەکانــی، چ بەرژەوەنــدی بــێ یــان هاوســەنگی و ململانــێ و دژبەریــی خۆجێیــی و هەرێمــی و نێودەوڵەتــی، هێشــتا دیلــی ئــەو رێکخســتنەیە کــە وڵاتانــی زلهێــز لە رابــردوودا ئەنجامیانــداوە. بۆیــە چارەســەری پرســی کــورد، وەک پرســێکی نەتەوەیــی گشــتی، بەتەنیــا گرێــدراوی ســووریا و عــەرەب و ســنوورێکی دیاریکــراو نییــە و چەنــد لایەنێکــی دیکــەی هەیــە. بۆیــە پێویســتە لــەم دیــدەوە بگەنــە چــارەی گونجــاو بــۆ بوونــی نەتەوەیــی کــورد لــە نێوخــۆی ســنوورەکانی وڵاتانــی ناوچەکــەدا کــە لەئاســتی نێودەوڵەتیــدا نــاسراون. چونکــە مافــی بڕیــاردان لــە چارەنــووس لــە هیــچ وڵاتێکــدا گرنگیــی پێویســتی پێنادرێــت. بۆیــە ناکــرێ لــەم ســاتە سیاســییەدا کێشــەی کــورد لــە ســووریا بەجارێــک چارەســەر بکــرێ، بەڵکــو رێرەوێکــی کەڵەکەبــووی بەدرێژایــی کات هەیــە. بەهــۆی ئەمــەوە ئاســاییە کــە "ســیمای کاتــی" ســیمای هــەر چارەیەکــی عاقڵانــە بــێ، کــە ئەمــڕۆ پێشــنیاز دەکــرێ.

مافــی بڕیــاردان لــە چارەنــووس؛ ناکــرێ لەســایەی ئــەو تەنگــژە سیاســییەی ســووریا تێیدایــە، مافــی بڕیــاردان لــە چارەنــووس لــەم ســاتەدا کارا بکــرێ. چونکــە بەدڵنیاییــەوە ئــەوە دەبێتــە هــۆی پەرتەوازەبــوون و پارچــە پارچەبوونــی ســووریا. نــەک تەنیــا دابەشــی دەکات، بەڵکــو ئەمــڕۆ کەســیش بــە هەموارکردنــەوەی ئــەو ســنوورانەی لــە ئاســتی هەرێمــی و نێودەوڵەتیــدا رێککەوتنیــان لەســەرکراوە قایــل نابێــت. بۆیــە دەبــێ راپرســییەکان لــە دۆخێکــی ســەقامگیر و زۆر نزیــک لــە ئاســاییدا بکرێــن. ئەمــەش بــەو واتایەیــە کــە دەبێ لــە هەمــوو ســاتێکی سیاســیدا لەنێــوان سیســتمی هەڵبــژاردن لــە روانگــەی

مافەکانــەوە لــە لایــەک و پێویســتییەکانی دۆخــی سیاســی، بــە بەرژەوەنــدی و دژیەکییــەکان و ململانــێ زۆرەکانییــەوە لــە لایەکــی دیکــەوە، دۆخێکــی هاوســەنگ بەدیبهێنــدرێ.

سیســتمی فیدراڵــی؛ ناونیشــانێکی گشــتگیر و گشــتییە و سیســتمێکی دیاریکــراو دیاریــی نــاکات. چونکــە شــێوازی سیســتمی فیدراڵیــی زۆر هەن. بۆیــە دەبێ بۆ دیاریکردنــی هەڵوێســت بەرامبــەری یــان جێبەجێکردنــی یەکێکیــان وردەکاری و ســنوور و ڕێگەچــارە و ئاینــدەی تاوتــوێ بکرێــن، بــەڵام هێشــتا پێــوەر هــەن بــۆ هــەر سیســتمێکی فیدراڵــی کــە بتوانــێ بژیــت و بەرامبــەر قایــل بــکات. بۆئــەوەی لــە بەرژەوەندیــی نیشــتمانیدا بێــت، دەبــێ یەکــەم ســوپا و ئاســایش ســەر بــە ناوەنــد بــن. بــەو واتایــەی یــەک ســوپا و یــەک دەزگای ئەمنــی هەبــن و لەژێــر چاودێریــی پەرلەمانــی ســووریادا ســەر بــە دەوڵەتــی ســووریا بــن. دووەم سیاســەتی دەرەوەی دەوڵەتــی ســووریا لــە ئاینــدەدا ناوەنــدی بێــت، بــەڵام بێگومــان ئــەو سیاســەتە پێویســتی بــە بنیاتنانەوەیــە لەســەر بنەمــای بەرژەوەندیــی نیشــتمانیی ســووریا. ســێیەم دووبــارە دابەشــکردنی ســامانی نیشــتمانی لەســەر بنەمــای دادپەروەریــی هەمــوو ســووریا بگرێتــەوە، بۆئــەوەی لــە پەرەپێدانــی ئــەو ناوچانــەی کــە بــە درێژایــی ســاڵانی رابــردوو دووچــاری ســتەم و بێبەشــبوون بــوون لــە ســووریا هاوکارییــان بکرێــت. ئــەم جــۆرە سیســتمە دەکــرێ بــە "لامەرکەزیــی ئیــداری" گوزارشــتی لێبکرێــت، لەســەر بنەمــای هەرێمــەکان یــان ناوچــەی جوگرافــی و دەســەڵاتی کارگێــڕی و ئابــووری و کۆمەڵایەتیــی فراوانــی بدرێتــێ.

لەگــەڵ ئەوەشــدا بــۆ خزمەتکردنــی بەرژەوەندییەکانــی چینــەکان و ناوچــە پەراوێزخــراوەکان بــە باشــترین شــێوە، دەبــێ دەســت بــە گفتوگۆیــەک بکــرێ ســەبارەت بــە شــێوازی دەســەڵاتی سیاســی، کــە دەکــرێ بەدیهێنانــی

دیموکراسـی و دادپەروەریـی کۆمەڵایەتـی بەدیبهێنێـت. بۆیـە دیـوی گرنـگ لـە لامەرکـەزی یـان فیدراڵـی بەنـدە بـە دووبـارە دابەشـکردنەوەی سـامانەکان، ئەویـش دوای ئـەوەی وەبەرهێنانـە بیانـی و نێوخۆییـەکان، بەدرێژایـی چەندیـن دەیـە لـە شـارەکانی دیمەشـق و حەلـەب چڕبوونـەوە، لەکاتێکـدا پارێزگاکانـی دیکـە و گونـدەوارەکان هیـچ پەرەپێـدان یـان دابینکردنـی خزمەتگوزارییـان بەخۆیانـەوە نەبینـی. وەك ئـەو ناوچانـەش کە دانیشـتووانیان کـوردن، وەک جزیـرە لـە باکـووری رۆژهـەڵات. ئەوانـە ئـەو ناوچانـە بـوون کـە زۆرتریـن رێـژەی نەخوێنـدەواری و هەژارییـان تێدابـوو. هەمـوو کۆمەڵـە ئیتنیکییەکانیـش لـە ناوچەکـە لـە عـەرەب و سریـان و ئاشـووری و کـورد بـە دەسـت پەراوێزخسـتنی ئابوورییـەوە دەیانناڵانـد.

**پێنجەم: دوا وشە**

ئەمـڕۆ دوو مەترسـی سـەرەکی لەبـەردەم سـوورییەکان هـەن: یەکەمیـان بریتییـە لـە مەترسـیی زیندووکردنـەوەی دەسـەڵاتی سـووریا، بـە هەمـوو خراپەکارییەکانییـەوە، دووەم بریتییـە لـە پارچەپارچەبـوون، کـە رەنگـە بەهۆی زیاتـر کرانـەوەی کۆمەڵگـە لەسـەر رێکارەکانـی ململانـێ و شـەڕ رووبـدات. ئەمـە دەبێتـە هـۆی پارچـە پارچەبـوون بەهـۆی رق و کینـە و خۆگونجاندنـی پێکهاتەکانییـەوە لەگـەڵ سیاسـەتە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـدا، بەڕادەیـەک کـە ئامانجـی دروسـتکردنی ناسـنامەیەکی نیشـتمانیی سـووری لەگەڵیـدا مەحـاڵ دەبێـت. بەڕاسـتیش ئەگـەر کەموکـوڕی لـە یەکبوونـی نیشـتمانیدا نەبووایـە، ئـەم مەترسـییانە سـەریانهەڵنەدەدا.

بەدیهێنانـی یەکبوونـی نیشـتمانیی لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی و عەلمانییـەت،

لەڕێگـەی پەیڕەوێکـی سیاسـی و ڕۆشـنبیری و ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەوە، کۆمەڵگـە لـە دابەشـبوون و پەرتەوازەبوونـەوە دەگوازێتـەوە بـۆ یەکێتـی لەسـەر بنەمـای هەمەجـۆری و دەوڵەتـی نیشـتمانی و دیموکراسـیی سـەردەم. ئەمـەش بۆئـەوەی سـووریای ئاینـدە بـە یەکسـانی و دادپـەروەری، بەبـێ جیـاوازی یـان جیـاکاری، بـۆ هەمـوو سـوورییەکان بێـت. چونکـە هـەر سیسـتمێکی سیاسـی کـە ڕەوایـی خـۆی لـە باڵادەسـتیی زۆرینـەی ئایینـی یـان تائیفـە یـان ئایدیۆلۆژیـای نەتەوەیـی وەربگـرێ، تەنیـا دەوڵـەت لەبارنابـات بەڵکـو کۆمەڵگـەش لەباردەبـات.

# ڕۆڵ و كاریگەریی ئیخوانولموسلمین لە سیاسەت و شەڕی نێوخۆیی سووریادا

د.ئازاد حاجی ئاقایی

هــاوكات لەگــەڵ دەســتپێكردنی نارەزایەتییەكانــی ســووریا لــە مارســی2011، ئیخوانولموســلمین وەک ڕێبــەری چالاكییــەكان بــۆ رووخاندنــی بەشــار ئەســەد نــاسرا. رەنگــە ســەرۆكی ســووریا خــۆی هەوڵــی ئــەوەی دابێــت رۆڵــی ئیخوانولموسلمین لـە رێكخسـتنی توندوتیژییەكانـدا لـەو وڵاتـەدا زەقبكاتـەوە، بـەڵام گومـان لـەوەدا نییـە كـە دەسـەڵاتی سـووریا لـەو سـەردەمەدا ویسـتی مێـژووی پـڕ لـە تووندوتیژیـی ئـەو بزاڤـە و سـاڵانی دوورودرێـژی بەرەنگاریـی ئیخـوان بەرامبـەر دەسـەڵاتی بەعـس وەبیـر جیهـان بهێنێتـەوە.

ئـەم وتـارە هەوڵـدەدات لەژێـر چەمكـی بزاڤـە ئیسـلامییەكاندا ئاماژەیـەک بكرێتـە سـەر پێگـە، رۆڵ و كاریگەرییەكانـی ئیخوانولموسـلمین لـە سـووریا. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتەش شـێوازی پێكهاتـن و كاریگەرییـە فیكرییەكانییـەكان،

کایـەی سیاســی و گۆڕانــی ڕوانگەکانــی ئـەم بزوتنەوەیـە دەخاتـە بەربـاس. ئـەم وتـارە لـە سـێ بـەش پێکدێـت، بیچمگرتنـی ئـەو ڕێکخـراوە لـە سـووریا تاوەکـوو شکسـت لە شـاری حەما. سـاڵانی خـۆ ڕێکخسـتنەوە و نزیکبوونەوەی ڕێژەیـی لـە دەسـەڵاتی بەعـس و شرۆڤـەی چالاکییەکانـی ئیخـوان لە سـەرەتای بەهـاری عەرەبـی لـە سـووریا و چۆنییەتی هەڵوێسـتگرتنی بەرامبـەر ڕێکخراوە رادیکاڵـەکان. لـە کۆتاییـدا ئـەم گوتـارە پێیوایـە ئیخوانـی سـووریا بەهـۆی ژینگـەی سیاسـیی ئـەو وڵاتـە و گۆڕانـی پێوندییەکانـی نێـو جیهانـی عـەرەب، گۆڕانــی زۆری بەســەردا هاتــووە و کاریگەریــی لەســەر پانتایــی سیاســیی سـووریا دابەزیـوە.

## کرانەوە

هەرچەنــد ڕووداوێکــی گرنگــی وەک 11ی ســێپتەمبەر لێکۆڵینــەوەی ئیسـلامیزم و بزاڤـە ئیسـلامییەکانی لـە نێوەنـدە ئەمنـی و ئەکادیمییەکانـی جیهانـدا سـەرلەنوێ بـەڕۆژ کـردەوە، بـەڵام تەنانـەت ئەگـەر ئـەم ڕووداوەش ڕووینەدابایـە، ئیسـلامیزم و بزاڤـە ئیسـلامییەکان وەک ئەکتەرێکـی کاریگـەر لەســەرپانتایی سیاســیی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت زۆر لەمێژبــوو خۆیــان چەسـپاندبوو. بـەڵام ئـەوەی لـەم نـاوەدا خـاوەن گرنگـی بـوو، پێناسـەکردنی ســەرلەنوێی هەوڵــی ئیســلامیزم و بزوتنــەوە ئیســلامییەکان بــۆ دەســەڵات و هێــزی سیاســی بــوو. هەربۆیــە لــە دوای ڕووداوەکانــی 11ی ســێپتەمبەر ئیســلامیزم وەک ویســتی ئایدۆلۆژیــا یــان بزوتنەوەیــەک پێناســەکرا کــە ئامانجـە سـەرەکییەکەی ڕێکخسـتنەوەی نەزمێکـی ئیسـلامی و وەدسـتهێنانی هێــز بــوو. ژیــل کێپێــل[1] پێیوایــە دروشــمی قورئــان یاســای ئێمەیــە،

تێگەیشـتنێکی سـەرەکی بـۆ ئـەو مژارەیـە کـە نـاوی نـاوە بزاڤـە ئیسـلامیەکان و[2] (Díaz 2018، 6) واتــە ئــەو بزاڤانــەی نــاوی ئیســلامیان بەســەردا بــڕاوە و خۆیـان وەک بزوتنـەوەی ئیسـلامی نـاو دەبـەن، لەسـەر ئـەم بڕوایـەن کـە ڕێگەچـارەی کێشـەکانی جیهانـی ئیسـلام دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی ئیسـلامییە کــە شــەریعەت بچەســپێنێ. ئەمــەش لــە ناخــی خۆیــدا گرێــدراوی ئــەو تێگەیشـتنە ڕەهـا و زاڵەیـە لـە ئیسـلامدا کـە ئـەم ئایینـە ئایینیکـی گشـتگیری گەردوونییــە و ئەرکــی موسوڵمانەکانیشــە پــەرەی پێبــدەن.

ئۆلیویـە ڕوا-ش پێیوایـە ئیسـلامیزم جگـە لـە بەکارهێنانـی ڕوون و ئاشـکرای ئیسـلام وەک ئایۆلۆژیایەکـی سیاسـی نییـە، کـە ئامانجـی دامەزرانـی دەوڵەتـی ئیســلامیە. بۆیــە زۆربــەی بزووتنــەوە ئیســلامییەکان، ســەرەڕای ئــەوەی کـە ڕەنگـە لەوکاتـەی بەشـێکن لـە ئۆپۆزیسـیۆنی سیاسـی، باسـێک لەسـەر ویسـتی هێـز و گرتنـەوەی دەسـەڵات نەکـەن، بـەڵام ئامانجـی سـەرەکییان گەیشـتنە دەسـەڵات و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی ئیسـلامییە. بـەڵام ڕەنگـە تەنیـا وەک سـتراتیژێک بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە دوو شـێواز کەڵـک وەربگـرن. یەکـەم؛ شـێوازی ڕێکخسـتنی سـتوونی و (دەوڵەتتـەوەر)ە کـە ئیلیتێکـی بەهێـز لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە کۆمەڵگـە ڕێکدەخـات. دووەم؛ شـێوازی ڕێکخسـتن، (کۆمەڵگەتـەوەر)ە و لەسـەر ناسـنامەی دامەزراوەیـی و کـۆڕ و کۆمەڵەکانـە، کـە لەخـوارەوەی هەرەمـی کۆمەڵگـەدان و هەوڵـی کار و خەبـات دەدات.

سـەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگە بەپێی شـوێن-کات ئەم سـتراتیژییانە ئاڵوگۆڕیشـیان بەسـەردا بێـت، بـەڵام دوو نمونـەی تالیبـان لـە ئەفغانسـتان و ئیخوانییەکانـی میـسر لـەدوای بەهـاری عەرەبـی و ڕۆڵ و پێگـەی ئیخوانییەکانـی سـووریا لـە بەردەوامبوونـی شـەڕی نێوخۆیـی ئـەو وڵاتـەدا، ئـەم پێشـگریمانەیە زۆرتـر

بسەلمێنی کە هەردوو ستراتیژ و هەردوو بزوتنەوە ئامانجیان وەرگرتنەوەی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە. واتە ئیسلامیزم لە هەردوو ستراتیژ و ڕەوتدا بە هیچ شێوازێک گەڕانەوەیەک بۆ رابردوو نییە، لەبەرئەوەی کە تەنیا تایبەتمەندییەک لە مێژووی رابردوودا، نەریتی یاسایی ئاوێتەکردنی سیاسەت و ئایینە، بەڵام ئیسلامیستە سیاسییەکان دەیانەوێ پەیوەندیی نەریتیی نێوان هەردوو پانتاییەکە بەراوەژوو بکەنەوە، تا ئەو جێگەیەی کە سیاسەت فەرمانبەری ئایین بێت نەک پێچەوانەکەی، کە بەدرێژایی مێژوو ئاوا بووە. (Díaz 2018، 7).

ئەم دووفاقییە لە شێوازی رێکخستنی ئیخوان لە سووریاش دەبینرێت، بەڵام بەپێی ژینگەی سیاسی و ئەزموونی رووبەڕووبوونەوەی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس، پێویستە گۆڕانەکانی ئەم بزاڤەش لەبەرچاو بگیرێن. بۆ ئەو مەبەستە ئەم گوتارە هەوڵدەدات بە گەڕانەوە بۆ سەر بنەماکانی سەرهەڵدانی ئیخوان لە سووریا، گۆڕان و هەستان و داکشانی ئەم ویستە لەماوەی شەڕی نێوخۆیی سووریادا تاوەکو ساڵی 2017 وێنا بکرێت.

## سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە سووریا

سەرەڕای ئەوەیکە هەندێک لێکۆڵینڤان لەسەر ئەم باوەڕەن ئیخوانی سووریا لە ساڵی 1936 دامەزراوە (Conduit 2019، 21)، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ساڵی 1945 وەک ساڵی لەدایکبوونی فەرمی ئیخوانییەکان لە سووریا دەستنیشانکراوە، سەرەڕای ئەم جیاوازییە بۆ دەستنیشانکردنی رێکەوتی لەدایکبوونی فەرمی ئەم بزاڤە، دەکرێ بنەما هزری وسیاسیەکانی

ئیخـوان بگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی 1920 و . فرەیـی و سـەرکەوتنی هەندێـک لـە جەمعییەکانـی ئـەو سـەردەمە وایکردبـوو بەسـتێنێکی لەبـار بـۆ1930 گەشـەی ئیسـلامی سیاسـی و بـە جەماوەریبوونـی دیسکۆرسـی سیاسـیی ئیخـوان لـە سـاڵانی 1940 بـەدواوە لـەو وڵاتـەدا پێکبێـت. بـەڵام گەڕانەوەیـەک بـۆ دواییـن سـاڵاکانی تەمەنـی ئیمپراتۆریـای عوسـمانی نیشـانی دەدات لەنێـوان سـاڵانی 1860 تاکـوو 1914 بزوتنـەوەی (سـەلەفییە) گەیشـتۆتە دیمەشـق و لەنێـو کـۆڕ و کۆبوونـەوە ئیسـلامییەکانی ئـەو وڵاتـەدا خـاوەن کاریگـەری بـووە وکاریگەریـی لەسـەر ئەجێنـدای ریفۆرمیسـتی و میانەڕەویـی ئیخوانییـەکان لەنێـوان سـاڵانی 1969-1946دانـاوە. (Lefevre 2013، 3).

ڕەنگـە سـووریا بەهـۆی ئـەوەی کـە دیمەشـق لـە سـەدەی سـێزدەیەمدا جێگـەی (ئیـبن تەیمییـە) بـووە باشـترین میراتی بـۆ فێرکـردن و پەروەردەکردنی بزووتنـەوەی (سـەلەفییە) بـۆ مابێتـەوە. ئـەم میراتـە لـە نێوەڕاسـتی سـەدەی 19 وایکـرد لـە یەکـەم هەنـگاودا تەریقەتەکانـی سـۆفی نەقشـبەندی-خالیـدی بەلارێداچوونـی ئۆممەتیـان لەڕێگـەی شـەریعەتەوە زەقکردبێتـەوە و خوازیـاری گەڕانـەوە بـۆ ئیسـلامی راسـتەقینە بووبـن، دووەم هەنـگاو لەژێـر نـاوی (اكبرية)، وەک بەرسـڤدانەوەیەک بەرامبـەر رۆژئـاوا و عەقلانییەتخـوازی ئەوانـەوە سـەریهەڵدا و سـێیەم رەوتـی گرینگـی پێـش دامەزرانـی ئیخـوان، لـە سـاڵانی 1880 وەک رکابـەری سـۆفیەکان، لەژێـر بیروبـڕوای (سـلفية) دامەزرایـەوە. وایزمـەن پێیوایـە ریفۆرمیسـتە سـۆفییەکان رۆڵێکـی بنەڕەتییـان لـە جومگەبەندیکـردن و بڵاوبوونـەوەی بیـر و رامانـی سـەلەفییەکان هەبـوو. (Conduit 2019، 23) لـە کۆتاییەکانـی تەمەنـی ئیمپراتۆریـای عوسـمانی جەمعییـەکان لـە تـەواوی عوسـمانیدا بڵاببوونـەوە و لـە بەشـی سـووریای ئـەو ئیمپراتۆریەشـدا، جەمعییـەی جامعـات القـری (1924)، جامعـات الهدايـة

الاسـلامیة (1936) یـان جامعـات العلـما (1938) پێشـکەوتنیان بەخۆیانـەوە بینیبـوو. (Lefevre 2013، 13) ئـەم گرووپانـە لـە سـاڵانی نێـوان شـەڕی دووەمـی جیهانـی، تـەواوی وزەی خۆیـان لـە دژایەتیکردنـی مافەکانـی ژنـان خسـتەگەڕ و لـەم ڕێگەیـەوە ژیانـی خۆیـان لـە پانتایـی گشـتی[3] سـووریادا بـەردەوام کـرد.

## وەدیارکەوتنی ئیخوانولموسلمین لە سووریا

بزوتنـەوەی ئیخوانـی سـووری لـە دوایـین سـاڵانی ماندەیتـی فەڕەنسا بەهـۆی تێکەڵبوونـەوەی هەندێـک لـە گرووپـە ئیسـلامییە بچووکەکانـەوە لەنێـو بزووتنەوەیەکـی یەکگرتـوودا لەژێـر نـاوی ئیخوانولموسـلمین و وەک لقێکـی ئیخوانـی میـسری، بـە سـەرۆکایەتیی شـێخ موسـتەفا سـباعی، لـەو وڵاتـەدا دامـەزرا. دیپلۆماتێکـی بەریتانـی لـە هاوینـی 1946دا ئامـاژە دەکاتـە سـەر ئـەوەی کـە: چەنـد ڕێکخـراوی لاوی ئیسـلامی لـە سـاڵی 1936 بـەدواوە کراونەتـەوە، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی کـە فەرەنسا تووشـی نیگەرانـی نەبێـت، لـە بەشـە جیاوازەکانـی وڵاتـدا نـاوی جیاوازیـان لەخۆیـان نـاوە، ئێسـتا بەهـۆی ئـەوەی کـە کۆنترۆڵـی فەرەنسـا نەمـاوە، چیدیکـە بەشـاراوەیی نەماونەتـەوە و بڕیـاردراوە تـەواوی ئـەو ڕێکخراوانـە لـە ڕێکخراوێکـدا لەژێـر نـاوی ئیخوانولموسـلمین یەکبگـرن. (Lefevre 2013، 24)

هەرچەنـدە حەسـەن بەننـا لـە میـسر خوازیـاری دامەزراندنـی دەسـەڵاتێکی ئیسـلامی لـەو وڵاتـە بـوو، بـەڵام ئیخوانـی سـووری بەسـەرۆکایەتیی موسـتەفا سـباعی (المراقـب العـام) تێروانینێکـی نـەرم ونیانـتری هەبـوو و لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوو کـە زۆرتـر پێگەیـەک لەنێـو دەسـەڵاتدا بـۆ ئیخـوان دروسـتبکات.

بـەڵام ئەمـە بـەو واتایـە نەبـوو کـە وەک ئیخوانـی میـسر پرۆگرامـی هەوڵـدان بـۆ ژیاندنـەوەی ئیسـلامی لـە دواکەوتوویـی بەهـۆی ریفۆرمـی کۆمەڵایەتـی و رزگاریـی گەلـی عـەرەب لـە باڵادەسـتیی دەرەکیـی نەبێـت. بـەڵام سـەرەڕای پەیوەندیـی نزیکـی ئـەو دوو کەسـایەتییە، بەهـۆی پێگـەی جیۆپۆلێتیکیـی سـووریا و ژینگـەی سیاسـیی جیـاوازی سـووریا لەگـەڵ میـسر و شـوێنپێی جەمعییەکانـەوە، ئیخوانـی سـووریا رەنگێکـی جیاوازتـر لـە ئیخوانـی میـسری بەخـۆوە گـرت. بۆیـە بەپێچەوانـەی رێکخـراوی دەستەخوشـکی خـۆی لـە میـسر، ئیخوانـی سـووریا لەکاتـی سـەربەخۆیی لەسـاڵی 1946دا هاتـە نێـو سیاسـەتەکانی دیموکراسـیی پەرلەمانـی. (Rubin 2010، 73)

ئیخوانـی سـووریا وەک بزوتنەوەیـەک لەسـەر بنەمـای چینـی نێوەڕاسـتی شـارەکانەوە دامەزرابـوو و زۆرتـر لـە شـارەکانی دیمەشـق، حەلـەب، حومـس و حەمـا لایەنگـری هەبـوو. هـەر لـەم ماوەیەشـدا سیاسـەتێکی پراگماتیسـتی و نەرمـی بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە سیاسـییەکانی خـۆی گرتەبـەر. بـەڵام هـاوکات ئـەم بزاڤـە لەنـاو چینـی نێوەڕاسـتی خوێنـدەوار، کەمینـەکان، هێـزە چەکـدارەکان و دانیشـتووانی دێهـات و ناوچـە پەراوێزخراوەکانـی سـووریادا لایەنگرییەکـی ئەوتـۆی نەبـوو. بۆنموونـە لـە هەڵبژاردنەکانـی سـالی 1947 ئیخـوان لـە 130 کورسـی پەڕلەمـان تەنیـا 4 کورسـی و لـە هەڵبژاردنەکانـی 1961، واتـە یەکـەم هەڵبـژاردن دوای جیابوونـەوەی سـووریا لـە کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی، 10 کورسـیی دەسـەڵاتی لـە پەرلەمـان گرتـە دەسـت. (Blanga 2017)

پێشـینەی یەکـەم دژبـەری ئـەم بزاڤـە لەگـەڵ دەوڵەتـی سـووریا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کاتـەی لـە کودەتایەکـی سـەربازیدا لە 8ی مارسـی سـاڵی 1963 بەعس دەسـەڵاتی گرتەدەسـت. (Blanga 2017) رەنگـە بەشـێک لـە هۆکارەکانـی ئەم

قەڵشـتە بگەڕێتـەوە سـەر جیـاوازی ئایدۆلۆژیـای ئیخـوان و بەعـس. لەکاتێکـدا ئایدۆلۆژیـای ئیخوانـی سـووری لەسـەر بنەمـای پرەنسـیپەکانی ئیسـلام دامەزرابـوو، ئایدۆلۆژیـای بەعـس لەسـەر بنەمایێکـی سـێکیۆلار-نەتەوەخواز بەمەبەسـتی پێکهێنانـی شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتـی و سـەرەوژێرکردنی هەرەمـی کۆمەڵایەتـی بـوو. ئەمـە مەترسـییێکی بـۆ ئایدۆلۆژیـا و پراکتیسـی ئیخـوان پێکدەهێنـا. (Rubin 2010، 73) هەربۆیـە دوای ماوەیـەک بـژاردەی سـوننە و تەنانـەت بەشـێک لـە چینـی نێوەڕاسـتی شارنشـینی سـووریا لـە دژی ئـەم سیاسـەتە نوێیانـەی بەعـس هەڵوێسـتیان گـرت. بەشـێکیتری ئـەم هەڵوێسـت گرتنـەی ئیخـوان و سـوننەکان بەگشـتی دەگەڕایـەوە سـەر ئەوەیکە دەسـەڵاتی بەعـس، شـێوازێکی دیکتاتـۆری بـە خۆیـەوە گرتبـوو و زۆرتـر لەلایـەن کەمینەیەکـەوە لایەنگـری لێدەکـرا کـە موسـوڵمانەکان وەک کافـر دەیانزانیـن. هەربۆیـە دژایەتـی لەگـەڵ ئـەم رژیمـە نوێیـە پـەرەی سـەند. (Blanga 2017) ئـەم تێگەیشـتنە بـوو بەهەوێنـی تەقینەوەکانـی ئەپریلـی سـاڵی 1964 لە حەما و 1965 لـە دیمەشـق. دوابـەدوای ئـەوەی کـە لـە سـاڵی 1970 حافـز ئەسـەد گەیشـتە دەسـەڵات، هەوڵیـدا تـا رادەییـک گرژییەکانـی نێـوان دەسـەڵات و لایەنـە ئایینیـە سـوننەکان کەمبکاتـەوە. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـیمای کەسێکی باوەڕمەنـد بـە ئایینـی لەخـۆی نیشـاندا و لـە سـاڵی 1972 لەلایـەن موسـا سـەدر رێبـەری شـیعەکانی لوبنـان فەتـوای ئەوەشـی وەرگـرت کـە عەلەوییـەکان موسـوڵمانی شـیعەن (Blanga 2017)بـەڵام سـەرەڕای هەوڵـە زۆرەکانـی حافـز ئەسـەد بـۆ نزیککردنـەوەی سـوننەکان و راکێشـانی سـوونەکان بـۆ نێـو پەرلەمـان و کابینـەی وەزیـران، جیاوازییـە ئایدۆلۆژییـەکان هـۆکاری گرژییـە شـاراوەکانی نێـوان ئـەم دووە بـوون.

## سەرەتای دەستپێکردنی توندوتیژی

لـە سـاڵی 1975 عەدنـان سـەعدەدین، وەک رێبـەری بـاڵای ئیخـوان دادەمەزرێـت و لەمـاوەی رێبەریـی ئـەودا ئـەو بزووتنەوەیـە بـە رێکخراوەیـی دەکرێـت و بـەرەو رێکخراوێکـی هیەرارشـیکاڵ هەنـگاو دەنێـت، کـە خاوەنـی میکانیزمێکـی فەرمـی بـۆ دابەشـکردنی چالاکـی و ئەرکەکانـی لەنێـو بەشـە جیاوازەکانـە. بـەڵام هـەر لـەو سـەردەمەدا وەرچەرخانێکـی سـەرەکی لەنێـو ئـەو بزاڤـەدا روودەدات، وەرچەرخـان بـەرەو ئایدیـای خەباتـی چەکدارانـە و هـەر ئەمـەش دەبێتـە هـۆکاری دامەزراندنـی باڵـی جیهادیـی ئـەو بزاڤـە بەمەبەسـتی پێکهێنانـی دەوڵەتێـک لەسـەر بنەمـای شـەریعەت. هەرچەنـدە رەنگـە پێشـینەی باڵـی سـەربازیی ئیخـوان لـە سـووریا بگەڕێتـەوە بۆسـاڵی 1964، کـە یەکێـک لـە ئەندامانـی ئیخـوان بـە نـاوی مـەروان حەدیـد لقێکـی تونـدڕەوی پێکهێنابـوو. بـەڵام گرنگـی وەرچەرخانـی سـەردەمی عەدنـان سـەعدەدین لەوەدابـوو کـە بـە فەرمـی ئـەم باڵـە سـەربازییە دادەمەزرێـت و لەپێنـاو دامەزرانـی شـەریعەتدا رەوایـی وەردەگرێـت.

سـاڵانی 1979-1976 هەندێـک پێکـدادان روودەدەن و چەنـد کەسـایەتییەکی پلەبـەرزی دەوڵـەت و حیزبـی بەعـس و عەلـەوی هێرشـیان دەکرێتەسـەر. یەکـەم هێرشـی سـەربازی لـە مانگـی شەشـی سـاڵی 1979 کرایـە سـەر ئەکادیمییێکـی سـەربازی لـە حەلـەب و بـووە هـۆکاری کوژرانـی 83 خوێنـدکار و برینداربوونـی هەژمارێکـی زۆر. (Blanga 2017) کێشـە و ململانێـکان کاتێک روویـان لـە زیادبـوون نایـەوە کـە لەکۆتایـی سـاڵی 1980دا هەسـتانەوەی جەمـاوەری روویـدا و بزووتنـەوەی ئیخوانـی کەوتـە نێـو شـەڕێکی تـەواو لەگـەڵ رژێمـی سـووریا. دوابـەدوای ئەمـە بـوو ئیخـوان لـە سـووریا لایەنگـری

زۆری لەنێو شارە گەورەکان لە باکووری سووریا بەدەستهێنا. لە بەشێکی ساڵی 1980دا ئیخوان باڵادەست بوو و واپێدەچوو دەسەڵاتی بەعس کەوتبێتە دوایین ساتەکانی خۆی وهەر لەو ماوەیەدا لە 26ی مانگی حەوتدا هەوڵێک بۆ کوشتنی حافز ئەسەد درا، بەڵام وەڵامی حکومەت بەرامبەر راپەڕیوە ئیسلامیەکان بێسنوور بوو.

هەر لە مانگی دەی ساڵی 1980 ئیخوان دامەزراندنی بەرەیەکی گەورەی لەژێرناوی بەرەی ئیسلامی لە سووریا راگەیاند و ئەمەش بەمانای ئەوە بوو کە تەواوی گرووپە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە لەژێر رێکخراوێکی چەتردا لەدژی سیکولار و کافرەکانی ئەسەد بەرگری لە ئیسلام دەکەن. ئەمە سەرەتای راگەیاندنی شەڕی پیرۆز بوو. لە مانگی یازدەی ساڵی 1980 سەعید حوا، عەلی سەدرەدین بیانونی و عەدنان سەعدەدین، وەک رێبەرانی پلەبەرزی ئیخوان و سەرکردەی ڕۆحی ئەم بزوتنەوەیە دەقێکیان لە ژێر ناونیشانی شۆڕشی ئیسلامی لە سووریا نوسی و بەیاننامەیەکیان واژۆ کرد. (Blanga 2017)

ئەو بەیاننامەیە زۆرتر دەرکەوتەی دانیشتنێکی ماوەیەک لەوەوبەری ئەو بزاڤە بوو؛ لە نێوەڕاستی ساڵی 1979، وەرچەرخانی ئایدۆلۆژی لەنێو ئیخوانی سووریادا لەمیانەی دانیشتنێکی مەجلیسی شوورادا لە عەممان روودەدات و رێبەری ئیخوان بەکارهێنانی توندوتیژی وەک ئامرازێکی شەرعی بۆ شەڕ لە دژی رژێم پەسند دەکات. (Lefevre 2013، 110) هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری پێکهێنانی باڵی سەربازیی ئیخوان لە ئەنجامی دانیشتنیک لە مانگی دەی 1979 و عەدنان شێخ هونی وەک یەکەم فەرماندەی باڵی سەربازی ئەرکدار دەکرێت و دوای کوژرانی لەلایەن رژێمەوە، عەلی سەدرەدین بیانونی جێگەی ئەو دەگرێتەوە. لەکۆتایی

ساڵی 1980، شاری حەما دەبێتە سەنگەری ڕاپەڕیوەکانی ئیخوانی بەرامبەر دەسەڵاتی ئەسەد و ئەو شارە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئیخوانییەکان و لە مانگی دووی 1982
هێرشەکان بۆ سەر ئەو شارە دەستپێدەکەن. بەراوردەکان نیشانی دەدەن لەنێوان 20 تا 30 هەزار کەس لە هێرشەکاندا دەکوژرێن و زۆر کەسیش بریندار دەبن. ئەم سەرکوتکارییە دەبێتە خاڵی کۆتاییپێهاتنی کاتیی ئیخوان لە سووریا و وەرچەرخانێکی دیکەی سیاسی-فیکریی ئە بزاڤەش.

## قۆناخی نوێی خەباتی ئیخوان

دوای ئەو سەرکوتە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئیخوان بەبێئەوەی هیچ پێگەیەکی لە نێوخۆی وڵاتدا هەبێ، لەدەرەوە مایەوە و بەتایبەت لە عەممان و دواتر لە ئەورووپا و لەندەن درێژەیان بە چالاکی دا، بەڵام کۆچبەریی دوورودرێژی ئیخوان و پەرتەوازەیی ئەو بزوتنەوەیە بەمانای ئەوە نەبوو کە تەواوی فۆرمەکانی ئیسلامی سیاسی لە جموجۆڵ کەوتوون. لەلایەکی دیکەشەوە ئیسلامی سیاسی نیشانیدابوو کە دەسەڵاتدارانی سووریا نیگەرانییەکی زۆریان لە ئیسلامییەکان هەیە و هەرئەوەش وایکردبوو دوای ئەو سەرکوتە، بەعسییەکان سەبارەت بەمە هۆشیارییان هەبێت و هەندێک مامۆستای ئایینی-ئیسلامی بێننە نێو دامەزراوەکانی فەرمیی حکومەت. هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا لەنێو پانتایی سیاسیی سووریا، مشتومڕ لەنێو ئیخوانییەکانیشدا بەردەوام بوو.
پێکهاتنی هەڤاڵبەندیی نەتەوەیی قەڵشێکی گەورەی لەنێو ڕێبەرایەتیی ئەو بزاڤەدا لە دەرەوەی سووریا لێکەوتەوە. لایەنگرانی عەدنان سەعدەدین

چوونــە عێــراق و هەندێکیشــیان لەگــەڵ عەبدولفەتــاح ئەبــو غــودە چوونــە عەرەبســتان و بەشــێکی دیکــەش لەگــەڵ عیســام عەتــار لــە ئەڵمانیــا چالاکییــان دەســت پێکــردەوە. ئــەم دابڕانــە، نەرمبوونــەوەی ڕوانگەکانــی ئیخوانــی لانیکــەم بــۆ ماوەیەکــی کاتــی لێکەوتــەوە. هەڵبــەت پێشــتریش لــە نــاو ئــەو بزاڤــەدا دابــڕان و لیکــترازان ڕوویدابــوو. بــە هــۆکاری فیکــری یان ئــەوەی کــە هەندێکجار بزاڤێکــی شــاراوە، ئــەم بزوتنــەوە ئیســلامییە لــە ســووریا لەژێــر کاریگەری عیســام عەتــار، عەبدولفەتــاح ئەبــی غــەدە و لەنێــوان شــێرەکانی ئیدلــب، دێــرەزوور و حەمــا دابــەش ببــوو و ســێ جاریــش لــە ســاڵانی 1954، 1970 ، 1986 تووشــی لێکــترازان بــووە. (Mellor 2018، 48)

دوای ئــەو بەیاننامەیــە، لــە مانگــی دووی ســاڵی 1990 لــە پاریــس، ئیخــوان و گرووپەکانــی دیکــە بــەرەی نەتەوەیــی پاراســتنی ســووریایان دامەزرانــد و وەک هەڤاڵبەندیی نەتەوەیی (ئەوەی پێشــوتر)، ئامانجیــان بەهێزکردنەوەی پەیوەندی لەگــەڵ گرووپــە ســیکولار-نەتەوەییەکان بەمەبەســتی بەهێزکردنــەوەی بلۆکــی دژە ئەســەد بــوو. دوای مەرگــی حافــز ئەســەد لــە مانگــی شەشــی ســاڵی 2000 و بەهــاری کــەم تەمەنــی دیمەشــق، ئیخوان هەوڵــی ئاشــتبوونەوەی لەگەڵ بەشــار ئەســەد دا و لەمانگــی پێنجــی 2001 و 2004 بــە مەبەســتی کرانــەوەی دیالۆگــی نێــوان ئیخــوان و گرووپەکانــی دیکــەی ئۆپۆزیســیۆن لــە نــاوەوە ودەرەوەی وڵات بەمەبەســتی پێکهێنانــی دەوڵەتێکی مۆدێــرن بەیاننامەیەکیان بڵاوکــردەوە. بەپێی ئــەوە ڕژێمــی نــوێ پێویســتە پلــۆراڵ بێــت و لەڕێگــەی هەڵبژاردنــی ئــازادەوە ڕێگــەی دەستاوەدەســتکردنی دەســەڵات بــدات. لــە یەکــەم بڵاوکراوەیــدا ئیخــوان ســەبارەت بــە ڕۆڵــی ئاییــن لەنــاو سیاســەتدا بێدەنگیــی کردبــوو و لــە دووەم بەیاننامــەدا لەســەر پێکهێنانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی پێداگیریــی کردبــوو و تەنانــەت ئامــاژەی کردبــوو کــە پێویســتە گرووپەکانــی ئۆپۆزیســیۆنیش بتوانــن

ڕۆڵـی گرنگیـان لـە بەرگریکـردن لـە دیموکراسـیدا هەبێـت. (Blanga 2017) هەروەهـا داکۆکـی لەسـەر گرێدراوبوونـی سـووریا بـە جیهانـی عەرەبیشـەوە کرابـوو. خاڵـی جێگـەی سـەرەنج ئـەوە بـوو کـە ئیخـوان لەسـەرجێبەجێکردنی شـەریعەت هەڵوەسـتەی نەکردبـوو. (Rubin 2010، 81) لـە بەیاننامـەی سـاڵی 2004 ئیسـلام وەک خاڵـی سـەرەکی لـە ژیانـی تـاک، گشـتی و دەوڵەتـدا داکۆکـی لەسـەر کـرا و ئـەو ئایینـە وەک باشـترین ئامـراز بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر کێشـەکانی سـووریادا نرخێنـدرا. پابەنـدی بـە دیموکراسـی و دووربـوون لـە توندوتیـژی خاڵێکـی دیکـەی گرنـگ لـەو دوو بەیاننامەیـەدا بـوون (Conduit 2019، 38). ئـەم ویسـتە لیبراڵییانـە تاڕادەیـەک ئەسـەدیان ترسـاند لـەوەی کـە نـەکا کۆنترۆڵـی بەسـەر ئیسـلامیەکاندا نەمێنێـت.

لـە سـاڵی 2006 بـەدواوە ئیخوانـی سـووریا توانـی پێگەیەکـی سیاسـیی بەهێـز لـە سیاسـەتەکانی سـووریادا بەدەسـتبهێنت و سـەرەڕای ئـەوەی کـە هـەروەک بزوتنەوەیەکـی تۆڕئاسـا مابـۆوە، هەندێکجـار وەک پارتێکـی سیاسـیی لیـبراڵ هەڵسـوکەوتی دەکـرد. لـە سـەردەمی ریفۆرمەکانـدا لـە سـووریا ئـەم هەڵسـوکەوتەی ئیخـوان و تەنانـەت هاوکاریـی لەگـەڵ عەبدولحەلیـم خـەددام، لەسـەر بنەمـای پرەنسـیپەکانی دیموکراسـی، ژینگەیەکـی سیاسـیی هاوبـەش لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆن دامەزرابـوو. بـەڵام ئـەم هەڵسـوکەوتە لیبرالییـە لەلایـەن دەسـەڵاتی بەعسـەوە مایـەی نیگەرانـی بـوو. لـە ژینگـەی سیاسـیی سـەردەمی ریفۆرمەکانـدا لـە سـووریا، وا بـەراورد دەکـرا کـە بەهـۆی ئەزموونـی عێـراق و تـرس لـە پارچەبـوون، سـوورییەکان هـەر بـەو ریفۆرمانـەی ئەسـەد قەناعـەت بکـەن و هەمیـش ئیخوانییەکانیـش لەسـەر ئـەم بڕوایـە بـوون بێئـەوەی کـە گۆڕانـی رادیـکاڵ لـەو وڵاتـەدا رووبـدات، هیـچ چانسـێکیان بـۆ چالاکـی لـە نێوخـۆی سـووریادا نابـێ.

## جومگەبەندیی ئایدۆلۆژیای ئیخوان

بزووتنـەوی ئیخـوان وەک بزووتنەوەیەکـی کۆنسـێرڤاتیڤ لـە زۆربـەی وڵاتانـی ئیسـلامی-عەرەبیدا بـەردەوام لەنێـوان سـنوورەکانی چالاکیـی ئاشـکرا و نهێنیـدا بـووە و ئەمـە وایکـردوە بەشـێک لـە سیمای ئـەو بزوتنەوەیـە شاراوە بمێنێتـەوە. هـەر ئـەم شـاراوەبوونەی سـیمای ئیخـوان وایکـردوە لەنێـوان ویسـتی دەوڵەتـی مەدەنـی و دەوڵەتـی ئیسلامیشـدا بەپێـی ژینگـەی سیاسـی لـە هاتووچـۆدا بێـت. پێویسـتیی گەڕانـەوە بـۆ سـەر دوو سـەرچاوەی قورئـان و سـوننە، (تهذیـب) و پاکڕاگرتنـی دەروون وەک کارتێکەریـی تەریقەتـە سـۆفییەکان لەسـەرئایدۆلۆژیای ئیخوانـی بەگشـتی دەبینرێـت. حەسـەن بەننـا لـە (رسـالة المؤتمـر الخامـس)دا تایبەتمەندییـە فیکرییەکانیـی ئیخـوان وەک دەعوەیەکـی سـەلەفی و گەڕانـەوە بـۆ سـاڵحان و بـۆ سـوننەت دەناسـێنێت و پێیوایـە ئیخـوان رەوتێکـی سیاسـی-فیکری و کۆمپانیایەکـی ئابـووری و دامەزراوەیەکـی کۆمەڵایەتییـە[4]. بـەڵام حەسـەن بەننـا لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـوو کـە تەنانـەت لـە پرۆسـەی زیندووکردنـەوەی ئیسـلام و راپەڕاندنـی ئەرکـە ئیسـلامییەکاندا ئەگـەر هۆشـیاربوونەوەیەکی راسـتەقینە لـە مەشـاعیر- ەوە روونـەدات، سـەرکەوتنێک بەدینایـەت. (Menshawy 2020، 29)

سـەرەرای ئـەوەی کـە لەسـەردەمی دامەزرانـی ئیخوانـدا لـە سـووریا، رێکخراوێکـی ئایدۆلۆژیـی قـووڵ نەبـوو، بـەڵام میراتگـری بزاڤـی سـۆفیگەری و سـەلەفی و جەمعیـە بـوون و لـە کـردەوەدا لایەنگـری پراگماتیـزم و نـەرم و نیانـی بـوون. لەسـاڵانی دواتریشـدا رێبەرانـی ئـەو بزاڤـە هەوڵێکـی بەرچاویـان لەپێنـاو گەڕانـەوە بـۆ رێگـەی پێشـووی خۆیـان دا. لـە سـووریا ئایدۆلۆژیـای ئیخوانـی لەژێـر کارتێکەرییەکانـی موسـتەفا سـباعی تاڕادەیـەک

لـە سۆسـیالیزمی ئیسـلامی نزیـک بـووەوە. ئەمـەش دەگەڕایـەوە سـەر ئـەوەی کـە ئیخـوان لەسـەر ئـەو بڕوایـە بـووە کـە ئیسـلام لەبنەڕەتـەوە خاوەنـی گشـت لایەنەکانـی ژیانـەوەی کۆمەڵگـە بـووە، هەربۆیـە پێویسـتە لەسـەر هێـزی وەخۆگریـی پرەنسـیپە سـەرەکییەکانی ئیسـلام پێداگـری بکرێـت.
حەسـەن بەننـا پێیوابـوو پێغەمبـەر حکومەتـی وەک یەکێـک لـە بناخەکانـی ئیسـلام و خاڵـی بنەڕەتـی لەبەرچـاو گرتـووە. بۆیـە ئیخوانـی سـووریاش پێیوابـوو ئەرکـی گەڕاندنـەوەی دەسـەڵاتی ئیسـلامیی لەڕێگـەی جێبەجێکردنی شـەریعەتی لەئەسـتۆیە. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـوو کـە باڵیـۆزی بەریتانیـا لـە دیمەشـق لەنێـوان سـاڵانی 1950-1940 ئـەو گرووپـە وەک گرووپێکـی بناژۆخواز[5]دەناسـێنێ و رایدەگەیێنێـت موسـتەفا سـباعی وتاربێژیکـی تـووڕەی هەراوهوریاکـەرە و جەمـاوەر دەوروژێنـێ. (Conduit 2019، 30)
لـە وتارەکانیـدا سـباعی پێیوایـە ئەگـەر نیزامێکـی دادپەروەرانـە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا جێبەجـێ بکرێـت، هەمـووان، موسـوڵمان و کریسـتیان، دەتوانـن کەڵکـی لێوەرگـرن. سـباعی سـەبارەت بـە ئایدۆلۆژیـای کۆمۆنیـزم و دیموکراسـی رۆژئـاواش پێیوابـوو هـزر و رامانـی رۆژئـاوا کەشـێکی پـڕ لـە واقوڕمانـی بـۆ موسـوڵمانان سـەبارەت بـە میراتـی بـڕوا و کولتـوور و توانایـی و بـواری هاوئاهەنگبوونـی خۆیـان لەگـەڵ گۆڕانـە نوێیـەکان بەدیهێنـاوە. ئەمـە وایکـردووە کـە هەندێـک وا بیربکەنـەوە کـە هـۆکاری دواکەوتوویـی وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی و بەتایبـەت وڵاتـە موسـوڵمانەکان پابەندبوونیـان بـە ئایینـە. هەربۆیـە ئامانجـی کۆتایـی ئیخوانییەکانـی سـووریاش وەک گشـت بزاڤـە ئیسـلامیەکانی دیکـە لەسـەرەتاوە دامەزراندنـی دەسـەڵاتێکی ئیسـلامی بـوو تاوەکـو لـە ژینگەیێکـی تـەواو ئیسـلامیدا کولتـووری ئیسـلامی بەتـەواوی مانـاوە دەسـەڵات بگرێتەدەسـت. بـەڵام ئەزموونـی ژیانـی سیاسـیی ئیخـوان لە

سووریا وایکردووە کە ئەم ویستە بەردەوام لە هاتوچۆدا بێ و نەرمونیانتر لە هاوتاکانی خۆی بجووڵێتەوە. جگە لەم تایبەتمەندییە، ئیخوانی سووریا وەک جیاوازییەک لەگەڵ هاوتاکانی دیکەی لە وڵاتانی دیکە، ڕوانگەیەکی دژ بە ئیسرائیلیش نییە. زوهێر سەلام، ئایدۆلۆگی هاوچەرخی ئیخوان، ئەم جیاوازییە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە تاقە ڕێگە بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕژێم بەهۆی ئامڕازی ئاشتییانە و لەسەر بنەمای مۆدێلی ڕێبەرانی مێژوویی ڕێکخراو، موستەفا سباعی و عیسام عەتار بەدی دێت. (Conduit 2019، 40)

## ڕۆڵی ئیخوانی سووریا لە شەڕی نێوخۆ

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئیخوان لە سووریا و هەموو وڵاتانی دیکە دووربوونی ڕێکخستنەکانی ئەو بزاڤەیە لە مۆدێلی حیزب و پارتەکان. ئیخوان لە پلەی یەکەمدا تۆڕێکە لە خەڵک. ئەمەش بەو واتایە دێت کە لە کردەوەدا، ئیخوان لەکاتی ڕوودانی بەهاری عەرەبیدا خاوەنی سەدان ڕێباز سەبارەت بە چۆنییەتی بەشداریکردن لە ناڕەزایەتییەکان بووە. لەکاتی دەستپێکردنی شۆڕشی سووریا لە ساڵی 2011، بزوتنەوەی ئیخوان لە باشترین دۆخی ڕێکخراوەیی خۆیدا بوو. ئەوان دوای 30 ساڵ لە هەموو کۆڕوکۆبوونەوەکاندا بەدیدەکران. (Conduit 2019، 160) و ڕووداوەکانیش وایانکرد بێنە ناو چەقی کایەی سیاسی لە سووریا. سەرەڕای ڕەخنەی ئەسەد لە ئیخوانییەکان سەبارەت بە هاندانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان، ئیخوان ڕایگەیاند تەنیا خوازیاری هاوئاهەنگکردنی پێگەی ئۆپۆزیسیۆنن. ئێمە پاڵپشتی دەکەین، پێکهێنەر

نیــن، دەنگــی شــەقام تەنیــا گوزارشــت لــە خــۆی دەکات. ( Nour Malas)

دەکــرێ هــۆکاری جۆراوجــۆر بــۆ ئــەم هەلوێســتگرتنەی ئیخــوان لــە ســاڵی 2011 لەبەرچــاو بگیرێــت؛ ئیخــوان دەیزانــی لــە ســاڵی 1980 بــەدواوە بەهــۆی ئــەوەی کــە لــە ســووریا نەماوەتــەوە رەنگــە ئــەو پێگە ســەربەخۆیەی پێشــووی نەمابــێ و بەپێــی ئەزمونەکانــی شکســتی خۆیشــی، چانســی ســەرکەوتنی راپەڕیوەکانــی لــە ئاســتێکی کەمــدا دەبینــی. هــەر ئەمــە وایکــرد ئیخــوان بــەم لێدوانــەی خــۆی، نەکەوێتــە نــاو کایــەی سیاســی ئەســەدەوە. بــەڵام بەهەڵکشــانی گرژییــەکان و وەرچەرخانــی پرۆتێســتەکان بــەرەو پێکدادانــی چەکــداری، ئەســەد زیاتــر ئیخوانــی بــۆ تێــوەگلان لــە چالاکیــی تیرۆریســتی تاوانبــار دەکــرد. بــەڵام دوای ماوەیــەک ئیخــوان راســتەوخۆ یــان ناڕاســتەوخۆ لــە پاڵپشــتیکردنی بەرگریــی چەکــداری بەرامبــەر ئەســەد نزیــک بــووەوە. (Blanga 2017)

تــۆڕی بەرفــرەی ئیخــوان لــە ســووریا یارمەتــی بەهێزبوونــی ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی ســووریای دا. ئەمــە لــە خۆیــدا نیشــاندەری بەهێزبوونــی ویســتی گرتنەدەســتی هێــز و دەســەڵات لەلایــەن ئــەو بزاڤــەوە بــە شــێوازێکی ناڕاســتەوخۆ بــوو. ســەمیر نشــار لەمبارەیــەوە ئامــاژەی بــە پێداگــری ئــەو بزووتنەوەیــە بــۆ رێبەریکردنــی ئۆپۆزیســیۆنی ســووری دەکات.( Ayman Sharrouf)

بــەڵام دواتــر بــە تیرۆریســت ناســاندنی ئیخــوان لەلایــەن ســعودییە و دیارکەوتنــی بــەرەی نــووسرە و داعــش، ئــەو بزاڤــە تووشــی کێشــە دەبێتــەوە و بەشــێک لــە ئەندامانــی ئیخــوان دەچنــە نــاو ئــەم هێــزە نوێیانــەوە. ئــەم دۆخــە وایکــردووە کــە زۆر لــە سیاســییەکانی ســووریا پێیانوابــێ ئیخــوان چیدیکــە وەک جــاران لەنێــو کایــەی سیاســی ســووریادا باڵادەســت نەبێــت. بورهــان

غەلیـون لـە دیمانەیەکیـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی (الـشرق الأوسـط) پێداگیریـی لەسـەر ئەمـە کـرد کـە کـردەی ئیخـوان لـە سـووریا لەگـەڵ وڵاتانـی دیکـەی عەرەبـی جیـاوازی هەیـە. ئیخوانـی سـووری 30 سـاڵ لـە کۆچبەریـدا بـووە و لەنێوخۆیانـدا هاوئاهەنگیـان نییـە. ( Wall Street Journal، December 2،2011) سـەرەڕای بڵاوکردنـەوەی بەیاننامەیەکـی 10 مادەیـی ئیخـوان لـە 25/3/2010

و پێداگرییـان لەسـەر دەوڵەتێکـی مەدەنـی مۆدێـرن، کـە ئیـرادەی خەڵکـی سـووریا لەبەرچـاو بگرێـت و گرنگـی بـە هەڵبژاردنـی ئـازاد و پەرلەمـان بـدات و بـەدوور بێـت لـە هـەر چەشـنە هەڵاواردنێکـەوە، بـەڵام بەهـۆی لاوازی و کێشـە نێوخۆییەکانـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی سـووریا هـەر لـە دەسـتپێیکی دامەزرانییـەوە، پێشـوازییەکی ئەوتـۆ لـەم بەیاننامەیـە نەکـرا. ئەمـەش دەگەڕایـەوە سـەر ڕۆڵـی ئیسـلام لـە داهاتـووی سیاسـی سـووریا و هەروەهـا ویسـتی هەژمارێـک لـە ئەندامانـی ئەنجومـەن و بـە تایبـەت ئیخوانییـەکان کـە بـێ دەسـتتێوەردانی دەرەکـی لەڕێگـەی هێـزی ئاسـمانی، ڕێگەیەکـی دیکەیـان بـۆ کۆتاییپێهێنانـی شـەڕی نێوخـۆ نەدەبینـی. هەربۆیـەش ئیخـوان هیـوای لەسـەر دروسـتکردنی ناوچەیەکـی دژەفڕیـن و بـێ چـەک بـە یارمەتـی تورکیـا هەڵچنیبـوو.

گۆڕانـی دۆخـی ناوچەکـە بـە پەیدابوونی داعش و بـەرەی نوسرە و سـەرکەوتنە سـەربازییەکانیان کاریگـەری نایـە سـەر هەڤاڵبەندیـی نەتەوەیـی سـووریا و تەنانـەت سـوپای ئـازادی سـووریاش. ئـەو دۆخـە نوێیـە نیشـاندەری ئـەو پارادۆکسـە گەورەیـە بـوو کـە ئیخوانییـەکان بـەردەوام دووپاتیـان دەکـردەوە کـە ئیسـلام ڕێگەچارەیـە. هەربۆیـە دوابەدوای بانـدۆری زۆری داعـش و بەرەی نـووسرە لەسـەر گۆڕانـە مەیدانییەکانـی پانتایـی سیاسـی سـووریا، پێگـەی خۆی

لـە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێزەکانـی دیکـەی ئیسـلامیی سیاسـی پێناسـە دەکـرد. بـەڵام ئـەوە کێشـەیەکی دیکـەی رووبـەڕووی ئیخـوان دەکـردەوە. لەبـەر ئـەوەی ئیخـوان رایگەیاندبـوو چیدیکـە خەباتـی چەکـداری بەڕێـوە نابـات. ئـەوە لەلایـەک بـوو بـە کێشـەیەک بـۆ چۆنییەتـی رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ گرووپـە تووندڕۆیـەکان و هـاوکات کێشـەی ئایدۆلۆژی لەسـەر بنەمای ئیسـلام. لەبەرئـەوەی ئەمەریـکا گرووپـە توونـدڕەوەکانـی وەک تیرۆریسـت ناسـاندبوو، بـەڵام ئیخـوان رایگەیاندبـوو کـردەوەی لەم چەشـنە لەسـەربنەمای کولتـووری یـان بیروبـاوەڕەوە، سـتانداردێکی دووانەیـە. تیرۆریـزم کردەیـە. ناسـنامە و کولتـوور نییـە. (Blanga 2017)

رووخانـی ئیخوانییـەکان لـە میـسر و کێشـە بەردەوامەکانـی نـاو جیهانـی عەرەبـی بـە تایبـەت سـعودی لەگـەل قەتـەر و تورکیـا وەک لایەنـی دەرەکـی، پێگـەی ئیخوانـی لـە سـووریا هێندەیـتر لاواز کـرد. ئەمـە وایکـرد ئیخوانـی سـووری لـە ناوەنـدی - نـە چـەپ و نەڕاسـت- سیاسـی لـە دژی ئەسـەد بمێنێتـەوە و هـەر ئەمـەش تاڕادەیـەک کاریگەرییەکـەی کەمکـردەوە. لەنـاو خەڵکیـش رەخنـە لـەم بزوتنەوەیـە دەگیرێـت. یەکێـک لـە ئەندامانـی پێشـوی ئیخـوان لـە دیمانەیکـدا ئامـاژە دەکاتـە سـەر رەخنـەی خەڵکـی لـە ئیخـوان و دەڵـێ: ئـەوان دەڵێـن سـەیر کـەن، ئێـوە [ئیخـوان] کێشـەتان لەگـەڵ رژێـم دروسـتکرد، بـەڵام ئێمـە تێچوەکەمـان دا. خەڵـک بـەم شـێوەیە بیـر دەکاتەوە. خاڵکـی ئاسـایی دەڵێـن ئێـوە کێشـەکەتان نایـەوە بـەڵام نەتانتوانـی تـەواوی کـەن و ئێمـە تێچوەکـەی دەدەیـن. هـەر بۆیـەش خەڵـک لـە سـووریا خۆشـیان ناوێیـن. (Conduit 2019، 179) رەنگـە دوای 6 سـاڵ تێگەیشـتن لـە شۆڕشـێک بـۆ سـەرکردەکانی بزوتنـەوەی ئیخـوان لـە سـووریا مایـەی کێشـە بێـت بـەڵام، لەسـاڵی 2017 ئیـتر ئیخـوان بـەم قەناعەتـە گەیشـتووە

کـە لەکاتـی ئێسـتاکەدا ناتوانـێ قورسـاییێکی ئەوتـۆی لەسـەرپانتایی سیاسـی سـووریا هەبێـت.

عومـەر مشـوە یەکێـک لـە بەڕێوەبەرانـی میدیـای ئیخـوان لـە سـاڵی 2017 لـە هەڤپەیڤینێکـدا ئامـاژەی بـەو خاڵـە کـردووەو گوتوویەتـی: ئـەم شۆڕشـە شۆڕشـی ئیخـوان نییـە. ئەگـەر ئیخـوان تەنیـا یارمەتـی مرۆڤدۆسـتانە ئامـادە بکـەن و یـان بـە لایەنـی سیاسـیەوە چالاکـی بکـەن، هەگیـز سـەرکەوتوو نابـن. ئیخـوان پارچەیـەک یـان بەشـێک لـە حەشـیمەتی سـووریایە و شـۆڕش گرێـدراوی بزووتنەوەیەکـی گشـتییە تاوەکـو بگاتـە سـەرکەوتن. (Conduit 2019،226)

دووربوونـــی ئیخـــوان لـــە ســـووریا بـــۆ مـــاوەی 30 ســـاڵ وایکـــرد ئـــەم بزووتنەوەیـــە کێماســـی و کێشـــەی زۆری فیکـــری و ڕێکخراوەیـــی هەبـــی، تەنانـــەت میکانیزمێکیشـــی بـــۆ ڕێبەرایەتـــی و کۆنترۆڵـــی کادێرکانـــی نەبێـــت، ئەمـــە لەگـــەڵ ئەزموونـــی پێشـــووی چەکـــداری ئـــەم ڕێکخـــراوە کـــە ئیســـتا پێـــی خۆشـــە لەژێـــر گڵـــی بنێـــت، وایکـــردوە کـــە ئیخـــوان لـــە دۆخـــی ئێســـتادا هـــەم بـــە وردی هەنـــگاو بنێـــت و هەمیـــش لـــەوە ئاگاداربێـــت کـــە گرتنـــە دەســـەڵات لـــە کاتـــی ئیســـتاکەدا ویســـتێکی دوورە مەودایـــە. شـــەڕی ســـووریا بەپێچەوانـــەی بیـــروڕای ئۆپۆزیســـیۆن خەریکـــە بـــە باڵادەســـتیی ئەســـەد بگاتـــە خاڵێکـــی یەکلاکـــەرەوە. بـــەڵام کێشـــەکان هـــەروەک ســـاڵی 2011 ماونەتـــەوە. کاریگـــەری توندوتیژیـــی چەکـــداری ئێســـتاکەش بـــە ســـەر ئیخوانـــدا بەدیدەکرێـــت، بـــەڵام بەهـــۆی ئـــەوەی کـــە لـــە ژینگـــەی سیاســـی ســـووریادا ئیخـــوان نیشـــانیداوە خـــاوەن ئەزموونـــە، دەتوانـــێ ســـەر لەنـــوێ بێتـــەوە ناوکایـــەی سیاســـی و تەنانـــەت ســـەرەڕای ڕوانگـــە ئیســـلامییە ئۆرتۆدۆکسیەکانیشـــی، لەگـــەڵ هێـــزە ســـیکۆلارەکان هـــاوکاری بـــکات.

## دەرنجام

سـەرەڕای گۆڕانـی بەرچـاو لـە پانتایـی سیاسی-سـەربازی سـووریا، داهاتـووی ئـەم وڵاتــە ئێســتاش روون نییــە و هــەر چەشــنە بەراوردێــک بــۆ ســەنگ و قورســایی هێــزەکان لــە بەشــی عەرەبی-ئیســلامی ئــەو وڵاتــەدا رەنگــە شرۆڤەیەکـی وردبینانـە نەبێـت. لەبەرئـەوەی پێگـەی هێـزە کۆمەڵایەتییـەکان تێکچـووە و هـەر چەشـنە بەراوردێـک گرێـدراوی چۆنییەتـی سـازبوونەوەی دەسـەڵات لـەو وڵاتەدایـە. لانیکـەم تـا ئێسـتا دەردەکەوێـت کـە دەسـەڵاتی ئەسـەد هەوڵـی هیـچ گۆڕانێکـی نییـە و لەوانەیـە ئەگـەر هـۆکاری ئەمەریـکا و ئەوروپـا لەبەرچـاو نەگیرێـت، رووسـیا و ئێـران سـەرلەنوێ دەسـەڵاتی ئەسـەد وەک پێشـوو بنیاتبنێنـەوە. لـە دۆخێکـی وادا، بێگومـان جگـە لـە دەسـەڵاتی پێشـوو هێزێکـی دیکـە ناتوانێـت لـە مەیدانـی سیاسـی ئـەو وڵاتـەدا خـاوەن رۆڵ بێـت.

بــەڵام ســەبارەت بــە رۆڵ و پێگــەی ئیخــوان لــە ســووریا؛ رابــردووی ئــەم بزوتنەوەیـە پیشـانیداوە کـە بەهۆی ژینگەی سیاسـی و ئەزموونـی دوورودرێژی خـۆی، ئیخوانـی سـووریا رەنگـە وەک ئەکتەرێکـی سیاسـی بـەردەوام رۆڵـی خـۆی لـە دەرەوە و لەنێـو ئۆپۆزیسـیۆندا بگێـڕی، بـەڵام بەهـۆی بەشـداریی بەشـێک لـە ئەندامانـی ئیخـوان لەنێـو هێـزە رادیکاڵەکانـدا، وێرانبوونـی ئـەو وڵاتـە و هەژمـاری زۆری ئـاوارەکان، بنەمـا کۆمەڵایەتییەکانـی هێـزی ئـەو بزاڤە لێکدەترازێنـن. بەهـۆی ئـەوەی کـە ئـەو بزاڤـە لـە مـاوەی شـەڕی نێوخۆیـی سووریاشـدا رۆڵێکـی بەهێـزی نەگێـڕاوە، قورسـایی سیاسـیی کەمبووەتـەوە. ئەمــە لەلایەکــەوە پیشــاندەری هەڵوێســتی نەرمــتری ئــەو بزاڤەیــە لــە ژینگەیەکـی سیاسـیی رادیکاڵـدا و لەلایەکی دیکەشـەوە پیشـانیدەدات ویسـت

و داخوازییەکانی ئیخوانی سووریا بەردەوام گرێدراوی واقیعی سیاسیی ئەو وڵاتە بووە.

سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە ئیخوانی سووریا ناتوانێ لە ژینگەیەکی سیاسیی دیموکراتیکدا بە شێوازێکی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت بکات، بەڵام مێژووی ئەو بزاڤە لەدوای شکستی خۆی لە حەما، نیشانیداوە کە پێی ناخۆش نییە لە سیستمێکی سیکۆلاردا لەگەڵ پارتە سیکۆلارەکان هاوکاری بکات. ئەمەش لەدوای بەهاری دیمەشق و پێشینەی هاوکاریی ئەو بزاڤە لەگەڵ پارتیەکانیتر و هەروەها هەوڵی لەبیربردنەوەی مێژووی چەکدارانەی ئەو بزاڤە دەردەکەوێ. واقیعی سیاسی و ئەزموونی هەرکام لە بزاڤە ئیسلامییەکان دەتوانێ وەک حاڵەتێکی دەگمەن بخوێنرێتەوە، بەڵام ویستی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی وەک بەردی بناخەی تەواوی رێکخراوە ئیسلامییەکان وایکردوە سەرەڕای گۆڕانی بنەڕەتی و قووڵیش، ئیخوانییەکان جێگەی متمانەی هێزە دیموکراتەکان نەبن.

**پەراوێزەکان:**

1- Gilles Kepel

2- La mouvance islamiste

3- Public sphere

4 - بۆ وردەکاری زۆرتر و وردتر بڕوانە: رسالة المؤتمر الخامس لەم ئادرەسەوە:
http://www.islahweb.org

5 - extremist

---

**Bibliography**


Blanga، Yehuda U. "The Role of the Muslim Brotherhood In the Syrian Civil War." Middle East Policy XXIV، no. 3 (Fall 2017): 48-69.

Conduit، Dara. The Muslim Brotherhood in Syria. New York: Cambridge University Press، 2019.

Díaz، Naomí Ramírez. The Muslim Brotherhood in Syria : The Democratic Option of Islamism. New York: Routledge، 2018.

Lefevre، Raphael. Ashes of Hama: The Muslim Brotherhood in Syria. New Yor: Oxford University Press، 2013.

Mellor، Noha. Voice of The Muslim Brotherhood: Dawa، Discourse، and Political Communication. New York: Routledge، 2018.

Menshawy، Mustafa. Leaving the Muslim Brotherhood: Self، Society and the State. Palgrave Macmillan، 2020.

Rubin، Barry، ed. The Muslim Brotherhood: The Organization And Politics of a Global Islamist Movement. New York: Palgrave Macmillan، 2010.

Wickham، Carrie Rosefsky. The Muslim Brotherhood : Evolution of an Islamist Movement. New Jersey: Princeton University Press، 2013.

Nour Malas، "Brotherhood Raises Syria Profile،" Wall Street Journal; and Hanna Hassan، "How the Muslim Brotherhood Hijacked Syria's Revolution،" Foreign Policy (March 13، 2013)، HYPERLINK "http://foreignpolicy" http://

foreignpolicy.com/2013/03/13/how-the-muslim-brotherhood-hijacked-syrias-revolution/?wp_login_redirect=0.
Cited in Ayman Sharrouf، The Destructive Ascendancy of Syria's Muslim Brotherhood'، Now (3December2014)، HYPERLINK "https://now.mmedia.me/lb/en/commentaryanalysis/564483%20thedestructive-ascendancy-of" https://now.mmedia.me/lb/en/commentaryanalysis/564483 thedestructive-ascendancy-of syrias-muslim-brotherhood (parenthesis added).
سباعی، مصطفی. جامعه توحیدی و عدالت اجتماعی: سیدعلی محمد حیدری. تهران: حکمت، ؟.
https://carnegie-mec.org/2019/03/28/localism-war-and-fragmentation-of-sunni-islam-in-syria-pub-78714
https://coar-global.org/2019/08/27/sons-of-the-brothers-emergent-islamic-networks-in-syrian-civil-society/
https://eeradicalization.com/muslim-brotherhood-conference-in-istanbul-described-as-disappointing/
https://ahvalnews.com/muslim-brotherhood/turkey-becomes-biggest-muslim-brotherhood-backer-world

# پێویستیی دارشتنەوەی ناسنامەی دەوڵەتی سووریا لەسەر بنەمای فرەڕنگی

حوسێن عومەر

## پێشەکی

سنووری سووریا، بەبێ ئاگاداریی ئەوانەی خنرانە نێویەوە، بەبێئەوەی کاراکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان هیچ رۆڵێکیان تێیدا هەبێت، لەلایەن دارێژەرانیەوە دارێژرا. ئەو سنوورە، لەسەر مێزی براوەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا دارشتنیان بەسەر دۆڕاوەکاندا (ئیمپراتۆریای عوسمانی) تەنانەت پێش بەدیهێنانی سەرکەوتنی تەواویش سەپێنرا. پرۆسەی دارشتنی سنوورەکان پشبەستوو نەبوو بە فاکتە جوگرافیایی و مرۆییەکان، بگرە بەگوێرەی هاوکێشەی بەشکردنی میراتیی ئەو ئیمپراتۆریا دۆڕاوە و لەسەر بنەمای بەشکردنی دەستکەوت و بەرژەوەندی و هەژموون بوو. بەپێی چەند سازش و رێککەوتن و بڕیارێکی وڵاتە سەرکەوتووەکان، بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا، ناوچەکانی رۆژئاوای

کوردستان لـە کوردسـتانی سـووریا، بەبێ گوێـدان بـە ویسـت و بەرژەوەندیی گەلـی کـورد و، بەبـێ ڕێزگرتـن لـە فاکتـە مێژوویـی و جوگرافیاییـەکان و، تەنانـەت بەبـێ گوێـدان بـە ویسـتی گەلـی عەرەبیـش لـەو ناوچەیـە، بـە سـووریاوە لکێـنران و خرانـە ژێـر ئینتدابـی فەرەنسـا. ئـەم پێوەلکاندنـە ئەنجامـی پەیماننامەکـەی لەندەنـی 9ی ئـاداری 1921ی نێـوان فەرەنسـا و تورکیـا بـوو، کـە دووجـار هەمـوار کـرا. یەکـەم لـە پەیماننامـەی ئەنکـەرەی ئۆکتۆبـەری هەمـان ئـەو سـاڵە و دووەمیـش لـە پەیماننامـەی جوفنالـی سـاڵی 1926 بـوو. پـاش ئـەوە، فەرەنسـا لـە 1939دا، لیـوای ئیسـکەندەرۆنی زۆرینـە عەرەبـی لـە سـووریا دابـڕی و بـە تورکیـای دا. بەمـەش بەیەکجـاری سـنووری نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـە داڕێـژرا و باکـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتانی لەیـەک دابـڕی.

کاتێـک بزووتنـەوەی نەتەوەیـی عەرەبـی دژ بـە عوسـمانی دامەزرێـنرا، داواکارییەکانـی سـەرکردەکانیان ئـەم ناوچانەیـان نەدەگرتـەوە کـە لـە قۆناخـی پـاش ئینتیدابـی فەرەنسـا بـە سـووریاوە لکێـنران، ئـەوان داوای ناوچـەی جزیـرەی کوردانیـان نەدەکـرد، نـە لـە نامەگۆڕینەوەکانـی سـاڵانی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی (1916-1915) لەنێـوان حوسـێنی کـوڕی عەلیـی شـەریفی مەککـە و سـێر هێـنری مەکماهۆنـی نوێنـەری بـاڵای بەریتانیـا لـە میـسر، کـە باسـیان لـە داهاتـووی سیاسیی خاکـی عەرەبـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەکـرد و، نـە لـە مـاوەی حوکمڕانیـی فەیسـەڵ لـە سـووریادا، تەنانـەت لەلایـەن سـەرکردە نەتەوەییەکانـی عەرەبیشـەوە لـە مـاوەی ئینتدابـی فەرەنسـادا باسـیان نەدەکـرا، چونکـە ناسـنامەی کوردیـی ئـەو خاکـە بابەتێـک نەبـوو گفتوگـۆ هەڵبگرێـت. لـە کاتێـکدا سـەرکردە کـوردەکان داوای ئـەو ناوچانـەی کوردیـان کـرد کاتێـک کەوتنـە نێـو سـنووری سـووریا و لـە

پەیماننامـەی سـیڤەری ئابـی 1920 دوورخرانـەوە. بەڵگەنامەیەکیـش هەیـە کە یاداشـتێکە دیپلۆماتکارێکـی بەریتانیـا پـاش تەواوبوونـی کۆنگـرەی قاهیـرەی ئـاداری 1921 ئاراسـتەی حکوومەتـی وڵاتەکـەی خـۆی کـردووە و تیایـدا ئامـاژە بـۆ ئـەم داوایـە کـراوە. یاداشـتەکە لـە 2ی ئـاداری 1921دا نێـردراوە. کـە، ئەوانـدەی پەیوەنـدی بـە کـوردەوە هەبوویێـت، پرسـەکە دابڕینـی بەشـێک لـە جوگرافیـا و کۆمەڵگـە لـە جوگرافیـا – کۆمەڵگـەی دایـک و لکاندنییەتـی بـە جوگرافیـا و کۆمەڵگەیەکـی جیـاوازەوە (جوگرافیـا و کۆمەڵگـەی عـەرەب) بەبـێ ویسـتی هـەردوولا، بەڵکـو بـە بڕیـاری وڵاتانـی سـەرکەوتوو لـە شـەڕدا کـراوە.

## ململانێی نێوان دیمەشق و حەلەب

ئـەو ململانـێ و نەگونجاویـی پانتاییـەی بـە سـنووری سـووریای لـەدەرەوە داڕێـژراو دەوردرابـوون هـی پێـش ئـەو دابڕیـن و لکاندنـە بـوون. لێـرەدا ئەوانـدە بەسـە ئامـاژە بـۆ ململانـێ و کێبڕکێـی مێژوویـی نێـوان دوو گرنگتریـن شـاری سـووریا، حەلـەب و دیمەشـق بکەیـن کـە لـە چەنـدان مـاوەی مێژوویيـدا، تەنیـا دوو ناوەنـدی جیـا لەیـەک نەبـوون، بگـرە ململانـێ و کێشـەیان هەبـووە و لەنێـوان قـەوارەی دژبـەردا بـوون. ئەمـەش هـەر لـەو سـەردەمەوە کـە سـەیفودەولەی حەمدانـی لـە حەلـەب و کافـوری ئەخشـیدی لـە دیمەشـق، لـە نیوەڕاسـتی سـەدەی دەیەمـی زاینـی، حوکمـڕان بـوون. بەدرێژایـی سـەردەمەکان حەلـەب لـە دیمەشـق گەورەتـر و لـەڕووی بازرگانـی و ئابوورییـەوە گرنگـتر بـوو. ئەمـە تـا سـەپاندنی ئینتدابـی فەرەنسـا و بگـرە لـە دە سـاڵی یەکەمـی سـەبەخۆیی سووریاشـدا بـەردەوام بـوو. فیلیـپ خـوری

لـە کتێبەکەیـدا (سـووریا و ئینتدابـی فەرەنسـا) خشـتەی ژمـارەی دانیشـتووانی شـارە سـەرەکییەکانی سـووریا دەخاتـە ڕوو و، دەڵێـت لـە سـاڵی 1943دا ژمـارەی دانیشـتووانی حەلـەب 319867 کـەس بـووە، لەکاتێکدا و لـە هەمـان سـاڵدا ژمـارەی دانیشـتووانی دیمەشـق 286310 کـەس بـووە. توێژینـەوە دیمۆگرافیاییەکانـی پەیوەسـت بـە سـووریاش جەخـت دەکـەن لـەوەی شـاری حەلـەب تـا نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم لـە دیمەشـق گەورەتـر بـووە و، ئـەم هاوکێشـەیە بـە دەسـتوەردانی حکوومەتەکانـی سـووریا گـۆڕاوە، لەڕێـی کارکردنیـان بـۆ گەشـەپێدانی دیمەشـق و ڕێگـری لـە گەشـەی حەلـەب بـە مەبەسـتی چەسـپاندنی دیمەشـق وەک پایتەختـی سیاسـیی دەوڵەتـی سـووریا. یەکێـک لـەو هۆکارانـەی پاڵیـان بـە حەلەبـەوە دەنـا بـۆ ئـەوەی لـە قۆناخـی ئینتدابـی فەرەنسـا دان بـە دیمەشـقدا نەنێـت وەک پایتەخـت، ئـەوە بـوو کـە حەلـەب لـە دیمەشـق گەورەتـر بـوو و، حەلـەب ڕەتیدەکـردەوە دەسـتبەرداری پێگـەی خـۆی وەک مەڵبەندێکـی سـەربەخۆی ویلایەتـی حەلـەب بێـت. هەروەهـا ڕەتیدەکـردەوە دەسـتبەرداری پێگـەی بازرگانـی و ئابووریـی خـۆی بێـت و ملکەچـی هەژموونـی دیمەشـقێک بێـت کـە هەوڵـی بەپاشـکۆکردنی دەدا.

تەنانـەت لـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی تەوژمـی قەومیـی عـەرەب لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا، جیـاوازی و ناکۆکـی لەنێـوان دیمەشـقی و حەلەبییەکانـی نێـو ئـەم تەوژمـەدا هەبـوو. ئـەم ناکۆکییـە گـەر ئەنجامـی هـۆکاری فیکـری بێـت و لەسـەر بنەماکانـی عەلمانییەت و چاکسـازی و دەمارگیریـی نەتەوەپەرسـتانە هەڵچنرابـن یـان هـۆکاری کۆمەڵایەتیـی پەیوەسـت بـە جیاوازیـی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی نێـوان دیمەشـق (کـە لـەڕووی ئاییـن و نـەژادەوە یەکڕەنگـە) - ئەمـە لەڕاسـتیدا شـێواندنێکی

بەئەنقەستە لەلایەن توێژەرە نەتەوەپەرستە عەرەبەکانەوە، چونکە بۆ نموونە کورد بوونی بەرچاویان لە دیمەشق هەبووە و چەند گەڕەکێکی شارەکەیان پێک هێناوە - و حەلەب (کە فرەڕەنگە لەڕووی ئایین و نەژادەوە)، ئەوە ناکۆکییەکە، راستییەکە و حاشا هەڵناگرێت.

فیلیپ خوری لەمڕووەوە دەڵێت: "لە کاتێکدا لە دیمەشق دانیشتووانێکی تا ڕادەیەکی زۆر وێکچووی موسڵمانی عەرەب هەبوون، لە حەلەبدا چەند کۆمەڵەیەکی نەژادی و ئایینیی جیا و دژبەرتر هەبوون. لە دیمەشقدا قسەکردن بە تورکی لە پاڵ عەرەبیدا، وەک خۆهەڵکێشان، لە ماڵە ئەریستۆکراتەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەستیپێکرد، کەچی لە حەلەب لەگەڵ داگیرکردنی باکووری سووریا لەلایەن عوسمانییەکان لە سەدەی شازدەوە بە بەربڵاوی دەستیپێکرد. بەهۆی نزیکیی حەلەب لە ئەنادۆڵ و پەیوەندی لەگەڵ ئیستەنبووڵ، رێژەیەکی زۆری پیاوماقووڵانی حەلەب رەگێکی تورکیان هەبوو (رێژەیەکی زۆریشیان بەڕەچەڵەک کورد بوون)".

لەگەڵ هاتنی فەیسەڵ بۆ دیمەشق و دامەزراندنی شانشینەکەی، حەلەب پێگەی خۆی وەک مەڵبەندی ویلایەتەکە لەدەستدا و درایە پاڵ شانشینە تازە لەدایکبووەکە و، دەمارگیریی دیمەشقییەکان بووە مایەی دڵەڕاوکێ و سەرهەڵدانی ترس لای حەلەبی و درووز و عەلەوییەکان کە لە بنەڕەتدا هەستیان بە ناسنامەی خۆجێیی و بەرژەوەندییەکانیان لە کەوتنە شوێن بیرۆکەی قەوارەیەکی نەتەوەپەرست بەهێزتر بوو کە دەسەبژێرێکی ناجۆر دایڕشتبوو و میرێکی حیجازی خەڵکی دەرەوەی ئەو جوگرافیایە و دوور لە شیرازە کۆمەڵایەتییەکەی جڵەوەکەی بەدەستەوە بوو.

ئـەم ململانێیـەی نێـوان دیمەشـق و حەلـەب، بەدرێژایـی مـاوەی ئینتـداب و سـاڵانی سـەربەخۆیی پێـش قۆناخـی کودەتـا سـەربازییەکان کـە کودەتاکـەی بەعـس یـەکلای کـردەوە، ژیانـی سیاسـی و حیزبیـی ڕەنگڕێـژ کردبـوو. ئـەوە بـوو کێبڕکێـی حیزبـی بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەنێـوان باڕسـتەی نیشـتمانی (دواتـر بـووە حیزبـی نیشـتمانیی سـووریایی) کـە چەقـی دەسـەڵاتەکەی لـە دیمەشـق بـوو و، حیزبـی گـەل کـە چەقـی دەسـەڵاتەکەی لـە حەلـەب بـوو، قەتیـس بـوو. ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی ململانێـی مێژوویـی نێـوان ئـەو دوو شـارە بـوو.

## سووریای فیدرال

لەڕاسـتیدا، زۆربـەی ئەوانـەی شـانیان داوەتـە بەر باسـی مێـژووی دامەزراندنی دەوڵەتـی سـووریا، ئەوەیـان پشـتگوێ خسـتووە کـە لـە سـەرەتادا و لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا بەڕوونـی ناسـنامەیەکی ناجـۆر و نایەکانگیـری سیاسـیی هەبـووە. نـەک تەنیا لـەوڕووەوەی پەیوەسـت بـە کـوردەوە وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیـی کـە خاکەکـەی تەنیـا لـە قۆناخێکـی درەنگـی ئینتدابـی فەرەنسـادا بـە دەوڵەتـی سـووریاوە لکێـنرا، بگـرە لـەڕووی پەیوەسـت بـە ناوچـە عەرەبنشینەکانیشـەوە وابـووە. ئـەوە بـوو شـا فەیسـەڵ نەیتوانـی خـۆی لـە ڕاسـتیی دووری و ململانێـی نێـوان پێکهاتەکانی شانشـینە تـازە لەدایکبووەکەی نەبـان بـکات، بۆیـە بـە دەسـتوور دانـی بـە بوونـی هەرێمەکانـدا نـا. ئەوەتـا یەکەمیـن دەسـتووری شانشـینی سـووریا، کـە (کۆنگـرەی گشـتیی سـووریا) پەسـەندی کـرد و لـە 13ی تەممـووزی 1920دا بـڵاو کرایـەوە، لـە مـاددەی دوو بەشـی یەکـدا دەڵێـت: "شانشـینی سـووریا لـە هەرێمگەلێـک پێکدێـت

کـە یەکەیەکـی سیاسـیی نەشـیاو بـۆ لەتکـردن پێکدەهێنـن". واتـە هەرچەنـدە شانشـینەکەی بـە "یەکەیەکـی سیاسـیی نەشـیاو بـۆ لەتکـردن" دانـاوە، دانـی بەوەشـدا نـاوە کـە "لـە هەرێمگەلێـک پێکدێـت."

لـە 23ی تەممـووزی 1920دا هێزەکانـی فەرەنسـا ئاشـتییانە چوونـە نێـو حەلـەب و، دوابـەدوای ئـەوە ژەنـراڵ گـۆرۆ مەرسـوومێکی ڕاگەیانـد، مـاددەی یەکەمـی دەڵێـت: لـەڕۆژی یەکـی ئەیلوولـی سـاڵی 1920 بـەدواوە، خاکـی ویلایەتـی کۆنـی حەلـەب – کـە سـەر بـە حکوومەتـی دیمەشـق بـوو – دەبێتـە حکوومەتێکـی سـەربەخۆ بـە نـاوی "حکوومەتـی حەلـەب" و شـاری حەلـەب مەڵبەنـدی ئـەو حکوومەتـە دەبێـت. حکوومەتـی حەلـەب نەچـووە نێـو یەکێتیـی سـووریاوە تـا ئەوکاتـەی ڕاگەیەندراوەکـەی هـنری گـۆرۆ لـە 28ی تەممـووزی 1922 لەدایکبوونـی ئـەم یەکێتییـەی لەسـەر بنەمـای فیدراڵیزمـی نێـوان دەوڵەتـی دیمەشـق و دەوڵەتـی حەلـەب و دەوڵەتـی عەلەوییـەکان ڕاگەیانـد و، ئـەم یەکێتییـە مایـەوە تـا کاتـی هەڵوەشـاندنی بە بڕیاری ماکسـیم فیگانـی کۆمیسـیاری بـاڵای فەرەنسـا لـە 15ی کانونـی یەکەمـی 1924 کـە دروسـتکردنی "دەوڵەتـی سـووریا"ی لـە ئەنجامـی تێکهەڵکێشـکردنی هـەردوو دەوڵەتـی دیمەشـق و حەلـەب لەپـاش جیاکردنـەوەی هـەردوو دەوڵەتـی چیـای عەلەوییەکـەن و چیـای درووز و جیاکردنـەوەی لیـوای ئیسـکەندەرۆن لـە ویلایەتـی حەلـەب، ڕاگەیانـد.

ناوچەکانـی کـوردان بـە یەکجـار نەخرانـە ژێـر دەسـەڵاتی ئینتـداب لـە سـووریا. بەڵکـو لـە سـەرەتای 1920دا ناوچـەی عەفریـن (چیایـێ کورمێنـج) و ناوچـەی حـارم خرانـە ژێـر ئـەو دەسـەڵاتە. دوای ئـەوە ناوچـەی نێـوان ڕووبـاری دیجلـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە و چـەق چـەق کـە بـە نێـو قامیشـلۆدا تێدەپەڕێـت لـە ڕۆژئـاواوە، بەپێـی ڕێککەوتنێکـی تایبەتـی نێـوان فەرەنسـا و

تورکیا لە 1929دا خرایە ژێر ئەو دەسەڵاتە و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لە 1933دا تەواو کرا.

لە ساڵی 1930دا، بیست پیاوماقووڵی کوردی ناوچە جیاجیاکانی کوردان و دیمەشق و حارم داوایەکیان پێشکەش کرد کە بە ژمارە 6501 لە 15ی نیسانی 1930 لە دیوانی کۆمیسیاری باڵای فەرەنسا تۆمار کرا و، تێیدا داوایان لە فەرەنسا کرد هاوشێوەی پێکهاتەکانی دیکەی دانیشتووانی ژێر سایەی ئینتداب، لەڕێی کارگێڕییەکی تایبەت و داننانی فەرمی بە زمانەکەیان، مامەڵە لەگەڵ کوردیش بکرێت.

ئەم فاکتانە کە لەسەر زەویدا بوونیان هەیە، لەلایەن توێژەرە نەتەوەپەرستە عەرەبەکانی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی سووریا و دەستەبژێری نەتەوەپەرستی عەرەبی سووریاوە بەپێی لۆجیکی پیلانگێڕیی داگیرکارانە لێکدەدرێنەوە، بەبێئەوەی هەوڵ بۆ گەڕان بەدوای ریشە مێژووییەکانیان بدرێت.

## سووریا لە فیدراڵیزمەوە بۆ ناوەندیبوونی دوولایەنە

دەوڵەتی سووریا بەرەو ناوەندیبوون چوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە نیشانەکانی دیموکراسیی پاراست کە لە سەردەمی ئینتدابەوە مابوونەوە. وەک فرەلایەنیی سیاسی و ئازادیی ڕۆژنامەوانی و هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی پارلەمانی و سەندیکا سەربەخۆکان، هەروەها بە دەستوور ناسنامەی نیشتمانیی خۆی (کۆماری سووریا) پاراستبوو تاوەکو گەیشتنە قۆناخی کودەتا سەربازییەکان، کە بارگرانترینیان کودەتاکەی حیزبی بەعس لە ئاداری 1963 بوو. بەمەش قۆناخی ناوەندیبوونی دوولایەنە دەستی

پێکــرد: ناوەندیبوونــی نەژادیــی بەدەســتووریکراو، بــە ناوونانــی دەوڵــەت بــە نــاوی یەکێــک لــە پێکهاتــە نەژادییەکانــی کۆمەڵگــەی ســووریا (کۆمــاری عەرەبیــی ســووریا) و لێکەوتەکانــی لــە سڕینەوە و تواندنــەوەی پێناســەکانی دیکــە لەڕێــی پرۆژەگەلــی روون کــە گەلــی کوردیــان بەتایبــەت بەئامانــج دەگــرت (ســەرژمێریی ئاوارتــە، پشــتێنەی عەرەبــی...) و، ناوەندیبوونــی ئیداریی بــەردەوام کــە لەڕێــی زەوتکردنــی گشــت رۆڵێکــی دەســتە خۆجێیــەکان و قەتیســکردنی بڕیــار لــە ناوەنــددا بەگشــت رەهەندەکانییــەوە چەســپێنرا و قووڵکرایــەوە.

## سووریا دەوڵەتی بەناوەندیکراو

لەڕاســتیدا، ســووریا بــە سرووشــت دەوڵەتێکــی ناوەنــدی نییــە بــە شــێوە ناسراوەکــەی (وەک فەرەنســا بــۆ نموونــە)، بەڵکــو دەوڵەتێکــی زۆر رەقــی بەناوەندیکــراوە لەڕێــی دۆخــی (دەســەڵاتی قووڵــەوە) کــە تەنیــا لەســەرووی دەوڵەتــەوە نییــە و تەنیــا لەناوبــەری ســەربەخۆیی دەوڵــەت وەک دامەزراوەیەکــی گوزارشــتکار لــە تــەواوی کۆمەڵگــە و بێلایــەن لە کێشمەکێشــە کۆمەڵایەتییــەکان نییــە، بەڵکــو لــە ســەرووی دەســەڵاتە سرووشــتییەکانی دەوڵەتەوەیــە. ئــەم دەســەڵاتە قووڵــە دەوڵەتــی بــە تــەواوی قــووت دا و، لەگــەڵ ئەویــش نیشــانە بۆماوەییەکانــی دیموکراســیی قــووت دا و، گشــت کێبڕکێیەکــی لەســەر دەســەڵاتی سرووشــتی لــە دەزگەکانیــدا وەلا نــا، تەنانــەت لەنێــوان شــوێنکەتوو و لایەنگرانــی دەســەڵاتیش ئــەو کارەی کــرد و لەجیاتــی ئــەوە، پەنــای بــردە بــەر هەڵبژاردنــی ئەوانــەی گونجاوترینــن بــۆ بەکارهێنانــی ئۆرگانــی و تووندکردنــی چنگــی ئەمنیــی خــۆی. هەڵبژادنــە پەرلەمانییــە

رووکەشـەکان نموونەیەکـی روونـن بـۆ ئەمـە، کـە تێیانـدا دەسـەڵاتە قووڵەکـە پێشـوەخت لیسـتێکی داخـراو بـە ئەندامانـی پارلەمـان دەستنیشـان دەکات و، شـوینکەوتووانی دەسـەڵات تەنیـا بـۆ پڕۆپاگانـدا هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی رووکەشییانە ئەنجام دەدەن و رەشماڵ هەڵـدەدەن و وێنـە بـڵاو دەکەنـەوە. هەمـان شـتیش لـە هەڵبژاردنـە رووکەشـییە خۆجێیەکانـدا دەکرێـت. بەمـەش پرۆسـەی هەڵبـژاردن گشـت واتەیـەک لەدەسـت دەدات.

## ڕووداوەکانی پاش شەڕی نێوخۆیی

نارەزاییـە جەماوەرییـە ئاشـتیخوازانەکانی سـووریا کـە لـە ئـاداری 2011دا دەسـتیانپێکرد، زۆری نەبـرد بوونـە ململانێـی چەکـداری و هـەر زوو ئـەو ململانێیـە بەرگـی توونـدوتیژیـی تایفەگەرانـەی پۆشـی. ئەمـەش بـووە مایـەی دەرکەوتنـی ئاراسـتەگەلێک لەنێـو ئـەو پێکهاتانـەی خۆیـان لـە هاوکێشـەی ململانێـی تایەفەگەریـی نێـوان رژێـم و ئۆپۆزیسـیۆندا نەدەبینـی، بەتایبەتیـش کـورد لـە باکـوور و باکـووری رۆژهـەڵات و درووز لـە باشـووری سـووریا، بـۆ ئـەوەی بـەرەو بنیاتنانـی دۆخێکـی تایبـەت بەخۆیـان بچـن. ئـەوە بـوو کـورد رێڤەبەرییەکـی خۆسـەریان پێکهێنـا کـە دواتـر فرەوان بـوو و ئەو پێکهاتانەشـی گرتـەوە کـە لـە ناوچەکانیـان و دەوروبـەری ئـەو ناوچانـەدا پێکـەوە دەژیـان. درووزەکان هەوڵیـان دا لەڕێـی هەڵوێسـتێکی بێلایـەن لـە ململانێیەکـە و رەتکردنـەوەی خزمەتکردنـی درووزەکانـی دەرەوەی ناوچەکەیـان لەلایـەن زۆرینەیانـەوە تایبەتمەندییێـک بـە ناوچەکەیـان ببەخشـن. وەک چـۆن کـورد لـەڕووی سیاسـییەوە لەتبـوون و هەندێـک لـە حیزبـە سیاسـییەکانیان چوونـە پـاڵ ئۆپۆزیسـیۆن، درووزەکانیـش لەتبـوون و هەندێکیـان لای رژێمیـان گـرت

و چەکیان بۆی هەڵگرت و هەندێکی دیکەشیان چوونە پاڵ ئۆپۆزیسیۆن. نۆ ساڵ شەڕی نێوخۆیی بە شێوازی جۆراوجۆر تەواوی رووبەری سووریای گرتەوە و، بەتوندی بنیاتی کۆمەڵگەکانی سووریای لەتوپەت کرد. ئەوە بوو چەندان (سوپای) خۆجێیی دروستبوون و ناوچەگەلی بەرفرەوان ساڵانێک لە دیمەشق و ناوەند دابڕان و، بەرژەوەندی و پابەندیی نوێ دروستبوون. سنوورەکانی سووریا ماوەی ساڵانێک دوور لە دەسەڵاتی ناوەند بە کراوەیی بەڕووی وڵاتانی دراوسێدا مانەوە و جووڵەی بازرگانی و دانیشتووان لەگەڵ ئەو وڵاتانە رێکخرا، لەکاتێکدا پەیوەندی بە تەواوی یان بەشێوەیەکی بەشەکی لەگەڵ ناوەنددا پچڕا. هەستێک لەسەر بنەمای دژایەتی لەنێوان ناوەند و دەوروبەر دروستبوو. لە باکوور بەتایبەتی، رێکخستنە سەربازییەکانی ئۆپۆزیسیۆن چەکی تورکیایان خستە شان و لە شەڕی دژ بە دیمەشق فەرمانی ئەوێیان جێبەجێکرد و، دیمەشقیش سوپا و میلیشیای چەند وڵاتێکی بۆ شەڕی ئەو رێکخراوانە هاوردە کرد. سەبارەت کوردیش، سنووریان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا کرایەوە و بەبێ ئامادەیی ناوەند جووڵەی بازرگانی و هاتووچۆ رێکخرا و زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک کوردی سووریا لە هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێبوون و هەستی گەلێری باڵادەست لە ناوچەکانی کورد لە سووریا رووی لە هەولێرە زیاتر لەوەی رووی لە دیمەشق بێت. هەموو ئەمانە گەڕانەوە بۆ قۆناخی پێش 2011 دەکەنە مەحاڵ. راستە دەسەڵاتی ناوەند پانتاییەکی فرەوانی خاکی سووریای گێڕاوەتەوە ژێر رکێفی خۆی و رەنگە پانتایی زیاتریش بگێڕێتەوە و، لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە بە دەستێکی پۆڵایین دەسەڵاتی رەهای ناوەند بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنێت، بەڵام بێگومان لە دەستگرتن بەسەر وشیاریی خەڵک و مەیل و هەستیان بە تایبەتمەندییەکانیان شکست دەخوات.

هەوڵـی دەسـەڵاتی ناوەنـد بـۆ سـەپاندنی دەسـەڵات بەسـەر تـەواوی جوگرافیای سـووریادا بـە هەمـان سیسـتمی سیاسـیی ناوەندییـەوە وەک ئەوەیـە وڵاتەکـە بکاتـە لانـەی دروسـتکردنی تەقینەوەیەکـی نـوێ لـە سـووریا کـە ڕەنگـە بەهێزتر و وێرانکەرتـر بێـت. بۆیـە پێویسـتە بیـر لـە داهێنانـی سیسـتمێکی سیاسـی بکرێتـەوە کـە زامنـی پاراسـتنی گشـت پێکهاتـەکان بێـت لـە دەستوەشـاندنی ناوەنـد و، هەلـی بنیاتنانـەوەی ژیـان و ناوچەکانـی خۆیـان لەسـەر بنەمـای نـوێ لـە چوارچێـوەی سـووریایەکی نوێـدا بـۆ بڕەخسـێندرێت.

بەکورتـی، سـووریا خولێکـی نوێـی زەمانـەی بـە مێـژووی خۆیـەوە بینـی کـە لـە پێکهاتەکانـی دەخوازێـت هـەوڵ بـۆ جەختکـردن لـە خۆیـان و داڕشـتنی ئینتیـمای خۆیـان لـە چوارچێـوەی هاوبەشـە مرۆڤینییەکانـدا بەشـێوازێکی نـوێ بـدەن، کـە لەسـەر بنەمـای فرەڕەنگـی و ڕێزگرتـن لـە فرەڕەنگـی دروسـتببێت، لەجیاتـی ئـەوەی هـەوڵ بـۆ سـەپاندنی یـەک ناسـنامەی لەوتـاوی نـەژادی یـان تایەفەگەرانـە بـدەن، کـە پێناسـەکانی دیکـە لەنـاو دەبـات.

ڕووبەڕووبوونــەوەی لێکترازانــی نــەژادی و تایەفەگــەری پێویســتی بــە فرەوانکردنـی ئاسـۆی پێناسـێکی نیشـتمانیی گشـتگیرە کـە هەمـوو پێکهاتـەکان بەبـێ هەڵاوێرکـردن و سـڕینەوە لەخـۆ بگرێـت. شانبەشـانی بەکارهێنانـی ئـەم پێناسـە وەک بنیاتێکـی دامەزرێنـەر بـۆ قۆناخەکانـی بنیاتنانـەوەی دەوڵەتـی نوێـی سـووریا کـە پێویسـتە خاوەنـی دەسـتوورێک بێـت ڕێگـە بـە زیانگەیانـدن بـە مافـە بنچینەییەکانـی تـاک و پێکهاتـەکان، بـە بیانـووی زۆرینـەی نەتەوەیـی یـان مەزهەبـی یـان سیاسـی، نـەدات. ئـەوکات پێناسـە نیشـتمانییە گشـتگیرەکە توانـای ئـەوەی دەبێـت فرەڕەنگـی و فرەجـۆری لـە کۆمەڵگـەدا بکاتـە هـۆکاری بەهێـزی و یەکگرتوویـی حکوومـەت، نـەک هەڕەشـەی هەڵوەشـانەوە.

## پێویستیی هەڵوەشاندنی بنیاتی بەناوەندیکراوی دەوڵەت

بەبێ هەڵوەشـاندنی بنیاتـی ناوەندیـی دوولایەنـەی ئامـاژە بۆکـراو، ناکرێـت دەوڵەتـی سـووریا بکرێتـە دەوڵەتێکی ئاسـایی. ئەم ڕێچکەیە بە هەڵوەشـاندنی بەناوەندیکردنـی نـەژادی دەسـت پێـدەکات. بـە هەڵگرتنـی دەسـتوورییانەی کۆتـە نەژادییەکـەی نـاوی دەوڵـەت و، دامەزراندنـی پێناسـە نیشـتمانییەکەی، ئینجـا هەڵوەشـاندنی بنیاتـە تونـدە سیاسـی و کارگێڕییـە بەناوەندیکراوەکـەی دەبێـت. پێویسـتە دەوڵـەت کۆکـەرەوەی گشـت پێکهاتەکانـی بێـت، نەوەکـو ئامرازێـک بێـت بـۆ سـەپاندنی باڵادەسـتیی پێکهاتەیـەک بەسـەر پێکهاتەکانـی دیکـەدا.

چـۆن دەوڵـەت دەتوانێـت نیشـتمانی بێـت، یـان دەوڵەتـی هاووڵاتیبـوون بێت، یـان دەربـڕی گشـت کۆمەڵگـە بێـت، ئەویـش لـە کاتێکـدا بـە دەسـتوور بـۆ پێناسـێکی نەژادیـی دیاریکـراو قۆرخکـراوە و یەکێـک لـە ڕەنگەکانـی ئاڵاکـەی هەمـان ڕەنگـی ئـاڵای هـۆزی قورەیشـە و دوو ئەسـتێرەکەی سـەر ئاڵاکـەش ئامـاژەن بـۆ یەکگرتنێـک کـە بوونـی نییـە لەنێـوان دوو دەوڵەتـی (عـەرەب) و، مارشـە (نیشـتمانییەکەی) دەڵێـت: "لانـەی عەرەبچێتـی خانەیەکـی پیـرۆزە" و، تەنیـا زمانـی فەرمیشـی زمانـی عەرەبییـە؟

پێویسـتە پێناسـەی سـووریا بـەڕووی ئاسـۆی فرەڕەنگیـی ڕاسـتەقینەی خۆیـدا بکرێتـەوە و سـەرەتا لـەم بەناوەندیکردنـە نەژادییـە ڕزگار بکرێـت و، دان بـە پێناسـی ئـەوی دیـدا بنرێـت و ڕێـزی لـێ بگیرێـت. چونکـە بەبـێ ئـەم دانپێدانانـە بەپێـی گوتـەی چارلـز تەیلـەر، پێناسـەکە دەبێتـە پێناسـێکی کوشـندە. پێویسـتە میکانیزمێکـی ئاشـتییانە بدۆزرێتـەوە بـۆ بەڕێوەبردنـی فرەکولتـووری لـە سـووریا لەسـەر بنەمـای یەکسـانی وەک بەهایەکـی مرۆڤانـە

کـە سازشـی لەسـەر ناکرێـت. داننـان بـە پێناسـی تایبەتـی پێکهاتەکانـی وڵات، نـەک تەنیـا بـە چەمکـە فەلسـەفییە ڕەهاکـەی، بەڵکـو بـە چەمکـە کولتوورییەکەشـی، واتـە بـەو کولتـوورەی کۆمەڵگەیـەک جیـا دەکاتـەوە و ڕاسـتەوخۆ پشـت بـە زمانەکـەی دەبەسـتێت و، بـە واتـا سیاسییەکەشـی کـە بریتییـە لـە مافـی ئەوانـەی بـەو پێناسـە دەستنیشـانکراون، تـا کاروبـاری خۆیـان بەڕێوەبـەرن.

## فیدراڵیزم و جیابوونەوە

یەکێـک لـە شـێوازەکانی چارەسـەرکردنی تەنگـژەی دەوڵەتـی بەناوەندیکـراو لـە سـووریا فیدراڵیزمـە، کـە کـورد بـە زیاتریـن خوازیـار و داکۆکیکـەری دەژمێردرێـن. لـە کاتێکـدا لـە نێـو ناوەندەکانـی ڕژێـم و ئۆپۆزیسـیۆندا، چەنـد دەنگێکـی کـەم و نـزم نەبێـت، حوکمێکـی ڕەهـا بـاوە کـە پێیوایـە فیدراڵیـزم ڕێخۆشـکەرە بـۆ جیابوونـەوە.
لەڕاسـتیدا فیدراڵیـزم یەکێکـە لـە شـێوازەکانی ناناوەندیبـوون. ناناوەندیبوونیش وەک چەمـک سیسـتمێکە بـۆ دابەشـکردنەوەی دەسـەڵات و سـەرچاوەکان لەنێـوان ناوەنـد و قـەوارە خۆجێیەکانـی وەک هەرێـم و کەرتەکانـی خـاوەن سـیفەتی یاسـایی شـەرعی. ئاسـتەکانی ناناوەندیبـوون بەپێـی فرەوانـی و بەرتەسـکیی دەسـەڵاتەکانی دەوروبـەر دەگۆڕدرێـن. بـە سرووشـت، دەسـەڵاتەکانی دەوروبـەر چەنـد فرەوانـتر بـن ئەوانـدە دەسـەڵاتەکانی ناوەنـد بەرتەسـک دەبـن و وڵات کەمـتر ناوەندی دەبێـت و کەمتر ڕەق دەبێت و نەرمتر دەبێـت. لەکاتـی گەیشـتنە بەربەسـت و، وەک ئامرازێـک بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو دۆخـە سـەختانەی ڕووبـەڕووی دەوڵەتـی ناوەنـدی دەبنـەوە، چ لـە

ئاستی کارگێڕی بێت یان سیاسی یان ئابووری، بەهۆی چڕکردنەوەی دەسەڵات و داهات لە ناوەند و، دەبنە مایەی دەرکەوتنی ناهاوسەنگی لە بەشداریی سیاسی یان تەرخانکردنە دارایییەکان لە بودجەی گشتی یان بەشداری لە کەرتە جیاجیاکانی جومگەکانی دەوڵەت، پەنای بۆ دەبرێت. چونکە رۆچوون و بەردەوامی لەم دۆخی ناهاوسەنگییەدا رەنگە ببێتە مایەی تەنگژەگەلێک کە لەگەل تێپەڕینی کات قووڵتر دەبن و قەوارەی دەوڵەتەکە خۆی دەخەنە ژێر هەڕەشە.

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ناناوەندێتیی ئیداری و ناناوەندێتیی سیاسیدا هەیە. ناناوەندێتیی ئیداری **déconcentration** تەکنیکێکە بۆ رێکخستنی ئیدارەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی تایبەتمەندی لەنێو خودی دامەزراوەیەکدا، یان سەرەتایەکە بۆ گواستنەوە لە کارگێڕیی ناوەندییەوە بەرەو کارگێڕیی ناناوەندی کە دژبەرە لەگەڵ ناوەندیبوون وەک سیستمێکی کارگێڕی کە تیایدا دەسەڵاتی بڕیاردان لە لووتکەی دەوڵەت یان دامەزراوەکەدا چڕ بووەتەوە. بەمەش ناناوەندێتیی ئیداری سیستمێکە بۆ کارگێڕیی خۆجێی یان کارگێڕیی سەربەخۆ لەپاڵ هێشتنەوەی یەک دەسەڵاتی سیاسی و بەتایبەتیش یەک دەسەڵاتی یاسادانان. ئەم سیستمە نەرمی و ئاسانکاری بۆ دەرکردنی بڕیاری کارگێڕی لەلایەن دامەزراوە یان کەسانی ئاگەدارتر و شارەزاتر لە بابەت و کاروباری خۆجێی لە دەسەڵاتی ناوەند و کاربەدەستانی، دەستەبەر دەکات. دەکرێت ئەم سیستمە لەبەر چەندین هۆکاری جۆراوجۆری ئابووری یان جوگرافیایی یان دیمۆگرافیایی.. هتد، پیادە بکرێت. بەڵام ناناوەندێتیی سیاسی **dévolution** بریتییە لە دان یان گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە قەوارەیەکەوە بۆ قەوارەیەک و، بەگشتی لە قەوارەیەکی باڵاوە بۆ قەوارەیەکی خوارووی خۆی و،

بەگشـتی سـپاردنی دەسـەڵاتی پێویسـتە بەدەسـەڵاتی دەسـتووریی خۆجێـی بـۆ ئەنجامدانـی فەرمـان و ئەرکـی دیایکـراو کـە پێـی سـپێردراون.

کەتـە فیدراڵیـزم ڕێگەیەکـە بـۆ ڕزگابـوون لـە سـەختیی چارەسـەری پرسـگەلی فرەنەتەوەبـوون یـان بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت لە سایەی دەوڵەتێکـی ناوەندیدا. سیسـتمێکە بـۆ دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان و سـامانەکان لەنێـوان ناوەنـد و هەرێمـەکان بەجۆرێـک گشـت لایەنـەکان هەسـت بەبـوون و داننـان بـەو بوونـە و گەرەنتیکردنـی مافـەکان و هاوبەشـیی ڕاسـتەقینە بکـەن. بریتییـە لـە سیسـتمێکی سیاسـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی فرەنەتەوەیـی، یـان باشـترکردنی ئـەدای کارگێـڕی بەشـێوەیەک کـە پرۆسـەکانی گەشـە و بووژانـەوەی ئابـووری بەرەوپێـش ببـات.

سیسـتمی فیـدراڵ هـەن تەمەنیـان سـەدان سـاڵە و نەبوونەتـە مایـەی جیابوونـەوە. هەندێکیشـیان هـەن خۆیـان مافـی جیابوونـەوە بـە هەرێمەکانیـان دەدەن لەڕێـی گشتپرسـیەوە، کەچـی هەرێمـەکان بـە ویسـتی خۆیـان و بـە گشتپرسـیی ئـازاد، بڕیـاری مانـەوە لەنێـو دەوڵەتـە فیدراڵەکـەدا هەڵدەبژێـرن (هەرێمـی کیبکـی کەنـەدا وەک نموونـە). لەبـەر چـی؟ لەبـەر ئـەوە نـا کـە ئـەم هەرێمانـە نکۆڵـی لـە پێناسـی تایبـەت بـە خۆیـان دەکـەن، بەڵکـو لەبـەر ئەوەیـە کـە هەسـت بـە زەوتکردنـی ئـەو پێناسـە ناکـەن و، هەسـت بـە سـتەملێکراوی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـە فیدراڵەکـەدا ناکـەن. هەسـت بـە کەمکردنـەوەی مافەکانیـان ناکـەن و، هەسـتناکەن کـە بـەزۆر لـە چوارچێـوەی ئـەو دەوڵەتـە فیدراڵـەدا قەتیـس کـراون. سـەرباری ئەمانـەش دڵنیـان لـەوەی بەرژەوەندیەکانیـان لەنێـو دەوڵەتـە فیدراڵەکـەدا پارێزراوتـرە وەک لــە دەرەوەی.

لەڕاسـتیدا، قووڵکردنـەوەی شـێوازی دەوڵەتـی بەناوەندیکراو لـە کۆمەڵگەیەکی

فرەییـدا دەوڵـەت بۆمبڕێـژ دەکات و دەیکاتـە ئامانـج بـۆ لەتبـوون. ڕەنگـە لەتبوونەکـە لـە شـێوەی دابەشـبوونی دەوڵەتەکـەدا نەبێـت، کـە لەڕێـی پەیـمان و دانپێدانانـی نێودەوڵەتییـەوە پارێـزراوە، بەڵکـو لەتبوونـی بنیاتـی کۆمەڵگەیـی دەبێـت و، دەبێتـە هـۆکار بـۆ ململانێـی بـەردەوام و لەگـەڵ هـەر چەخماخەیەکـی لاوەکیـدا دەتەقێتـەوە. لێـرەوە، تەنیـا شـیکردنەوەی دەوڵەتـی سـادەی ڕەق و گۆڕینـی بـە دەوڵەتێکـی پێکەوەیـی نـەرم بـەس نییـە، بەڵکـو پێڕەوکردنـی بنەمـای مـاف و دەسـەڵاتی فـرەوان جێگرەوەیـە بـۆ ئـەو لەتبوونـەی لەبـەر هـۆکاری نێوخۆیـی و دەرەکـی دواخـراوە.
لەوانەیـە باسـکردنی شـێوازی فیدراڵـی ڕەوا بێـت لـەوڕووەی کـە ئایـا بۆ دۆخی سـووریا گونجـاوە یـان نەگونجـاوە، بـەڵام بەبـێ ئەوەی بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی لەسـەر بدرێـت و، بگوترێـت کـە دەبێتـە مایـەی جیابوونەوە.
لەئاکامـدا، شـێوازی پێشـنیازکراو بـۆ دەوڵەتـی داهاتـووی سـووریا هەرچییـەک بێـت، چارەسـەری پرسـی کـورد لەوەدایـە دەسـتوور دان بـە بوونی گەلـی کورد و بـە زمانەکەیـدا وەک زمانـی فەرمـی و، مافـی ڕەوای خـۆی لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ناوچەکانـی خۆیـدا بنێـت. لەگـەڵ مسـۆگەرکردنی سـوودبینینی لـە سـامانەکانی بەپێـی شـێوازێک کـە ڕێککەوتنـی لەسـەر بکرێـت. لـەم چوارچێوەیـەدا دەکرێـت شـێوازێک دابڕێژرێـت لەسـەر بنەمای دۆخی گشـتیی سـووریا و دۆخـی تایبەتـی کـورد. بەبـێ ئەمـە، چارەسـەر نادیـدە دەبێـت، یـان کـورت دێنێـت و، مەترسـیی گۆڕانـی بـۆ ململانێیەکـی کـراوە و بەردەوامیـش هەڵدەگرێـت بەهـۆی دەسـتوەردانە نێودەوڵەتـی و هەرێمییـە بێشـەرمانەکان لـە کاروبـاری سـووریا کـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی شـەڕی نێوخۆیـی، لـە ٢٠١٢وە سـەریان هەڵـدا و، چەنـد سـاڵێکە بوونەتـە شـەڕێکی بەوەکالـەت کـە زیـان بە سـوورییەکان بەگشـت پێکهاتەکانیانـەوە دەگەیەنێـت.

## ئەنجام

- سنووری سیاسیی دەوڵەتی سووریا لەلایەن هێزی نێودەوڵەتیی دەرەکییەوە داڕێـژراون، بەبێ گوێدانە فاکتـە جوگرافیایی و مرۆییـەکان و، هەندێ ناوچە لە کوردستان دابڕێنران و بە قەوارەی سووریاوە لکێنران.

- دەوڵەتی سووریا بە نێوەڕۆک و شێوە کۆنەکەی و سرووشتی رژێمە سیاسییەکەیەوە شکستی هێنا و، بۆ دووبارە داڕشتنەوە لەسەر هەمان بنەما کۆنەکان شیاو نییە.

- پێویستە پێناسی نیشتمانیی سووریا دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەک کە زەوتکردنی نەژادی یان تایفەگەرانە وەلا بنێت و ڕێز لە فرەجۆری بگرێت.

- پێویستییەکی زۆر هەیە بە پەیمانێکی نوێی کۆمەڵایەتی لەنێوان پێکهاتەکانی سووریا، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناناوەندی، کە رەنگە فیدرال بێت یان هەر شێوازێکی بنیاتنەری دیکە، کە گشت پێکهاتەکان بەبێ هەڵاوێرکردن و لێکەمکردنەوە لەئامێز بگرێت.

- سەبارەت بە کورد، چارەسەر بریتییە لەوەی دەستوور دان بنێت بەبوونی گەلی کورد و زمان و مافی رەوای بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی.

# ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

د.پەرویز رەحیم قادر

## پێشەکی

کۆماری ئیسلامیی ئێران شوناس یان ناسنامەی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو ناسنامەیە سێ رەهەندی سەرەکیی هەیە، کە بریتین لە رەهەندی بڕوابوون بە ئێرانشار، رەهەندی شۆڕشگێڕی و رەهەندی ئیسلامی-شیعی، کە کۆی ئەمانەش لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا رێنیشاندەریەتی. بۆیە سیاسەت و رەفتاری دەرەکیی ئێران لەسەر بنەمای جۆرێک لە عەقڵانییەتی ئایینی-ئەخلاقی و ئایدیالیستی پێناسە دەکرێت. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەهۆی ئەوەی کە سرووشتی رەوایی و هێز بڕواییە(عەقیدەتییە)، لەئەنجامدا سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیش ئایدیۆلۆژیاییە و پاراستنی دەسەڵات و دەستەبەرکردنی هێز لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پەیوەندیی بە پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی سیستمە سیاسییە عەقیدەتییەکەیەوە هەیە لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا. هەروەها

پاراستنی دەسەڵاتداریی حوکمڕانانی ئێران، گرێدراوی پەیڕەوکردنی ئەم ستراتیژەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا؛ بۆ نموونە چۆنییەتی پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا.

گرنگی ئەم نووسین و باسە لەوەدایە کە لەلایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری فراوانخوازی ناوچەیی، هەروەها ستراتیژ و چۆنییەتی ڕەفتاری سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی و لەلایەکی دیکەوە، پاڵنەر و هۆکار و ئامانج و ئامرازەکانی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ناسنامەی ئەم سیستمە سیاسییە ئایدیۆلۆژیاییە.

پرسی سەرەکی ئەم باسە بریتییە لە تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی ناسنامە سیاسی-شۆڕشگێڕانە-ئیسلامییەکەی و بۆ ئەم مەبەستەش ئامانجی سەرەکی ئەم نووسین و باسە ئەوەیە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە چ پەیوەندییەك لەنێوان بەها وناسنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتەدا هەیە؟ گریمانەی سەرەکیی ئەم نووسینە ئەوەیە کە بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی ناتوانین وەکو دەوڵەتێکی ئاسایی تەنیا بۆ هۆکارە ئاسایشییە مادی و بەرژەوەندییە ئابووری و نەتەوەییەکان بگەڕێینەوە. بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕەگەز و بنەما و پێکهێنەرە بەهایی و ناسنامەییەکانی ئەم دەوڵەتە کە سیستمە سیاسییەکەی لەسەر دامەزراوە، بۆئەوەی باشتر لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە تێبگەین.

ئەم باسە لە چەند تەوەرێك پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا باسی پەیوەندیی ناسنامە و سیاسەتی دەرەوە بەپێی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم دەکەین و لە بەشی دووەمدا سەرچاوەکانی ناسنامەسازی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەخەینەڕوو و لە بەشی سێیەمدا

کاریگەریی بەها و نۆرمە ناسنامەییە پێکهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە دەخەینەڕوو و لە بەشی چوارەم و کۆتاییدا پەیوەندیی نێوان ناسنامە و سیاسەتی فراوانخوازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا دەستنیشاندەکەین و پاشان دەرئەنجامەکانی باسەکەمان دەخەینەڕوو.

## یەکەم: سیاسەتی دەرەوە و ناسنامە

سیاسەتی دەرەوە کۆمەڵە ئامانج، هەڵوێست، ڕێباز و ئامرازێکە کە حکومەتێك بەرامبەر یەکە سیاسییەکانیتری نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بەدواداچوونیان بۆ دەکات. سیاسەتی دەرەوە هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر ڕەفتاری وڵاتانی دیکە بکات یان کاریگەری لەسەر کۆی سیستمی نێودەوڵەتی هەبێت کە ئەمەش لەهەنگاوی دروستبوونی بیرۆکەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ڕێکخستنیان لەچوارچێوەی ئامانج و مەبەستی دیاریکراو و دواتر دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی هەلومەرجی نێوخۆیی و دەرەکی کە کاریگەری لەسەر ئامانجەکان و شیکردنەوەی تواناکانی دەوڵەت و داڕشتنی پلان و ستراتیژی بۆ بەکارهێنانی تواناکان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکاندا هەیە. (پلانو و روی، 1375: ص21). سیاسەتی دەرەوە گرنگی بە پرسە جۆراوجۆرەکانی وەک: پرۆسەکانی هەنووکەیی لە ئاستی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی حکومەت، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و ستراتیژییەکانی هەڵبژاردنی عەقڵانی، ئامانجەکان و ئامرازەکان، ژینگە و سرووشتی سیاسی نێوخۆیی، بکەرەکان و ڕەگەزە دەرونییەکانیان و تێگەیشتنیان، ئایدۆلۆژیا، ژیۆپۆلیتیك

و تـا دوایـی، دەدات. لـەم روانگەیـەوە سیاسـەتی دەرەوە جەخـت لەسـەر پرۆسـە نێوخۆییەکانـی دروسـتکردنی بڕیـار دەکات و سیاسـەتی نێودەوڵەتـی تەرکیـز لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان دەوڵەتـان وەك سیسـتمێکی نێودەوڵەتـی و تایبەتمەندییەکانـی سیسـتمەکە دەکات (اقایـی و رسـولی، 1388: ص7).

"کۆنستـراکتیڤیزم" وەك لقێـك لـە تیۆرییـە رەخنەگەراییـەکان بـە خسـتنەڕووی تێگەیشـتنێك لـە سیاسـەتی ناسـنامەیی هەوڵـدەدات چۆنییەتـی رۆل و کاریگـەری کۆمەڵـە نێـوان زەینییـەکان وەکـو: ناسـیونالیزم، ئەتنیـك، نـەژاد، مەزهـەب و پرەسـتیژ، لـە سیاسـەتی دەرەوەدا شرۆڤـە بـکات. هەروەهـا کۆنستـراکتیڤیستەکان بڕوایانوایـە کـە گرنگـی بابەتەکانی ناسـنامەیی لەوەدایە کـە ناسـنامە بەشـێکە لـە پرۆسـەکانی پێکهێنـەری وڵاتێـك و لـە ئەنجامـدا رەفتـارە نێوخۆیـی و دەرەکییـەکان ئاراسـتە دەکات(کیانـی، 1386: ص111). ناسـنامەی ئەکتەر/بکـەرەکان لـە ناوەنـدی تیـۆری کۆنستـراکتیڤیزمدایە، لـەم ڕوانگەیەوە، ناسـنامە بـریتییە لـە تیگەیشـتنەکان و چاوەڕوانییـەکان دەربارەی (خـود) کـە تایبەتـە بـە ڕۆڵ بینیـن یـان بەجێهێنانـی ئـەرك (مشـیرزادە، 1385: ص332).

بەگشـتی کۆنستـراکتیڤیستەکان بڕوایـان بـە دووجـۆر ناسـنامە بـۆ دەوڵـەت هەیـە: یەکەمیـان، ناسـنامەی بەکۆمـەڵ. دووەمیـان، ناسـنامەی کۆمەڵایەتـی. ناسـنامەی بەکۆمەڵـی دەوڵـەت بنەمـای مـادی هەیـە، وەکـو: تایبەتمەنـدی وڵات و جوگرافیـا و دانیشـتووان و...تـاد، لەکاتێکـدا ناسـنامەی کۆمەڵایەتـی، لـە هەڵسوکەوت و مامەڵـەی دەوڵەتـان لەگـەڵ یەکتـری دروسـتدەبێت و دەبێتـە هـۆی جیـاوازی دەوڵەتـان لـە یەکتـری لـە سیسـتمی نێودەوڵەتیـدا (عگایـی و رسـولی پانـی ابـادی، 1389: ص221).

لەوبارەیـــەوە، بیرمەنـــدی ســـەرەکی قوتابخانەکـــە، ( ئەلێکســـاندر ونـــت

Alexander Wendt)، لـەو بڕوایەدایـە کـە گرفـت و کێشـە ئاسایشـییەکان و بـەم پێیـە سـەرهەڵدانی جەنگـەکان لەنێـوان ئەکتەرەکانـدا سرووشـتی نیـن، بەڵکـوو لـە ئەنجامـی بەجێهێنانـی ئەرکێکـی پیـرۆزە کـە بـۆ خۆیـان، قەناعەتیـان پێهێنـاوە و رازییـان دەکات (بیلیـس و اسـمیت، 1383: ص598).

لەڕوانگـەی تیـۆری کۆنسـتـراکتیڤیزم(Constructivism)، بـۆ ناسـین و شـیکردنەوەی رەفتـاری دەوڵەتـان لـە سیسـتمی نێودەوڵەتیـدا، دەبێـت پێـش هەرشـتێك گرنگـی و سـەرنج بدرێتـە ناسـنامەی ئـەو وڵاتانـە کـە بـۆ خۆیـان پێناسـەیان کـردووە، کـە دروسـتکەری عەقڵانییەتـی ئـەم دەوڵەتـە و پێناسـە کردنـی واقعییەتـە لەڕوانگـەی ئـەو ئەکتـەرەوە کـە بەرژەوەنـدی و ویسـتەکان و داخوازییەکانـی لـە پێونـدی لەگـەڵ جیهانـی دەرەوەدا بنیـات دەنێـت. هەروەهـا بەرگریکـردن لـەم ناسـنامەیە دەبێتـە کاری لەپێشـینەی سیاسـەتی دەرەوەی هـەر دەوڵەتێـك کـە ئەمـەش رەوایەتـی بـە رەفتارەکانـی ئـەو دەوڵەتـە دەدات و لەوانەشـە بـە پێچەوانەکـەی راسـت بێـت بـۆ ئەکتـەر و دەوڵەتێکـی دیکـە (رسـولی پانـی ابـادی، 1390: ص112). لەڕوانگـەی کۆنسـتـراکتیڤیستەکانەوە، ناکۆکـی و دژایەتـی ناسـنامەیی هـۆکاری سـەرەکی جەنـگ و پشـێویە، قەیـران و پشـێویش بەرهەمـی دروسـتکراوی ململانێیـە ناسـنامەییەکانە. بـەم هۆیەشـەکە هـاوکاری وەك پرۆسـەیەکی فێربوونـی کۆمەڵایەتـی سـەیر دەکرێـت، کـە دەبێتـە هـۆی تێگەیشـتنی یەکسـان و هاوبـەش لـە واقعییـەت، هەروەهـا دەبێتـە هـۆی دووبـارە پێناسـە کردنـەوەی بەرژەوەندییـەکان کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی پەرەسـەندنی ناسـنامە کۆییـەکان یـان بەکۆمـەڵ، کـە دەتوانێـت هاوکێشـەی ئاسایشـی چارەسـەر بـکات (اسـکندریان، 1383: ص184).

لـەم روانگەیـەوە، تیـۆری کۆنسـتـراکتیڤیزم بـۆ شـیکردنەوەی سیاسـەتی

دەرەوە دەتوانێــت زۆر گونجــاو بێــت. بەهــۆی ئــەوەی کــە بــەم گریمانــەوە دەســتپێدەکات کــە بکــەران جیهانــی خۆیــان دروســتدەکەن و سیاســەتی دەرەوەش بــواری هەڵبژاردنەکانــە و ژینگەیەکــە تیایــدا بکــەرەکان تەفســیر دەکــەن، بڕیــار وەردەگــرن، رادەگەیەنــن و جێبەجێدەکــەن، بۆیــە سیاســەتی دەرەوە جۆرێکــە لــە بنیاتنــان و دروســتکردن، واتــا ئەکتەر/بکــەرەکان بڕیــاردەدەن کــە وابــن. هەروەهــا کاریگــەری بەهــا و پێوەر(نــۆرم) لەســەر سیاســەتی دەرەوە لەڕێگــەی پرۆســەی بەکۆمەڵایەتیبوونــەوە دەبێــت لــە هــەردوو ئاســتی نەتەوەیــی و نێودەوڵەتیــدا، واتــا پێــوەرە نێوخۆیــی و پێــوەرە ســەروو نەتەوەییــەکان (جــوادی ارجمنــد، 1389: ص43).

## دووەم: سەرچاوەکانی ناسنامە-سازی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

مەبەسـت لـە سـەرچاوەکانی ناسنامە-سـاز، کۆمەڵێـك رەگـەزی بنیاتنەرانەیـە لـە سیسـتمەکانی بەهایـی و پێوەریـدا، کـە دەبنـە هـۆی دروسـتبوون و پێکهاتـن و بەرجەسـتەبوونی تایبەتمەندییەکانـی کۆمەڵایەتی، سیاسـی و کولتـووری دەوڵەتی ئێـران، کـە ئـەم دەوڵەتـە لـە دەوڵەتەکانـی دیکـە جیادەکاتـەوە. ئـەم سـەرچاوە ناسنامە-سـازانە، بنەمـای لێکدانـەوە و تێگەیشـتنی سیاسـەت داڕێژەرانـەن لـە بـواری پەیوەندیـە نێودەوڵەتیـەکان و سیاسـەتی دەرەوە، هەوەرهـا رووداوەکان، ئامانــج و مەبەســتەکانی ئەکتەرەکانــی دیکــە، کــە لــە قۆناغــی دواتــردا، کاردانـەوەی گونجـاو بەرامبـەر ئەوانـدا پێناسـە دەکات. مێـژووی ئێـران، ئایینـی ئیسـلام و مەزهەبـی شـیعە، گوتـاری شۆڕشـی ئیسـلامی، جیهانـی سـێیەمگەرایی و ژیۆپۆلێتیـك، وەك بەشـێك لـە سـەرچاوەکانی ناسنامەسـاز، لـە سیاسـەتی

دەروەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا دەناسرێـن (دهقانـی فیـروز ابـادی و نوری،"کتـاب"، 1391: ص70). بـۆ نموونـە گوتـاری جیهانـی سـێیەمگەرایی یەکێـك لـە سـەرچاوەکانی ناسنامەسـازی لـە سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێراندایـە. ئـەم سیسـتمە مانایـە بەبـڕوای دامەزرێنـەران و تیۆریسـییەنەکانی کۆماری ئیسـلامی ناوەڕۆك و گەوهەرێکی دژە کۆلۆنیالیسـتی، دژە ئیمپریالیسـتی و دژە هەژمونگەرایـی لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە. جیهانـی سـێیەمگەرایی دژی بارووودۆخـی هەنووکەیـی و سیسـتمی سیاسـی-ئابووری نێودەوڵەتییـە و لـە هەوڵـی چاکسـازی وهەموارکردنـی بارودۆخەکـە بـە ئاراسـتەی گەیشـتن بـە سیسـتمی دڵخـوازە بەمەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی ئاسـایش و بەرژەوەندیـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران و وڵاتانـی نـاسراو بـە جیهانـی سـێیەم یـان هەروەکـو ئێسـتاکە لـە پـاش رووخانـی یەکێتـی سـۆڤیەت و بلۆکـی رۆژهـەڵات لـە سـاڵی(1991) پێـی دەگوتـرێت وڵاتانـی پەرەنەسـەندوو یـان باشـوور. ئـەم گوتـارە؛ بنەمـاکان، رێسـاکان، پێـوەرەکان و دامـەزراوە سـەرەکییەکانی سیسـتمی نێودەوڵەتـی وەکـو: دەوڵـەت و سـەروەریی نەتەوەیـی و دەسـتێوەرنەدان لـە کاروبـاری نێوخـۆی وڵاتـان قبـوڵ دەکات، بـەڵام بـڕوای وایـە کـە سیسـتمی هەنووکەیـی نێودەوڵەتـی لـەڕووی رێسـا و یاسـاکان و هەروەهـا ئابوورییـەوە دەبێـت لـە بەرژەوەندیـی وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم گۆڕانـکاری بـە سـەردابێت (دهقانـی فیـروز ابـادی، 1388: ص180).

یەکێك لـە نـۆرم و پێوەرەکانـی بەهایـی گرنـگ لـە ناسـنامەی کۆماری ئیسـلامیی ئێـران کـە رۆڵـی سـەرەکی لـە رەفتارەکانـی سیاسـەتی دەرەوەیـدا هەیـە، پاراسـتنی بەرژەوەنـدی سیسـتمی ئیسـلامییە. ئـەم پێـوەرە بەهاییـە لـە بـواری پەیوەنـدی دەرەکـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لەگـەڵ سیسـتمی نێودەوڵەتـی و وڵاتانـی دیکـە، دەتوانێـت ببێتـە هـۆی دووجـۆرە رەفتـاری جیـاواز. یەکـەم:

لــە هەنــدێ دۆخــدا بەپێــی ئــەم بنەمایــە بەرژەوەنــدی دەوڵەتــی ئیســلامی وادەخوازێــت، کــە لەســەربنەمای زەرورەتــی مانــەوەی دەوڵەتــی ئیســلامی، هەوڵبــدات خــۆی لەگــەڵ بەهــا و پێــوەرە نێودەوڵەتیــەکان بگونجێنێــت یــان قبوڵیــان بــکات هەرچەنــدە کاتــی بێــت. دووهــەم: لــە هەنــدێ دۆخــدا ئــەم بەرژەوەندییــە بــە مانــای پاراســتنی بەهــاکان و ڕێســاکانی ئیســلامی و ڕێگرتنــە لــە نفــوزی بێگانــەکان لــە وڵات کــە لــەم حاڵەتــەدا، بــۆ پاراســتنی ئــەم بەهــا باڵایانــە دەتوانێــت پێــوەر، بەهــا، ڕێســا و یاســا نێودەوڵەتییــەکان، لەبەرچــاو نەگرێــت یــان پێشــێلیان بــکات (مشــیرزادە، مقالــە، 1385: ص23).

لێــرەوە دەتوانییــن بڵێیــن کــە پاراســتنی بەرژەوەنــدی سیســتم ڕەوایــی هــزری خــۆی لــە (بنەمــای تەقییــە) وەردەگرێــت. هەروەهــا لەمباریــەوە ئایەتوڵــڵا خومەینــی دەڵێــت: "پاراســتنی ئیســلام و حکومەتــی ئیســلامی، لــە نوێــژ گرنگتــر و پڕبایەختــرە."(موسوی خمینــی، 1377: ص58). چەمکی پاراســتنی بەرژەوەندی سیســتم(حفظ النظــام) بــە دوو واتــا بەکاردێــت: ا- پاراســتنی یەکپارچەیــی و یەکێتــی نێوخۆیــی و دامــەزراوەکان لــە پشــێوی و ناســەقامگیری. ب- پارێــزگاری لــە کیانــی ئیســلامی و موســڵمانان و بەرامبــەر هەڕەشــە و هێرشــی دووژمنــان و کافرەکان.(نائینــی، 2003: 7). بۆیــە فەقیهــە شــیعەکان لــە کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران پاراســتن و دەســتەبەرکردنی ئاسایشــی دەوڵەتــی ئیســلامی بــە ســەرووی هــەر شــتێکی دیکــە دادەنێــن و بــە بەرزتریــن ئــەرك (واجــب) پێناســە دەکــەن. تەنانــەت ئامانجــی دروســتکردنی حکومەتــی ئیســلامی بــۆ پاراســتنی ئیســلام، دەزانن.(شریعتــی، 2008: 263-262). بــەم پێیــەش، کۆمــاری ئیســلامی ڕاگرتنــی بڕیــارە شــەرعییەکان و مافەکانــی خەڵــك بــۆ پاراســتنی سیســتم و تەنانــەت کاری سیخوری بــۆ ئیســلام و پاراســتنی ئاسایشــی حکومەتــی ئیســلامی بــە ئەرکێکــی پیــرۆز و ڕەوا دەزانن.(امــام خمینــی، 2010، ج 21: 142).

## سێیەم: ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران، ئایەتوڵـلا خومەینـی وەک ڕێبـەری ئـەم شۆڕشـە پێداگـری لەسـەر ڕەهەنـدی سیاسـیی ئایدیـا و بنەمـا ئیسـلامی و شـیعییەکان و پەیوەنـدی ئاییـن لەگـەڵ سیاسـەت دەکـرد و بـەم پێیـە ئامانجـی کۆتایـی شۆڕشـی ئیسـلامیی بـە گەڕانـەوەی ناسـنامە ئیسـلامییەکەی بـۆ ئێـران دەزانی.(امـام خمینـی، صحیفەنـور، ج 5، 1991: 178). لەلایەکـی دیکـەوە، گرنگیـی هـزری سیاسـی/فقهی شـیعی بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی لـەوە دایـە کـە پێکهێنـەر و بنیاتنـەری تێگەیشـتنی موسـوڵمانان و سیسـتمی سیاسـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـە لـە جیهـان کـە تەعامولـی لەگـەڵ دەکـەن، بـەو واتایـە کـە جیهـان و سیسـتمی نێودەوڵەتـی لـەم ڕوانگەیـەوە واتـادار یـان مانـادار دەبێـت. لـە ڕوانگەیەکـی دیکـەوە، فقهـی سیاسـی شـیعی پێناسـەی سیاسـەت و چۆنییەتـی جێبەجێکردنـی دەکات. هەروەهـا دەستنیشـانی دۆسـت و دووژمـن و پەیوەندیـەکان و دۆخـی ئاسـایش و نائاسایشـی دەکات. بـەو پێیـەی کـە کۆمەڵـە پێـوەر و بەهایەکـە کـە چوارچێـوەی ڕەفتاریـی ئـەم سیسـتمە سیاسـییە دەستنیشاندەکات.(شـبان نیـا، 2006: 102).

تەنانـەت هـزری سیاسـی/ فقهـی شـیعی بـە پاڵپشـتی ئایەتـی (60) لـە سـوورەتی ئەنفالـدا کـە دەڵێـت: "بەرامبـەر کافرانـدا تاوەکـو ئـەو جێگەیەی کە دەتوانـن خۆتـان ئامـادە بکـەن. تاوەکـو دووژمنانـی خـوا و دووژمنانـی خۆتـان بترسـێنن.."، بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی موسـڵمانان و حکومەتـە ئیسـلامییەکەی لـە بـواری نێودەوڵەتیـدا "جیهـاد" دێنێتـە ئاراوە.(پرهیـزکار، 2011: 183).

هەروەهـا فقهـی سیاسـی شـیعی، سیسـتمی سیاسـیی ئێـران بـۆ پاراسـتن و

دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئۆمەت و حکومەتی ئیسلامی رادەسپێرێت یان ئەرکداری دەکات کە پەیڕەوی لە چوارچێوەی بنەما فقهییەکان بکات یان رەچاویان بکات. بۆ نموونە، بنەمای فقهیی "نەفی سەبیل" لە سیاسەتی دەرەوەدا لەڕێگەی دووژمنایەتی یان سیاسەتی رێگەگرتن لە زاڵبوونی ناموسوڵمانەکان و دەوڵەتە زلهێزەکان و بەگشتی جیهانی رۆژئاوایی پراکتیزە دەکرێت. بۆیە هەر ئەمەیش وادەکات کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا بە توندی رووبەڕووی بەها و نۆرم و سیستم و رژێمە رۆژئاواییەکان ببنەوە و ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بە بەشێك لە ئەرکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیایی خۆیانی بزانن.(متقـي، 2007: 27).

مادەی (3) لە دەستوری کۆماری ئیسلامیی ئێران، حکومەت بە بەرپرسیار دەزانێت و رایدەسپێرێت تا هەموو تواناکانی خۆی بۆ گەیشتن بەڕادەی بەرزی هێزی تەواوی بەرگری نەتەوەیی لەڕێگەی پەروەردەی سەربازی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاك و سیستمی ئیسلامی وڵات، بەکاربێنێت. لە بڕگەی (16) لە مادەی سێیەم، رێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئیسلامی، بەرپرسیاریی برایانە بەرامبەر هەموو موسوڵمانان و پاڵپشتی و پشتیوانی بێوچان لە زوڵملێکراوانی هەموو جیهان بە ئەرکی دەوڵەت دەزانێت(دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەموارکراوی ساڵی 1989).

لەم چوارچێوەیەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵدەدات بۆ دروستکردن و پێناسەکردنی ناسنامەیەکی نوێ بۆ جیهانی ئیسلام و پێشکەشکردنی دۆکتۆرینی (دیموکراسی ئایینی) بۆ وڵاتانی ئیسلامی و پەرەپێدانی خەباتی بڕوایی و رزگاریخوازانە لەسەر بنەمای ئیسلام، لەهەمبەر ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رۆژئاوادا هێزێکی کاریگەر دروستبکات، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە بزوتنەوە رزگاریخوازەکان و بنەماکانی هزری جیهاد و دژایەتی ئیستکبار و بڵاوکردنەوەی رۆحی سەربەخۆییخوازی بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل وەردەگرێت و هەوڵدەدات کە ئەمە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و عەرەبی نەبێت، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیك و ئایینی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵدەدات هەموو رەگەز و فاکتەرەکان وەکو: بڕوایی، ئایدۆلۆژیایی، ئایینی، ژیۆپۆلێتیك و تەنانەت فاکتەری وزە (نەوت و غاز) و...تاد، بەکار بێنێت(دهشیری، 1383: ص45).

رەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتانەی کە بە شۆڕش یان بزووتنەوەیەك دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، لەژێر کاریگەری ئەم شۆڕشەدا، رەفتارێکی شۆڕشگێرانەیە و ناچێتە ژێر رێسا باوەکان یانوەک دەوڵەتانی ئاسایی عەقڵانییەت و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پێشبینیکردنەوە. شۆڕشگێڕەکان دەیانەوێت بنەماکانی شۆڕشەکەیان لە چوارچێوەی سنوورەکانیاندا قەتیس نەمێنێتەوە و هەناردەی دەرەوە بکرێت. بۆیە سرووشتی هەر شۆڕشێك پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەیەتی و، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە لە ژێر کاریگەری هزری سیاسی شیعە و روانگەی جیهانگەرایی و دادپەروەری تەوەریدایە، بەردەوام هەوڵی فراوانبوون و دژایەتی پێکهاتە هەنووکەییەکانی سیستمی نێودەوڵەتی دەکات و رەوایەتی خۆی لە بنەما هزری و فیقهیەکانی شیعە وەردەگرێت، وەکو: (الامر بالمعروف والنهي عن المنکر)، (الدعوه)، (العداله)، (نفی سبیل) و... هتد (حسینی،1387: ص863).

یەکێك لە رەگەزەکانی ئایدولۆژیای ئیسلامی-شیعی کە رۆڵی گرنگی

لـە چییەتـی و چۆنییەتـی پەیوەندییەکانـی دەوڵەتـی ئیسـلامی (ئێـران) لـە سیسـتمی نێودەوڵەتیـدا هەیـە، بنەمـای (تـەوەلا و تەبـەڕی)یە، لـەم روانگەیـەوە (تـەوەلا) بـە مانـای دۆسـتایەتی و بـە تایبـەت دۆسـتانی خوایـە و دروسـتکردنی پەیوەنـدی و ئەولەویەتدانـە بـە تەعامول لەگەڵیان.(تەبـەڕی) یـش بـە مانـای بێـزاری و نەفـرەت لـە دووژمنانـی خـوا و بەربەرەکانـی لەگـەڵ کافـرەکان. لەسـەر ئـەم بنەمایـە پێوەرێـك دروسـتدەبێت بـۆ دابەشـکردنی وڵاتانـی جیهـان لـە سیاسـەتی دەرەوەدا بـۆ شـەش گرووپـی: (بـرا، بێلایـەن، سـەرکەش) لـە گرووپـی وڵاتانـی موسـڵماندا و (دۆسـت و بێلایـەن و دووژمـن) لـە گرووپـی وڵاتانـی کافـردا، پێشـکەش دەکات. هەروەهـا ئەولەوییەتـی پەیوەندیـەکان لـە سیاسـەتی دەرەوەدا دەستنیشـاندەکات، یەکـەم: پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتانـی جیهانـی ئیسـلام، پاشـان وڵاتـە دراوسـێکان و دواتـریش دەوڵەتانـی سـەروو ناوچەیـی کـە بـە دارولحـەرب نـاسراوە (موسـوی زادە، 1387: ص211).

مەبەسـت لـە "دارالحـرب" ئـەو وڵاتەیـە کە لە دۆخـی جەنگدایە لەگەڵ ئیسـلام و موسـڵمانان. هەروەهـا فەقیهە شـیعەکان پێـوەری "دارالحرب" بە سـەروەریی کافـرەکان و جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی نا-خوایی دەزانن. بـەم پێیە "دارالحرب" لـە فاکتەرەکانـی هەڕەشـەکەری سـەر ئاسایشـی نەتەوەیی دەوڵەتی ئیسـلامییە و بۆیـە حوکـم یـان بڕیارەکانـی "جیهـاد" دەربـارەی رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو مەترسـی و هەڕەشـەیە دارێژراوە.(عمید زنجانـی، 1993: 261).

لـەم روانگەیـە و بەپێـی نێوەڕۆکـی سیسـتمی سیاسـی-ئایدیۆلۆژیایی کۆمـاری ئیسـلامییەوە، سـنوورە بڕوایـی و ئایدیۆلۆژییـەکان جێگـەی سـنوورە جوگرافیاییـەکان دەگرنـەوە و ناسـنامەی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕەگەزەکانـی ناسـنامەی ئیسـلامی، ناسـنامەی شۆڕشی ئیسـلامی و ناسـنامەی ئێرانی پێکدێت،

ئەوانــەش پێکــەوە گرێــدراو و تێکئــاڵاون و لەکاتــە جیاوازەکانــدا لەوانەیــە ڕەگەزێکیــان بەهێزتــر بێــت. کاریگــەری ناســنامەی نەتەوەیــی لــە کۆمــاری ئیســلامی لەســەر سیاســەتی دەرەوە لە ڕێگەی پێناســەکردن و دەستنیشانکردنی ڕۆڵــە جیاوازەکانــدا دەبێــت، چونکــە پێکهاتەکانــی ناســنامەی کۆماری ئیســلامی جیــاواز و فــرە چەشــنن، ئــەوە ئــەم دەوڵەتــە ڕۆڵــی فــرە و جیــاوازی دەبێــت لــە سیاســەتی دەرەوەدا، بــۆ نموونــە ڕۆڵەکانــی بریتیــن لــە: دەوڵەتــی دادپــەروەر تــەوەر و دژی زوڵــم، بکــەری دژە دەســەڵاتی زاڵــی ناوچەیــی ونێودەوڵەتــی، دژی ئیمپریالیــزم و زایۆنیــزم، دژی ئیســتکبار، ســەنگەری شۆڕشــی ڕزگارکەرانــە، بەرگریــکاری ئیســلام و شــیعە، پشــتیوانی چەوساوەکان(موســتەزعەفین)، ئیلهامبەخشــی لــە جیهانــی ئیســلامدا، ناوەندیبوونــی جیهانــی ئیســلام، دەوڵەتی نموونــەی بــاڵا و سەرمەشــق، یارمەتیــدەری یەکێتــی و یەکگرتوویــی جیهانــی ئیســلام، دەوڵەتــی پێداچوونەوەخــواز و پێکهاتەشــکێن، دەوڵەتــی ســەربەخۆ، پشــتیوانی بزوتنــەوە ڕزگاریخــوازەکان، هاوپەیمانــی وەفــادار و...تــاد (دهقانــی فیــروز ابــادی، 1386: ص79).

بنەمــای بانگەشــەکردن و بانگخــوازی، لــە گرنگتــرین بنەماکانــی سیاســەتی دەرەوەی حکومەتــی ئیسلامییە(شــیعییە) کــە سرووشــتی سیاســەتی دەرەوە لەڕوانگــەی ئیسلامەوە(تەشــەیوع) شرۆڤــە دەکاتــەوە. بەپێــی ئــەم ڕوانگەیــە، وادادەنرێــت کــە ئــەم کارە لەســەر بنەمــای پەیــام و بەرپرســیارێتی جیهانیــی ئایینــی ئیســلامە وەك دوایــن ئاییــن کــە لــە چوارچێــوەی بەختــەوەری هەمــوو مرۆڤەکاندایــە و پێویســتە بانگەشــەی بــۆ بکرێــت و ئەمــە جۆرێکــە لــە ئەرکــی سیاســی و ئایینــی بــۆ حکومەتــی ئیســلامی بــە مەبەســتی ســەرکەوتنی کۆتایــی (قزوینــی، 1374: ص66). لێــرەوە یەکێــك لــە بنەماکانــی سیاســەتی دەرەوەی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران کــە دەرهاوێشــتەی سیســتمی هزری-ئایینــی

وئایدۆلۆژیـای تایبەتـی مەزهەبیـی دەسـتەبژێر سیاسـییەکانییەتی، بنەمـای بانگەشـەکردن یـان بانگەوازکـردن کـە لـە وتەکانـی ڕێبەرانـی بـاڵای کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـە پرەنسـیپێکی بنەڕەتیـی لـە سیاسـەتی دەرەوەدا نـاو دەبـردرێت. مەبەسـتیش لێـی بڵاوکردنـەوە و گەشـەپێدانی هـزری ئیسـلامی-شۆڕشـگێرانەیە و بانگـەواز بـۆ بنەماکانـی ئایینـی ئیسـلام و پەیڕەوکردنییەتـی (زارعـی، 1391: ص99). بنەمـای بانگەشـە کـردن بـۆ ئیسلام(شـیعە)، سرووشـت و چۆنییەتـی جیهـاد و هەناردەکردنـی شۆڕشـیش شـیدەکاتەوە. لـە لایەکـی دیکەیـش قبوڵنەکردنـی نـۆرم یـان پێوەرەکانـی نێودەوڵەتـی و سیسـتمی جیهانـی و هەوڵـدەدات بـۆ دروسـتکردنی پێـوەر و سیسـتمێکی نـوێ بـۆ یەکێتـی و یەکگرتوویـی جیهانـی ئیسـلام و ئۆمەتـی ئیسـلامی، هەروەهـا بڵاوکردنـەوەی کولتـووری شـەهادەتخوازی و چاوەڕوانـی هاتنـی رزگارکـەر. لەم ڕوانگەیـەوە، ئاشـتی و ئاسـایش تەنیـا لەسـەر بنەمـای دادپـەروەری سـەقامگیر و جێگیـر دەبێـت کـە ئەمــەش روونـادات تەنیـا بـە سـڕینەوەی زوڵـم و زۆرداری لەرێگـەی جیهـاد لـە پێنـاو شـەریعەتی خـوا، ئەمـەش لـە سیاسـەتی پشـتیوانیکردنی موسـتەزعەفان و بزووتنـەوە رزگاریخـوازەکان لـە سیاسـەتی دەرەوەدا رەنگدەداتـەوە (موسـوی زادە و جاودانـی مقـدم، 1387: ص213).

لێکەوتـە و دەرهاوێشـتەی دەرەکـی ئـەم بنەمایـە لەڕوانگـەی سیسـتمی هزریـی- ناسـنامەیی کۆمـاری ئیسـلامی دا، بریتییـە لـە پاڵپشـتی و پشـتیوانی ئابـووری لەلایـەن، ئیـمام یـان وەلـی ئەمریـی موسـڵمانان بـۆ بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی و داکۆکـی بـۆ جیهـاد. ئەمـەش بـە ئامانـج و مەبەسـتی دوو دەسـتە خەڵـك و لایـەن دەکرێـت:

ا- ئـەو کـەس و لایەنانـە کـە هێـز و دەسـەڵاتیان هەیـە و دەکرێـت بـۆ بەرژەوەنـدی موسـڵمانان یـان دەوڵەتـی ئیسـلامی بـەکار بهێندرێـن.

ب- ئـەو کەسـانەی کـە هێـزی مادیـان نییـە، بـەڵام دەکرێـت بـۆ بەرژەوەنـدی دەوڵەتـی ئیسـلامی بەکاربهێندرێن.(شریعتی، 2008: 313).

بۆیـە لـە بـواری سیاسـەتی دەرەوەدا ئـەم بنەمایـە بەرامبـەر دەوڵەتانـدا دەکرێـت و لەڕێگـەی پاڵپشـتی سیاسـی، سـەربازی، چـەك، ئابـووری و دانپێدانـان بـە دەوڵـەت و..تـاد، جێبەجێدەکرێـت. هەروەهـا لەڕێگـەی پاڵپشـتی و یارمەتیـی سـەربازی و دارایـی و..تـاد، بـۆ پـارت و ڕێکخـراو و بزووتنەوەگەلێـك دەکرێـت کـە پاڵپشـتی لـە سیسـتمی ئیسـلامی دەکـەن.(شـکوری، 1998: 427-424). ئەمـەش لەچوارچێـوەی سـتراتیژیی سیاسـەتی دەرەکـی و دیپلۆماسـیی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران وەک ئامـرازی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی ئەنجامدەدرێـت. هەربۆیـە ئیمـە پشـتیوانی توونـدی کۆمـاری ئیسـلامی لـەو بزووتنـەوە توونڕەوانـە دەبینیـن کـە بـە تیرۆریسـت ناسـێنراون وەک؛ حیزبوڵـلای لوبنـان و حەماس و جیهادی ئیسـلامیی فەلەسـتین و حووسـییەکانی یەمـەن و. .

لەلایەکـی دیکـەوە، ئایدیـا و بنەمـای چاوەڕوانی بـۆ دەرکەوتن و ئاشـکرابوونی ئیمامـی زەمـان (مەهـدی)، یەکێکـی دیکـە لـە ڕەگەزەکانـی ناسـنامەی ئایینـی-شـیعی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران. ئێرانییـەکان بـە پشتبەسـتن بـە هەنـدێ گێڕانـەوە (روایـت) دەربـارەی بزوتنـەوە و هەسـتانەوە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە پێـش لـە دەرکەوتـن و ئاشـکرابوونی ئیمامـی مەهـدی، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـە ئەرکـی خـۆی دەزانێـت کـە بەسـتێنی بەدیهاتنـی ئـەم ئایدیایـە ئامـادە بـکات (عشـقی، 1379: ص62). ئـەم گێڕانەوانـە وادەکات ئێرانییـەکان تێگەیشـتنێکی تایبەتیـان هەبێـت بـۆ پێگـەی خۆیـان لـە جیهـان و هەوڵبـدەن بـۆ هەناردەکردنـی شـۆڕش، هەروەهـا هەوڵـدان بـۆ دووبـارە داڕشـتنەوەی سیسـتمی نێودەوڵەتـی هەنووکەیـی و پشـتیوانیکردن لـە بزووتنـەوە

رزگاریخــوازەکان لــە ڕەنگدانەوەکانــی بنەمــا و ئایدیــای ئاشــکرابوون و دەرکەوتنــە لــە سیاســەتی دەرەوەی کۆمــاری ئیســلامیی ئێرانــدا (فاچلــی نیــا، 1388: ص296).

هەروەهــا، ڕۆحــی بەرخــۆدان و خەباتگێــڕی کــە دەرهاوێشــتەی ئامۆژگارییــە مەزهەبییەکانــی شــیعەیە، بووەتــە پێوەرێکــی ناســنامەیی بــۆ ئێــران. هــەر لەســەر ئــەم بنەمایەیــە کــە کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران هەرجۆرێــك لــە ســازش لــە بەرامبــەر گوشــارەکانی سیســتمی نێودەوڵەتــی، لەســەر پــرس و بابەتــە جیاوازەکانــدا (وەکــو وەلانــان یــان پاشــگەزبوونەوە لــە پەرەپێدانــی پرســی ئەتۆمــی و پەرەپێدانــی توانــا مووشــەکییە دوورهاوێــژ و بالســتییەکان و هەناردەکردنــی شــۆڕش و هەروەهــا پاڵپشــتی لــە بزووتنــەوە توونــدڕەوەکان وەک: حیزبوڵــلای لوبنــان و حەمــاس و جیهــادی ئیســلامی و حووســییەکان و تەنانــەت دژایەتــی ئیسرائیــل و ئەمریــکا و...) ڕەتدەکاتــەوە و درێــژە بــە سیاســەتەکانی خــۆی دەدات. چونکــە بــە پێــی ئــەم پێــوەرە ناســنامەییە، ڕۆحــی سازشــنەکردن و خۆڕاگــری لەبەرامبــەر کێشــە و گوشــار و ئابڵووقــە و گرفتەکانــدا، بــۆ ڕێبــەر و دەســەڵاتدارانی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران بۆتــە بەهایــەك لــە سیاســەتی دەرەوەی کۆمــاری ئیســلامیی ئێرانــدا (رســولی پانــی ابــادی، 1390: ص99).

لــە ڕوانگــەی دەســتەبژێر سیاســییە ئیســلامییەکانی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران، دەوڵــەت ڕەهەندێکــی ســەروو نەتــەوەی هەیــە و ڕەوایــی خــۆی لــە خواوەنــدەوە وەردەگرێــت و ئەمــەش بــەو مانایەیــە کــە ســەروەری نەتەوەیــی و ســەروەری ئیلاهــی پێکــەوە کۆدەکرێنــەوە. ســەروەری کــە لەلایــەن خواوەندەوەیــە لەڕێگــەی ئیمامەکانــی شــیعەوە دەدرێتــە "وەلــی فەقیــە" و لێــرەوە ئیســلام (تەشــەیوع) ڕەگــەزی بنەڕەتیــی پێکهێنــەری ناســنامەی کۆماری

ئیسـلامیی ئێرانـە و نەتەوەگەرایی(ناسـیۆنالیزم) لاواز دەبێـت. بـەم پێیـەش ئێـران بەشـێکە لـە ئۆمەتـی گـەورەی ئیسـلام و دەبێـت سیاسـەتی دەرەوە هەوڵبـدات کـە بەرژەوەندییـەکان لەسـەربنەماکانی ئیسلام-شـیعیزم پێناسـە بـکات و دابـڕێژێت، هەروەهـا پێویسـتە دەوڵـەت ئـەرك و بەرپرسـیاریی ئیسـلامی و سـەروو-نەتەوەیی خـۆی بەجـێ بگەیەنێـت (فرزانـە پـور، 1388: ص129).

لەلایەکـی دیکەشـەوە، بەپێـی چەمکـی "ویلایەتـی فەقیـە"، بـواری جوگرافیایی دەسـەڵاتەکانی وەلـی فەقیـە لـە چوارچێـوەی جوگرافیاییـدا سـنووردار نابێـت، بەڵکـوو سـەروو نەتەوەییـە و هەمـوو موسـوڵمانانی جیهـان دەگرێتـەوە و ئەرکـی وەلـی فەقیـە ڕێبەرایەتـی و ئاراسـتەکردن و ڕێکخسـتن و هەماهەنگـی هەمـوو موسـوڵمانانی جیهانـە بـۆ هاتنـە ئـارای ئۆمەتـی تاقانـەی ئیسـلامی و دروسـتبوونی حکومەتێکـی جیهانـی ئیسـلامی. لێرەوەیـە کـە نەتـەوە بەشـێکە لـە ئۆمەتـی ئیسـلامی و ئاسـایش و بەرژەوەندییەکانـی بـە پێـی ئاسایشـی ئۆمەتـی ئیسـلامە.(کریمی ملـە، 2014: 707).

دوو نووسـەر بـە ناوەکانـی (مایـکل بارێنـت و شـبلی تێلهامـی)، بڕوایانوایـە کـە ناسـنامەی دروسـتکراوی پـاش شۆڕشـی ئیسـلامی لەسـەر بنەمـای ناسـیونالیزمی مێژوویـی ئێرانـی و ئیسـلامی سیاسی-شـیعی و دژایەتـی ئیمپریالیـزم، سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران ئاراسـتە دەکات و ڕەوایـی پێـدەدات. هەروەهـا بڕوایانوایـە سـەردەمانێك یـان لـە قۆناغێـك کـە ڕەگـەزی ناسـیونالیزم لـە ئێرانـدا زاڵبـوو، ئـەوە سیاسـەتی هێرشـبەرانە و بەرفراوانخـوازی و نفـووزی ناسـیونالیزمی ئێرانـی لـە سیاسـەتی دەرەوەدا ئەولەوییەتـی هەبـوو، بـەڵام ڕەگـەزی ناسـنامەپێدەری شۆڕشـگێری و ئیسـلامی سیاسی-شـیعی بـووە بنەمـای فراوانخـوازی و سـەرپەڕەیی جیهانـی ئیسـلام لـە

سیاسـەتی دەرەوەی ئێرانـدا (بارنـت و تلهامـی، 1383: ص19ـ17).
تەنانـەت دەوڵەتی نەتەوەیـی(Nation-State) لە گوتاری شیعی-ئیسلامگەرای کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا، لـە چوارچێـوەی ئایدۆلۆژیـای ئیسلامی-شـیعیدا پێناسـە دەکرێـت. لەسـەر بنەمـای تیۆریـی سیاسـی شـیعە، دەوڵەتـی هەرێمـی و نەتەوەیـی ڕەسـەنایەتی شـەرعی نییـە، چوونکـە ئـەو سـنوورانەی ئێسـتا کـە موسـوڵمانان دابەشـدەکات، ڕەوا نیـن. هەروەهـا دەوڵەتـی نەتەوەیـی نەتـەوە لەخـۆ دەگرێـت، کـە لـە ئیسـلامدا ڕەسـەنایەتی نییـە. بەڵکـوو کۆمەڵگـەی سیاسـی ڕەوا لـە ئیسـلامدا ئۆمەتـە و ئۆمەتـی ئیسـلامی بەمانـای کۆمەڵێـك موسـوڵمانن کـە لەڕێگـەی ئاییـن و بـڕوای هاوبەشـەوەوە لـە جێگـەی نەتـەوە، کۆمەڵگەیەکـی هاوبـەش پێکدێنـن و دەوڵەتـی ئیسـلامیش بەرپرسـیارە کـە زەمینـە و ئیمکانـات و توانـای پێویسـت بـۆ هاووڵاتیانـی ئۆمەتـی ئیسـلامی بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە پیرۆزەکانیـان دەسـتەبەر بـکات. بەپێچەوانـەی دەوڵـەت - نەتـەوە، کـە ئایدۆلۆژیـای ناسـیۆنالیزم ژێرخانەکـەی پێکدێنێـت، بەپێـی چوارچێـوەی هـزری و لۆژیکـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە دەوڵەتـی ئیسـلامیدا بنەمـای ئایدۆلۆژیـای ئیسلامی-شـیعی ئـەوە پێکدێنێـت (دهقانـی، 1384: ص63ـ62).

بەگشـتی لـەم ڕوانگەیـەدا، دەوڵـەت و حکومـەت و حوکمرانی سـەرچاوەیەکی ئیلاهـی و ئایینـی هەیـە. لـەم سـۆنگەیەوە بنەمـای پاراسـتنی دارولئیسـلام و پاراسـتنی سیسـتمی ئیسـلامی لەسـەربنەماکانی فیقهـی شـیعەوە بـە (اوجـب الواجبـات) دادەندرێـت، واتـا ئەرکێکـە کـە لـە سـەرەوەی هەمـوو ئەرکەکانەوەیـە، کـە ئەمـەش دەبێتـە گرنگتـرین و بنەڕەتیتـرین بنەمـای سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کـە لـە تیۆرییەکانـی پەیوەنـدی نێودەوڵەتـی بـە مانـای پاراسـتن و مانـەوەی دەوڵـەت لەسـەربنەمای دەوڵـەت

- نەتــەوەدا خراوەتــە ڕوو، بــەڵام لــە روانگــەی فیقهــی ئیسلامی-شــیعی، جوگرافیـای سـنووری بڕوایـی و ئایدۆلۆژیایـی ئـەم سـنووره دیاریـدەکات (سـید نــژاد، 1389: ص8).

## رۆڵی کۆماری ئیسلامی وەک "ام القری" لە جیهانی ئیسلامدا

یەکێکـی دیکـە لـە تایبەتمەندییـە گرنگـە ناسـنامەییەکانی سیسـتمی کۆمـاری ئیسـلامی، دەرکەوتنــی ئــەم دەوڵەتەیــە وەک"ناوەنــد و رێبــەری جیهانــی ئیســلام" یــان "ام القــری لــە جیهانــی ئیســلام"دا. ئــەم رۆڵــە ناســنامەییە ریشـەی لـە سـەرچاوە واتاییەکانـی پێکهێنـەری ناسـنامەی سیسـتمی ئیسـلامیی ئێراندایـە. سـەرچاوەگەلێکی وەک: خسـتنەڕوو و بەرجەسـتەکردنی ئۆمـەت لـە بـری نەتـەوە، هەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی حکومەتێکـی ئیسـلامیی تاقانـە لـە جیهانـدا، بەجیهانیکردنـی ئیسـلام و پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانی ئەم سیسـتمە ئیسـلامییە. بەپێـی ئـەم تایبەتمەندییـە و راڤـەی دەقـەکان، "دارالاسـلام" یـەك وڵاتـە و یـەك دەسـەڵات و سـەروەریی هەیـە و بـەم پێیـە یـەك کۆمەڵگـە یـان ئۆمەتـی هەیـە. بۆیـە رێبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی بەپێـی ئـەو تێگەیشـتنەی کـە لـە پێگـە و رۆڵـی دەوڵەتەکەیـان هەیانـە، ئـەوە دەوڵەتەکەیـان ناوەنـدی ئـەم "دارالاسـلام"ەیە، کـە دەتوانێـت رێبەرایەتیـی ئۆمەتـی ئیسـلامی بگرێتـە ئەسـتۆ. هەروەهـا بەپێـی دکتۆرینـی نـاسراو بـە "ام القـری" ئەگـەر دەوڵەتێـك لەنێـوان دەوڵەتانـی ئیسـلامیدا بـوو بـە "ام القری"ــی جیهانـی ئیسـلامی، ئەوکاتــە ســەرکەوتن و شکســتی ئــەو دەوڵەتــە بریتییــە لــە ســەرکەوتن و شکسـتی هەمـوو جیهانـی ئیسـلام. بۆیـە پاراسـتنی ئاسـایش و مانـەوەی "ام القـری"، لـە سـەرووی هەمـوو ئەرکەکانەوەیـە.

دەربــارەی ئــەم ڕۆڵــەی کۆمــاری ئیســلامی، ئایەتوڵــڵا خومەینــی دەڵێــت: "ئیمڕۆکــە جیهانــی ئیســلام سیســتمی کۆمــاری ئیســلامیی وەک تابلۆیەکــی گشــتگیر بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی خــۆی وێنــادەکات." بۆیــە کۆمــاری ئیســلامی، خــۆی بــە "دڵــی جیهــان" دەزانێــت و، ئاسایشــی ئــەم دەوڵەتــە لەســەرووی ئاسایشــی جیهانــی ئیســلامدایە. بــەم واتایــە پاراســتنی ئاسایشــی کۆمــاری ئیســلامی، بەواتــای پاراســتنی ئاسایشــی جیهانــی ئیســلامە. بەپێــی ئــەم ڕۆڵــە ناســنامەییەی کۆمــاری ئیســلامی، پێگــەی کۆمــاری ئیســلامی بــە پێگەیەکــی گرنــگ دادەندرێــت، بۆیــە ناکرێــت لــە ســنووره جوگرافییەکانــی خۆیــدا خــۆی قەتیــس بکاتــەوە. بــەم مانایــە کــە کۆمــاری ئیســلامی، پێویســتە بــە شــێوازێك سیاســەت و دیپلۆماســیی خــۆی دابڕێژێــت کــە لــە ئاســت پێگەکــەی لــە جیهانــی ئیســلامدا بێــت.

## چوارەم: ناسنامە و سیاسەتی فراوانخوازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەدا

بەڵێنەکانــی دەســتوری کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران بــە نەتــەوەکان بووەتــە هــۆی دروســتبوونی کێشــە و گرفــت لــە سیاســەتی دەرەوەی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران لەگــەڵ دەوڵەتانــی دیکــە و ئــەم پاڵپشــتی و پشــتیوانییە لــە بزووتنــەوە ڕزگاریخــوازەکان، ئاراســتەیەکی دژە دەوڵــەت و دژە سیســتمی وەرگرتــووە و دەوڵەتانــی موســڵمان یــان ناموســڵمان، سیاســەتی دەرەوەی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران بــە دەســتێوەردان لــە کاروبــاری نێوخۆیــی خۆیــان و پێشــێلکردنی ســەروەری و بنەماکانــی یاســای نێودەوڵەتــی دەزانــن. هــەروەك بــەردەوام لــە وڵاتانــی یەمــەن، ئازەربایجــان، کوەیــت، بەحرەین،عێــراق، لوبنــان و...تــاد،

بینراوە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم پاڵپشتییە، بە دادپەروەریخوازی، مرۆڤدۆستی و بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی دەزانێت، هەروەك لە مادەی (154)ی دەستووردا هاتووە یان ئۆمەت تەوەری کە لە مادەی (11) دا هاتووە. بەگشتی ئایدیای جیهانگەرایی کۆماری ئیسلامی لە پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتی دەوڵەت-نەتەوە تەوەردا، کێشە و گیروگرفت بۆ ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروستدەکات و کردوویەتی (فاچلی، 1391: ص22).

لە بڕگەی شازدە لە مادەی (3)ی دەستووری کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامی وا پێناسە دەکات: "رێکخستنی سیاسەتی دەرەکی وڵات لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئیسلام، بەرپرسیاریی برایانە بەرامبەر بە هەموو موسڵمانان و پاڵپشتی بێوچان لە بەشخوراوانی جیهان". هەروەها لە مادەی (154)دا بەڵێنی پاڵپشتیکرن لە نەتەوە بێبەشەکان دراوە:"کۆماری ئیسلامیی ئێران بەختەوەری مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ئامانجی خۆی دەزانێت و سەربەخۆیی و ئازادی حکومەتی راستی و داد بە مافی هەموو خەڵکی جیهان دەزانێت." بەگشتی ئامانجە سەروو نەتەوەییەکان لە دەستوری کۆماری ئیسلامی لە مادەکانی (3، 11، 152، 153، 154) دا هاتوون کە بەرگری لە مافەکانی هەموو موسڵمانانی جیهان، پاڵپشتی و پشتیوانی لە چەوساوەکانی(موستەزعەفانی) جیهان و یەکێتیی سیاسی، ئابووری و کولتووریی جیهانی ئیسلام لە خۆ دەگرێت (نبوی، 1391: ص36).

هەروەها یەکێك لە سەرەکیترین نۆرمەکانی ناسنامەیی کۆماری ئیسلامی کە لە کولتووری ئیسلامی-شیعیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵدانە بۆ یەکگرتوویی ئۆمەتی ئیسلامی و بیناکردنی حکومەتی ئیسلامی

لەسـەربنەمای فیقهیـی شیعی-ئیسـلامی و لـەم روانگەیەشـەوە سیسـتمی نێودەوڵەتـی لـە یەکـە نەتەوەییـەکان پێکنەهاتـووە، بەڵکـوو لـە دوو بـەرەی دارالاسـلام و دارالحـرب پێکدێـت و لەسـەر ئـەم بنەمایـە بـە پێچەوانـەی روانگـەی رۆژئاوایـی، چەمکـی (ئومـەت) لـە بەرامبـەر چەمکـی (نەتـەوە) دا، رەسـەنایەتی و ئەولەوییەتـی هەیـە و پاراستنیشـی ئەرکـی هـەر موسـڵمانێکە و بنەمـای پێکهێنانـی ئـەم ئۆمەتـەش لـە جێگـەی پەیوەسـتبوون بـە هەرێـم و خاکـەوە، لـە ئیمانـدارەکان و خـاوەن بیروبـڕوا هاوبەشـەکانەوە پێکدێـت (کیانـی، 1386: ص67).

جگـە لەمانـەش، خـودی ئایەتۆڵـڵا خومەینـی، دامەزرێنـەری کۆماری ئیسـلامی، بـڕوای بـە گەردوونیبوونـی ئایینـی ئیسـلام و مەزهەبـی جەعفـەری دوازدە ئیمامـی و هەنـاردە کردنـی بـۆ هەمـوو جیهـان هەبـوو و بـە وتـەی خـودی "خومەینـی" ئیسـلام تەنیـا بـۆ وڵاتێـك یـان چەنـد وڵاتێـك یـان تەنانـەت بـۆ موسـوڵمانەکان نییـە، بەڵکـو ئیسـلام بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتـی هاتـووە و ئیسـلام دەیەوێـت هەمـوو مرۆڤایەتـی بخاتـە ژێـر سـێبەری دادپـەروەری خـۆی. لەئەنجامـدا، ئـەم تێگەیشـتنە لـە ئامانجـی سیسـتمی جیهانیـی ئیسـلامی وادەکات ئێـران وەك تەنیـا کۆمارێکـی ئیسلامی-شـیعی لـە ژێـر حکومەتـی وەلـی فەقیـە هەوڵبـدات، شۆڕشـی خـۆی هەنـاردەی هەمـوو جیهـان بـکات. هەرچەنـدە لەسـەر چۆنییەتـی و شـێوازی هەناردەکردنـی شـۆڕش لەنێـوان تیۆریسـیینەکانی شۆڕشـی ئیسـلامی ناکۆکـی هەیـە و هەبـووە، بـەڵام لـە چوارچێـوەی ئایدۆلۆژیـای شۆڕشـگێرانەی ئیسلامی-شـیعی بەهـۆی هەبوونـی شرۆڤـەی هزریـی تایبـەت، کۆمـاری ئیسـلامی و شۆڕشـی ئیسـلامی ناتوانێـت لەسـنووری تەسـکی خۆیـدا بمێنێتـەوە و بەناچـار دەبێـت بـەرەو دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ لایەنەکانـی دیکـە بـڕوات. ئەمـەش وادەکات لـە پەیوەندییە

دەرەکییەکانیـدا، دەوڵەتـی ئیسـلامی بەدواداچـوون بـۆ ریزێـك لـە ئامانجـەکان بـکات کـە خاڵـی ناوەنـدی یـان ئامانجـی کۆتاییـان هەوڵدانـە بـۆ بەرپاکردنـی حکومەتـی تاقانـەی جیهانـی و بـەم پێیـە ئامانجەکانـی دیکـە لـە خزمـەت ئـەم ئامانجـە کۆتاییـەدان. (رمضانـی، 1381: ص 460). بـۆ نموونـە کۆماری ئیسـلامیی ئێـران لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبـی ناوچەکـە بـە تایبـەت وڵاتانـی ناوچـەی کەنـداو، لەڕێگـەی سیاسـەتی کولتوورییـەوە، هەوڵـی زیاتـرکردنی کاریگـەری ئێـران و زیاتـرکردنی نفـووز دەدات، ئەمەش بەپێی ئەو هاوبەشـییە ئایینـی و مێژووییانـە و نزیکـی جوگرافیایـی و بوونـی ئێرانییـەکان و شـیعەکان لـەم وڵاتانـەدا، هەروەهـا لەڕێگـەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانییـەوە.

## دەرئەنجام

رەهەنـد و سـەرچاوەکانی ناسـنامەیی لـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران فـرە و جۆراوجـۆرن، وەکـو: مێـژووی ئێـران و رەگـەز و هـۆکارە مـادی و ماناییـەکان کـە بوونەتـە هـۆی تێگەیشـتنی تایبـەت لـە (خـود) و (ئەویتـر) لـەلای ئێرانییـەکان، هەروەهـا رەگـەزی ئایینـی، مەزهەبـی شـیعەی دووازدە ئیمامـی، زاڵـە بەسـەر سیسـتمی سیاسـی و تێگەیشـتنی دەسـتەبژێرە سیاسـییەکانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران. ئـەوەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە رۆڵـی تایبـەت و جیـاواز بـۆ خۆیـان پێناسـە بکـەن، وەکـو: دەوڵەتـی دادپەروەریخـواز، دەوڵەتـی دژی سـتەم و زۆرداری، دەوڵەتـی دژی ئیمپریالیـزم و زایۆنیـزم، دژی کۆلۆنیالیزمـی جیهانـی، بەرگریـکاری ئۆمەتـی ئیسـلامی و شـیعەکان، ناوەنـدی جیهانـی ئیسـلام، پشـتیوانی بزووتنـەوە رزگاریخـوازەکان، هەروەهـا ئـەم سـەرچاوە ئایینـی - ئیسـلامییە، کـە لەسـەر بنەمـای فیقهـی شـیعە و

جـۆرە روانگەیەکـی توونڕەوانـە و خوێندنـەوەی تایبـەت بـۆ ئایینـە، لەسـەر کۆمەڵێـك بنەمـای هـزری راوەسـتاوە کـە بووەتـە بەشـێك لـە ناسـنامەی کۆمـاری ئیسـلامی، وەکـو: بنەماکانـی دادپەروەریخـوازی، بنەمـای ولایـەت و رێبەرایەتـی فەقیـە، بنەمـای (تـەوەلا و تەبـەڕی)، بنەمـای بانگەشـەکردن، بنەمـای دارولئیسـلام و دارولحـەرب، تەقییـە و چاوەڕوانـی دەرکەوتنـی ئیمامی مەهـدی بـۆ رزگارکردنـی هەمـوو جیهـان، بنەمـای شـەهادەتخوازی و جیهـاد لەپێنـاو خـوا، بنەمـای نەفـی سـەبیل کـە بۆتـە هـۆی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی (نـە شرقـی و نـە غربـی)، هەروەهـا گوتـاری جیهانـی سـێیەمگەرایی و بەرگـری لـە چەوسـاوەکانی جیهـان، دیسـانەوە ئاراسـتەی رەفتـاری ئێـران دەکات. ئەمـە جگـە لـە فاکتـەری جیۆپۆلێتیـك و جوگرافیـای تایبەتـی ئێـران، کـە لێـرەوە بەپێـی تیـۆری کۆنسـتـراکتیڤیزم، بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە ئـەم بنەمـا مـادی و هزریانـە، ناسـنامەی تایبەتـی دەوڵەتـی ئێـران دروسـتدەکەن، دواتـر ئـەم تێگەیشـتنە و ناسـنامەیە دەبێتـە هـۆی پێناسـەکردنی جۆرێکـی تایبـەت لـە ئاسایشـی نەتەوەیـی و بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی. لـە ئەنجامـدا سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، ئامـرازی جێبەجێکـردن و بەدیهێنانـی ئـەم ئامانـج و بەرژەوەندیانەیـە.

لـەم روانگەیـەوە، کرۆکـی سیاسـەتی دەرەوەری ئێـران، ئەوەیـە کـە بتوانێـت لەڕێگـەی هـۆکاری ئایین-مەزهـەب، هێڵێـک بـۆ گوشارخستەسـەر دەوڵەتانـی ناوچەکـە، کـە بـە "هیلالـی شـیعی" نـاسراوە، دروسـتبکات. ئـەم هێڵـە، وەک بەرەیەکـی بەرگـری، مەترسـی و هەڕەشـەکانی سـەر ئێـران دوور دەخاتـەوە و لـەم رێگەیـەوە پێگـەی جیۆسیاسـیی ئێـران بەرزتـر دەکاتـەوە. کۆمـاری ئیسـلامی، بـەم رێگەیـەوە نەبێـت ناتوانێـت لـە گۆشـەگیربوونی جیۆسـتراتیژی و تەنانـەت جیۆئێکۆنۆمیـک رزگاری بێـت، بەهـۆی ئـەوەی کـە لـە ژینگـەی

ئاسایشـیی خۆیـدا هەسـت بەبوونـی ئاسـایش نـاکات. بـە واتایەکـی دیکـە، پـرس و گۆڕانکارییـە ناوچەییـەکان بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی، ڕەهەندی ئاسایشـیی هەیـە. ئەمەیـش دەگەڕێتـەوە بـۆ ناسـنامەی ئـەم سیسـتمە سیاسـییەی ئێـران و ئامانجـە باڵاکانـی و، بـەم پێیـەش پێناسـەکردن و دەستنیشـانکردنی سـنووری دۆسـت و دووژمنـەکان و هەروەهـا بەرژەوەندییەکانـی. لـەم ڕوانگەیـەوە، کێشـە و گیروگرفتەکانـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، دەرهاوێشـتەی ناکۆکـی ناسـنامەییە یـان بـە واتایەکـی دیکـە، جیـاوازی لـە بەهـا و پێـوەرە زاڵەکانـی سیسـتمی سیاسـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران و جـۆری تێگەیشـتنی ڕێبـەر و دەسـتەبژێر ئایینی-سیاسـییەکانییەتی لەهەمبـەر بەهـاکان، نـۆرم و پێـوەرەکان، ڕێکخـراو و دامـەزراوەکان و پێکهاتەی سیسـتمی نێودەوڵەتـی، بـۆ نموونـە: دژایەتیکردنـی ڕۆژئـاوا بەگشـتی و ئیسرائیـل و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـە تایبـەت، پرسـی پرۆگرامـی ئەتۆمـی، پاڵپشـتی لـە بزوتنـەوە توندڕەوەکان و. تـاد. کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـۆ بەرژەوەنـدی و ئامانجەکانـی، کـە فۆرمێکـی ڕیاڵیسـتی وەردەگرێـت، کەڵـك لـە ئایدیۆلـۆژی وەردەگرێـت، بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بـێ، ناسـنامەیی و ئایدیۆلۆژیکییـە.

گۆڕانکارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، بەتایبـەت لـەم سـاڵانەی دوایـی، بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە مەزهەبی شـیعە وەك هێزێکـی کاریگـەر دەربکەوێت و ڕۆڵـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران ئەمـەی بەرجەسـتە کـردووە؛ هـەر لـە ڕووخانـی سـەددام حوسـێن لـە سـاڵی (2003)وە، تـا جەنگـی سـی و سـێ ڕۆژەی حیزبوڵـڵا لـە لوبنـان لەگـەڵ ئیسرائیـل لـە سـاڵی (2006)دا و پرسـی سـووریا و جەنگـی دژی داعـش، گۆڕانکاریـی جیۆپۆلیتیکیـی لـە بەرژەوەندیـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران دروسـتکردووە. چونکـە، ئامـرازی سـەرەکیی کۆمـاری

ئیسـلامیی ئێـران بـۆ هەژمـوون و کۆنتــڕۆڵی ناوچەکـە، گرووپـە شـیعەکانی لایەنگـری ئێرانـن وەکـو: حیزبوڵـڵای لوبنـان، حەشـدی شـەعبی و، لـە ناوچـەی کەنداویـش دا عێـراق، سـووریا، لوبنـان، بەحرێـن، سـعوودیە و ئەوانیدیکـە..

**سەرچاوەکان:**


1. اسـکندریان، مهـدی، (1383)، هویـت و ڕابگـە ایـران و اتحادیـە اروپایـی، کتـاب اروپـا (3)، تهـران: انتشـارات مؤسسـه مطالعـات و تحقیقـات بیـن المللـی ابــرار معـاصر تهـران، (2004).

2.آقایـی، سـیدداود و رسـولی، الهـام، (1388)، ((سـازەانگاری و سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران در قبـال اسرائیـل))، تهـران: دانشـگاه تهـران، مجلـه دانشـکده حقـوق و علـوم سیاسـی، فصلنامـه سیاسـت، دوره: 39، شـماره: 1، (2009).

3. امـام خمینـی، روح اللـه(1991)، صحیفـه نـور، ج 5، تهـران: مرکـز مـدارك فرهنگـی انقـلاب اسـلامی، وزارت ارشـاد اسـلامی، 1370.

4. امـام خمینـی، روح اللـه(2010)، صحیفـه امـام، تهـران: موسسـه تنظیـم و نـشر اثـار امـام خمینی، ج: 21، 1389.

5. بارنـت، مایـکل و تلهامـی، شـبلی، (1383)، سیاسـت و هویـت در خاورمیانـه، تــرجمه: مرتضـی بحرانـی، تهـران: پژوهشـکده مطالعـات راهبــردی، (2004).

6. بیلیـس، جـان و اسـمیت، اسـتیو، (1383)، جهانـی شـدن و سیاسـت: روابـط بیـن الملـل در عرصـه نویـن، تــرجمه: محمـد رضا راه چمنی، تهران: انتشـارات ابــرار معـاصر، (2004).

7. پرهیــزکار، غلامرضـا(2011)، درامـدی بـر مفاهیـم مرتبـط بـا نظریـه اسـلامی امنیـت، فصلنامـه معرفـت سیاسـی، سـال سـوم، شـماره: 2، پاییـز و زمسـتان 1390.

8. پلانـو، جـك. سـی و روی، التـون، (1375)، فرهنـگ روابـط بیـن الملـل، تــرجمه: حسـن پسـتا، تهـران: فرهنـگ معـاصر، (1996).

9. جـوادی ارجمنـد، محمـد جعفـر، (1389)، ((هویـت و شـاخص هـای سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران))، تهـران: دانشـگاه تهـران، مجلـه دانشـکده حقـوق و علـوم سیاسـی، فصلنامـه سیاسـت، دوره: 40، شـماره: 1، (2000).
10. حسـینی، محمـد تقـی، (1387)، ((تحـول نقـش ایـران و چالـش هـای پیـش رو))، تهـران: دفتـر مطالعـات سیاسـی و بیـن المللـی وزارت امـور خارجـه، فصلنامـه سیاسـت خارجـی، سـال بیسـت و دوم، شـماره: 4، (2008).
11. دهشـیری، محمدرضـا، (1383)، ((نگاهـی کوتـاه بـه کارنامـه‌ی نظـام جمهـوری اسـلامی ایـران درحـوزه سیاسـت خارجـی))، قـم: مجلـه دانشـگاه اسـلامی، سـال هشـتم، شـماره: 24و23، (2004).
12. دهقانـی فیروزابـادی، سـید جـلال و نـوری، وحیـد، (کتـاب)، (1391)، سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران در دوران اصـول گرایـی، تهـران: دانشـگاه امام صـادق، (2012).
13. دهقانـی فیروزابـادی، سـیدجلال و رادفـر، فیـروزه، (1388)، ((الگـوی صـدور انقـلاب در سیاسـت خارجـی دولـت نهـم))، تهـران: دانشـگاه امـام صـاق، دوفصلنامـه علمـی پژوهشـی علـوم سیاسـی، دانـش سیاسـی، سـال پنجـم، شـماره: 10، (2009).
14. دهقانـی فیروزابـادی، سـیدجلال، (1384)، تحـول گفتمانـی درسیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران، تهـران: انتشـارات مؤسسـه ایـران، (2005).
15. دهقانـی، سـید جـلال، (1386)، ((گفتـمان اصـول گرایـی عدالـت محـور در سیاسـت خارجـی دولـت احمـدی نـژاد))، تهـران: دانشـگاه امـام صـادق، دوفصلنامـه علمـی پژوهشـی علـوم سیاسـی، فصلنامـه دانـش سیاسـی، سـال سـوم، شـماره: 5، (2007).
16. رسـولی پانـی ابـادی، الهـام، (1390)، ((مبانـی بیناذهنـی هویـت نظـام جمهـوری اسـلامی ایـران))، تهـران: پژوهشـکده مطالعـات راهبـردی، فصلنامـه مطالعـات راهبـردی، سـال چهاردهـم، شـماره: 51، (2011).
17. رمضانـی، روح اللـه، (1381)، چهارچوبـی تحلیلـی بـرای بـررسی سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران، تـرجمه: علیرضـا طیـب، چـاپ دوم، تهـران: نشرنـی، (2002).
18. رمچانـی، روح اللـه، (1388)، ((درك سیاسـت خارجـی ایـران))، تهـران: پژوهشـکده تحقیقـات راهبـردی، فصلنامـه بیـن المللـی روابـط خارجـی، سـال اول، شـماره: 1، (2009).
19. زارعـی، بهـادر، (1391)، ((بـررسی جایـگاه اصل دعوت در اندیشـه اسـلامی و سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران))، تهـران: دانشـگاه تهـران، مجلـه دانشـکده حقـوق و علـوم سیاسـی، فصلنامـه سیاسـت، دوره: 42 ، شـماره: 2، (2012).
20. سـیدنژاد، سـیدباقر، (1389)، ((مطالعـه تحلیلـی و تطبیقـی سیاسـت خارجـی جمهـوری اسـلامی ایـران بـا نظریـه سـازه‌انگاری))، قـم: دانشـگاه باقرالعلـوم، فصلنامـه علوم سیاسـی،

سال سیزدهم، شماره: 49، (2010).
21. شبان نیا، قاسم(2006)، واژەشناسی فقه راوبط بین الملل، فصلنامه علوم انسانی، فصلنامه معرفت، شماره: 102، 1385.
22. شریعتی، روح الله(2008)، قواعد فقه سیاسی، قم: پژوهشگاه علوم و فرهنگ اسلامی، 1387.
23. شکوری، ابوالفضل(1998)، فقه سیاسی اسلام، قم: مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامی، چاپ دوم، 1377.
24. عشقی، لیلی، (1379)، زمانی غیر زمان ها: امام، شیعه و ایران، ترجمه: دکتر احمد نقیب زاده، تهران: مرکز بازشناسی اسلام و ایران، (2000).
25. عگایی، ڕسول و ڕسولی پانی ابادی، الهام، (1389)، ((بررسی نقش و جایگاه سیاست خارجی در نظریەهای روابط بین الملل))، تهران: دانشگاه تهران، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، فصلنامه سیاست، دوره: 40، شماره: 3، (2010).
26. عمید زنجانی، عباسعلی(1993)، فقه سیاسی، تهران: انتشارات امیرکبیر، 1372.
27. فاضلی نیا، نفیسه، (1388)، انقلاب اسلامی و نقش مهدویت و انتظار: مجموعه اثار چهارمین همایش بین المللی دکترین مهدویت، جلد دوم، قم: انتشارات بین المللی المصطفی، (2009).
28. فاضلی، حبیب الله، (1391)، ((تفکیك قوا و سیاست خارجی در قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران: ضرورت تفسیری مبتنی بر کارامدی))، تهران: دبیرخانه مجمع تشخیص مصلحت نظام، فصلنامه ڕەنامه سیاستگزاری، سال سوم، شماره: 2، (2012).
29. فرزانەپور، حسین، (1388)، ((مقایسه رفتاری سیاست خارجی ایران: گفتمان ارمان گرای ارزش محور و گفتمان ایدئولوژیك محور عمل گرا))، تهران: انجمن علوم سیاسی ایران، پژوهشنامه علوم سیاسی، سال چهارم، شماره: 2، (2009).
30. قزوینی، سید علی، (1374)، ((بحثی درباره سیاست خارجی اسلام: پژوهشی در بعد فقهی سیاست خارجی ایران))، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه، فصلنامه سیاست خارجی، سال نهم، شماره: 1، (1995).
31. کریمی مله، علی(2014)، الگوی مردم سالاری دینی و امنیت دینی، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال هفدهم، شماره: 2، تابستان 1393.
32. کریمی مله، علی(2014)، تأملی معرفت شناسانه در مساله امنیت ملی از نگاه امام خمینی، فصلنامه مطالعات راهبردی، سال هفتم، شماره: 4، زمستان 1383.
33. کیانی، داوود، (1386)، منافع ملی جمهوری اسلامی ایران (مجموعه مقالات)، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی، (2007).

34. متقـی، ابراهیـم(2007)، تعـارچ در ایدئولـوژی: بررسـی الگـوی فراینـد تقابـل گرایانـه امریـکا علیـه ایـران، مجلـه زمانـه، سـال پنجـم، شـماره: 44، 1386.
35. مشـیرزاده، حمیـرا، (1385)، تحـول در نظریه‌هـای روابـط بیـن الملـل، تهـران: انتشـارات سمت، (2006).
36. مشــیرزاده، حمیــرا، (مقالــه)، (1385)، تحلیــل سیاســت خارجــی ایــران از منظــر ســازه‌انگاری در نگاهــی بــه سیاســت خارجــی ایــران، تهــران: دفتــر مطالعــات سیاســی و بیــن المللــی وزارت امــور خارجــه، (2006).
37. موســوی خمینــی، روح اللــه، (1377)، ولایــت فقیــه، تهــران: مؤسســه تنظیــم و نــشر اثــار امــام خمینــی، (1998).
38. موســوی زاده، علیرچــا و جاودانــی مقــدم، مهــدی، (1387)، ((نقــش فرهنــگ در سیاســت خارجــی جمهــوری اســلامی ایــران))، تهــران: دانشــگاه امــام صــاق، دو فصلنامــه علمــی پژوهشــی علــوم سیاســی، دانــش سیاســی، ســال چهــارم، شــماره: 8، (2008).
39. نبــوی، مرتضــی، (1391)، ((راهبــردهای سیاســت خارجــی جمهــوری اســلامی ایــران بــا الهــام از قانــون اساســی))، (2012). (بــرگرفته از: پژوهشــکده تحقیقــات راهبــردی، فصلنامه‌هــای پژوهشــکده تحقیقــات راهبــردی).

# ناسنامەی زاڵی تورک و ڕەوشی کورد

پ.د. عەبدوڵڵا کران

وڵاتانی نوێ کە لە ئەورووپا دوای پەیماننامەی وستفالیا لە ساڵی 1648 دروستبوون، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو کیشوەری ئەمریکا فراوانبوون. دواتر لە جیهان بڵاوبوونەوە. ئەوان هەندێک تایبەتمەندیی بنەڕەتییان لەگەڵ خۆیاندا هێنا و لەو تایبەتمەندییانەش، سەروەریی وڵات و دروستکردنی ناسنامەی هاوبەش بوو. سەروەریی وڵات لە نێوخۆ پەیوەست بوو بە ئاشنایی هاووڵاتیان بە دەسەڵاتدارییەکە و لەئامێزگرتنی، هاوکات سەروەریی دەرەکی پەیوەست بوو بە دانپێدانانی وڵاتانی دیکە بە وڵاتەکە. لە نێوخۆ بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی هەبوو، لە دەرەوەش نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لەسەر بنەمای مافی گەلان هەبوو. ئەوکات کاری دەوڵەت، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی، بریتیبوو لە بەدیهێنانی بەهای پێویست.

لەگـەڵ پێشـکەوتنی ڕێـڕەوی مێـژوو، دەوڵەتـی نـوێ بـە شـێواز و شـێوەی خـۆی بـە ئاراسـتەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی دەچـوو. وەک یورگـن هابرمـاس ڕوونیدەکاتـەوە، دوای شۆڕشـەکانی سـەدەی هەژدەیـەم لـە ئەوروپـا، هـەردوو وشـەی "دەوڵـەت" و "نەتەوەیـی" پێکـەوە دەگوتـران وەک دوو دەسـتەواژەی دووانـە و شـێوازی "دەوڵەتـی نەتەوەیـی" وەرگـرت. بـۆ دەوڵەتـی نەتەوەیـی دروسـتکردنی ناسـنامەی هاوبـەش بـۆ هاووڵاتیـان، یەکێـک بـوو لـە سـەرەکیترین کارەکان. کاتێـک دەوڵەتـی نـوێ بەرگـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی پۆشـی، پرۆسـەی دروسـتکردنی ناسـنامەی هاوبـەش و ڕێکخسـتنی نێوخـۆ پێشـی هەمـوو شـتێک کـەوت. هـاوکات لـە هەوڵـی بەدیهێنانـی ناسـنامەی هاوبـەش، زمـان گرنگتریـن توخـم بـوو، چونکـە مەرجـی یەکەمـی ناسـنامەی هاوبـەش، بوونـی زمانـی هاوبـەش بـوو. ئەگـەر هەمـوو هاووڵاتیان بـە هەمان زمانـی هاوبـەش بدوانایـە، ئـەوکات نەتەوایەتـی دروسـت دەبـوو و دەوڵەتـی نەتەوەییـش لەسـەر بناخـەی دروسـت بوونیاتدەنـرا. وەک جـۆن سـتیوار میـل دەڵـێ، یەکێـک لـە مەرجەکانـی بەدیهاتنـی دیموکراسـی پەرلەمانـی دووانـی هاووڵاتیانـە بـە زمانێکـی هاوبـەش. بەپێـی میـل، ئەگـەر ڕۆڵەکانـی گـەل بـە زمـان و شـێوەزاری جیاجیـا بخوێنـن و بنووسـن ئـەوکات هەسـتی نزیکیـی لەنێـوان ڕۆڵەکانـی گـەل پێشـناکەوێ، هەروەهـا ڕۆحـی جەماوەریـی هاوبـەش سـەرهەڵنادات.

لەگـەڵ ڕێـڕەوی دروسـتبوونی نەتەوایەتـی، زمـان وەک ئامرازێکـی سیاسـی بەکارهێنـدرا، بۆیـە ئامانجـی سـەرەکی بریتیبـوو لـە دۆزینـەوەی زمانێکـی سـازاو و هاوبـەش کـە هەمـوو تاکەکانـی کۆمەڵگـە لـە ئاخاوتـن پێـی بدوێـن. بـە دروسـتبوونی زمانێکـی هاوبـەش یەکێتـی چینـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە کولتـوور و زمـان و شـێوەزاری جیاجیـان هەیـە بەدیدەهـات. هـاوکات

لەپێنــاو بنیاتنانــی دەوڵەتێکــی نەتەوەیــی کــە لــە یــەک ناوەنــدەوە بەڕێوەدەبرێـت، زمانـی هاوبـەش و ناوەندیـی وەک پێداویسـتییەکی سـەرەکی بـوو. بۆیـە سیاسـەتی زمـان لـە نزیکـەوە پەیوەنـدی هەبـوو بـە ئەزموونەکانـی نەتەوایەتـی. هــەر بۆیــە دەوڵەتــی نەتەوەیــی دەیویســت زمانــی هاوبــەش لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان زاڵبـێ؛ ژیانـی ڕۆشـنبیریی، سیاسـی، ئـەدەب و پـەروەردە بـە زمانـی هاوبـەش بـن. گومانـی تێـدا نییـە ئـەم سیاسـەتە، ڕێگـەی لـە پێشـی بـوارە فەرمـی و جەماوەرییـەکان بـۆ بەکارهێنانـی چەنـد زمـان و شـێوەزارێک داخسـت. هەروەهـا سـنووردارکردنی یـان قەدەخەکردنـی چەنـد زمـان و شـێوەزارێک تەنیـا بچووککردنـەوە نەبـوو، بەڵکو سیاسـەتی لەنێوبردنی زمـان، بـە بەرنامـە، بەرامبـەر چەنـد زمـان و شـێوەزارێک پەیڕەوکـرا، هەروەهـا زمانێــک دابڕێنــدرا و ریشەکێشــکرا.

## ڕەوشی کورد پێش دروستبوونی کۆماری تورکیا

بنیدێکـت ئەندرسـۆن نەتـەوەکان بـە کۆمەڵگـە یـان گردبوونـەوەی خەیاڵـی ناودەبـات. ئـەو بـەم شـێوەیە دەیـەوێ بڵـێ هـەر نەتەوەیـەک بەشـێوەیەک دروســتبووە. ڕاســتە هەمــوو نەتەوەیــەک بەشــێوەیەک ســەریهەڵداوە، هەروەهــا لــە دروســتبوونی هــەر نەتەوەیــەک هەڵســوکەوتی ســتەمکارانە هەبـووە، بـەڵام لـە دروسـتکردنی "نەتەوایەتـی تورکـی" توخمـی سـتەمکاریی ڕۆڵێکـی سـەرەکی بینیـوە، چونکـە لـە تورکیـا، لـە ڕێـڕەوی بنیاتنانـی کۆمارەکە، سیاســەتی ڕاگوێــزان دژی ئەرمــەن و سیاســەتی گۆڕیــن بەرامبــەر ڕووم و سیاســەتی تواندنــەوە دژی کــورد پەیڕەوکــران.
دوای جەنگــی یەکەمــی جیهــان، دەســەڵاتی دەوڵەتــی عوســمانیی لــە نێــو

خۆیـدا بەسـەر دوو بەشـدا دابـەش ببـوو، لـە ئیسـتەنبووڵ و ئەنقـەرە دوو دەسـەڵات دروسـتبوون کـە لەیەکـدی جیابـوون. لـە 10ی تەمـووزی سـاڵی 1919، لـە سـەدارە (بـارەگای سـەرۆکایەتی وەزیـران) کۆبوونەوەیـەک لەگـەڵ رۆشـنبیرانی کـوردی دانیشـتووی ئیسـتەنبووڵ سـازکرا. دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـی عوسـمانیی، بەڵێنیـان بـە رۆشـنبیرانی کـورددا والییەکـی فەرمانبـەر لـە کوردسـتان دادەمەزرێنـن. لـە هەمـان کۆبوونـەوە حکومەتـی ئیسـتەنبووڵ وای پیشـاندا کـە لەگـەڵ بیرۆکـەی کوردسـتانی سـەربەخۆیە (خۆسـەری). دوای چەنـد مانگێـک لـەم بەڵێنـە، لـە 10ی تشرینـی یەکەمـی هەمـان سـاڵ، پرۆتۆکۆلەکانـی ئەماسـیا دیاریکـران. بەنـاوی حکومەتـی ئیسـتەنبووڵ، وەزیـری دەرەوە، سـاڵح پاشـا، بەنـاوی کۆمەڵـەی پاراسـتنی مافەکانـی ئەنـادۆل و رومەیلییـە مسـتەفا کەمـال پاشـا، رەئـووف بـەگ و بەکـر بـەگ ئـەم پرۆتۆکۆلانەیـان دیاریکـرد. لـە چوارچێـوەی ئـەم پرۆتۆکۆلانـە دەرکـەوت کـە دان بـە بەشـێکی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد دەنرێـت. لـە پرۆتۆکۆلـی دووەمـدا هـات کـە: "سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانیی کـە بیـری لێدەکرێتـەوە و قبـووڵ دەکـرێ، ئـەو ناوچانـە دەبـن کـە کـورد و تـورک تێیانـدا نیشـتەجێن". بـەم شـێوەیە باشـووری کوردسـتانیش بەشـێک بـوو لـە سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانیی یـان ئـەو دەوڵەتـەی کـە سـەرلەنوێ دروسـتدەکرێت.

دوای شـازدە مانـگ لـە پرۆتۆکۆلـی ئەماسـیا، لـە 20.01.1921 رەزامەندیـی لەسـەر یاسـای پرەنسـیپە رێکخەرەکانـی سـاڵی 1921 درا. ئـەم یاسـایەی پرەنسـیپە رێکخـەرەکان، بێگومـان، دیموکراسـیترین یاسـا بـوو بـۆ تورکیـا، برگـەی (11) ئـەم یاسـایە کارەکانـی ئەوقـاف، قوتابخانـەکان، پـەروەردە و خوێنـدن، تەندروسـتیی، ئابووریـی، کشـتوکاڵ، ئاوەدانکردنـەوە، کارە گشـتییەکان و هاوکارییـە کۆمەڵایەتییەکانـی بـۆ ئەنجوومەنەکانـی شـوورای

ویلایەتـەکان جێدەهێشـت. بـەم شـێوەیە هــەر ویلایەتێکـی تورکیـا، بـەدەر لــە کاروبــاری سیاســەتی دەرەوە، دادگا، بــواری ســەربازیی، لــە ناوچــەی خـۆی سـەربەخۆ بـوو. سـێ مانـگ دوای پەسـەندکردنی پەیماننامـەی لـۆزان، گۆڕانکاریـی بەسـەر چەنـد بڕگەیەکـی ئـەم یاسایەدا هـات کـە بەسـەریەکەوە لـە 23 بڕگـە پێکهاتبـوو. لـە رۆژی 29.10.1923، ئـەم گۆڕانکارییـە لـە شـەش بڕگـەی 23 بڕگەکـە کـرا، دوو لـەو بڕگانـە کاریگەریـی راسـتەوخۆیان لەسـەر ژیــان و رەوشــی کــورد هەبــوو. لــە بڕگــەی (11) گۆڕانکارییەکــی گــەورە روویـدا. بـەڵام ئـەوەی لـە بڕگـەی دووەم روویـدا لـە گۆڕیـن زۆر زیاتـر بـوو، چونکـە ئـەم دەقـەی بـۆ زیادکـرا: "ئیسـلام ئایینـی دەوڵەتـی تورکیایـە. تورکـی زمانـی فەرمییەتـی". لـەو کاتـەوە بـەدواوە ژیـان و ئاینـدەی زمانـی کـوردی بـەم بڕگەیـە بەسـترایەوە.

لــە مانگــی کانوونــی دووەمــی ســاڵی 1923، پێــش پەیماننامــەی لــۆزان، لــە ئیزمیـر، مسـتەفا کەمـال راگەیێندراوێکـی سـەبارەت بـە پرسـی کـورد دەرکـرد، تێیـدا لەسـەر بابەتـی بڵاوبوونـەوەی کـورد لـە خاکـی تورکیـا وەسـتا، روونیشـیکردەوە کـورد لـە زۆر ناوچـەی تورکیـا بڵاوبوونەتـەوە، لـە چەنـد ناوچەیەکـی کەمیـش ئـەوان زۆرینـەن. ئـەو پێیوایـە ئەگـەر سـنوور بـۆ کـورد دروسـتبکرێ ئـەوە تورکیـا و تورکـی هەڵدەوەشـێنێتەوە. چونکـە سـنوورێکی لــەم شــێوەیە ئــەرزرووم، ئەرزنجــان، ســیواس و خارپێــت دەگرێتــەوە، تەنانـەت دەبـێ مـرۆڤ بیـر لـە هۆزەکانـی کـورد بکاتـەوە کـە نیشـتەجێی دەشـتایی قۆنیـان. مسـتەفا کەمـال وتەکانـی تـەواو دەکات و بەمشـێوەیە دەڵـێ: "بۆیـە ئێمـە بیـر لـە کـورد دەکەینـەوە، ئەوانیـش، بەپێـی یاسـاکەمان (یاسـای پرەنسـیپەکانی رێکخسـتن)، ناوچـەی سـەربەخۆیان بـۆ دروسـتدەکرێ (خۆسـەری)، ئـەوکات دانیشـتووانی هـەر شـارێک ئەگـەر کـورد بـن، ئـەوە

خۆیـان بەڕێـوەی دەبـەن. بـەدەر لەمـە، کاتێـک باسـی گەلـی تورکیـا دەکـرێ، دەبـێ ئـەم پرسـەش بـاس بکـرێ. ئەوکاتەشـی ئەمەیـان بـۆ رووناکرێتـەوە، ئـەوان هـەر ئـەم پرسـە دەڵێنـەوە. ئێسـتا ئەنجوومەنـی تورکیـا بریتییـە لـە نوێنـەرە بەرپرسـەکانی کـورد و تـورک، ئـەم دوو توخمـەش بەرژەوەندیـی و ئایندەیانـی یەکخسـتووە، واتـا ئـەوان دەزانـن کـە بابەتێکـی هاوبەشـە. سـنووری سـەربەخۆ دانانـرێ".

## پاش پەیماننامەی لۆزان هەڵوێستی مستەفا کەمال گۆڕا

پـاش ئـەوەی پەیماننامـەی لـۆزان بـە فەرمـی راگەیێنـدرا، مسـتەفا کەمـال و هاوپەیمانەکانـی ئاسـوودە بـوون و لـە تورکیـا قۆناخێکـی نـوێ دەسـتیپێکرد. ئـەو بەڵێنانـەش کـە بـە کـورد درابـوون، یـەک لـە دوای یـەک لەبیرکـران، چونکـە سـنووری دەوڵەتـی تورکیـا دیاریکرابـوو و مسـتەفا کەمـال پێویسـتی بـە کـورد نەمابـوو. هەرچەنـدە ئەندامانـی کـورد لـە ئەنجوومەنـی پێشـوو، بـەو مەرجـەی ویلایەتـی مووسـڵ (باشـووری کوردسـتان) لـە خاکـی دەوڵەتی نـوێ، دەکـرێ بوتـرێ ئـەوان بـە هاودەنگـی پاڵپشـتیی دەسـتەی تورکییـان کـرد لـە لـۆزان، لەگـەڵ ئـەوەش ئەگـەری پەسـەندکردنی پەیماننامـەی لـۆزان بـەو شـێوەیەی کـە لەسـەری رێککەوتبـوون، لـە ئەنجوومەنەکـە، لاواز بـوو، چونکـە تورکیـا لـە کۆتاییـدا، بـە پێداگیریـی بەریتانیـا، پرسـی ویلایەتـی مووسـڵ و سـنووری عێراقـی لـە چوارچێـوەی پەیماننامـەی لـۆزان دەرکردبـوو. ئـەوکات مسـتەفا کەمـال دەیزانـی پەیماننامـەی لـۆزان لـە ئەنجوومەنـی پێشـوو تێناپەڕێـت، بۆیـە لـە 16ی نیسـانی سـاڵی 1923، ئەنجوومەنـی پێشـوو، کـە یەکێـک بـوو لـە دیموکراسـیترین ئەنجوومەنـەکان

لــە تورکیــا، دوایيــن کۆبوونــەوەی خــۆی ســازکرد و کۆتاییهــات. کتوپــڕ مســتەفا کەمــال و هاوڕێیەکانــی بڕیــاری بەڕێوەچوونــی هەڵبژاردنــی پێشـوەختیان دا، بەڕێگـەی لیژنەیـەک، بـە ویسـتی خۆیـان، ئـەو کەسـانەیان هەڵبـژارد کـە دەچنـە نێـو ئەنجوومەنـە نوێیەکـەوە، یـەک بـە یەکیـان. لـە ئەنجوومەنـە نوێیەکـەش، هیـچ تـورک و کوردێـک نەبـوو بـە ڕووی مسـتەفا کەمالـدا بوەسـتێ و سـەری بێشـێنێ.

لـە سـاڵی 1924، 7 – 8 مانـگ بەسـەر پەیماننامـەی لـۆزان تێپـەڕی بـوو، لـە ڕۆژی 24.04.1924 کۆمـاری تورکیـا یاسـای نوێـی پرەنسـیپە ڕێکخەرەکانـی پەسـەندکرد. لـە بڕگـەی دووەمـی یاسـای پرەنسـیپە ڕێکخەرەکانـدا هاتبـوو: " ئیسـلام ئایینـی دەوڵەتـی تورکیایـە. تورکـی زمانـی فەرمییەتـی، ئەنقـەرە پایتەختــە" ئەمــە یەکەمجــار بــوو لــەم یاســایە وشــەکانی وەک "کۆمــاری تورکیـا" لـە (بڕگـەی 37)، "دەوڵەتـی تورکیـا" (بڕگـەی 38)، "گەلـی تورکیـا" (بڕگـەی 38) ی تێـدا بەکارهێنـدرا. ناونیشـانی بەشـی پێنجـەم بەشـێوازی "مافـە گشـتییەکانی تـورک" بـوو: "تاکـی تـورک بـە ئـازادی لەدایـک دەبـێ و بـە ئـازادی دەژیـت". بەپێـی بڕگـەی 89، تورکیـا لـە ویلایەتـەکان پێکهاتبـوو، بــەڵام ویلایەتــەکان لــە هیــچ کارێکــدا ســەربەخۆ نەبــوون و هەمــوو دەســەڵاتەکان لــە ناوەنــد کۆبنــەوە، واتــا لــە ئەنقــەرە.

لـە سـاڵی 1924 ەوە بـە فەرمـی کۆتایـی بـە بوونـی کـورد لـە تورکیـا هێنـدرا. لــە بڕگــەی 88ی یاســای پرەنســیپە ڕێکخــەرەکان هاتبــوو "گەلــی تورکیــا، بـەدەر لـە جیاوازیـی ئایینـی و نەتەوەییـان، لـە بڕگـەی هاووڵاتیبـوون، بـە تـورک هەژمـار دەکرێـن". بێگومـان ئـەم پرسـە نوێیـە بـە ڕەزامەندیـی کـورد نەبـوو، بۆیـە پـاش سـاڵێک، ڕاپەڕینـی کـورد لـە سـاڵی 1925 دەسـتیپێکرد. لەنێـوان سـاڵانی 1925 و 1937 لـە تورکیـا سـێ ڕاپەڕینـی گـەورەی کـورد

سـەریانهەڵدا: راپەڕینـی پیـران (دیاربەکـر)، زیـلان و دێرسـیم. و هەموویـان بـە هێـز و خوێنڕشـتن سـەرکوتکران.

دوای راپەڕینــی 1925، بــە داوای عیســمەت ئینونــوی ســەرۆکوەزیران، م. عەبدولخالیـق بـەگ (رنـدا)، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی گـەورەی گەلـی تورکیـا راپۆرتێکـی ئامادەکـرد. لـە 17 تەممــووزی 1925، م. عەبدولخالیــق بــەگ گەشـتەکانی لـە شـارەکانی مەڵاتیـا، خارپێـت، دێرسـم، کینـج، مـووش، بتلیـس، وان، سـێرت، دیاربەکـر، مێردیـن و مـەرەش دەسـتپێکرد. م. عەبدولخالیـق بەگ، راپۆرتێکـی ئامادەکـرد لەسـەر ئەوانـەی کـە لـە گەشـتەکانیدا بـۆ شـارەکانی رۆژهەڵاتـی بەدیکـردن بـە ناونیشـانی (راپۆرتـی گەشـت) و لـە 14 ئەیلوولـی 1925 پێشکەشــی عیســمەت ئینونـوی کـرد. پێــش ئــەوەی راپۆرتەکــە بگاتــە دەسـتی ئینونـوی سـەرۆکوەزیران، م. عەبدولخالیـق بـەگ، لـە ئەنقـەرە، لەکاتی بەشــداریکردنی لــە کۆبوونــەوەی وەزیــران کــە بــە ســەرۆکایەتی مســتەفا کەمـال، سـەرۆککۆمار سـازکرا، بینینەکانـی پێشکەشـی مسـتەفا کەمـال کـرد، کـە لـە م. عەبدولخالیقـی پرسـی دەکـرێ دەسـەڵاتی ناناوەندیـی (خۆسـەری) لـە ویلایەتەکانــی رۆژهــەڵات دابمەزرێنــدرێ یــان نــا؟ عەبدولخالیــق بــەگ بــەم شــێوەیە وەڵامــی پرســیارەکەی دایــەوە: "دانیشــتووان زۆر تێکەڵــن. لــە ناوچــەی بۆتــان نزیکــەی 50 هــەزار هــەن کــە تێکەڵــی دانیشــتووانی دیکــە نەبوونـە، بـەڵام ئەوانیدیکـە تێکـەڵ بوونـە، بـەڕای مـن لـەم هاوینەهـەوارە دوو فەرمانڕەوایــی دانامــەزرێ. بەشــی رۆژهــەڵات زۆر بــە دواکەوتوویــی ماوەتــەوە. پەرەپێدانــی پێویســتی بــە پــارەی زۆرە".

بەپێـی چەنـد بۆچوونێـک، بـە رێگـەی ئامادەکردنـی ئـەم راپۆرتـە، هەروەهـا بـە رێگـەی پرسـیارەکەی مسـتەفا کەمـال ئاشـکرادەبێ کـە تاوەکـو نێوەڕاسـتی سـاڵی 1925. دەسـەڵاتی (ناناوەندیـی) لـە بیـری مسـتەفا کەمالـدا هەبـوو،

بەڵام بە باوەڕی من، مستەفا کەمال دوای راگەیاندنی پەیماننامەی لۆزان، دەستبەرداری ئەم بیرۆکەیەی بوو. نازانین، ئاخۆ لە سەرەتاوە پاڵپشتی خۆسەریی بوو بۆ کورد یان نا؟ ئەگەر مستەفا کەمال دڵکار بووایە لەم بۆچوونەی، دوای راگەیاندنی پەیماننامەی لۆزان، بە خێرایی (یاسای پرەنسیپە رێکخەرەکانی) نەدەگۆڕی "تورکی زمانی فەرمیی تورکیایە" لەو یاسایەش جێگیر نەدەکرد.

م. عەبدولخالیق بەگ، لە هەمان راپۆرت روونیدەکاتەوە کە بە دوو رێگەی کارا، دەکرێ پرسی کورد چارە بکرێت. یەکێک لەم دوو رێگەیە بریتییە لە، نیشتەجێکردن و دووەم تواندنەوەیە. ئەگەر ئەم دوو رێگەیە بەشێوەیەکی باش پەیڕەو بکرێن، ئەوکات ئەوە ئەنجامی دەبێ. بەپێی بۆچوونی م. عەبدولخالیق بەگ، دەبێ بە گرنگیی بڕواندرێتە سیاسەتی نیشتەجێکردن. بەو شێوەیەی کە ئەو دەینووسێ، ئەگەر ناسنامە لەسەر هێڵێکی ئاسنینی پتەو جێگیر بکرێ، ئەوکات بنیاتنانی دیمۆگرافی ناوچەکە دەگوازرێتەوە بۆ ناسنامەی تورکی. بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە ئەوە لە ناوچەکانی دیاربەکر، مێردین، فارقین، غرزان و ناوچەکانی بتلیس، بیرجیک، سرووج، رووها، سوێرەک و دیاربەکر ناسنامەی تورکی جێگیر دەکرێ. عەبدولخالیق بەگ لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ دەبێ تورکە گەڕۆکەکان لە زەوییە لێگەڕاوەکانی ناوچەکە نیشتەجێبکرێن.

م. عەبدولخالیق بەگ لە راپۆرتەکەیدا بە ئاشکرا دەڵێ لەو ناوچانەی کە زمانی کوردی تێیاندا زاڵە، ئەم پرسە "مرۆڤ بێزار دەکات". لەپاڵ بێزاربوونی لە زاڵبوونی زمانی کوردی لەو ناوچانە، ئەو بێزار بوو لە ئابووریی کوردیش. عەبدولخالیق بەگ بەم شێوەیە نووسیویەتی: "ئەو کوردانەی نیشتەجێی رۆژهەڵاتی فوراتن، لە رووی زمان و ئابوورییەوە،

بەشـێوەیەکی گشـتی سـەروەرن. لـە ناوچەکانـی تـورک، وەک خارپێـت، ئەرگەنـی، دیاربەکـر، رووهـا، بتلیـس، وان، مـووش و پالـۆ، پیـاوان بـە کـوردی دەدوێـن، بۆیـە گوندنشـینان و دانیشـتووانی ناوچـە بچووکـەکان ناچارنابـن فێـری تورکـی بـن، چونکـە ئـەوان هەمـوو پێداویسـتییەکانیان بـە کـوردی بەدەسـتدەهێنن. بەبـێ ئـەوەی گوندنشـینان فێـری وشـەیەکی تورکـی بـن دێـن بـۆ بـازاڕ و ناوچـەکان، هەمـوو کارەکانیـان تەواودەکـەن، تورکـی و عەرەبـی زمانەکانیـش فێـری زمانـی کـوردی دەکـەن". بـۆ ڕێگـە گرتـن لـەم دۆخـە، م. عەبدولخالیـق بـەگ داوای کردنـەوەی قوتابخانـە، شـارەوانییەکان و کۆمەڵگەکانـی نیشـتەجێبوونی تورکـی دەکات. بـە بۆچوونـی ئـەو، بـەم دامەزراوانـە دەکـرێ تورکـی لـە ناوچەکـە بڵاوببێتـەوە و هـزری تورکـی لای گـەل دروسـت ببـێ.

هەرچەنـدە م. عەبدولخالیـق بـەگ، بـەدەر لـە ئاخاوتنـی لەگـەڵ مسـتەفا کەمـال دەربـارەی تێکەڵبوونـی دانیشـتووانی بۆتان، بە ئاشـکرا لـە ڕاپۆرتەکەیدا دەریدەخـات، زمانـی کـوردی لـە خاکی کوردسـتاندا زاڵـە، بۆیە ئەگـەر دەوڵەت ڕێگـە لـە زمانـی کـوردی نەگـرێ و کـورد لـە نێـو تورکـدا نەتوێنێتـەوە، ئـەوە ئـەوکات کـورد کەمینەکانـی تـورک و عـەرەب کـە لەگەڵیانـدا دەژیـن لەنێـو خۆیانـدا دەتوێننـەوە، بێگومـان، ئـەو خاڵـەی کـە لـەم ڕاپۆرتـەدا زۆر جێـی سـەرنجە بریتییـە لەوەی کورد، تاوەکو سـاڵی 1925 لەسـەر خاکـی خۆیان، نەک تەنیـا لـە رووی زمانـەوە، بەڵکـو لـەڕووی ئابووریشـەوە سـەروەربوون.

## بێدەنگبوونی سی ساڵ (1937-1967)

دوای سـاڵی 1925، دەوڵەتی تورکیا کاری لەسـەر لەنێوبردن و ریشەکێشـکردنی

زمانـی کـوردی کـرد. چونکـە لـە سـاڵانی 1940-1930 رژێمـی دیکتاتۆریـی لـە ئەورووپـا هەبـوون، زۆردار و تاکـڕەو، کـەس گوێـی لـە بانگەوازەکانـی کـورد نەگـرت. دوای جەنگـی دووەمـی جیهـان، جەنگـی سـارد دەسـتیپێکرد، لـە جیهـان کـە لـە دوو جەمسـەر پێکهاتبـوو، دەنگـی کـورد نەگەیشـتە گوێـی کـەس. لـەم قۆناخـە، کـە وەک بابەتێکـی نێوخۆیـی وڵاتـەکان تەماشـای پرسـی کـورد دەکـرا، بەداخـەوە، بـە تێپەڕینـی کات کـورد بـە دەسـتی زۆرتـر تەنگلێکردنـەوە دەیناڵانـد. یاسـای پرەنسـیپە رێکخەرەکانـی سـاڵی 1961 زۆرتـر زیانـی لـە کـورد دا. لـە سـاڵی 1937ەوە تاوەکـو سـاڵی 1967، بـۆ نزیکـەی چـل سـاڵ لـە تورکیـا، کـورد هیـچ دەنگێکـی نەبـوو، چونکـە ئـەوان لـەڕووی سیاسـی و سـەربازییەوە شکسـتیانهێنابوو، لـە گونـد و شـارەکانی کـورد، سـتەمێکی شـاراوە هەبـوو کـە سـوپای تورکیـا بەشـێوەیەکی بـەردەوام دژی کۆمەڵگـەی کـوردی دەیکـرد.

لـە سـاڵی 1923ەوە تاوەکـو سـاڵی 1945 لـە تورکیـا تەنیـا یـەک حیـزب هەبـوو، بۆیـە ئـەم قۆناخـە بـە قۆناخـی تاکـە حیـزب دەناسرێـت. دوای سـاڵی 1945، چونکـە تورکیـا چـووە پـاڵ گردبوونـەوەی رۆژئـاوا، ئـەو لەژێـر گوشـاری ئەورووپـا و ئەمریـکا، بـە سیسـتمی فـرە حیزبـی قایـل بـوو و چـووە نێـو بـواری دیموکراسـی. ئـەوکات چەنـد حیزبێکـی نـوێ دامەزرێنـدران، وەک حیزبـی کرێکارانـی تورکیـا TIP. ئـەم حیزبـە کـە لـە 13ی شـوباتی 1961 دامـەزرا، ژمارەیـەک رۆشـنبیری کـورد چوونـە ریزەکانـی. ئـەوکات کوردانـی ئەنـدام لـەم حیزبـە باسـی ئـەو سـتەمەیان دەکـرد کـە لـە کۆمەڵگـەی کـورد دەکـرێ. بـەم شـێوەیە و بـە رابەرایەتـی حیزبـی کرێکارانـی تورکیـا TIP چەنـد مانگرتنێـک کـران.

لـە سـاڵی 1967، لـە سـێی ئەیلـوول، حیزبـی کرێکارانـی تورکیـا TIP لـە

دیاربەکـر مانیگـرت. ئامانـج لـەم مانگرتنـە والێکردنـی پرسـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا (پرسـی کـورد) بـوو ببێتـە باسـی ڕۆژ لـە تورکیـا و ئاگادارکردنـەوەی ڕای گشـتیی بـوو سـەبارەت بـەو سـتەمەی کـە لـە کـورد دەکـرێ. کوردانـی ئەنـدام لـە حیزبـە، لـە مـاوەی دوو سـاڵ یـان سـێ سـاڵ لـە شـارەکان و شـارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا مانیـان دەگـرت. لـە سـاڵی 1967، لـە 13ی ئـاب لـە فارقین، لـە 24ی ئەیلـوول لـە سـیوەرەک، لـە 8ی تشرینـی یەکـەم لـە باتمـان، لـە 15ی تشرینـی یەکـەم لـە دێرسـم، لـە 22ی تشرینـی یەکـەم لـە ئاگـری، لـە 18ی تشرینـی دووەم لـە ئەنقـەرە مانگیـرا. لـە سـاڵی 1969، هـەر لـە 13ی نیسـان لـە دیاربەکـر، لـە 17ی تەممـووز لـە سرووج، لـە 27ی تەممـووز لـە هیلفـان، لـە 2ی ئـاب لـە فارتـۆ، هـەر لـە 2ی ئـاب لـە سـویرەک، لـە 24ی ئـاب لـە لجـێ، هـەر لـە 3ی ئەیلـوول لـە دیاربەکـر مانگرتـن سـەریهەڵدا.

"مانگرتنـەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا" مەترسـی سـڕبوونیان لـە کـورد دوورخسـتەوە. دوای ماوەیـەک لـەو مانگرتنانـە، کـورد لـە حیزبـی کرێکارانـی تورکیـا TIP دوورکەوتنـەوە و هەنـگاو بـە هەنـگاو دەگـەڕان بـەدوای ڕێگـەی بنیاتنانـی دامـەزراوەی خۆیـان. لـە 21ی ئـاداری 1969، دوای ئـەوەی لـە ئەنقـەرە دامـەزرا، دواتـر دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە ئیسـتەنبووڵ، یانـە ڕۆشـنبیرییە شۆرشـگێڕەکانی ڕۆژهـەڵات دامـەزرا DDKO. دامەزرێنـەری بەشـی ئـەو یانانـە لـە ئەنقـەرە یومنـی بـوداک بـوو، سـەرۆکی بەشـی ئـەو یانانـەش لـە ئیسـتەنبووڵ نەجمەدیـن بیـوك كایـا بـوو. لـە کۆتایـی سـاڵی 1970 و سـەرەتای سـاڵی 1971، لـە دیاربەکـر کرایـەوە، دواتـر لـە فارقیـن (سـیلفان)، لـە ئەرگەنـی، لـە بەشـیرییە (کوزلـووک) و باتمانیـش.

دەسـەڵاتی سیاسـی لـە تورکیـا نیگـەران بـوو لـە کردنـەوەی یانـە ڕۆشـنبیرییەکانی (DDKO) و دەیزانـی ئـەم خەباتـە، بـەم نزیکانـە دەبێتـە

بزووتنەوەیەکـی سیاسـی. بۆیـە، لـە 16ی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی 1970 ژمارەیـەک لـە ئەندامـان و کارگێڕانـی ئـەو یانانـە دەسـتگیرکران، لـە دادگای بـاڵای تاوانەکانیـش لـە ئەنقـەرە سـکاڵایان لەسـەر تۆمارکـرا. هێشـتا لـە دادگا بڕیـار لەسـەر ئـەو دەسـتگیرکراوانە نەدرابـوو، کاتێـک کودەتـای سـەربازیی لـە تورکیـا ڕوویـدا، لـە 12ی ئـاداری 1971 و لـە 26ی نیسـانی 1971، بـە بڕیـاری سـەرکردایەتی بـاری نائاسـایی، یانـە ڕۆشـنبیرییەکان داخـران و ئەندامـان و کارگێڕانیـان دادگاییکـران. بەپێـی یاسـای ژمـارە 1402، ئەندامانـی ئـەو یانـە ڕۆشـنبیرییانە لـە دادگای سـەرکردایەتی سـەربازیی نائاسـایی لـە دیاربەکـر دادگاییکـران.

کـورد کـە بـە ڕێگـەی ئـەو یانـە ڕۆشـنبیرییانە هەسـتیان بـە بوونی خۆیـان کرد، دەسـتیان بـە گرنگیـدان بـە ناسـنامەی خۆیـان کـرد و درکیـان کـرد بـەوەی کـە دەسـەڵاتی سـەربازیی شـوێنی چۆڵکـردووە بـۆ دەسـەڵاتی سیاسـی، ئـەوکات کـورد دەسـتیان بـە دامەزراندنـی حیزبـە سیاسـییەکان کـرد. لەنێـوان سـاڵانی 1970-1980، چەنـد حیزبێکـی کـوردی لـە تورکیـا دامەزرێنـدران، هەموویـان بـە نایاسـایی هەژماردەکـران. بـەڵام کودەتـای سـەربازیی لـە سـاڵی 1980، جارێکـی دیکـە بـۆ کـورد وەک چەکـووش وابـوو.

بزووتنـەوەی کـورد گردبوونـەوەی گـەورەی بەدیهێنابـوو و هەرچەنـد کات تێدەپـەڕی کـورد زیاتـر گرنگییـان بـە ناسـنامەی خۆیـان دەدا. ڕژێمـی سـەربازیش، بەبـێ ئـەوەی گـوێ لـەو ڕەخنانـە بگـرێ کـە لـە دەرەوە دەهاتـن، بـە هەمـوو شـێوازێک دەیویسـت ڕێگـە لـە زمانـی کـوردی و سیاسـەتی کـورد دابخـات. بۆیـە، لـە تورکیـا، دوای کودەتـای سـەربازیی لـە سـاڵی 1980، بەتایبـەت لـە سـاڵی 1983، بەپێـی یاسـای ژمـارە 2932، لـە 19ی تشرینـی یەکـەم، زمانـی کـوردی بـە فەرمـی قەدەخەکـرا. بەپێـی ئـەم یاسـایە زمانـی

کـوردی نـەک تەنیـا لـە دامـەزراوەکان و فەرمانگـە فەرمییـەکان و شـوێنە گشـتییەکان قەدەخـە بـوو، بەڵکـو لـە ماڵانیـش قەدەخـە بـوو. هـەر بەپێـی ئـەم یاسـایە، ئەگـەر بسـەلمێندرایە کاسـێتێک یـان بڵاوکراوەیـەک بـە زمانـی کـوردی کەسـێک یـان لـە ماڵـی کەسـێک یـان فیلمێـک بدۆزرایەتـەوە، ، ئـەوە دووچـاری سـزا دەبـووەوە. ئـەم تووندوتیژییـە و ئـەم قەدەخەیـە بەرامبـەر بـە زمانـی کـوردی، تاوەکـو سـاڵی 1991 بـەردەوام بـوو. ئـەوەی جێـی سـەرنجە پێـش چەنـد سـاڵێک، ژەنـراڵ کەنعـان ئەڤـرەن، ئەنجامـدەری کودەتاکـە، لـە یەکێـک لـە هەپەیڤینەکانیـدا، رەخنـەی لـەم کارەی خـۆی گـرت و بـە هەڵـەی ناوبـرد. کەنعـان ئەڤـرەن دوای چوونـی بـۆ کەنـەدا، لـە ویلایەتـی کیبیـک فێـری زمانـی فەرەنسـی و ئینگلیـزی بـوو، ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر هەبـوو. دوای ئـەم ئەزموونـە وتـی: "دەبـێ کرێـکاران لـە باشـووری رۆژهـەڵات زمانـی کوردیـش بزانـن".

## ئەنجام

دوای شـەڕ، ململانـێ و خەبـات بەدرێژایـی سـەت سـاڵ، دەوڵەتـی تورکیـا، لـە کۆتایـی سـاڵی 2012، بـە مەبەسـتی چارەکردنـی پرسـی کـورد، دەسـتپێکردنی رێـڕەوی ئاشـتی راگەیانـد. سـەرەتا پرۆسـەکە بـاش رۆیشـت. راسـتی ئـەوەش بـوو کـە رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆکوەزیرانی ئـەوکات، خـۆی خسـتە مەترسـییەکی سیاسـییەوە. سـاڵێک بەسـەر رێڕەوەکـە تێنەپـەڕی بـوو، ئەردۆغـان، لـە 16ی تشرینـی دووەم، لـە دیاربەکـر میوانداریـی سـەرۆک بارزانـی کـرد. ئـەوکات هەمـوو شـوێنێکی شـارەکە بـە ئـاڵای تورکیـا و ئـاڵای کوردسـتان رازێندرانـەوە و دیاربەکـر شـایەتی رۆژێکـی مێژوویـی بـوو. لـە

چوارچێـوەی ڕێـڕەوی ئاشـتی، بەشـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی لـە زانکۆکانـی ناوچەکـە کرانـەوە و وانەکانـی زمانـی کوردیـش خرانـە نێـو پرۆگرامـی خوێندنی ناوەندییـەوە وەک بابەتێکـی ئارەزوومەندانـە. وەک سـەرەتا، ئەمـە هەلێکـی مێژوویـی بـوو، ئـەوکات ملیۆنـان منداڵـی کـورد، لـە مێـژووی تورکیـا، بـە ڕێگەی وانەیەکـی خوێنـدن توانییـان فێـری زمانەکەیـان بـن.

ئـەو هەلـەی کـە بـۆ کـورد ڕەخسـێندرا لـە سـاڵانی 2013-2012، بەهـۆی نەبوونـی هۆشـیاریی سیاسـییەوە، خێرا بەهـەدەردرا و کۆتاییهـات. چونکە پارتی کرێکارانـی کوردسـتان PKK و پارتـی گەلانـی دیموکـرات HDP "پـەروەردە و خوێنـدن بـە زمانـی دایکیـان" پێشخسـت و ڕێگەیـان لـە پێشـی بـژاردەی وانەکانـی زمانـی کـوردی داخسـت. بـەم شـێوەیە، منداڵانـی کـورد وانەکانـی زمانـی کوردییـان هەڵنەبـژارد. ئەگـەر پارتـی گەلانـی دیموکـرات لـە سـەرەتاوە پاڵپشـتی ئـەم هەنـگاوەی بکردایـە، ئێسـتا بەلانـی کـەم، 4-3 ملیـۆن منداڵـی کـورد وانەکانـی زمانـی کوردییـان هەڵبژاردبـوو. ڕێگەکـەش هەنـگاو بـە هەنگاو لـە پێشـی پـەروەردە و خوێنـدن بـە زمانـی کوردیـش دەکرایـەوە. بـەڵام ئـەوان ڕێگەیـان بـەوە نـەدا و ئـەم بابەتـە ڕووینـەدا. دوای ئـەوەی ڕێـڕەوی ئاشـتی شکسـتیهێنا، دەوڵـەت بـە فەرمـی وانەکانـی زمانـی کـوردی هەڵنەوەشـاندەوە، بەڵکـو بـە کـۆت و ئاسـتەنگی وکـردار پووچەڵیکـردن.

لـە هەڵبژاردنـە گشـتییەکان لـە 7ی حوزەیرانـی 2015، پارتـی گەلانـی دیموکرات 13.12% دەنگەکانـی بەدەسـتهێنا و 80 پەرلەمانتـاری هەبـوو. ئـەوکات لـە هەمـوو تورکیـا 6.057.506 دەنگـدەر دەنگیـان بـە پارتـی گەلانـی دیموکـرات دا و لەڕێگـەی چارەکردنـی پرسـی کـورد، کـورد هەلێکـی پێشـبینینەکراوی بەدەسـتهێنا. لـەم دۆخـە، نـەك تەنیـا پەرلەمانـی تورکیـا، بەڵکـو ڕێگـەی دیموکراتیـش لـە پێشـی کـورد بـۆ چارەکردنـی پرسـەکەی کرایـەوە. بـەڵام

پارتــی کرێکارانــی کوردســتان و پارتــی گەلانــی دیموکــرات، بــە هەڵکەندنــی خەنــدەق و چــاڵ لــە پێشــی شــارەوانییەکان ئــەم هەلــە مێژووییەیــان دۆڕانــد. دوای ئــەوەی زۆر لــە شــارەکانی کــورد رووخــان و نزیکــەی 400 هــەزار کــورد لــە ناوچەکانیانــەوە ئــاوارەی رۆژئــاوای تورکیــا بــوون، دەوڵــەت دەســتی لەســەر هەمــوو شــارەوانییە ســەرەکییەکان دانا. دواتر ســەڵاحەدین دەمیرتاش، ســەرۆکی پارتــی گەلانــی دیموکــرات HDP و هــەزاران لــە ئەندامــان و بەرپرســانی ئــەم حیزبــە دەســتگیرکران. بــەم شــێوەیە رێــڕەوی ئاشــتی کۆتاییهــات.

لــە مێــژووی تورکیــا، دوای تورگــوت ئــۆزال، بــۆ جــاری دووەم رەجــەب تەیــب ئەردۆغــان خــۆی خســتە مەترســییەوە و دەســتی بۆ کــورد درێژکرد. بــەڵام لایەنی کــوردی بــە رەتکردنــەوەی وانــەی ئارەزومەندانــەی کــوردی و هەڵکەندنــی خەنــدەق رێگــەی بــەم رێــڕەوە نەدا بــەردەوام بێ. لەپــاڵ ئــەوە، دوای ماوەیەک، دژایەتیکردنــی ئەردۆغــان وەک کــەس و حیزبەکــەی، لــە سیاســەتی پارتی گەلانی دیموکــرات رۆڵێکــی ناوەندیــی هەبــوو. بێگومــان، سیاســەت دووچــاری بۆشــایی نابــێ و بانگخوازانــی خراپەکاریــش لــە تەڵەکــەدا بــوون.

پــاش ســاڵی 2016، ئەگــەر بــە تێکــڕا نەبــێ، ئــەوە بــە شــێوەیەکی گشــتی، تورکیــا جارێکــی دیکــە لــە پرســی کــورددا گەڕایــەوە، بــۆ بازنــەی کەمالییــەکان. بێگومــان، کــورد هــۆکاری هەمــوو ئــەم گەڕانەوەیەنــە بــۆ بازنــەی کەمالییــەکان، بــەڵام کەســەکان و دەزگاکان کــە بەنــاوی کــوردەوە لــە گۆڕەپــان بــوون، بــە زیرەکییــەوە نەجووڵانــەوە. لــە لایــەک رەتکردنــەوەی وانەکانــی زمانــی کــوردی، لــە لایەکــی دیکــەش هەڵکەندنــی خەنــدەق لــە پێشــی شــارەوانییەکان، هەڵــەی سیاســی نەبــوون، بەڵکــو بەشــێک لــە سیاســەتی داخســتنی رێگــە لــە پێــش چارەکردنــی پرســی کــورد بــوون. بەداخــەوە داڕێژەرانــی ئــەم ســتراتیجییە لــەم بابەتــەدا ســەرکەوتوو بــوون.

دووبارە بیرکردنەوە لە جیوپۆڵەتیک و تایفەگەریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست:

# سیاسەتی ئایینی، ناسنامەی تایفی و سیستمی ناوچەیی

**مەهمەت ئاڵکیش***

**سەرەتا**

ئامانج لەم بابەتە شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی تایفیەتە لەسەر سیستمی ناوچەیی، ئەوەی کە پەیوەندی بە ناسنامەکانی دەوڵەت و خوێندنەوەی جیۆپۆلەتیکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. سەرەتا، ڕەگەکانی تایفیەت لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی مێژووییدا دەخرێتەڕوو. دابەشبوونی سوننە -شیعە وێنای ژیانی سیاسی و کولتووری کۆمەڵگەکانی کردووە. بۆیە بۆ شیکردنەوەی کێشەکانی ئێستا لە ناوچەکەدا پێویست دەکات لە دابەشبوونی تایفی تێبگەین. لە بەشی دواتردا، سەرهەڵدانی ناسنامەی ئایینی – ئیتنی لەدوای سەردەمی جەنگی سارد و لە قۆناخی بەجیهانیبووندا خراوەتەڕوو. وەک چۆن پرۆسەی بەجیهانیبوون گوازرایەوە

* سەنتەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - زانکۆی لەندەن

و توانـای دەوڵەتـی نەتەوەیـی تێپەڕانـد، ناسـنامە ئایینـی و ئیتنییەکانیـش دەرفەتـی ئەوەیـان بـۆ ڕەخسـا کـە داوای مافـی خۆیـان بکـەن. لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی، داگیرکردنـی عێـراق لەلایـەن هاوپەیمانانـەوە دۆخـی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی هەژانـد.

بۆیـە دەکرێـت بەهـاری عەرەبیـش وەک بەشـێک لـەم پرۆسـانە ببینرێـت. ڕاپەڕینەکانـی ئەوکاتـە دەرخـەری ناڕەزایـی خەڵـک و خواسـتیان بـۆ خۆشـگوزەرانی بـوو. لـەم لیکۆڵینـەوەدا، دەرئەنجامەکانـی بەهـاری عەرەبـی لـە ڕووی سیاسـەتی مەزهەبـی تاوتـوێ دەکرێـت کـە بوونـە هـۆی توندتیژیـی و توندئاژۆیـی لـە ناوچەکـە. وڵاتانـی عێـراق، سـووریا و یەمـەن دەوڵەتـی لاوازن بۆیـە، ئەمـە بووەهـۆی ناسـەقامگیری، ئاشـووب و پێکـدادان. لـە دوایيـن بەشـدا، هەڵسـەنگاندن بـۆ لێکەوتەکانـی تایفیـەت لەسـەر دەوڵەتانـی لاوازو زیادبوونـی نیگەرانییـەکان دەربـارەی سـەقامگیری دەکرێـت.

## ڕەگە مێژووییەکانی تایفەگەری لە ئیسلامدا

ڕەگـی مێژوویـی دابەشـبوونی سـوننە و شـیعە بـۆ گرژییەکانی نێـوان خەلافەتی عەلـی و مەعاوییـە (پارێـزگاری دیمەشـق) دەگەڕێتەوە. لە پاش سـێیەم خەلیفە "ئیمامـی عوسـمان"، گفتوگۆیـەک هەبوو کە کێ ببێتە خەلیفـەی داهاتوو. عەلی بـووە خەلیفـە. ئیـتر مەعاوییـە و لایەنگرانـی، دەسـەڵاتی خۆیـان لـە دیمەشـق دامەزرانـد. لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا، خەواریجـەکان کـە لـەدژی هەردووکیـان "عەلـی و مەعاوییە" بوون، عەلییان کوشـت و مەعاویەشـیان لـە پێکدادانەکاندا بریندارکـرد. دوای کوشـتنی عەلـی، سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەمـەوی لەلایـەن خەلیفـە مەعاوییەوە دەسـتپێکرد. هەروەها کوڕەکانی ئیمامی عەلی "حەسـەن

و حسێن" لە لایەن یەزیدەوە کوژران. لە دوای ئەو کاتەوە، لایەنگرانی ئیمامی عەلی و خێزانەکەی بوونە شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە. ئەم تایفە شیعییە کە لە دەورووبەری عێراق و ئێران بڵاوبووەوە، بووە ناسنامەی ئایینی و سیاسی بۆ کەمینەیەک لە جیهانی ئیسلامیدا. بە پێی بڕوادارانی سوننە، کە باوەڕدارانی سەرەکی ئیسلامن، شیعە لە نیوەی ڕێگەوە لایانداوە و زیادەڕەوی لە خوشەویستی بۆ ئیمامی عەلی دەکەن.

لقی سەرەکی و بڵاوبووەوەی شیعیزم 12 ئیمامییەکەی شیعەیە ، کە بڕوایان وایە پێغەمبەر، ئیمامی عەلی دەستنیشانکردووە تاوەکو وەک دەسەڵاتدار و جێگرەوی ڕۆحی لەدوای ئەو بێت . هەروەها حسێن و حەسەنیش لە دوای ئیمامی عەلی وەکو جێگرەوە دەستنیشانکراون. بڕوایان وایە 12 ئیمامەکەی شیعە لە دوای حسێن، سەرکردەی رووحی و سیاسی ئیسلامن ودوایین ئیمامیش ونبووە و شاردراوەتەوە. دوایین ئیمامە شاراوەکە جارێکیتر دێتەوەو دەبێتە رزگارکەری مرۆڤایەتی لە کارەساتەکان. بەپێی شیعەی 12 ئیمامی، مەرجی سەرەکی بۆ بوون بە ئیمام، پاکیزەیی و بێگوناح بوونە. ئێستا عەقیدەی 12 ئیمامی مەزهەبی فەرمی ئێرانە. لیکۆڵینڤانانی "پیاوانی ئایینی" شیعە ڕێگەی ویلایەتی فەقیهیان پشتگیری کردووە کە هەوڵ بۆ حکومڕانییەکی تیۆکراسی دەدات تاوەکو ئەو کاتەی ئیمامی شاراوە دەردەکەوێت. جگە لە ئێران، ئەم باوەڕە لایەنگر و شوێنکەوتووی زۆری لە عێراق، لوبنان و پاکستانیش هەیە.

لە لایەکی دیکەوە، سەلەفیزم بەشێکیتری ئەم جەمسەرگیریەیە. وەک خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە بۆ عەقیدەی سوننە، سەلەفیزم دوو بەشی هەیە: وهابیزم و سەلەفی جیهادی. ڕەگی وهابیزم لە بیروباوەڕی ئیبن تەیمییە سەرچاوەی گرتووە، کە بانگەشەی ململانێی لەگەڵ خورافات

و لادانــەکان کــردووە. ئــەو پشــتگیری خوێندنــەوەی حەرفــی بــۆ قورئــان و فەرمــوودەکان کــردووەو لەلایــەن محەممــەد عەبدولوهابــەوە دامــەزراوە. هەروەهــا وهابیــزم بــووە ڕێگەیەکــی فەرمــی لــە ســعودیە. ســەلەفی جیهــادی بانگەشــەی خەباتــی چەکــداری دەکات لــەدژی حکومەتــەکان و ئەوانــەی لــە عەقیــدەی ئیســلامی لایانــداوە. ئەمــەش وەکــو چارەســەرێک بــۆ دۆخــی موســڵمانان لــە ســەدەی رابــردوودا. قاعیــدە و داعــش نموونــەی ڕێکخــراوی ســەلەفی جیهادیــن.

دوای وەرگرتنــی خەلافــەت لــە قەڵەمــڕەوی مەمالیکــەکان، ئیمپراتۆریەتــی عوســمانی بــووە نوێنــەری موســڵمانانی ســوننە لــە جیهانــدا. لەوکاتــەدا، قەڵەمــڕەوی ســەفەوی، شــیعیزمی کــردە مەزهەبــی فەرمــی دەوڵەتــی ئێــران. رکابەرییێکــی گــەورە لەنێــوان عوســمانی و ســەفەوییەکان بۆ دەســتگرتن بەســەر جیهانــی موســڵماناندا هەبــوو. لەنێــوان ســەدەی 16 و 18دا، هەردووکیــان لــە جەنــگ و دووژمنییەکــی قوڵــدا بــوون بــۆ ئــەوەی دەســەڵاتی ناوچەکــە بگرنەدەســت.

## سەردەمێکی نوێی ناسنامەی تایفەگەری و جیۆپۆلەتیک

## ناسنامەی دەوڵەتی سعوودی و ئێران

وەک لەســەرەوە ئامــاژەی بۆکــرا، ســەلەفی وهابــی وەک پەرچەکردارێــک لــە دژی جوڵانــەوەی شــیعیزم و ســوفیزم ســەریهەڵدا. وهابیــەت وا ســەیری ئــەم جوڵانەوانــە دەکات کــە لــە تێگەیشــتنی بــاوی ئاییــن لایانــداوە. هەروەهــا قۆرخکارییــەک دەبینێــت کــە ڕێگــرە لــە بڵاوبوونــەوەی ئایدۆلۆژیــاکان و تێگەیشــتن لــە ئاییــن. بنەماڵــەی ســعودی "ئــال ســعود" و "پیاوانــی ئایینــی"

لیکۆڵینڤانانــی وهابــی لەهاوئاهەنگــی بــۆ کۆکردنــەوەی هــۆزەکان لــە دروســتکردنی بــڕواو ئابــوری هاوبــەش و پەیوەنــدی ئاشــتیانە لــە وڵاتەکەیانــدا ســەرکەوتووبوون. کاتێــک ســەیری دەســەڵاتدارێتی ســعودیە دەکەیــن، دەبینیــن کــە دەوڵەتەکــە لەلایــەن شــەریعەتی ئایینــی و ئیســتیبدادەوە حوکــم دەکرێــت، بــەڵام ئەمــە بەمانــای ئــەوە نایێــت کــە هەمــوو بڕیــارەکان لەلایــەن شــای ســعودیەوە بدرێــن. ئەندامانــی بنەماڵــە و، شــازادەکان و وهابییــەکان کاریگەرییــان لەســەر بڕیــارەکان هەیــە.

ئــەوە روونــە کــە ناســنامەی دەوڵــەت لــە ســعودیە کاراکتەرێکــی ئایینییــە و رژێمەکــە لەســەر یاســای "شــەریعەتی" ئیســلام بنیاتــنراوە. هەروەهــا دەوڵەتــی ســعودی تێڕوانینــی بــۆ خەڵکەکــەی وایــە کــە ئاراســتەیەکی موحافزەکارانەیــان هەبێــت. ســعودیە پێیوایــە کــە مافــی پارێزگاریکــردن و نوێنەرایەتیکردنــی ئیســلامی لــە هەمــوو جیهــان هەیــە. هاوپەیمانیــی نێــوان لێکۆڵینڤانانــی وهابی و بنەماڵــەی ســعودی "ئــال ســعود" بڕبــڕەی پشــتی دەوڵەتەکەیــە. خێزانــی ئــال ســعود تاکــە دەســەڵاتی حکومڕانــە لــە وڵاتەکــەدا و لیکۆڵینڤانانــی وهابــی شــەرعیەتی یاســایی وئایینــی دەدەنــە دەوڵەتەکــە. لێرەدا گرفتێکــی گرنــگ لــە دەوڵەتــی ســعودیەدا هەیــە. ئەویــش ئەوەیــە کــە ئالــی ســعود وەک لایەنگــری رۆژئــاوا و وهابیەتیــش وەکــو دژە-رۆژئاوایــی دەبینرێــن کــە ئــەم دووانــە هاوپەیمانییەتییــان لــە دەوڵەکەتــەدا هەیــە. کێبڕکێــی شــوناس لەنێــو دەوڵەتــی سعودیدا نییــە کــە ئــەم جــۆرە کێبڕکێیــە رەگــی مێژوویــی ئیمپراتۆریەتــەکان و نەهجــی ئایینــە ئێســتا. ســعودی باکگراوندێکــی مێژوویــی لــە بڵاوکردنــەوەی ئیســلام هەیــە. خاکــی پیــرۆز و دەرکەوتنــی ئیســلام لــە مێــژوودا وایکــردووە کــە ئاییــن ببێتــە ناســنامەی دەوڵــەت کــە ئەمــە قازانجێکــی ســتراتیژی بــۆ پاشــایەتی ســعودی هەبــووە.

لەلایەکی دیکەوە، ناسنامەی دەوڵەت لەدوای رووخانی رژێمی شا لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەساڵی 1979 گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەم شۆڕشە کاریگەرییەکی ئایدۆلۆژی و تایفی نەک بە تەنیا لە سیاسەتی نیوخۆیی ئێران، بەڵکو لەسەر ناوچەکەش دانا. لە سیاسەتی دەرەوەدا، ئێران سیاسەتی هەناردەکردنی رژێمەکەی بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدوای شۆڕشی ئیسلامییەوە گرتەبەر. لە بیرکردنەوەی سیاسی شیعەدا بڕوایان وایە، ئیمامی شاراوە دێت و ئاشتی بۆ جیهان دەهێنێت. بەڵام زانایانی شیعە جێگرەوەی ئەون و بەرپرسیارن لە حوکمکردنی گەل تاوەکو ئەوکاتەی ئیمام دەگەڕێتەوە بۆ جیهان . لە دوای شۆڕش، رژێمی نوێی تیۆکراتی، سیستمی ویلایەتی فەقیهیان لەکاروباری ئایینی و سیاسیدا بەرجەستەکرد. بە پێی ئەم سیستمە، کارەکانی ئیمام لە رێگەی مومارەسەی دەوڵەتەوە دێتە دی کە تێیدا زانایانی ئایینی باڵادەسترین دەسەڵاتن. دەسەڵاتی سیاسی و رۆحی ئایینی لە سیستمەکەدا، لەلایەن خوداوە دەستنیشانکراوە و پێویستە گوێ لەم دەسەڵاتە بگیرێت. سیستمی دەوڵەتەکە لەلایەن دەسەڵاتی رۆحی ئیرانەوە دامەزراوەیی کراوە.

## رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە بە گۆڕەپانی سیاسەتی تایفی: سەردەمی دوای سەدام حوسێن لە عێراق و لوبنان

پاش قۆناخی کۆتایهێنان بە جەنگی جیهانی یەکەم، بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاوەکو سەرەتای 2000 کان گۆڕانکاری بەسەردا نەهات. لەکاتی جەنگی سارددا، رووبەڕووبوونەوە لەنێوان بلۆکی کۆمۆنیستی - سۆشیالیستی و لیبراڵی-سەرمایەداریی هەبوو. ئەم رووبەڕووبوونەوەیە

بــووه هــۆی دانانــی هێڵــی تووند بــۆ دەوڵەتــەکان و کۆمەڵگــەکان تاوەکــو کارلێکردنــی راســتەوخۆ لەنێوانیانــدا روونــەدات. لــەم قۆناخــی رووبەڕووبوونەوەیــەدا خواســتی ناســنامەی ئەکتــەرە- بچووکــەکان " دەوڵەتــە بچکۆلــەکان" پشــتگوێخران. لەگــەڵ ئەوەشــدا پرۆســەی بــە جیهانیبــوون "گڵۆباڵیزەیشــن" لــەڕووی ئایدۆلــۆژی، سیاســی، ئابووریــی و تەکنەلــۆژی، کاریگــەری لەســەر کاروبــاری جیهــان لــە ســەردەمی دوایــی جەنگــی ســارد دانــا. بەهــۆی جیهانگیریــەوە توانــا، هێــز و ســنووری دەوڵەتــی -نەتەوەیــی گــۆڕا و گرووپــە نەتەوەیــی و ئایینییــەکان داوای مــاف و ئازادیــی نوێیــان کــرد. لــەم روانگەیــەوە، ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت دۆخێکــی گرنگــی گۆڕانکاریکــردن لــە سیاســەت و دنیابینییــەکان بــوو.

باڵانــس و سیســتمی ناوچەکــە بەهــۆی شــەڕی عێراقــەوە داڕمــا. بــە درێژایــی مێــژوو، عێــراق نموونەیەکــی هەمەڕەنگــی نەتەوەیــی و ئایینــی لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت بــووە. لەگــەڵ ئەوەشــدا، عێــراق وەکــو دەوڵەتێکــی باڵادەســتی ســوننی لــە 1920 دامــەزرا. سیاســەتی توندوتیژیــی و ســەرکوتکاری رژێمــی بەعــس بــۆ چەنــد دەیەیــەک بەردەوامبــوو. لــە 2003، هێــزی هاوپەیمانــان هاتنــە عێــراق و رژێمــی ســەدامیان لــە مــاوەی چەنــد هەفتەیەکــدا رووخانــد. لــە ســەردەمی نوێــدا کێبڕکێیەکــی تووند لەنێــوان ئێــران و ســعودیە لــە عێــراق هەبــوو. بــە تایبــەت دەســتوەردانی ســەربازی ئەمریــکا و بەریتانیــا بووەهــۆی ســەرهەڵدانی نیگەرانــی جیوپۆلەتیکــی بــۆ ئێــران. لــە کاتێکــدا کــە ئێــران هەوڵــی زیادکردنــی هەژموونــی خــۆی لــە رێگــەی پشــتگیریکردنی گرووپــە شــیعەکانی عێــراق دەدا، گرووپــە ســوننییەکان خرانــە دەرەوەی بازنــەی سیســتمی سیاســی و ئابــووری عێــراق. زیادبوونــی هەژموونــی گرووپــە شــیعییەکان وەک مەترســییەک لەلایــەن ســعودیە و

دەوڵەتانــی کەنــداو لێکدرایــەوە. بەشــێوەیەکی ســەرەکی، کاتێــک مالیکــی هاتــە ســەر دەســەڵات، ئــەم دەوڵەتانــە چەنــد کێشــەیەکی دیاریکراویــان لەگــەڵ عێــراق بــۆ پەیدابــوو. لــە ئەنجامــی ئــەوەدا ، گرووپــە توونــدڕەوەکان لــە ڕێگــەی پەلاماردانــی یەکدییــەوە ناکۆکییەکانیــان لــە عێراقــدا زیادکــرد. گرووپــە شــیعییەکان ســعودیەیان بەپشــتگیریکردنی گرووپــە توونــدڕەوەکان وکۆنــە بەعســییەکان تۆمەتبــار دەکــرد. ســعودیەش ئێرانــی بــە قۆڵکردنــەوەی پێکدادانــە تایفییــەکان لــە عێــراق تۆمەتبــار دەکــرد.

بەهەمـان شـێوە، لوبنانیـش ناوچەیەکیـت دیکـەی کێبڕکـێ بـوو. لـە راسـتیدا لوبنــان وەک عێــراق، هەمــان فرەیــی نەتەوەیــی و ئایینــی هەیــە، بــەڵام لوبنــان کــە لەنێــوان ســاڵانی 1970 و 1980 کانــدا لــە جەنگــی نیوخۆیــی بــووە، لەڕێگــەی سیســتمی ســازانەوە هەوڵــی چارەســەرکردنی کێشــەکانی داوە. ســەرەڕای ئــەوەش، ئــەم کێشــانە تاوەکــو ئێســتاش چارەســەرنەکراون. هەروەهــا هێــزە ناوچەییــەکان کێبڕکــێ لــە لوبنــان دەکــەن. ئێــران پشــتگیریی گرووپــە شــیعییەکان و حیزبوڵــڵا دەکات. بۆیــە شــا عەبدوڵــڵای شــای ئــوردن رایگەیانــد کــە ئێــران ســەرقاڵی بنیاتنانــی "هیلالــی شــیعی "ە لــە رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت. هەروەهــا حوســنی موبــارەک دووپاتیکــردەوە گرووپــە شــیعییەکان وەلائیــان بــۆ ناســنامەی تایفــی خۆیــان و ئێــران هەیــە نــەك وڵاتەکانیــان. لــە پــاڵ ئــەوەی کــە ســعودیە پشــتگیریی ســەلەفیزمی لــە لوبنــان کــردووە، هەندێــک لــە گرووپــە ســونییەکان بوونــە پرۆکســی ســعودیە چونکــە پشــتگیریی سیاســی و ئابــووری لێکــردوون. لــە دوا شــیکردنەوەکاندا، ئاڵۆزییــە سیاســی و ئابوورییــەکان لوبنانــی وەك شــوێنی کێبڕکێــی تایفــی لێکــردووە.

## بەهاری عەرەبی، دینامیکە گۆڕاوەکان، چوارچێوەی سیاسەتی مەزهەبی و ئایینی، دەوڵەتە هەڵوەشاوەکان

بەهـۆی شـەپۆلی راپەڕینـەکان لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، ئێـران و سـعودیە ئامانجیـان ئەوەبـوو کـە سـوود لـە رووداوەکان وەربگـرن. هـەردوو دەوڵەتەکـە لەڕێگـەی ناسـنامەی ئایینـی ، ئیتنـی و کولتووریـیـەوە، هێـزە وەکالەتییەکانیـان بەکارهێنـا. بەهـۆی گۆڕانـکاری لـە داینامیکەکانـی ناوچەکـە، هێـزە ناوچەییـەکان قۆنـاخ بـە قۆنـاخ پێگـەی خۆیـان بەهێزتـر کـرد. بۆیـە ئێـران کەوتنـی رژێمـی ئەسـەدی وەکـو کێشـەیەکی سـەرەکی ئـەم سـەردەمە دەبینـی. هەربۆیـە حیزبوڵـڵا لـە لوبنـان، حوسـییەکان و رژێمـی ئەسـەد لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتگیریی کـراون. هەروەها سعودییەش لـەڕووی کاروباری نێوخـۆوە لـە بەهـاری عەرەبـی نیگـەران بـوو. جوڵانـەوە ناڕازییـەکان بەتایبەت لـە ناوچـە شـیعییەکانی سـعودیەدا بیـنران. سـعودیەش لەڕێگـەی ریفۆرمـی سیاسـی و ئابوورییـەوە هەوڵـی دامرکاندنـەوەی داواکارییەکانـی دەدان.

ناسـنامە ئایینـی و ئیتنییـەکان رۆڵـی گرنگیـان لەزیادکـردن و گەورەکردنـی پێکدادانەکانـدا هەیـە. سـەرکوتکردنی داواکارییـەکان لەلایـەن رژێمـی ئەسـەدەوە بـووە هـۆی زیادبوونـی پێکدادانـە مەزهەبـی و ئیتنییـەکان. پێکدادانـەکان لەنێـوان رژێمـی ئەسـەد و گرووپـە ئۆپۆزیسـیۆنەکان بەتەنیـا گرووپـە ئایینـی و ئیتنییەکانـی نەدەگرتـەوە، بەڵکـو هێـزە ناوچەیـی و جیهانییەکانیشـی لەخۆدەگـرت. لەکاتێکـدا رووسـیا و ئێران پشـتگیریی رژێمـی ئەسـەدیان دەکـرد، ئەمریـکا و هاوپەیمانەکانـی پشـتگیریی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریایان دەکـرد. لـەدوای 2015، رووسـیا رۆڵێکـی سـەرەکی لـە مانـەوەی رژێمـی ئەسـەد بینـی. جگەلـەوەش، ئێـران لـە رووی سیاسـی، ئابووریـی و

سـەربازییەوە پشـتگیریی ئەسـەدی کـرد. هێزەکانـی شـۆڕش و سـوپای قودسـی ئیرانیـش لـەڕووی سـەربازییەوە بـۆ بەرژەوەنـدی ئێـران لـە سـووریا کاریـان کـرد. بەهـۆی ئـەم پشـتگیرییانە، رژێمی ئەسـەد توانـی لـە رووبەڕووبوونەوەی گرووپەکانــی ئۆپۆزیســیۆندا بمێنێتــەوە. پشــتگیرییەکانی ئێـران لــە ســووریا بوونەهـۆی زیادبوونـی نیگەرانییەکانـی سـعودیە لـە ناوچەکـە. سـعودییەکان دەیانخواسـت لەرێگـەی پاڵپشـتیی ئابـووری وسـەربازییەوە رێگـەی چاککردنی سیاسـەتەکان لـە سـووریا بگرنەبـەر.

هــەروەک لــەم بەشــەدا باســمان کــرد، ئێــران لــە رێگــەی تۆخکردنــەوەی سیاسـەتە مەزهەبییـەکان کاریگـەری لەسـەر ناوچەکـە دروسـتکردووە. لـە پـاڵ ئـەم راسـتییە، ئێـران بـە واژۆکردنـی رێککەوتنـی ئەتۆمـی وڵاتانـی پێنـج کـۆ یـەک، هەوڵیـدا شــەرعیەتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بەدەسـتبهێنێت. ئـەم پەرەسـەندنە پەیوەنـدی بـە سیاسـەتی ئەمریـکا لـە رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لــە ســەردەمی ئۆبامــادا هەبــوو. سیاســەتی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریـکا دەگەیشـتە بەدەسـتهێنانی سیسـتمی ناوچەیـی و راگرتنـی باڵانسـی هێــز لەگــەڵ داینامیکەکانــی ناوچەکــە. مەبەســت ئەوەبــوو کــە هێزەکانــی ناوچەکـە لەسـەر کێبڕکێکردنـی هەژموونیـان، باڵانسـی یەکدیـی راگـرن. تورکیا، سـعودیە و ئێـران نـەک بەتەنیـا لەڕێگـەی سـەختەهێزەوە بەڵکـو، لەڕێگـەی نەرمەهێزیشـەوە هەوڵـی بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان دەدا. لـەم روانگەیەوە، دەرکەوتنــی سیاســەتی ئێــران و شــیعە لــە لەلایــەن هێزەکانــی رۆژئــاواوە پشــتگوێخرا. بۆیــە هێــزە ئایینییــە ناوچەییــەکان وکاروبــاری مەزهەبــی لــە بەرژەوەنـدی خۆیانـە. بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ چوارچێوەیەکـی سیاسـەتی مەزهەبـی لـە ناوچەکـەدا سـەریهەڵدا. لەسـەر ئەمـە، سـعودیە پەشـۆکا و بـە گـۆڕانـی داینامیکـەکان کاریگەریـی بەرکـەوت. تورکیـا وەکـو هێزێکـی دیکـەی

ناوچەیـی، لەلایـەن سیسـتمە ناوچەییەکـەوە کرایـە دەرەوە. ئێـران توانـی هەژموونـی کاریگەریـی خـۆی بڵاوبکاتـەوە و لـە ناوچەکـە فراوانـتری بـکات. بۆیـە سـعودیە هەسـتی بـە هەبوونـی مەترسـی لـە ناوچەکـە کـرد و دەسـتی بـە دامەزراندنـی هێزێکـی سـەربازی کـرد. هێـزی هاوپەیمانـی ئیسـلامی بـۆ ڕێگریکـردن لـە کاریگەرییەکانـی ئێـران دامەزرانـد. بـەم هەنـگاوە، سـعودیە پشـتگیریی وڵاتانـی موسـڵمانانی وەرگـرت و ڕۆڵی سـەرکردایەتیکردنی سـوننەی وەرگـرت. لـە سـەرەتادا، ئـەم هێـزە لـە یەمـەن بـۆ قەرەبووکردنـەوەی هەوڵـە شکسـتخواردووەکانی سـعودیە لـە ناوچەکـە، جەنگـی لەگـەڵ گرووپەکانـی سـەر بـە ئێـران کـرد. سـعودیە وەک هێزێکـی ناوچەیـی بـە بـێ وزەی ئەتۆمی پەنـای بـۆ پاکسـتان بـرد. پاکسـتان دراوسـێی ڕۆژهەڵاتـی ئێرانـە کـە توانایەکـی گـەورەی هێـزی ئەتۆمـی هەیە، بـەڵام پاکسـتان ژمارەیەکی زۆری دانیشـتووانی شیعەیشـی هەیـە کـە دەتوانرێـت لەلایـەن ئیرانـەوە بەکاربهێنرێـن.

لـەدوای سـەردەمی بەعـس لـە عێـراق هێـزی شـیعەکان پتەوتـر بـوو. لـە کابینەکانـی سـەردەمی مالکیـدا ئـەم بەهێزبوونـەی شـیعەکان لـە ئاسـتی بـاڵادا بینـرا. ئەمـە لەکاتـی حکومەتەکـەی نـووری مالیکـی بەرزتریـن ئاسـتی بەخـووە بینـی. گرووپەکانـی دیکـە، بـە تایبـەت سـوننە و کـورد نیگـەران بـوون و دیـدگای خۆیـان بـۆ هەژموونـی شـیعە بەسـەر سیسـتمی سیاسـی وئابووریـەوە هەبـوو. کاتێـک سـەیری سـەردەمی دوای سـەدام دەکەیـن، لـەڕووی کاریگەریـی سیاسـی و ئابوورییـەوە ئێـران لـە عێراقـی نـوێ بـە بـراوە دادەنرێـت. بـە بڕیـاری کشـانەوە لـە عێـراق، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ئاسـتی نیگەرانییەکانـی لـە بـارەی داهاتـووی ئـەم وڵاتـەوە بەرزکـردەوە. ئەمـە دەرفەتێـک بـوو بـۆ ئێـران بـۆ داڕشـتنەوەی عێـراق و سـنووردارکردنی ئەمریـکا و هێزەکانـی دیکـەی لـە ناوچەکـە. لەلایەکـی

دیکـەوە، سـعودیە و وڵاتانـی کەنـداو لەبـەر چەنـد هۆکارێک دژی کشـانەوەی هێزەکانـی ئەمریـکا وەسـتانەوە. یەکـەم ئەمـە دەبێتـە دەرفەتێکـی زێڕیـن بـۆ ئێـران بـۆ زیادکردنـی هەژموونـی سیاسـەتی شـیعە نـەک بەتەنیـا لـە عێـراق بەڵکـو لـە ناوچەکـە. هەروەهـا لەوەدەچـوو کـە عێـراق بـەرەو دەوڵەتـی بـێ یاسـا و فـەوزا بەرێـت. دەوڵەتـە عەرەبییـە سـوننەکانیش لـەدوای کەوتنـی سـەدامەوە پشـتگیریی گرووپـە سـوننەکانیان لـە عێـراق دەکـرد. سـوننەکان بەگشـتی، لـەڕووی دامەزراندنـی سیسـتمێکی نـوێ لـە وڵاتـدا پێگەیەکـی لاوازیـان هەبـوو.

لـە هاوینـی 2014 دا، ڕێکخـراوی سـەلەفی جیهـادی تیرۆریسـتیی داعـش، خەلافەتـی موسـڵمانانی لـە جیهـان ڕاگەیانـد. داعـش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـەو ناوچانـەی زۆرینـەی دانیشـتووانی سـوننە بـوون لـە عێـراق و سـووریا، بەهێزتردەبـوو. خەڵکـی توونـدڕەو "رادیـکاڵ"، ئەندامانـی پێشـووی سـەربازی بەعـس و ئەوانـەی دژی ئێـران بـوون، پێکهاتـەی سـەرەکی داعـش لـە عێـراق بـوون. لـە 2014 موسـڵ داگیرکـرا و ناوچەیەکـی زۆری خاکـی عێـراق کەوتـە دەسـت داعـش. هێـزی سـەربازی عێـراق توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی داعشـی نەبـوو. لـە پەلامارەکانـی داعشـدا خەڵـک کـوژراو و ژمارەیەکـی زۆری خەڵکـی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی داعـش ئـاوارەی وڵاتانـی دراوسـێ بـوون. بـۆ لەنێوبردنـی داعـش، هێـزی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی دامـەزرا و لـە لایـەن هاوپەیمانانـەوە ڕاهێنـان بەهێزەکانـی عێـراق کـرا. هەروەهـا ئێـران شـەڕی لـە دژی داعـش بـە سـوپای قـودس و حەشـدی شـەعبی کـرد. ئـەو گرووپە شـیعییە چەکدارانـەش، لـەڕووی سیاسـی، دارایـی و سـەربازییەوە لەلایـەن ئێرانـەوە پشـتیوانی دەکـران. لەدواییـن قۆناخـدا، داعـش بـە ئۆپەراسـیۆنەکانی هێـزی نێودەوڵەتـی هاوپەیمانـان و گرووپەکانـی سـەر بـە ئێـران کۆتایـی پێهێـنرا.

## کۆتایی و ئاسۆکانی داهاتوو

مێژوویـی تایفیـەت لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی حەوتـەم. دابەشـبوونە تایفییـەکان لەنێـوان موسـڵمانانـدا بـووە هـۆی جەنگـی خوێنـاوی و گـرژی توونـد کـە سیاسـەتی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـەم میراتـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. دەتوانرێـت بـە ئاسـانی ئـەم کێشـەیە لـە ئاڵۆزییـە تایفییەکانـی نێـوان ئێـران و سـعودیەدا ببینرێـت. دوای کەوتنـی ڕژێمـی سـەدام، ئێـران جێدەسـتی خـۆی بەهێزکـرد و دەتوانێـت جوڵـە بـە گرووپـە شـیعییەکان لـە ناوچەکـەدا بـکات کـە بـە هیلالـی شـیعی و ئـارەزووە ئیمپراتۆریەکانـی ئێـران نـاسراوە. ئەمـە بـووە هـۆی کاردانـەوەی دەوڵەتانـی عەرەبـی سوننە و ئەوانـەی دژی تایفیەتـن لـە ناوچەکـە. لـەڕووی ئایدۆلۆژیشـەوە، هەژموونـی هـەردوو جـۆری سـەلەفیزم بـۆ تێکشـکاندنی هێـزی ئێـران و شـیعە لـە ناوچەکـەدا دەرکـەوت.

لـە بەهاری عەرەبـی، داینامیکەکان لەڕووی سیاسـەتە تایفییـەکان گۆڕانکارییان بەسـەرداهات. شـەپۆلی ناڕەزایەتییـەکان بـووە هـۆی گۆڕانـکاری و ناجێگیریـی ئەمنـی . عێـراق، سـووریا و یەمـەن جۆرێکـی دەوڵەتـی هەڵوەشـاوەن کـە سـەربەخۆیی ناوخۆییـان تێـدا نابینرێـت. داعـش وەکـو ڕێکخراوێکـی توندڕەو ودواکەوتـوو سـەریهەڵدا و دەسـتیکرد بـە سـەربازکردنی ئەوخەڵکانـە کـە توونـدڕەو بـوون و دژە شـیعە و دژە ئێـران بـوون. بـەم دواییانـە، داعـش لەڕێگـەی چەنـد هێرشـێکەوە تێکشـکێنرا و سـەرکردەی ڕێکخراوەکـە ئەبوبەکـر بەغـدادی لـە ئۆپەراسـیۆنێکی ئەمریکییـەکان لـە سـووریا کـوژرا. هەروەهـا، قاسـم سـولەیمانی فەرماندەی سـوپای قـودس و گرووپەکانـی سـەر بـە ئێـران بەهەمـان شـێوە لـە لایـەن ئۆپەراسـیۆنێکی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی

ئەمریـکاوە کـوژرا. سـعودیە و هاوپەیمانەکانـی رووبـەڕووی داواکاری خەڵکـی خۆیـان بوونەتـەوە. بۆیـە شـازادە سـەلمان دەسـتیکردووە بـە ئامـادەکاری بـۆ بەرنامـەی چاکسـازی لـە وڵاتەکەیـدا. خەڵکـی نـاڕازی ئێرانیـش، خۆپیشـاندان لـە دژی نەبوونـی سـەقامگیری ئابووریـی وکۆمەڵایەتـی دەکـەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، لـە مەسـەلەی خۆپیشـاندانەکانی ئوکتۆبـەری 2019دا لـە عێـراق، پێویسـتە ئـەوە ببینرێـت کـە خەڵـک لـە سیاسـەتی تایفـی مانـدوو بـووە. لەبەرئـەوە پێویسـتە دووبـارە بیـر لـە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵەتـان وگرووپەکانـی شـوناس بکرێتـەوە. لــە قۆناخــی ناجێگریــی لــە چوارچێــوەی رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا، پێویســتە چەمکـی هاووڵاتیبـوون دووبـارە هەڵبسـەنگێندرێتەوە و دابڕێژرێتـەوە.

# شوناس و ململانێیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

زریان ڕۆژهەڵاتی *

## بەرایی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەقێکی ململانێ و گرژییەکانی دنیای ئەمڕۆیە. لە هەر سووچێکی ئەم جوگرافیایەوە جۆرێکی ململانێ لە گرژییەوە تاوەکو جەنگ و پێکدادانی چەکداری بەرچاو دەکەوێت و لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەکدا، ململانێ لە دیمەنی گشتی ئەم ناوچەیە جیاناکرێتەوە. شوێنەواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم دۆخە لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە، کە لە جێی خۆی بمێنێ، لە شێوەی جیاجیای وەك کۆچی چینی نێوەڕاست، ناسەقامگیری و توندوتیژی، کاریگەری لەسەر هەموو شوێنەکانی دیکەی دنیاش داناوە. بەریەککەوتنی دەسەڵاتدارەکان بە ئەکتەری دەوڵەتی و نادەوڵەتییەوە لەئارادایە کە ئایدیالی جیاواز و بنجی شوناسدارانەی ناتەبایان هەیە. لە 11 وڵاتی

* بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کێشەی گرنگی مەزهەبی و ئایینی هەن، کە ڕووی سیاسییان بەخۆوە گرتووە و لە 5 دانەشیاندا کێشەی گەورەی نەتەوەیی هەن، کە ئەوانیش ڕەهەندی سیاسییان هەیە. برژینیسکی بە هەق پێیوایە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە لە چارەسەرکردنی پرسە مەزهەبی و ئەتنییەکاندا دەستەوەستانن." لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێزی خۆجێیی ناڕازی هەن کە دەتوانن لە دژی دەوڵەتی ناوەندی پەنا بۆ توندوتیژی بەرن." (Zbigniew Brzezinski، 2005:52)بەڵام ئەگەر بەشێك لە دیدگا دەوڵەت میحوەرەکان هەبوونی گرووپی چەکداریی ناڕازی بە هۆکاری دەرکەوتنی ململانێیەکان بزانن، دیوێکی دیکەی ڕووداوەکەش ئەوەیە کە پەیوەندی و تەنانەت هەندێکجاریش پاڵپشتیی دەوڵەتانی دیکەی جیهان لە سیستەمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە، لەڕێگەی پەیمانە ئەمنی و سیاسی و سەربازییەکان و فرۆشتنی چەك و تەقەمەنییەوە، هۆکارێکی بەردەوامبوونی ململانێ و تەنگژەکان بووە. سەرباری ئەوانەش بەشێك لە گەمەی هێزداری لە جیهان لەسەر ئەم جوگرافیایە دەکرێت و بەریەککەوتنی ناسنامە جیاوازەکانیش ئامرازێکی گرنگی بۆ خۆشکردنی یاریی هێزدارەکان دروستکردووە.

لەلایەکی دیکەش دینامیزمێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لەئارادایە کە لەبەرامبەر ناکارامەیی سیستەمە سیاسییەکاندا کەوتووەتە جوڵە. ئەمەش هەر دەمارێکی شوناسداریی تێدایە. لەم ساڵانەی دواییدا خۆپێشاندان و نارەزایی جەماوەری لەدژی گەندەڵی و ناکارامەیی سیستەمە سیاسییەکان، وەك ڕووخسارێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرکەوتووە. هەڵبەت لێگەڕان بۆ شوناس، لە دووتوێی ئەم نارەزاییانەشدا هەیە. ناڕازییەکانی عێراق و لوبنان بە ئاڵای وڵاتەکانیان هاتنە سەرشەقام و لە ئێرانیش

دروشـمی وایـان دەگوتـەوە کـە نیشـانەکانی ناسـیۆنالیزمی تێـدا بەدیدەکـرا. ئەمـەش وادەکات کـە بەگشـتی مۆرکـی شوناسـخوازی لـە سیاسـەت لـەم ناوچەیـە جـارێ کەمڕەنـگ نەبێتـەوە.

ئێسـتا ئیـدی ئـەو سیسـتەمە سیاسـییەی کـە لـەدوای جەنگـی جیهانـی یەکـەم و دووەمـەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت سـەریهەڵدا و گەشـەی کـرد، لـەدوای جەنگـی سـاردەوە ناکارایـی خـۆی سـەلماندووە. مۆدێلەکانـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی و دەوڵەتـی دینـی کـە پشـتیان بـە ئاسمیلاسـیۆن دەبەسـت، پێچەوانـەی واقعـی فرەپێکهاتەیـی و دینـی و نەتەوەیـی ناوچەکـە بـوون. پێداگریکردنیشـیان لەسـەر سیاسـەتەکانی یەکسانسـازیی شـوناس، ڕێگـەی بـۆ بەهێزبوونـی "ناسـنامەی بەرگری" خۆشـکرد. درزە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی شـوناس لـە ناوچەکـە چـالاك بـوون و لـە ئەنجامـی ئەوەشـدا، زۆر ئەکتـەری تـازە لـە مەیدانـی سیاسـی دەرکەوتـن. ئەمانـە بەشـێکیان تایبەتمەندییەکـی سـنووربڕیان هەیـە کـە زیاتـر لـە بزاڤـە سیاسـییە دینـی و مەزهەبییـەکان بـە تایبەتـی ڕەوتـە سـوننی و شـیعییەکاندا بەدیدەکرێـت. هەڵبـەت بزاڤـی سیاسـیی کوردیـش وەك نموونەیەکـی جوڵانـەوە نەتەوەییـەکان هەمـان سرووشـتی سـنووربڕی هەیـە. بەشـێکی دیکـەش لـەو ئەکتـەرە شوناسـدارانەش لـە چوارچێـوەی سـنووری دەوڵەتێکـدا چالاکـن. ئەکتـەرە تـازەکان و پێداگریـی ڕژێمـە سیاسـییەکانیش لـە سیاسـەتەکانی شوناسـدارانەی خۆیـان ڕێگەیـان بـۆ ناسـەقامگیری نێوخۆیـی و تەنانـەت جەنگـی نێوخۆیـی کـەم - توندوتیژیـی(low-intensity) و جەنگـی ناهاوسـەنگ (Asymmetric) خۆشـکردووە. لەلایەکـی دیکـەش ئـەم دۆخـە لەگـەڵ ڕکابەرییـە سیاسـی و جیۆپۆلیتکییەکانـدا یەکیگرتووەتـەوە. کەڵکوەرگرتنـی دەوڵەتانـی ڕکابـەر لـە ئەکتـەرە شوناسـخوازەکان بـۆ مەرامـە سیاسـییەکانی خۆیـان ڕاسـتە، بـەڵام

دیوێکـی دیکـەی دراوەکـەش ئەوەیـە کـە دەوڵەتانـی ناوچەکـەش کەڵکیـان لـە هاوسـەنگییەکانی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی وەرگرتـووە بـۆ سـەرکوتکردنی هـەر جـۆرە گرووپێکـی شـوناس، کـە لەگـەڵ سیسـتمەکانی ئەوانـدا ناگونجێـت.

## 1 - رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ململانێی ناسنامەکان

دەتوانیـن وایدانێیـن کـە هـۆکاری شـوناس هۆکارێکـی ململانێیەکانـی رۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە، بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە کـە بـە چ رەنگێکـە؟ بێگومـان ململانێیەکانـی شـوناس تەنیـا بـە هۆکارێـك روونناکرێنـەوە و لێرەشـدا دەکـرێ پەنـا بـۆ دیـدگا و دیسـپلینە جیـاوازە زانسـتییەکان ببرێـت تاوەکـو تێگەیشـتنێکی وردترمـان دەسـتبکەوێت. ئـەم بابەتـە هەوڵـدەدات لەڕێـی کەڵکوەرگرتـن لـەو رێبازانـەی کـە جەخـت لـە بەریەککەوتنـی ناسـنامەکان دەکەنـەوە، چوارچێوەیـەك بـۆ تێگەیشـتن لـەم بابەتـە بـە وردبوونـەوەی زیاتـر لەسـەر پرسـی کـورد لـە نێـوان چـوار دەوڵەتـی ناوچەکـەدا باسـبکات.

لـە واتایەکـی گشـتیدا دەتوانیـن بێژیـن شـوناس دەسـتەیەك لـەو واتـا و بەهایانەیـە کـە ئەکتـەرە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان بەوانـە پێناسـە دەکرێـن. لەباسـی تایبـەت بەشوناسـدا دەبـێ سـەرنج لەسـەر ئـەوە بدرێـت کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەوی دیکـەدا هەیـە. واتـا شوناسـێك لـە بەرامبـەر شوناسـێکی دیکـەدا خـۆی تاریـف دەکات. چەنـدە ئـەو پرسـیارە گرنگـە کـە مـن کێـم، ئەوەنـدەش ئـەوە گرنگـە کە کـێ نیـت. چۆنییەتـی خۆپێناسـەکردنی هەڵگـری شوناسـێك چەنـدە گرنـگ بێـت، چۆنییەتـی پێناسـەکردنی لەلایـەن ناسـنامەکەی بەرامبەریشـی گرنگـە. ئەمـە وادەکات کـە شـوناس رەهەندێکـی زەینـی هەبێـت. زۆر لـە شـارەزایانیش کۆکـن لەسـەر بگۆڕبوونـی شـوناس. سرووشـتێکی دینامیکـی هەیـەو وەك خـۆی نامێنێتـەوە. ئەکتـەرەکان،

شـێوازەکان و داوودەزگاکان ڕۆڵیـان لـەو گۆڕانـەدا هەیـە و ئەمـەش ڕەهەندێکـی سـازێنراویی پێـدەدات. (محمدرضـا مجیـدی، 1394) فردریـك بـارت لەڕێگـەی چەمکـی سنووره ئەتنییەکانـەوە جەخـت لەسـەر پێویسـتیی تێگەیشـتن لـەو پەیوەندییانـە دەکاتـەوە کـە دەبنـە هـۆکاری جیاکردنـەوەی سنوورەکانی نێـوان گرووپـەکان. ئـەو ئاماژە بە سـنووره ڕەمزییەکان و سـنووره کۆمەڵایەتییـەکان دەکات. سـنووره ڕەمزییـەکان بـەو جیاوازییـە تێگەیشـتنیانە دەزانێـت کـە لەلایـەن ئەکتـەره کۆمەڵایەتییەکانـەوە بـۆ دەسـتەبەندیکردنی شـتەکان، کـەس و کـردارەکان یـان تەنانـەت کات و شـوێن بەکاردەبرێـن. ئەمـە خەڵـك بەسـەر گرووپـی جیاجیـادا دابەشـدەکات. سـنووره کۆمەڵایەتییەکانیـش شـێوازە بابەتییەکانـی جیاوازییـە کۆمەڵایەتییەکانـن کـە لـە دەستڕاگەیشـتن بـە سـەرچاوەکان و دابەشـکردنی نایەکسـانی دەرەفەتـە کۆمەڵایەتییەکانـدا ڕەنگیـان داوەتـەوە.( Barth، 2001) هانتینگتـۆن لـە دیمەنێکـی گەورەتـردا باسـی لـە هەبوونـی پێکدادانـی ناسـنامەکان کـردووە، بـەڵام لـە چوارچێـوی شارسـتانییەکاندا. هەڵبـەت ئەگـەر بانگەشـەی جیهـادی قاعیـدە یـان داعـش لـە دژی کریسـتیانەکان بـە جۆرێـك لـە پێکدادانـی نێوانـی شارسـتانییەکان سـەیربکەین، ئـەوە توندبوونـەوەی ململانێیەکانـی شـیعە- سـوننە لـەم سـاڵانەی دواییـدا زیاتـر دەربـڕی ململانێیەکـی نێوخۆیـی یـەك شارسـتانی دەکات نـەك شارسـتانییە جیـاوازەکان لەگـەڵ یـەك و ئەمجـۆرەی پێکدادانیـش لـە ڕۆژهەڵاتـی نیوەڕاسـتدا زیاتـره. مانوێـل کاسـتێلز لەنێـو دابەشـکارییەکانی خۆیـدا بـۆ جۆرەکانـی شـوناس، باسـی "ناسـنامەی بەرگـری"دەکات. بـەڕای ئـەو، ئـەم ناسـنامەیە لەلایـەن ئەوانـەوە دروسـتدەکرێت کـە بـە لۆژیکـی دەسـەڵاتەوە بـە بێبەهـا سـەیر دەکرێـن و پشـتگوێ دەخرێـن. لەسـەر بنەمـای ئـەو ناسـنامەیەش سـەنگەرەکانی بەرگـری بـۆ مانـەوە و پاراسـتنی جیـاوازی

لەبەرامبــەر ئــەو بنەمایانــە دروســتدەکرێن کــە لەلایــەن دامەزراوەکانــی کۆمەڵگــەوە پشــتیوانی دەکرێــن. کاســتێلز وەك جۆرێکــی دیکــەی شــوناس باســی چەمکــی "ناســنامەی رەواییبەخــش" دەکات کــە لەلایــەن دامــەزراوە باڵادەســتەکانی کۆمەڵگــەوە دروســتدەکرێت تاوەکــو دەســەڵاتی خۆیــان بــرەو پێبــدەن( کاســتلز،1380). ئــەم چەمکــەش یارمەتیــدەرە بــۆ ئــەوەی ناســنامەی بەرگــری روونــتر بێــت. دەرکەوتنــی گرووپــی جیاجیــای شوناســدار لــە بەرامبــەر دەوڵەتانــی رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت دەتوانێــت هەمــان ئــەو ناســنامە بەرگرییــە بێــت کــە کاســتێلز باســی دەکات.

### 2 - رۆڵی دەستبەژێرەکان لە ململانێیەکانی شوناسدا

بەلەبەرچاوگرتنــی رۆڵــی بەرچــاوی ســەرکردەکان لــە کولتــووری سیاســی رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت، کاریگەریــی دەســتەبژێر لــە ململانێیەکانــی شــوناس لــەم ناوچەیــە وەك بابەتێکــی گرنــگ دەردەکەوێت. هارۆڵد لاســویل جەختی لە پێویســتی خوێندنــەوەی دیــدگا و رەفتاری دەســتەبژێرکان کردووە بۆ تیگەیشــتن لــە سیاســەت و جەنــگ. (رابــرت فالتزگــراف، جیمــز دئورتــی ،1391:443) کنێــس بوڵدینــك لــە روانگەیەکــی دیکــەوە ئــەم بۆچوونــە بەهێــز دەکات و پێیوایــە کــە" تەســەوری" بڕیــاردەران رەفتــاری رێکخــراوە سیاســییەکان ئاراســتە دەکات.(س.پ:481) لەوانەیــە بــۆ شــوێنێکی وەك رۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت کــە رۆڵــی تــاك - ســەرکردە لــە سیســتمە سیاســییەکانیدا یەکلاکەرەوەیــە ئــەم بابەتــە بایەخێکــی زیاتــری هەبێــت. 6 دانــە لــە وڵاتەکانــی ئــەم ناوچەیــە هــەر بــە پادشــایی بەڕێوەدەبرێــن و لــە بەشــێکی زۆری وڵاتەکانیشــدا ئاڵوگــۆڕی دەســتەبژێری دەســەڵاتدار یــان کەمدەکرێــت یاخــود رێگەیــەك بــۆ درێژکردنــەوەی مــاوەی مانــەوەی ســەرکردەکان پەیــدا کــراوە. رێــژەی

تەمەنـی سـەرۆکی وڵاتـەکان سـەرووی 70 سـاڵە، زۆربەشـیان لـە سـەربازی یـان کاروبـاری دینـی شـارەزان کـە وادیـارە هەردووکیشـیان بـۆ سیاسـەتەکانی شـوناس لـەم ناوچەیـە بەکەڵکـن. بەشـێکیان بڕیاربەدەسـتانی راسـتەقینەی وڵاتەکانیـان نیـن و دەسـەڵاتەکانیان تەشریفاتیـن بـەڵام، زۆرێکیـان دەسـەڵاتی رەهایـان هەیـە. بێجگـە لـە تورکیـا، عێـراق، لوبنـان و ئیسرائیـل میکانیزمێکـی روون بـۆ گۆڕانـی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداریش لـە ئـارادا نییـە و ئەگەریـش هەبێـت جێبەجـێ ناکرێـت. دیدگایەکـی دیکـە جەخـت لەوەدەکاتـەوە کـە دەسـتەبژێرکان لەڕێـی بەکارهێنـان و ورژووانـدنـی هەسـتە نەتەوەییەکانـی خەڵکـەوە بـەدوای دەسـکەوتەکانی خۆیانـەوەن. بەشـێوەیەکی کـرداری، زۆرجـار ئـەم دیدگایـە لەلایـەن ئەکتـەرە دەوڵەتییەکانـی ئـەم ناوچەییـەوە بـۆ دامرکاندنـەوەی خواسـتە شوناسـدارانەکان بەکارهاتـووە. (د.کاووس سـید امامـی:1358) بـە دیوێکـی دیکەدشـدا، "لەوانەیـە نادڵنیایـی دەسـتەبژێر لـە مـاوەی دەسـەڵاتداریی خۆیـان، وایـان لێبـکات لەڕێـی بەرجەسـتەکردنی کەسـانی سیاسـی و سـەربازی وە ئەگـەری جەنـگ و ململانـێ زیاتـر بکـەن." ئەگـەر لـەم دەلاقەیـەوە سـەیر بکەیـن ئەوسـا دەکـرێ هاوتەریببوونـی تووندبوونـەوەی هەڵوێسـتی بەرپرسـانی ئێـران بەرامبـەر چالاکیـی کـورد و بەلووچـەکان لـەم سـاڵانەی دوایـی لەگـەڵ زیادبوونـی ناکۆکییـە نێوخۆییەکانی ئـەوان و ناڕەزاییـە جەماوەرییـەکان زیاتـر واتاداربـن. دەکـرێ هەڵوێسـتەکانی حەیـدەر عەبـادی سـەرۆکوەزیرانی پێشـووتری عێـراق لـە دواییـن سـاڵی حوکمداریـی خۆیـدا لەبەرامبـەر کـورد، ئەویـش لـە وەختێکـدا کـە لـە نـاو حیزبـی دەعـوە و گرووپـە شـیعییەکانی دیکەشـەوە کەسـانێك هەبـوون لێـی ناڕازیبـوون، وەك نموونـەی رەفتـاری سـەرکردەیەکی سیاسـی سـەیربکرێت کـە بـۆ مانـەوە لـە دەسـەڵات دەتوانێـت ناکۆکیـی لەگـەڵ لایەنێکـی دەرەکـی

کـە لێـرەدا بـە شـێوەی ناڕاسـتەوخۆ غەیـرە شـیعییە، تـاو بـدات. هەروەهـا دەشـێت بـە پێـی ئـەو دیدگایـە پەیوەندیـەك لەنێـوان لاوازبوونـی پێگـەی پارتـی داد و گەشـەپێدان لـە تورکیـا و دەسـتپێکردنەوەی شـەڕی نێـوان پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و تورکیـا لـەدوای 2015وە بدۆزینـەوە. ئەویـش دوای ئـەوەی کودەتایەکـی نـاکام روویدابـوو کـە پێگـەی پارتـی دەسـەڵاتداری خسـتبووە مەترسـی. هەروەهـا لـە کاتیکـدا بـوو کـە دەرکەوتنـی سـەرکردەی تـازەی وەك سـەلاحەدین دەمیرتـاش لەگـەڵ رۆڵـی سـەرەکیی عەبدوڵـڵا ئۆجـالان لـە "پرۆسـەی ئاشـتی" دەیتوانـی رۆڵـی هەندیـك لـە سـەرکردەکانی دیکـەی کـورد کەمـتر بکاتـەوە. زیندووهێشـتنەوەی "تەسـەوری دووژمـن" زۆرجـار کەڵکـی بـۆ سیاسـییەکانی ئـەم ناوچەیـە هەبـووە تاوەکـو بتوانـن لەڕێـی ئـەوەوە جەمـاوەر لـەدەوری خۆیـان کـۆ بکەنـەوە. دەسـتەواژەی شـەیتانی گـەورە، بچـووك، بەکرێگیـراو، تیرۆریسـت، مونافیـق، کافـر کـە زۆ لـە سیاسـییەکانی ئـەم ناوچەیـە بەکاریـان دێنـن بـۆ ناوزەدکردنـی رکابـەرەکان یـان ئـەو هێزانـەی تەگەرەیـان بـۆ دروسـتدەکەن، خزمەتـی دروسـتکردنی ئـەو تەسـەورە دەکات کـە بـە کەڵکـی مانەوەیـان دێـت.

**2 -ئاستی نێوخۆیی: زەقبوونی سنوورەکانی شوناس لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بێژیـن لـە جەنگـی جیهانیـی یەکەمـەوە سیسـتمە سیاسـییەکانی ئـەم ناوچەیـە یەکێـك لەهۆکارەکانـی بەرهەمهاتنـی "ناسـنامەکانی بەرگـری" بـوون. هەڵبژاردنـی شوناسـێك و هەوڵـدان بـۆ باڵادەسـتکردنی بەسـەر تـەواوی کۆمەڵگـەدا، پێڕەوکردنـی سیاسـەتەکانی یەکسانسـازی کـە پێچەوانـەی واقعـی فرەڕەنـگ و فـرە پێکهاتەیـی ئـەم

ناوچەیە بووە لە لایەك و لاوازیی خودی دەوڵەتەکانیش کە لە هەندێك دۆخدا تاوەکو سنوورەکانی دەوڵەتی شکستخواردووش ڕۆیشتووە، ڕۆڵیان لە بەهێزبوونی "ناسنامە پەراوێزییەکان" و بەربوونی هێزی راکردن لە ناوەندا هەبووە. لە سیستەمە پادشاییەکانی پێشتردا جۆرێك لە دانان بە ناسنامەی جیاواز لەڕێی میرنشین و دەسەڵاتە محەلییەکان لە ئارادایە، کە بەشێکی دیار لە دەستەبژێری گرووپە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان توانیویانە لە پلە بەرزەکانی بەڕێوەبردندا جێی خۆیان بگرن. دیارترین نموونەی ئەمەش لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بووە کە چەندین کەسایەتیی دیاری کورد توانیویانە پلەی بەرزیوەک سەدری ئەعزەم وەربگرن ئەویش لە کاتیکدا کە کوردبوونیان دیار بووە. جیاکردنەوەی کورد لە مێژووی گەلانی ئەم ناوچەیە و بانگەشەکردن بۆ ئەوەی کە کورد هیچ ئەزموونێکی حوکمداری نەبووە یان هیچی نەبووە، ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە شوناسدارانەیە کە لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە هەولی خۆسەپاندنی داوە. ئەگینا کورد لانیکەم هاوبەشێکی ئەو سیستمانە بوون کە لەم ناوچەیە دامەزراون و لە بنەڕەتیشدا لەسەر بنەمای شوناسێکی فراوانتر دامەزرابوون.

## ناسنامەی زاڵ و ناسنامەی بەرگری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

| وڵات | دیدگا و ناسنامەی زاڵ | ناسنامەی بەرگریی بەهێز | تێبینی |
|---|---|---|---|
| میسر | میلیتاریست، سیکۆلار | ئیسلامگەرایی سیاسی- ئیخوان | |
| ئێران | ئیسلامی شیعی، نەتەوەگەرایی | ئیسلامگەرایی سوونی- نەتەوەگەرایی پێکهاتەکان | بەکردەوە حزبی سیاسی قەدەخەیە |
| تورکیا | ئیسلامی سوننی، نەتەوەگەرایی | چەپ، نەتەوەگەرایی، عەلەوی، لیبرال | |
| عێراق | ئیسلامی شیعی، نەتەوەگەرا، لیبراڵ | ئیسلامی سوننی- نەتەوەگەرا | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سعودیە | ئیسلامی سوننی، مۆنارکی | ئیسلامی- شورا، ئیسلامی شیعی | حزبی سیاسی قەدەخەیە |
| یەمەن | سیکۆلار، نەتەوەگەرا | حووسی، ئیسلامی سووننی | |
| سووریا | نەتەوەگەرا،سیکۆلار، عەلەوی | ئیسلامی سووننی، نەتەوەگەرا | بەکردەوە تاکحزبییە |
| ئوردن | نەتەوەگەرا، ئیسلامی | ئیسلامی سوننی | |
| ئیمارات | ئیسلامی سوننی، مۆنارکی | ئیسلامی سوننی- ئیخوان | حزبی سیاسی قەدەخەیە |
| ئیسرائیل | نەتەوەگەرا، یەهودی | نەتەوەگەرایی، لیبرال | |
| لوبنان | فرەچەشن و بگۆڕ | فرەچەشن و بگۆڕ | |
| عومان | ئیسلام، نەتەوەگەرا | ئیسلامی سووننی | حزبی سیاسی قەدەخەیە |
| کوەیت | ئیسلامی سوننی، مۆنارکی | ئیسلامی سوننی- شیعی | حزبی سیاسی قەدەخەیە |
| بەحرەین | ئیسلامی سوننی، مۆنارکی | ئیسلامی دژی مۆنارکی، ئیسلامی شیعی | حزبی سیاسی قەدەخەیە |

لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، بەرەبەرە ناسنامەکانی بەرگری لەم ناوچەیە زیاتر بوون و یەکێك لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەو رێبازە بوو کە دەوڵەتان لەبارەی ناسنامەوە پێیدا رۆیشتن. لەکۆی 14 وڵاتی رەسمیی دیاری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا 8 وڵات بەکۆماری ناودەبرێن و لەوانەش سێ وڵات پاشگری ئیسلامی یان عەرەبی بە کۆمارەکەیانەوە لکاوە. 6 وڵاتیش پادشایی- ئیسلامین و تەنیا لە چوار وڵاتی ئەم ناوچەیەدا جۆرێك فرەیی - پلۆرالیزم یان جۆرێکی دیموکراسیی هەیە کە ئەویش پاشەکشەیان تێدا بەدیدەکرێت. سیاسەتەکانی رژێمە ناسیۆنالیستە- سیکۆلارەکانی عەرەب دەرگای بۆ گەشەکردنی بیرۆکەکانی ئیسلامگەرایی کردەوە. سوننەگەرایی، شیعەگەرایی و، شیعەگەراییش سوننەگەرایی بەرهەمهێنایەوە. لەماوەی سەت ساڵی رابردووشدا نەتەوەگەرایی کوردی وەك پەرچەکردارێك لەبەرامبەر وەرگۆڕانی ناسنامەی دەوڵەت لە تورکیا،

ئێـران، عێـراق، سـووریا بـۆ دەوڵەتـی نەتەوەیـی یـان نەتەوەیـی- مەزهەبـی چەکـەرەی کـرد و پێگەیشـت. یەکەمیـن حیزبـە نەتەوەگـەرا و فاشسـتییەکان لـەم ناوچەیـە بـە پاڵپشـتی دەوڵـەت یـان بـۆ بەرپرسـانی یەکەمـی دەوڵـەت دامـەزران و دوابـەدوای ئەوانـەش حیزبـی گـرووپ و نەتـەوە جیاوازەکانـی دیکـە وەك بەرەنگارییـەك دامـەزراون. ئـەو کاتـەی کـە حیزبـی ئێرانـی نـەو یـان تەرەقـی لـە کۆتاییەکانـی دەیـەی سـێیەمی سـەدەی بێسـتەم، بـە دیـدگای فاشیسـتییەوە لـە ئێـران دامـەزراون، ڕێکخـراو یـان حیزبێکـی سیاسـیی دیـاری سـەربە گـرووپ و نەتەوەکانـی دیکـە لـە ئـارادا نەبـووە. بـە هەمانشـێوە تاوەکـو ڕوانگـەی نەتەوەگەرایـی تورکـی لـە ڕێـی ژۆن تورکـەکان و ئیتحـاد و تەرەقـی دەرنەکـەوت، حیـزب و ڕێکخـراوی سیاسـیی کـوردی دانەمەزرابـوون. دەوڵەتـان زیاتـر لەخوێندنەوەیەکـی واقیعـی بۆهەبوونـی ناسـنامە جیـاوازەکان، ڕوویـان لـە ڕوانگـەی لابـەلا کـرد بـۆ تەماشـاکردنی هۆکارەکانـی دەرکەوتنـی شوناسـخوازیی جیـاواز. بەهـۆکار زانینـی دەسـتەبژێری گرووپـە نەتەوەیـی و ئایینییـەکان بـۆ دەرکەوتنـی شوناسـخوازیی دیدگاییێکـی بـاوە. ئەمـەش وایکـردووە دەوڵەتـەکان دوو ڕێگـەی سـەرەکی بگرنـە بـەر. یەکەمیـان ئـەوە بـوو کـە دەسـتەبژێرکان تۆمەتبـار بکـەن و نـاو ناتـۆرەی جیـاوازی بـۆ بدۆزنـەوەو هەرجـۆرە مەیلێکـی شوناسـخوازانەش بـۆ بەکرێگیراویـی ئـەوان و دەسـتوەردانی دەرەکـی بگەڕێننـەوە و سـەرکوتی بکـەن.وەک چـۆن زۆر لەسـەرکردەکانی شۆڕشـە کوردییـەکان لەلایـەن دەوڵەتانـی ناوچەکـەوە لـە سـێدارەدراون یـان تیرۆرکـراون. یانـوەک هەوڵیانـداوە کـە "لەڕێـی پێدانـی پۆسـت و دەسـکەوت بـە دەسـتەبژێری گرووپـە جیـاوازەکان ڕێ لـە بەهێزبوونـی ناسـنامەی جیـاواز بگـرن." (س.پ) وەك پێدانـی پۆسـتی تایبـەت بـە هەندیـك لـە دەرەبەگـە کـورد و عەرەبـەکان لـە سـەردەمی پەهلـەوی لـە

ئێـران یـان ئـەو نموونـەی دیکـە کـە لـە مێـژووی نزیکـدا لـە عێراقیـش و زۆر وڵاتـی دیکـە وەك ڕێکخسـتنی "جـاش" و پێدانـی پۆسـت و پایـە بـە کەسـانی نـاودار دووبـارە کراوەتـەوە. لەمـاوەی کورتخایەنـدا ئـەو ڕەفتارانـە جۆرێـك وەڵامیـان داوەتـەوە، بـەڵام لەمـاوەی درێژخایەنـدا ئەنجامێکـی ئەوتـۆی نەبـووە. ئـەو دەسـتەبژێریەی کـە دەوڵـەت ئیمتیـازی پێدابـوون، بەرەبـەرە پێگـە و کارایـی خۆیـان لـە نێـوان خەڵـك و دەوڵـەت لـە دەسـتدا و هەرچـی چـوو سـەرکردەی نوێـتر دەرکەوتـن کـە لـە جـاران ڕادیکاڵتربـوون.

ڕەفتـاری دەوڵـەت بەرامبـەر شوناسـداریی جیـاواز لـەم ناوچەیـە زیاتـر بەوجـۆرە بـووە کـە لـە تەنیشـت هەوڵـدان بـۆ سـەرکوتکردنی هەرجـۆرە بزاڤ و هەوڵێکـی سیاسـیی شوناسـخوازانە کـە تەنانـەت چەندیـن هەوڵـی پاکتـاوی ڕەگەزیشـی تێدایـە، پەنایـان بـۆ قەدەخەکردنـی هێماکانـی ناسـنامەییش بـرد. مێـژووی ناوچەکـە بەجۆرێکـی دیکـە باسـکرا، زمـان قەدەخەکـرا و هەوڵـی نەهێشـتنی سـنوورە هێماییەکانـی نێـوان ناسـنامەکانیش درا. لـە ڕاستیشـدا ئەمانـەش تاوەکـو ئەندازەیـەك کاریگەرییـان هەبـوو. بۆنموونـە قەدەخەکردنـی زمانـی کـوردی لـە تورکیـا لـە سـاڵی 1937ەوە، وایکـرد کـە مەترسـییەکی جیدی لەسـەر زمانـی کـوردی دروسـت بێـت و لـەڕۆژی ئەمڕۆشـدا بەشـیکی زۆر لـە کـورد لەجیاتـی کـوردی، زمانـی تورکـی بەکاربهێنـن. ئـەم سیاسـەتە لـە ئێرانیش تاوەکـو ئەندازەیەکـی زۆر کاریگەریـی هەبـووە. بەمـەش توانـرا دەسـکارییەکی شـوناس بکرێـت، بـەڵام هەمـووی سـەرینەگرت.

خاڵێکـی دیکـەش ئەوەیـە کـە زۆر لـە دەوڵەتانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـەڕووی ئابـووری و خزمەتگوزارییـە گشتییەکانیشـەوە لـە ڕیـزی دەوڵەتـە پێشـکەوتووەکاندا نەبـوون و بەشـیکی زۆری سیاسـەتەکانی گەشـەپێدانی ئابووریشـیان لـەو ناوچانەدابـووە کـە بـە سـەرچاوەی سـەرەکی ناسـنامەی

خۆیـان سـەیریانکردووە و خەڵـك و ناوچەکانـی غەیـری ناسـنامەی خۆیـان پەراوێـز خسـتووە. تێـد ڕۆبێـرت گـر جەختـی لـەوە کردووەتـەوە کـە لەوانەیـە هەسـتکردنی مرۆڤـەکان بـە بێبەشـبوون، قفلـی دەرگای ناکۆکـی و ململانـێ بکاتـەوە. (سـەرچاوەکەی) ڕاسـتییەکەی ئەمـەش لـە پرسـی کـورددا لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـە ئاسـانی دەسـەلمێنرێت.

لەبەرامبـەر سیاسـەت و خواسـتی دەوڵەتـان بەرامبـەر ناسـنامە جیـاوازەکان، گەشـەکردنی نفـووس لەلایەك و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیـاری و پەیوەندی کـە ڕۆڵـی وشـیارکەرەوەی بـۆ ئەندامانـی گرووپـە ناسـنامەییەکان هەبـووە، وەک هـۆکاری گرنگـی نێوخۆیـی ڕۆڵیـان لـە زیندووهێشـتنەوەی ناسـنامەکاندا گێـڕاوە. زۆر دەمێکـە تۆمـاس ماڵتـووس جەختـی لەوەکردووەتـەوە کـە زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتووان ئاسـەوارێکی تەوزیعیـی هەیـە و هەروەختێك ژمـارەی دانیشـتووان زیـادی کردبێـت و داوودەزگاکان لـە وەڵامدانـەوەی پێداویسـتییەکانیاندا نوقسـانییان هەبووبێـت، ئەگـەری دەرکەوتنـی شـۆڕش و جەنگـی نێوخـۆ زیـادی کردووە.(جـان فـورن،1382:133) تاوەکـو سـاڵانێکی نزیکیـش زاوزێ لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـە بەراورد لەگـەڵ زۆر لـە ناوچەکانـی دیکـە زیاتربـووە و ئەمـەش دەتوانێـت یەکێـك لـە هۆکارەکانـی زیندوومانـەوەی پرسـی کـورد بێـت.

خاڵێکـی دیکـەش ئەوەیـە کـە گەشـەکردنی تەکنەلۆژیـای زانیـاری و پەیوەندیکردنیـش، فریـای ناسـنامە پەراوێزخراوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کـەوت. بەکارهێنانـی ئامێـرە تـازەکان ڕادەی وشـیاری و ئاگاییەکانیانـی ئەوانـی زیادکـرد. ڕێگـە بـۆ فێربوونـی ئایدۆلۆژیـا و بۆچوونـە بـاوەکان لەسـەر ناسـنامەکان و گوێزرانەوەیـان لـە نێـو کۆمەڵگـەدا خۆشـکرد و کاری ڕێکخسـتن و بـە سیاسـیکردنی پرسـەکانی ناسـنامەی ئاسـان کـرد. لەلایەکـی دیکـەوە، ئـەو

ئامێرانەشیان بۆ دەرخستنی رەوایی پرسەکانی خۆیان بەکارهێنا و ئەمەش بە بەراورد بە سەردەمی جینۆساید و کوشتارەکان دەرفەتێکی زێڕینی بۆ ئەوان رەخساند.

### 5 - ئاستی دەرەکی: رکابەریی سیاسیی- جیۆپۆلیتکی

جەنگەکان وەک یەکێك لە رووداوە گرنگ و دەگمەنەکانی جیهان لە ئاستێکی گشتیدا کاریگەریی لەسەر رووداوە نێوخۆییەکانی وڵاتان دادەنێن و پرسەکانی تایبەت بە ناسنامەیش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەمە بەدەر نین. دەتوانین بێژین بە پلەی یەکەم جەنگەکان کە هێشتا لە گرنگترین هۆکارەکانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانن، کاریگەرییان لە گۆڕانکارییەکانی شوناسدارییە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە هەبووە و ئەوانەش وەك جەنگی جیهانی یەکەم، جەنگی جیهانی دووەم، جەنگە ناوچەییەکانی دوای جەنگی سارد و جەنگی داعشن. شەپۆلی یەکەمی شوناسداریی سیاسی لە سەت ساڵی رابردوودا نەتەوەگەرایی بووە. ئەمە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و رووخانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە سەریهەڵدا و لە ئەنجامی ئەوەشدا چەند دەوڵەت و چەندین رێکخراوی سیاسی نەتەوەگەرا دامەزران. لە ئێران و عێراق پادشاییی – نەتەوەگەرا، لە تورکیا و سووریاش کۆماری نەتەوەگەرا دامەزران. سرووشتی بزاڤە بەرگریکارەکانیش زیاتر هەر نەتەوەگەرایی بووە هەرچەندە کە شوێن شوێن ئاسەواری مەزهەبگەرایی- دینییشی پێوە لکاوە. شەپۆلی دووەمیش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و لە ژێر کاریگەری دنیای دووجەمسەریدا زیاتر رەهەندێکی ئایدۆلۆژیکی بەخۆوە گرت. زۆبەی بزاڤە ئیسلامی و دینییەکان و چەپەکانیش زادەی ئەم قۆناخەن و سیستمە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانیان زیاتر

ڕوویەکــی وایــان گــرت. هەڵبــەت نەتەوەگەراییــش هەرمایــەوە، بــەڵام لــە پلــەی یەکەمــدا نەبــوو. بگــرە لــە هەندێــك شوێنیشــدا تیکەڵاوییەکــی لەگــەڵ ئایدۆلۆژیایەکــدا دروســتکرد. وەك تێکەڵاوبوونــی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی کــوردی بــە چــەپ. شــەپۆلی ســێیەمیش لــە دوای جەنگــی ســاردەوە دەرکــەوت و لەمەشــدا ئیــتر زیاتــر لــە ئایدۆلۆژیــا، ناســنامەکان بــە پێــی دابەشــکارییەکی وردتــر شــکڵیان گــرت وەك مەزهەبگەرایــی. لــەم قۆناخەشــدا بــە تایبەتــی پــاش جەنگــی داعــش، نەتەوەگەرایــی وەك کۆڵەکەیەکــی گرنگــی سیاســەتی شوناســدارانە لــە ڕۆژهەڵاتــی نیوەڕاســت مایــەوە و لــەم ســاڵانەی دواییشــدا بەهێزتــر بــووە.

بێجگــە لــە جەنــگ، هاوپەیمانیــی و ڕکابەرییەکانــی دەوڵەتانیــش کاریگەریــی لەســەر پرســەکانی شــوناس دانــاوە. دەتوانیــن نموونــەی زۆر بدۆزینــەوە بــۆ ئــەوەی دەوڵەتێــك لەبــەر ڕکابەریــی یەکێکــی دیکــە بووەتــە پشــت و پەنــای بزاڤێکــی شوناســخواز و یەکێکــی دیکــەش بــە پێچەوانــەوە لــە ڕێگەی پاڵپشــتی سیاســی و ســەربازییەوە دەســتی دەوڵەتێکــی ئاوەڵاتــر کــردووە تاوەکــو زیاتــر هەوڵــی ســەرکوتکردنی گرووپــە ناســنامەییەکانی نێوخــۆی وڵاتەکــەی بــدات. لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ چــوار دەوڵەتــی تورکیــا، ئێــران و ســووریا و عێــراق کــە پرســی هاوبەشــی کوردییــان هەیــە دەتوانیــن بێژیــن ئــەم بابەتــە چەنــد جۆرێــك خــۆی نوانــدووە:

یەکــەم ئەوەیــە کــە دەوڵەتێکــی ناوچەکــە بــە پاڵپشــتی دەوڵەتێکــی زلهێــزی ســەروو ناوچەیــی هەوڵــی ســەرکوتکردنی بزاڤــی ڕزگاریخوازیــی کــوردی داوە. وەك چــۆن ڕەزاخانــی ئێــران و شــای عێــراق لــە ســەرەتاکانی ســەدەی ڕابــردوو بــە پاڵپشــتیی ئینگلیــز هەوڵــی ســەرکوتکردنی بزاڤــە کوردییەکانیــان داوە. یــان تورکیــا ســاڵانێکی درێــژ بــە پشتبەســتن بــە هاوپەیمانیــی ناتــۆ و دۆســتایەتی

ڕۆژئـاوا پرسـەکانی ناسـنامەی لەنێوخـۆی وڵاتەکەیـدا کـپ کردبـوو. ئـەم نموونانـە لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆشـدا بەردەوامـن، بـەڵام تایبەتمەندییەکـەی ئەوەیـە کـە سرووشـتی ئـەو هاوپەیمانییانـە بگـۆڕە. دووەمیـش ئەوەیـە کـە دەوڵەتانـی ناوچەکـە بـۆ خۆیـان لەسـەر بنەمـای پرسـێکی هاوبـەش وەک پرسـی کـوردی ڕێککەوتنـان کـردووە و لەوەشـدا پاڵپشـتییەکی سەرووناوچەییشـیان بەدەسـتهێناوە. وەك پەیمانـی بەغـدا یـان ئـەو هاوپەیمانییـە ناوچەییـەی کـە دوای گشتپرسـییەکەی هەرێمـی کوردسـتان لـە 2017 دروسـتبوو.

## ئەنجام

پێکهاتـەی دیمۆگرافـی، دۆخـی سیاسـی و کولتـووری وایکـردووە کـە سیاسـەتی شوناسـدارانە ڕیشـەیەکی دوورودرێـژی لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەبێـت. بەپێـی قۆنـاخ، ناسـنامە سیاسـییە زاڵـەکان گـۆڕاون، بـەڵام زۆرجـار وەك هۆکارێکـی گرنـگ، لانیکـەم زیاتـر لـە سـەت ساڵی ڕابـردوودا ئاراسـتەیان بـە ڕووداوەکانـی ئەم ناوچەیە داوە و ناسـنامە بەرگرییەکانیـان بەرهەمهێناوەتەوە. بەسـتنەوەی بابەتـی شوناسـخوازی بـە کەسـایەتی سـەرکردەکان، جـا چ سـەرکردەی دەوڵەتـان و ناسـنامە باڵادەسـتەکان بێـت یـان سـەرکردەی ناسـنامەکانی بەرگـری تەنیـا سـووچێکی ڕووداوەکان ڕووندەکاتـەوەو ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات کـە چۆنچۆنـی شوناسـخوازیی دەتوانێـت ڕۆڵـی لـە بەرهەمهێنانـی هێـزدا هەبێـت لـە نێوخـۆی وڵاتـان، بـەڵام بەسـتنەوەی پرسـەکانی شـوناس بـە پێکهاتـەی دەوڵـەت و دۆخـی نێوخۆیـی کۆمەڵگـەو ئاسـتی دەرەوەش هەریەکـەو سـووچێکی دیکـەی ئـەم بابەتەمـان بـۆ ڕووندەکەنـەوە. پرسـی شـوناس بابەتیکـی فرەسـەر و ئاڵـۆزە لـە ڕۆژهەڵاتـی

نێوەڕاست. دەوڵەتانی نادیموکرات، سەرکردەی پاوانخواز لە کۆمەڵگەیەکدا کە لە دۆخی گەشەکردندایە، دەتوانن هۆکاری سەرەکی بن بۆ وەرگۆڕانی سنوورەکانی شوناس بۆ سنوورەکانی جەنگ و ململانێ. لانیکەم تائێستاش هیچ چارەیەك نییە بۆ ڕێگرتن لێی، جگە لەوەی کە دان بە جیاوازیی ناسنامەکاندا بنرێت و سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بەپێی ئەو جیاوازییانە ڕێکبخرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**


- Zbigniew Brzezinski, Tercih, Çevirmen: Cem Küçük, İNKILAP KİTABEVİ, 2005
- Fredrik Barth, Etnik Gruplar ve Sınırları, Seda Gürkan, BAĞLAM YAYINCILIK, 2001

-کاستلز، مانوئل، قدرت هویت، ترجمه حسن چاوشیان، نشر طرح نو، 1380

-رابرت فالتزگراف، جیمز دئورتی ،نظریه‌های متعارض در راوبط بین الملل، قومس، 1391

- جان فورن، نظریه پردازی انقلاب ها، فرهنگ ارشاد، نشرنی ،1382

- د.کاووس سید امامی، قومیت از منظر سیاستهای هویت، دووفصلنامه دانش سیاسی،1358

- محمد رضا مجیدی، دیدگاه‌های نظری درباره نقش هویت در سیاست بین الملل، فصلنامه سیاست، دوره45، 1394، ص:227-209.

هەمـــوو ئـەو لێکۆڵینەوانـەی بـۆ ئـەو پەرتووکـە ئامادەکـراون، ئەنجامەکەیـان ئەوەیـە کـە فیدرالـی لـە عێـراق نەچەسـپاوە و باوەڕیـش بـە فیدرالـی زۆر لاوازە. بەپێـی یەکێـك لـەو لێکۆڵینەوانـە ئێسـتا لـە عێـراق دا "دەوڵەتـی قـووڵ" هەیـە، ئـەو دەوڵەتـە قووڵـە لـە گرووپـە ئایینزاییەکانـی شـیعە پێکهاتـووە، ئـەوەش خاڵـی کۆتایـی لـە شـیکردنەوەکاندا دادەنێـت.

دۆخـی سـووریاش بـە هەمانشـێوە زۆر ئاڵـۆز حـۆی دەنوێنێـت. پێشـتر بیرکردنـەوە لـە یەکگرتنێکـی نێـوان باشـووری کوردسـتان و ڕۆژئـاوای کوردسـتان زۆر خەیاڵـی دەهاتـە بەرچـاو، بـەڵام بیرکردنـەوە لـە ژیانێکـی ئاسـوودە بـە سیسـتەمێکی فیدرالـی لـە عێـراق و سـووریاش زۆر کەتـواری نییـە، بەپێـی ئەزموونـی 2003 تاوەکـو ئێسـتا لـە عێـراق دا.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre
www.rudawrc.net